## سەرەتا

یەکێك لەو مەسەلە بنەڕەتیانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەوڵم داوە باسی بکەم، دواکەوتنی ئێمەیە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە بوارەکانی مێژوو و زانستی سیاسەتەوە هەیە، ئەم دواکەوتنە لە چەند لایەنێکەوە فراوانتریشە. دواکەوتنی ئێمە لە زانستی سیاسەتدا بەتایبەتی لەو بوارەدا کە پەیوەندی بە تێگەیشتن، شیکردنەوە، روونکردنەوە، دەرك کردن و شیکردنەوەی مەسەلەکانی ئێرانەوە هەیە بەشێوەیەکی دیار خۆی ئاشکرا دەکات. لە زانکۆکانی وڵاتانی خۆرئاوادا بەشێکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاکانی خۆیانە. لە ئێران بە پێچەوانەوە، ئێمە هەتا دەربارەی دیاردەیەکی مێژوویی وەکو شۆڕشی ئیسلامیش نەمانتوانیوە چەند لێکۆڵینەوەیەکی وردو بەرچاو بکەین و وەکو جاران، ئیشی خۆرئاواییەکان لەم ماوەیەشدا سەرنج رادەکێشن.

هۆیەکی ئەم دژوارییە ئەوەیە کە بەهۆی لاوازی بنچینەی زانستیەوە، ئێمە بە زۆری لە چوارچێوەی بیری سیاسی و قاڵبی تیوری و تیورکاریدا گیرمان خواردووەو نەمانتوانیوە لەو چوارچیوانە زیاتر برۆین. تیورکاریەکانمان وەکو "زانست" و چوارچیوەکانیشمان وەکو "مەنهەجی زانستی" بەرەها وەرگرتووەو هەولمان داوە کە ئاڵ و گۆڕو گۆرانکارییەکانی کۆمەلگاکەمان "زاناناسا" شیبکەینەوەو ئاشکرای بکەین. دیارە ئەنجامیش تیکەلیکی ناتەواو بووە کە نە حەقی بەو تیورەداوەو نە لیکۆلەرەوەشی وا لیکردووە کە لەو ئاڵ و گۆڕو گۆرانە میژوویی یان سیاسی و کۆمەلایەتیە تێ بگات.

بنچینەی ئیشکردنی ئەم کتیبە جۆریکە لە هەلسەنگاندنی سەرەتایی و ناساندنی رەوتە سیاسیەکانی ئیرانی ئەمرۆ، دەتوانین بلیین کە بۆ یەکەمجارە لیکۆلینەوەیەکی ئاوا دەکریت واتە رەسم کردنی هیزە سیاسیەکانی ئیستا لە مەیدانی سیاسی ئیراندا، گرنگی ئەم کارە کاتیك روونتر دەبیتەوە کە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە لە بنەرەتدا ژمارەیەك نکولی لە دابەشکردنی نەبەردە سیاسیەکان دەکەن بۆ راست و چەپ لە ئیراندا. لە روانگەی ئەوانەوە دابەشکردن و جیاکردنەوەی باڵەکان بەزۆری لەلایەن ئاژاوەگیرەکانەوە سۆراخ دەکرێ تا بە دروست کردنی دوبەرەکی، گورز لە نیزام و شۆرش بسرەوینن.

یەکەمین پرسیارێ کە دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە ئەوەیە کە ئایا دروستبوونی باڵی جیاجیاو سەرهەڵدانی رەوتی جیاواز، رکابەرو دژ بەیەك، مەسەلەیەکی مێژووکردە یان دەشێ گەشەکردنی سیاسی بەدی بێ بەبێ ئەوەی کە گروپی دژ بەیەك لە کۆمەڵدا بێتە ئاراوە. لە وەڵامدا دەبێ بگوترێ کە سەرهەڵدان و دروستبوونی باڵ و گروپە ناکۆك و دژ بەیەکەکان لە رەوتی گەشەکردنی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگاکاندا بەشێوەیەکە کە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین و خۆمانی لێ بدزینەوە. ئەوەی کە تا ئێستا رەوتی لەو جۆرە مان نەدیوە، لەبەرئەوەیە کە رێگە نەدراوە سەرهەڵ بدەن. هۆیەکانی ئەم جڵەوگیرییە، یان بەشێوەیەکی وردتر لێکۆڵینەوەی ئەوەی کە بۆچی، حزب، باڵ و پێکهاتە سیاسیەکان هەتا ئێستا لە ئێراندا دروست نەبوون لە چوارچێوەی ئیش کردنی ئەم کتێبەدا نییە. تەنها بەم کورتیە دەیبڕینەوە کە هاتنی بیروباوەڕی مۆدێرن بۆ ئێران لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، زەمینەی بۆ گەشەکردنی سیاسی و ئاڵوگۆڕی باوەڕە سیاسییە کۆنەکان خۆش کرد. لەگەڵ ئەوەشدا بەتێپەڕبوونی زیاتر لەیەك سەدە هێشتا گەشەکردنێکی سیاسی هێندە بەرچاو لە ئێراندا بەدی نەهاتووە.

ئەو بەڵگەیەی کە لە ماوەی ئەو سەدەیەدا هێنراوەتەوە، ئەوەیە کە دیسپۆتیزم رێگری سەرەکی بووە لەبەردەم گەشەکردنی سیاسیدا. بەبێ دودڵی دەسەڵاتی دیسپۆتیزم کۆسپێکی گرنگی لەسەر رێگەی گەشەکردنی سیاسیدا دروست کردووە، بەڵام لە چەند بەشێکی مێژووی هاوچەرخدا کە ئامادەبوونی دیسپۆتیزم کاڵ بۆتەوەو یان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیش دیسان دەبینین کە لە بواری گەشەکردنی سیاسیدا دەسکەوتێکی هێندە بەرچاومان نییە. بۆ نموونە، ئەگەر حزبایەتی بەیەکێك لە سیفەتەکانی رەوتی گەشەکردنی سیاسی بزانین، پێشوازی خەڵك لە حزبایەتی و چالاکی رێك و پێك و رێکخراو لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا هێندە بەربڵاو نەبووە. لەبەرئەوە دەبێ ئەنجامگیری ئەوەش بکرێ کە بێجگە لە دیسپۆتیزم چەند هۆی دیکەش هەن کە لە بەردەم گەشەکردنی سیاسیدا بوون بە کۆسپ. باس و لێکۆڵینەوەی وردی ئەم هۆیانە خۆی لە خۆیدا قەبارەیەکی گەرەکە کە لەم کتێبە گەورەترە. ئەوەی کە دەتوانرێ وەکو فەهرەست بخرێتە بەرچاو ئەوەیە کە دەتوانرێ ئەم هۆیانە بۆ دوو گروپی مێژوویی و کۆمەڵناسی دابەش بکرێ.

کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە دەستی حکومەتدا کە لە رووی مێژوویی‌یەوە بووە بەهۆی درێژەکێشانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی دیسپۆتیزم لە ئێراندا یان هەمان تیوری "ئیستیبدادی خۆرهەڵات" (Oriental Despotim) کە لە لایەن کارل مارکس و ڤیتفوگل و کەسانی دیەوە باس کراوە، بەبێ دوودڵی دەبێ لە گرنگترین هۆکارە مێژووییەکان لە قەڵەم بدرێن. شۆڕشی مەشروتە لە ساڵی (١٢٨٤)ی هیجری هەتاوی (١٩٠٥) زاینی جوڵانەوەیەکی راستەقینە بوو بۆ لە قاڵبدانی دەسەلاتی رەهای حکومەت و پێکهێنانی حوکمی یاسا بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە مێژوویی‌یە. بەڵام هەروەکو دەزانین مەشروتە بەکردەوە نەیتوانی ببێتە هۆی لە دایك بوونی سیستمێکی دیموکراتی و حوکمی خەڵك.

ئەگەرچی مەشروتە لە دروست کردنی پێکهاتەی مۆدێرنی سیاسی‌دا لە ئێران سەرکەوتوو نەبوو و زۆرداری وەکو خۆی بەردەوام بوو بەڵام ئەو ئاوات و ئارەزووە ئازادیخوازانەیەی کە مەشروتە لەگەڵ خۆیدا هێنای، نەك تەنها لەناو نەچوو بەڵکو پەرەشی سەند. لە رۆژگاری سەرکەوتنی شۆڕشی مەشروتەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧-١٩٧٩دا، زۆرداری چەند جارێك ناچار بووە پاشەکشێ بکات. پاشەکشەی زۆرداری و کەمبوونەوەی فشاری سەرکەوت کردن هەر جارەی دەبووە هۆی دروست بوونی کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی. ئازادی قەلەم و ئازادی چاپەمەنی لەسەر ئاستی کۆمەڵ سەری هەڵ دەداو بەدوای ئەوەشدا حزب و ریکخراوی سیاسی دەکەوتنە سەرپێ.

بەڵام هەم ژمارەی ئەم ماوانە کەم بوو هەم تەمەنیشیان زۆر کورت بوو. لە پاش ماوەیەك، کە قەیرانەکە کۆتایی دەهات حکومەت بەدەسەڵاتیکی تەواوەوە تەواوی ئازادییە دەست کەوتووەکانی زەوت دەکردەوە و سەرلەنوێ زۆرداری و سەرکوت کردن دەستی پێ دەکردەوە.

بە پیچەوانەی هۆیە میژووییەکانەوە، زەمینەو هۆیەکانی کۆمەلناسی، زۆر ئالۆز ترن. یەکەمین و گرنگترین هۆ بۆ پەیوەندییەکانی بەرهەم هینان و پیکهاتەی ئابووری زاڵ بەسەر وڵاتدا دەگەریتەوە. لەبەر چەند هۆیەکی میژوویی هەمیشە لە ئیراندا دەولەت سەرپەرشتیاری ئابووری بووە. لەلایەکەوە سەرچاوە سروشتیەکان و ئامیرەکانی بەرهەم هینان لەژیر دەسەڵاتی حکومەتدا بوون و لەلایەکی دیکەشەوە

دەوڵەت و دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت گەورەترین خاوەن کار پێك دەهێنن. ئەم دیاردەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە چین و توێژە بەرهەم هێنەرە سەربەخۆکان نەتوانن دروست بن. لە ئەنجامدا، بواری چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ چین و توێژە جیاوازەکان لە چوارچێوەی حزب و ڕێکخراوی سیاسیدا نەڕەخسا.

لە ئێران ئەسناف و پیشەوەران، جوتیاران و بازاڕ، سەرەکی ترین چینی کۆمەلایەتی ئابووری سەربەخۆ بوون لە حکومەتدا. بەڵام ئەمانەش هەرگیز مۆڵەتیان پێ نەدرا بۆ ئەوەی سەربەخۆ لە حکومەت دەست بەخۆ ڕێکخستن و خۆسازدان بکەن.

جگە لەم چین و توێژانە، باقی هێزەکانی بەرهەم هێنان سەربەخۆ نەبوون و بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ موچە خۆربوون و وابەستە بوون بە دەوڵەتەوە. پیشەسازیی گەورەو بنچینەیی وەکو نەوت و گاز، پترۆکیمیایی، پۆڵا، وزە، ئاو، چیمەنتۆ، گواستنەوەو گەیاندن، ئامێر دروست کردن، کانزاکان، ئوتومبیل دروست کردن، بیمە، بانکداری و.. هەموویان موڵکی دەوڵەتن. ئەو پیشەسازییە کەمەش لەلایەن کەرتی تایبەتیەوە لەسەردەمی پەهلەوییەکاندا مۆڵەتی کارکردنی پەیداکرد سەربەخۆ نەبووەو بەکردەوە ملکەچی بڕیارو یاساکانی دەزگا جیاوازو جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت بووە.

پێکهاتەی ئابووری و مێژوویی ئێران، بەنۆرەی خۆی بۆتە هۆی ڕەفتاری کۆمەلایەتی و سیفەتی تایبەتی کەلتوری سیاسی. گرنگترین ئەو سیفەتانە، بریتین لە پێشوازی نەکردن لە چالاکی دەستە جەمعی ڕێکخراو و ڕێکخراوەیی، بێ باوەڕی و گوێ نەدان بە حزب، بوونی ڕۆشنبیری سیاسی سەرکەش و خوازراو، حەزکردن بە جولانەوەی جەماوەری و ئامادە. ئەم خالانە هەندێکن لە هۆیەکانی کۆمەڵناسی پشت کردنە چالاکی ڕێکخراوەیی و بۆتە هۆی ئەوەی کە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ئێراندا هەمیشە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی تایبەتی ببنەوە.

گرنگترینی ئەو کێشانە ئەوەیە کە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ئێراندا هەمیشە بەتاکە کەسەوە ماونەتەوە. لە جیاتی ئەوەی سەرکردایەتی حزب لە ئاستەکانی خوارەوەی حزب هەڵبژێردرێن، بە شێوەیەکی باو چەند کەسایەتیەکی بەدەسەلات لە سەرەوە سەرکردایەتی حزب دەگرنە دەست. کێشەی ئەم جۆرە حزبانە ئەوەیە کە لە دوای وازهێنانی کەسێتیەکە یان کەسایەتیە بەدەسەڵاتەکان، بەو حزبە

یان ئەو ڕێکخراوە ئیتر بەکردەوە توانای درێژەدانی بە ژیانی خۆی نیەو بەخێرایی هەڵدەوەشێتەوە.

تایبەتمەندی گرنگی دیکەی کۆمەڵناسی ئێران ڕۆڵی سیاسیو روحانیەت بووە. ڕۆحانیەتی شیعە لەبەر ئەو سەربەخۆییە داراییەی کە هەیبووە، توانیوویەتی تا ئاستی پێویست سەنگەر لە حکومەت بگرێ. ئەمە بەو مەعنایە نیە کە هەمیشە لە ئێراندا ڕۆحانیەت سەرقاڵی نەبەرد بووە لەگەڵ حکومەتدا، بەڵکو بە مەعنای ئەوەیە کە لەو کاتانەدا کە ڕۆحانیەت چۆتە مەیدانی نەبەردە سیاسیەکانەوە توانیوویەتی لەو خەباتەدا بەشێوەیەکی بەربلاو خەڵك رابکێشێتە ئەم مەیدانەوە. بەدەربڕینێك لەم لایەنەوە ڕۆحانیەت دەوری حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیشی لە ئەستۆدا بووە. دەتوانین لە ڕۆژانی شۆڕشی ئیسلامیدا بە باشترین شێوە ئەم تایبەتمەندییەی ڕۆحانیەت بەدی بکەین. دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەم تایبەتمەندیە بەردەوام بوو روحانیەت توانی لە قاڵبی ڕێکخراوە نیمچە رەسمیەکاندا بەشێك لە نەبوون و بۆشایی حزبایەتی پڕ بکاتەوە.

ئەوەی کە وتمان وێنەیەکی چڕوپڕی رابردوو بوو، زۆر لەو تایبەتمەندیانە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیەوە لە حاڵەتی گۆڕان و گەشەکردندان. شۆڕشی ئیسلامی بەڕێوە بوو بۆ ئەوەی زۆر لە بنەما کۆنەکان هەڵ بوەشێنێتەوە، بەڵام بێ سەروسامانیەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق و پێویستی دروست کردنەوەی کاول کارییەکانی جەنگ و بیناکردنەوەی ئابووری وڵات، ئەمانە لەو مەسەلانە بوون کە رەوتی گەشەکردنی سیاسی و کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی وڵاتیان دواخست. هەڵبژاردنی (٢)ی خوردادی ١٣٧٦ (١٩٩٧/٥/٢٣) لە راستیدا دەست پێکردنەوەی رەوتێك بوو کە (١٩) ساڵ بەر لەوە لە شۆڕشی ئیسلامیەوە دەستی پێ کردبوو. پەیامی ئەو هەڵبژاردنەش لەوە ڕۆشنترە کە پێویستی بە شیکردنەوە بێ. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییەی دوای (٢ی خورداد) تا چ رادەیەك توانیوویەتی لە پێناوی بەدی هێنانی خواستەکانی ئەو هەڵبژاردنەدا، واتە چەند چەمکێکی وەکو کۆمەڵگای مەدەنی، دەسەڵاتی یاسا، ئازادی دەربڕین، ئازادی کۆبوونەوەو چاپەمەنی بچێتە پێشەوە. هەندێك بە سەرنجدان لەو کێشەو مەسەلانە کە حکومەتەکەی سەرۆك خاتەمی یان گەمارۆوداوەو

ئەو کۆسپەی کە نەیارانی بەتوانای خاتەمی لەسەر ڕێگەی ئاماژە بۆ کراو دایان ناوە، نائومێدانە بە سلبی وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە دەدەنەوە. ژمارەیەکی تر، ئەم پرسیارە ئاراستە دەکەن کە بۆچی نەیارانی سەرۆك خاتەمی رای زۆربەی جەماوەر پەسەند ناکەن و ڕێگەی کارکردن بە خاتەمی نادەن؟ و لە کۆتاییدا، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چارەنووسی حکومەتەکەی خاتەمی هەڵبژاردنی (٢ی خورداد) لە ئەنجامدا چی دەبێت؟

بەر لە هەموو شتێ ئەو مەسەلەیەی کە پێویستە سەرنج بدرێ ئەوەیە کە بۆچوونی لایەنگرانی سەرۆك خاتەمی سەبارەت بەوەی کە نەیارانی دەبوایە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی (٢ی خورداد)یان قبوڵ بکردایەو بچوونایەتە کەنارەوە، هەر لە سەرەتاوە بۆچوونێکی نابەجێ و ناڕاست بوو. چۆن و بەپێی چ بنەمایەك دەبوایە نەیارانی خاتەمی لە دوای (٢ی خورداد) دەست لە سیاسەت بشۆن و مەیدانە کە بۆ خاتەمی چۆڵ بکەن؟ ئایا مەعنای دیموکراسی و سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوەیە کە هێزە سیاسیەکان کە لە هەڵبژاردنێکدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، دەبێ خۆیان خانەنشین بکەن و لە مەیدانی سیاسی بچنە دەرەوە؟ سێ هەفتە بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران، لە هەڵبژاردنی گشتی بەریتانیادا، حزبی موحافیزەکار لە دوای نزیکەی (٢٠) ساڵ کە بەردەوام دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو تووشی گەورەترین شکستی سیاسی بوو لە مێژووی ئەو وڵاتەدا. بەڵام ئەو شکستە قورسە نەبوو بەهۆی ئەوەی کە حزبی موحافیزەکار بەتەواوی خۆی لە سیاسەت بکیشیتەوەو هەموو شتیك بە حزبی کریکاران بسپیرێ کە لە هەلبژاردندا سەرکەوتنی بەدەست هینابوو. بە پیچەوانەوە، حزبی موحافیزەکار لەگەڵ کۆمەلی ئاڵ و گۆڕدا کە بەسەر خۆیدا هینا، لەوانەش هەلبژاردنی سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ حزب، گۆڕینی هەندێ لە سیاسەتەکانی رابردوو و دەست نیشان کردنی بەرنامە و دروشمی نوێ، بەتەواوی توانایەوە لە مەیدانی سیاسی بەریتانیادا مایەوەو بەربەرەکانی حکومەتی تازەی کرد. حزبی موحافیزەکار بە نیازی ئەوەیە کە بە ئاشکراکردنی نارەزایی راستەقینەو بەردەوام لەگەڵ حکومەتی تازەدا لە کۆتاییدا بتوانێ پیشوازی دەنگدەران بۆ حکومەت خاو بکاتەوەو زەمینەی سەرکەوتنی خۆی لە هەلبژاردنی چوار ساڵ دوای ئەوەدا فەراهەم بکات. سەرکەوتن و شکست لە هەلبژاردندا، بنەمای

سیستمە دیموکراتیەکان پێك دەهێنێ. نەك بەو پێیەیە کە ڕەوتێکی سیاسی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردندا خۆی بەدەسەلاتی ڕەها بزانێت و هیچ مافێك بە نەیارە سیاسیەکان ڕەوا نەبینێ، و نە لە بەرامبەریشدا ڕەوایە کە هێزە شکست خواردووەکان، بە تەواوی و بە ڕەهایی تەسلیمی حزب یان ڕەوتی سیاسی سەرکەوتووبن و لە مەیدانی سیاسی خۆیان بکێشنە کەنارەوە. ئەو بۆچوونە یان ئەو چاوەڕوانیەی کە باڵی شکست خواردوو لە هەڵبژاردنی (٢)ی خورداددا دەبێ بە تەواوی ڕێگە بۆ خاتەمی بەکراوەیی بهێڵنەوە، هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانیەکی مەعقول نەبوو. هیچ بنەمایەکی لۆجیکی نیە بۆ ئەوەی کە بۆچی نەیارانی خاتەمی دەبێ بەشێوەیەك ڕەفتار بکەن کە بە قازانجی خاتەمی و حکومەتەکەی تەواوبێت و زەمینەی سەرلەنوێ سەرکەوتنەوەی خاتەمی لە هەڵبژاردنی چوار ساڵی دوای ئەوەدا فەراهەم بێت. ئەوەی کە وتمان یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکان کە بریتیە لە چالاکی نەیارەکان لە چوارچێوەی یاسادا.

لێرەوە بەکردەوەش هێزە شکست خواردووەکانی هەڵبژاردنی (٢)ی خورداد بەرە بەرە لە واق وڕمان و سەرسوڕمانی سەرەتا دەرچوون و دەستیان بە دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتەکەی خاتەمی کرد، لە سەرەتادا وا دەهاتە بەرچاو کە نەیاران نیگەرانی خۆشەویستی خاتەمی بوون لەلایەن خەڵکەوە و نەیان دەویست لەلای خەڵك خۆیان بە دژی ڕەوتێك نیشان بدەن کە لەلایەن بیست ملیۆن دەنگدەرەوە پشتیوانی لێ دەکرێ. لەبەرئەوە لەجیاتی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر سەرکۆمار، دەوروبەرەکەی و ئەو ڕەوتانەیان دەدایە بەر هێرش کە پشتیوانیان لەسەر کۆمار دەکرد. لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدرا بەڕێزگرتنی ڕووکەش لەسەرکۆمار، سەرکۆمار لە دەوروبەرەکەی جیابکەنەوەو ئەوان بدەنە بەرهێرش و ڕەخنە. جگە لە دەوروبەرەکەی و هاوکارانی، وردە وردە ڕەخنەو هێرش بۆ سەر سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونەکانی خاتەمیش دەستی پێکرد. لە سەرەتادا زیاتر هێرشەکان ئاراستەی حیجەتول ئیسلام عەبدوڵای نوری وەزیری ناوخۆ، دکتور عەتا ئەڵڵای موهاجرانی وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و غولام حسینی کەرباسچی بەڕێوەبەری شارەوانی تاران دەکران. لە قۆناغی دوای ئەوەدا سەرەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خاتەمی هات. چەمکەکانی وەکو کۆمەڵگای مەدەنی، سەروەری یاسا، گەشەکردنی

سیاسی، حزبایەتی، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی کۆمەڵەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن خاتەمی و حکومەتەکەیەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵ باس دەکران بەبێ ناوهێنانی سەرکۆمار دژایەتیان کرا.

دەشێ کۆبوونەوەی (٢)ی خوردادی ساڵی ١٣٧٧ (٩٨/٥/٢٣) بە بۆنەی بەرز ڕاگرتنی یەکەمین ساڵرۆژی سەرکەوتنی (٢)ی خوردادەوە لە زانکۆی تاران بە خاڵی وەرچەرخان حساب بکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی باڵی ڕاستدا لەگەڵ خاتەمی. کۆبوونەوەی هەزاران خوێندکاری کوڕو کچ لە زانکۆو پشتیوانی و دەربڕینی هەست و سۆزی گەرمیان کە بە شێوەی چەپڵەلێدانی دوورو درێژو فیکەلێدان خۆی نیشان دەدا، دیاربوو کە کاسەی سەبرو وزەی نەیارانی خاتەمی پڕکرد. بە بیانوی ئەوەی کە چەپڵەلێدان و فیکەلێدانەکەو لە بنەڕەتدا خودی کۆبوونەوەکە لە مانگی موحەڕەمدا بووە، قۆناغێکی تازە لە هێرش بۆ سەر سەرۆك خاتەمی دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەو جیاوازیەدا کە ئیتر باڵی ڕاست هێندە لەسەر ئەوە سوور نەبوون کە ڕاستەوخۆ هێرش نەکەنە سەر خودی خاتەمی* .

قورس ترین بەشی هێرشی باڵی ڕاست ئاراستەی چاپەمەنی کرا. سەرانی باڵی ڕاست لە پەرلەماندا یەك لەدوای یەك، هێرشیان کردە سەر چاپەمەنی سەربەخۆو لایەنگری خاتەمی. چاپەمەنییە سەربەخۆکان بە پیشێل کردنی بنەماکانی شەریعەت، خەتابارکردنی شۆڕش و دژایەتی بەها پیرۆزەو ئامانجەکانی خەڵك تاوانبارکران. هەروەها بەوەش تاوانبارکران کە لە "دەرەوە" فەرمانیان پێدراوە و خزمەتکارو بەکرێگیراوی ئیستکباری جیهانین. سەربەخۆیی چاپەمەنی لە حکومەت، ئازادی ڕادەربڕین کە لە ڕاستیدا گەورەترین دەسکەوتی یەکساڵەی حکومەتەکەی خاتەمی بوون، کەوتنە بەر زۆرترین و قورس ترین هێرش.

ئامانجی دوای چاپەمەنی، ئازادی بوو، بەجیاکردنەوەی ئازادی بۆ "ئازادی ڕەوا" و "ئازادی ناڕەوا"، باڵی ڕاست دەستی کرد بە هێرشی ڕاستەقینە بۆ سەر ئازادی.

---

* ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆتر لە دوای مەراسیمی (١٩٩٨/١٢/٨) لە زانکۆی سەنعەتی شەریفیش دووبارە بۆوە، چەند کەسێك لە باڵی ڕاست بە ڕاشکاوی لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە سەرزەنشتی سەرکۆماریان کرد.

سەرەتا بەوەی که ئامانجی لایەنگرانی ئازادی هەمان ئەو "ئازادی‌یه ناڕەوایه" که له خۆرئاوا زاڵه، ئازادیش هێرشی کرایه سەر. وتەبێژانی باڵی راست یەك لەدوای یەك "ئـازادی خۆرئـاوایی"یـان بـه ئـازادی نـاڕەوا" لـه قەڵـەم دا لایـەنگرانی ئـازادی خۆرئاواییـان بـه دژی ئـاین و عیلمـانی و دژی شـۆڕش نـاوبرد. کۆمـەڵگای مـەدەنی "بـەجیاواز" لـه کۆمـەڵگا "ویلایـەت" لـه قەڵـەم دراو دروشمـی سـەروەری یاسـا و یاساگەری لەگەڵ بالادەست بوونی بێ‌چەندو چۆنی "دەسەلاتی دادگا"دا رووی له کزی کرد. لـه کۆتـایی‌دا "گەشـەپێدانی سیاسـی" سـەرۆك خاتـەمی بـه بەرپرسـی خراپی‌ی ئابووری ولات لیك درایەوەو بالی راست داوایان له سەرکۆمار کرد له جیاتی گەشەپیدانی سیاسی و سوور بوون لەسەرئەوە،، تەئکید لەسەر ئابووری و چاکردنی باری نالەباری ئابووری ولات بکاتەوە.

دژایەتیەکانی بالی راست بەهیچ شیوەیەك له چوارچیوەی ململانـێی فیکـری‌دا نەبوو. عەبدولای نوری وەزیری ناوخۆ، لەکاتی لابردنی‌دا نەیتوانی دەنگی متمانەی پیویست له پەرلەمان بەدەست بینێ و بەزۆر له کابینەکەی دەرکرا، دکتور مهاجرانی هەتا نزیکی بەرکەناری رۆیشت، غولام حسینی کەرباسچی سەرۆکی سەرکەوتووی شارەوانی پایتەخت و یەکیك له پشتیوانه گرنگەکانی خاتـەمی راکیشرایه دادگا. رۆژنامەی تـوس (جامعـه) داخـراو دەسـتەی نووسـەرانی گیران. گۆڤاری مانگانـەی (جامعه سالم)یش داخراو هەفتەنامەی (راه نو)ش بۆ ریگرتن له بلاوبوونەوەی کەوته ژیر فشارەوەو نوری و مهاجرانی لەکاتی نویژی هەینی‌دا جوینیان پێ‌دراو لیدانیان خوارد، بالی راست هەتا له بواری سیاسەتی دەرەوەش خافڵ نەبوو. دروست کردنی وینەیەکی میانەرەو، بێ ئاژاوە، خوازیاری ئاشتی و پەیوەندی باش لەگەڵ تەواوی نەتەوەو ولاتەکان که له ژیر ناوی "دورکەوتنەوە له گرژی"دا لەلایەن بالی راستەوە هینده بایەخی پێ نەدراو پیشوازی لی‌نەکرا.

کردنـەوەی گـرێ کویـرەی مەسـەلەی سـەلمان روشـدی لـه ریگـای پەیوەندییـه دیپلۆماسیەکانی ئیرانیشدا لەگەڵ یـەکیتی ئـەوروپاو بـه تایبـەتی لەگـەڵ بـەریتانیا لەلایـەن بـالی راسـتەوە پیشـوازی لی نـەکرا. لـه دوای هەلویسـتی رەسمـی وەزارەتـی دەرەوەی ئـیران لـه نیویـورك، سـەبارەت بـەوەی کـه حکومەتەکـەی خاتـەمی هیـچ هەنگاویك بۆ جی‌بەجێ‌کردنی فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی ناگریتەبەر، بەردەوام

چەند بەشێك لە باڵی ڕاست لەگەڵ زیادکردنی پاداشتی کوشتنی سەلمان ڕوشدی و زیادکردنی ژمارەی داواکارانی جێبەجێکردنی فەتواکەدا هەوڵیان دا لەم ئاراستەیەدا سیاسەتەکانی حکومەت پوچەڵ بکەنەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی حکومەتی خاتەمی سەبارەت بە نەهێشتنی گرژی لەگەڵ ئەمریکاو ڕوخاندنی دیواری بێ متمانەییش لەوە ئاشکراترە کە پێویستی بە ئاشکراکردن هەبێ. ماوەتەوە، یاسا شکێنییەکان، بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرەڕۆییە وردو درشتەکانی گروپەکانی فشار کە کەمترین کاریگەرییان بریتی بوو لە کەش و هەوایەکی نائارام، ناجێگیرو بەیەك قسە بێ دەسەڵات نیشاندانی حکومەت لە ئیدارەی وڵاتدا. بەرەیەکی دیکە کە باڵی ڕاست لە ناوەڕاستی ١٣٧٧ (مانگی (٩)ی ١٩٩٨)دا بە ڕووی حکومەتی خاتەمیدا کردیانەوە، بریتییە لە کەمتەرخەم نیشاندانی خاتەمی سەبارەت بە وەزعی نالەباری ئابووری وڵات، نەیارانی خاتەمی ئومێدەوارن کە بە تاوانبارکردنی حکومەت سەبارەت بە وەزعی خراپی ئابووری وڵات، گەشەنەکردن، گرانی و بێکاری لە جەماوەرێتی خاتەمی کەم بێتەوە شان بە شانی نیشاندانی سەرنەکەوتنی حکومەت لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایش و حکومی یاسادا، لە بەرەی ئابووریشدا خاتەمی بەسەرنەکەوتوو و شکست خواردوو نیشان بدەن.

پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کە ستراتیژی کۆتایی نەیارانی خاتەمی چییەو سەرئەنجام کاردانەوەی ئەوان چی دەبێ؟ لە وەڵامدا دەبێ بگوترێ کە ڕەنگە خودی نەیارانیش نەتوانن وەڵامێکی دیارو دیاریکراو بدەنەوە کە بەلای هەموانەوە پەسەندبێ. چونکە ناتوانین نەیارانی خاتەمی بە گروپ یان ڕەوتێکی دیاریکراو دابنێین. ڕاستە کە دژایەتی سەرەکی خاتەمی لەلایەن باڵی ڕاستەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام ناتوانین ئەم باڵە بەهێزێکی پێکەوەگونجاو، هاوئاهەنگ و هاودەنگ دابنێین. هەروەکو چۆن لایەنگرانی خاتەمیش ڕەوتێکی دیاریی کراونین. دەشێ زیاتر باڵی ڕاست وەکو یەك تەوژمی خەیاڵی پێناسە بکرێ کە مەیل و دیدگای جیاواز لەخۆی دەگرێ. لە سەرێکی ئەم تەوژمە (طیف) هێزە میانڕەو و واقیعییەکان هەن کە باوەڕیان بە یاسا هەیە. هەندێ لەمانە هەتا بە ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئازادیش ڕازین، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سنورداریش بێ. هەندێکی تریان ئەگەرچی

باوەڕێکی ئەوتۆیان بە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی مافی خەڵك لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و ئازادی رادەربڕین و قەڵەم نییە، بەڵام بەهەر حاڵ تاڕادەیەك ئەم گوتانەیان پەسەندەو پێیان وایە کە ناکرێ خۆی لێ لابدرێ. لە سەرێکی دیکەی تارماییەکەوە، کۆمەڵێ ئەندام و رەوتی خەیاڵی خاوەن ئامانج دەمارگیر رەها بین، هەستیار و لایەنگری توندوتیژی هەن. ئەو رەوتانەی کە دەمارگیری، باوەڕ بەخۆبوون و خۆ بە شت زانینی لە رادەبەدەریان بووە بە رێگر لەوەی کە بتوانن تێگەیشتنێکی واقیع بینانەیان هەبێ سەبارەت بە ئێران و بەو جیهانەی کە تیایدا دەژین. ئەم تەوژمە فراوانە سەرەڕای جیاوازییەکانیان سەبارەت بە یەك خاڵی سەرەکی بۆچوونی هاوبەشیان هەیە ئەویش بریتییە لە دژایەتی و رووبەڕووبوونەوەی حکومەتی خاتەمی. بەڵام لەوەدا کە شێوەی ئەم دژایەتیەو رادەی هەتا کوێ بێ و لە کۆتاییدا لەسەر ئەوەی کە (مامەڵەیان) لەگەڵ خاتەمیدا چۆن بێت یەك دەنگ نین. رەوت و کەسێتی میانەڕەوی باڵی راست لەگەڵ دژایەتی کردنی حکومەتی خاتەمیدا خوازیاری ئیفلیج کردن و لە کۆتاییدا روخاندنی خاتەمی نین. لە چوارچێوەی یاسادا دژایەتی خاتەمیان کردووەو ئامادە نین دوراییەکانی ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بگاتە ئەو ئاستەی کە وڵات تووشی گرژی، نائارامی و پاشاگەردانی بێت. ئەمانە ئومێدەوارن بە سەرنەکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و لە هەمووشی گرنگتر سەرنەکەوتنی ئابووری، لایەنگرانی خاتەمی بەرەبەرە لێی نائومێد بن و بگەنە ئەو باوەڕەی کە "ئەگەرچی خاتەمی مرۆڤێکی راستگۆیە و خاوەنی بیری کراوەیە، بەڵام بەداخەوە خاوەنی توانای پێویست نییە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات" بێگومان کاتێك خەڵك بگەنە ئەو باوەڕەی کە خاتەمی لە مەسەلەی باشکردنی باری وڵاتدا سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێ. زۆربەیان ئامادە نابن سەرلەنوێ دەنگی بۆ بدەن. جگە لەوەی کە شکستی خاتەمی دەبێتە هۆی زیادبوونی چانسی باڵی راست بۆ بەدەست هێنانی کورسی زیاتر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠)دا.

بە پێچەوانەی ئەم بەشەی باڵی راستەوە، بەشە توندڕەوەکانی دیکە لە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ حکومەتی خاتەمیدا هێندە خۆیان بە پابەندی یاسا نابینن و ئەمەش بە ئەرکی سەرشانی خۆیان نازانن. بە کردەوەش پابەند نەبوونی ئەمانە بە یاساوە لە دژایەتی حکومەتی خاتەمیدا چەند جارێ بەدی کراوە. سەرەڕای ئەوەش ئەم بەشەی

بالی راست، لە بەكارهینانی توندوتیژی، دروست كردنی پیكادان و بەریَ كردنی كەش و هەوای كۆمەلگا بەرەو نائارامی و پاشاگەردانی ناسلەمنەوە. بەرای هەندیكیان، لەگەڵ هەموو ئەنجامە زۆر خراپەكاندا كە دەتوانیَ لەسەر ئاستی كۆمەلگا ئاراستەكردنی بیریكی وای بۆ خاتەمی لەگەلدابیَ. كە ناجیگیری و نەبوونی ئاسایش دەبیتە هۆی ئەوەی كە حكومەت لە میشكی خەلكی‌دا لاوازو بیَ توانا بیتە بەرچاو.

جیاوازی رەوتە جیاوازەكانی دیكەی ناوبالی راست؛ لە شیوەی تیَروانینیاندایە بۆ دیاردەی (٢)ی خورداد. ئەو بەشانەی كە میانرەوترن ئەگەرچی بەتالیش بیَ بەلام بەهەرحاڵ رای (دەنگی) خەلك قبوڵ دەكەن. ئەمانە بەلای كەمەوە رای خەلكیان وەكو بەشیك لە پالپشتی رەوایی سیستم قبولە. بەلام بەشەكانی تری ئەم بالە بە قبوڵ نەكردنی و رازی نەبوون بە مافی (مەشروعیەتی روحانی) بۆ رای خەلك، "هەلبژاردنەكانی خەلك" و "مافی خەلك لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆی‌دا" لە (٢)ی خوردادەوە بەرەبەرە رەت دەكەنەوەو بەربەرەكانی دەكەن. رەنگە بەریكەوت نەبووبیَ كە یەكیَ لە (گفتوگۆ) جدییەكانی كە لە دوای (٢) خورداد لەسەر ئاستی كۆمەلگا خرایە روو، بریتی بوو لە شەرعیەتی سیستم و پایەگای خەلك تیایدا" چەند بەشیك لە بالی راست بە خویندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ (سیستمی ویلایەت) و دەورو شوینی رابەری لەم سیستمەدا، بەرەبەرە گرنگی خەلكیان فەرامۆش كردو لە بنچینەدا رەوایی سستمیان بەوە پیناسەكرد كە پەیوەندی بە (وەلی فەقیَ)وە هەیە. گرنگی ئەم لیكۆلینەوانە بە تەنها لەبەر رەهەندی فەلسەفەی سیاسیان نی‌یە. بەلكو لە لایەنە فەلسەفیەكانی گرنگتر، ئەو ئەنجامە عەمەلیانەیە كە لەم لیكۆلینەوانەوە بەدەست دیت. بیَگومان بیَبایەخ بوونی رای (دەنگ)ی خەلك لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆیان و هەلبژاردنی حكومەتدا، ئەركی سەرشانی (٢٠) ملیۆن دەنگی خاتەمیش روون دەكاتەوە. بەو مەعنایەی كە رەوتە زۆر توندرەوەكانی بالی راست، بەلای كەمەوە لە رووی شەرعی یان تیوری‌یەوە گرنگی‌یەكی ئەوتۆ بۆ رای خەلك دانانین و ئەوە بە ئەركی سەرشانیان دانانین كە رای خەلك و داوەری خەلك لە (٢)ی خورداددا قبوڵ بكەن. بەم پیودانگەش، ئەوان خۆیان بە ناچار نابینن كە مل بۆ حكومەتیَ كەچ بكەن كە بنەماكەی لەسەر دەنگی خەلك بنیات نرابیَ. بەم پیَیە، هەولدان بە ئاراستەی رووبەرووبوونەوەی ئەو حكومەتە و هەتا پەك خستنی بەر لە

تەواوکردنی ماوەی یاسایی چوار ساڵەی خۆی "بە لادان لە شەرع" لە قەڵەم نادرێ. لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی ئەم بەشەی باڵی راست، لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خاتەمیدا هێندە خۆیان بە پابەند بە چاودێری کردنی چوارچێوەی یاساییەوە نابینن، جگە لە باسە تیورییەکان سەبارەت بە شەرعیەت، دەربارەی خودی دیاردەی (٢)ی خورداد و هۆیەکانی سەرهەڵدانیشی باڵی راست خاوەنی یەك خوێندنەوەو تەفسیر نییە. رەوتە میانڕەوەکانی باڵی راست، بە لای کەمەوە لە سەرەتای سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری خاتەمیدا، بەجۆرێك لە چاوخشاندنەوە بە رەفتارو هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا قایل بوون. شکستی چاوەڕوان نەکراو و لەهەمان کاتدا قورسی باڵی راست لە (٢)ی خورداددا بەلای ژمارەیەك لەوانەوە ئەو باوەڕەی هێنابووە پێشەوە کە خەڵك بەهەرحاڵ لە کردەوەی ئەوان ناڕازی بووەو بۆ بەدەست هێنانەوەی پشتیوانی و متمانەی خەڵك، ئەم باڵە ناچارە کە هەندێ گۆڕان لە بۆچوون و کردەوەکانیدا بکات. بەڵام رەوتە توندڕەوەکانی باڵی راست لەبەرئەوەی بەتایبەتی بایەخێك بۆ رای خەڵك دانانێن، بایەخێکی ئەوتۆش بە پشت تێکردنی خەڵك نادەن، لە دوانگەی خۆیانەوە، ئەوان بەپێی ئەو ئەرك و بەرپرسیارییە رەفتارییان کردووە کە خوداو شەرع داوای لێ کردوون. کەواتە نەك (٢٠) ملیون هەتا ئەگەر هەموو دانیشتوانی گۆی زەویش پێی بگوتنایە و (پێیان بلێ) "نا" شتێك لە مەسەلەکە نەدەگۆڕا. ئەوان خۆیان سەنگی مەحەکن بۆ دیاری کردنی راست و ناڕاست و بۆچوون و دەنگی خەڵك بەڵگەیەکی ئەوتۆ نییە. ئەمان بە ئەرکی سەرشانیان هەستاون و بۆ لەمەو دواش درێژە بەهەمان شێوازو رەوت دەدەن.

پێویست بە باسکردن ناکات. کە ئەم بەشەی باڵی راست بە بۆچوونێکی لەم جۆرە نە رەخنە لێ گرتن و لێکۆڵینەوەی رەفتارەکانی بە پێویست دەزانێ و نە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لە مامەڵەو کردارو گوفتارو سیاسەت و هەڵوێستەکانیدا بە رێگایەکی شایستە دەزانێ. بێ ئەوەی بگوترێ دیارە کە هیچ پێویستی یان هۆیەك نابینن کە بۆچی لە گەورەکردنی هەر جۆرە ناڕەزایی و رووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ حکومەتی خاتەمیدا بەشداری نەکەن.

"دەبێ چی بکرێ؟" رووبەڕووبوونەوەی باڵی راست لەگەڵ حکومەتەکەی خاتەمیدا تەنها سەر بە بیرکردنەوەی سیاسی ئەو باڵە نییە، بەڵکو بەشەکەی دیکەی

ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، پەیوەستە بە کردەوەو بارودۆخی حکومەتەکەی خاتەمیەوە بێگومان هەرچەندە حکومەتەکەی خاتەمی لە بواری سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێ، ئەگەری ئەوەی کە خولیکی دیکەش هەلبژیردریتەوە زیاتر دەبێ (بەو گریمانەی کە خاتەمی لە خولی دووەمدا مەیلی خۆ کاندید کردنی هەبێ" ئەگەر خۆشەویستی خەلك بۆ خاتەمی بەردەوام بێ بێگومان بە ئاسانی جاریکی دیکە هەلدەبژیردریتەوە بەم پێیە کیشەی سەرەکی بالی ڕاست خۆشەویستی خەلکە بۆ خاتەمی و ئاساییشە کە بەشی سەرەکی هەولی بالی ڕاست بۆ کەم کردنەوەی ئەو خۆشەویستییە دەبێ. هەتا ئیستا (مانگی (١) ١٩٩٩) خاتەمی زیاتر لە سێیەکی چوار سالەکەی تەی کردووەو ئەگەرچی هیشتا (٣|٢) ماوەکەی ماوە، بەلام بەپێی ئەو ماوەیە سەبارەت بە ڕادەی خۆشەویستی خاتەمی دەتوانرێ چ حوکمیك بدرێ؟ ئایا خۆشەویستی خاتەمی بەپێی خوردادی (١٣٧٦- مانگی (٥) ١٩٩٧) زیادی کردووە، کەمی کردووە یان ڕوو لە کەم بوونەوەیە یان لە بنەڕەتدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ لە بنچینەدا دەربارەی ئەنجامی کاری خاتەمی هەتا ئیستا چۆن دەتوانرێ حوکم بدرێ و تاوتوێ بکرێ؟

یەکەمین مەسەلەیەك کە دیتە بەرچاو ئەوەیە کە خۆش ویستنی خاتەمی هیندە کەمی نەکردووە ئەگەرچی هەندیك کەس هەست بە سەرگەردانی و نائومیدی دەکەن. لە بواری سیاسی و کۆمەلایەتیدا بە گشتی کارنامەی خاتەمی درەخشان بووە. کەش و هەوای سیاسی ولات بەشیوەیەکی هەست پێکراو زیاتر کراوەتەوە. چاپەمەنیەکان بە بەراورد لەگەل ڕابردوودا زیاتر ئازادن. (لەگەل ئەوەشدا کە ژمارەشیان زیادبوونیکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە)، حزب و ڕیکخراوی سیاسی جیاواز سەریان هەلداوە و کۆبوونەوە سیاسییەکان کەم و زۆر ئازادانە بەڕیوە دەچن. هەلبەتە لە بواری سەروەری یاسادا، سەرکۆمار دەسکەوتیکی ئەوتۆی نەبووە کە بێگومان ناتوانرێ بە تەواوی ئەمە بخریتە ئەستۆی خاتەمی. ڕەنگە بەرزترین پلەیەك کە لەم بوارەدا پیویستە بە حکومەتەکەی خاتەمی بدرێ، بۆ بەردەوامبوونی بیت لە داکۆکی لەو پرانسیپ و ئامانج و بەلینانەی کە لەکاتی هەلبژاردندا بە دەنگدەرانی دا. ڕەنگە خاتەمی نەیتوانیبێ هەندێ لەو بەلینانە بەدی بینێ، بەلام ئەوەی کە مایەی ئومیدەوارییە، پابەندیی خاتەمییە بەو بەلینانەو فەرامۆش نەکردنیانە. خاتەمی

لەهەر دەرفەتێکدا کە هاتبێتە پێشەوە تەئکیدی لە باوەری تۆکمەی خۆی بە ئازادی؛ سەروەری یاساو مافی خەڵك لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا کردۆتەوە. ئەم سووربوون و دووپات کردنەوەیە بە مەعنای ئەوەیە کە خاتەمی لە ناخەوە باوەری بەم چەمکانە هەیەو تەنها لەبەر بەدەست هێنانی رای دەنگدەران باسی نەکردوون. لەبەرئەوە کارنامەی خاتەمی سەبارەت بە "کۆمەڵگای مەدەنی" بەگشتی زۆر ئیجابییە. بەڵام ئەنجامی کاری خاتەمی لە بواری ئابووریدا ناتوانرێ لە هیچ روویەکەوە بەباش هەڵبسەنگێنرێ. لە راستیدا دەبێ راستگۆیانە دان بەوەدا بنرێ کە باری ئابووری لە ماوەی (١٨) مانگی رابردوودا خراپتر بووە. گەشە نەکردن، بێکاری، گرانی، کەم بوونەوەی سەرمایەگوزاری، هەڵئاوسان، تەنگی بە ژیانی چین و توێژێکی فراوانی کۆمەڵ هەڵ چنیووە. لەبەرئەوەی لێرەدا بواری ئەوە نییە کە بچینە ناو ئەو باسەوە کە کێشە ئابوورییەکانی ئێستا لە سیاسەتەکانی خاتەمیەوە سەریان هەڵداوە یان خاتەمی میراتگری ئابوورییەکی بێ سەرو بەر بووە؟ ئەوەی کە کێشەکانی ئابووری ئێران بنچینەیی بووەو پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سیاسەتەکانی خاتەمییەوە نییە، لەوە رۆشنترە کە پێویستی بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئاڵۆزو گەورەی ئابووری بێت. رەنگە کەم و کورتی و رەخنەی بنچینەیی لە حکومەتەکەی خاتەمی ئەوەبێ کە بۆچی گۆرانی بنچینەیی و ئاڵوگۆری بنەرەتی لەم ئابوورییەدا ناکات؟ یەکەمین و گرنگترین دژواری بنەرەتی ئابووری ئێران، وابەستەیی بنەرەتییەتی بە دەوڵەتەوە. ئابووری ئێران ئابوورییەکی دەوڵەتییە بەهەموو ئەو زیانانەوە کە ئابوورییەکی لەو جۆرە لەگەڵیدایە. دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا "ئادەم سمیس" وتویەتی "دەولەت بازرگانێکی باش نییە" و ئێمە ئێستاش دان بەو راستیەدا نانێین. دەتوانرێ راستی قسەکەی ئادەم سمیس بە باشترین شێوە لە پیشەسازییەکانی وابەستە بە دەولەتی ئێرانەوە بەدی بکرێ. چەند پیشەسازییەکی بێتوانا (کە زیاتر لە پێویست هێزی کاری مرۆییان هەیە بەپێی پیشەسازی دیکە)، بەرهەمی چۆنیەتی خراپ و نرخی تێچوونی کە زۆرجار لەهی نرخە جیهانیەکان زیاترەو لە مەیدانی جیهانیدا هیچ چانسێکی رکابەرییان نییە. باری قازانج گەیاندنی پیشەسازییە دەولەتیەکانی ئێمە، باشترین گەواهی بۆ راستی بۆچوونەکەی ئادەم سمیس دەدات. پوختەی قازانجی (٤٠٠) هەزار ملیار ریاڵی سەرمایەی دەولەتی (کۆمەڵەی

پیشه‌سازی، كارخانه‌یی‌و یه‌كه‌كانی به‌رهه‌م هێنان كه هی ده‌وله‌تن) له سالی١٣٧٥ (١٩٩٦) نزیكه‌ی (٣٧٠٠) ملیار ریال بوو واته كه‌متر له (١٪). كام سه‌رمایه‌داری به قازانجی كه‌متر له (١٪) ده‌توانێ له‌سه‌ر پێی خۆی بوه‌ستێ؟ ئه‌وه‌ی كه پیشه‌سازییه ده‌وله‌تیه‌كانی ئیمه‌ی به‌سه‌ر پیوه راگرتووه، (باربووی گه‌وره‌و دانی قه‌رزو ته‌واوی ئاسانكارییه بانكی‌یه‌كان و هتده. درێژه‌دان به‌م پیشه‌سازیانه بارگرانی‌یه بۆ سه‌رشانی ده‌وله‌ت كه به‌هاكه‌ی باج ده‌ران ده‌یده‌ن. نه‌بوونی ئاسایش و كاڵ بوونه‌وه‌ی حوكمی یاسا، دژواریه‌كی بنه‌ره‌تی ئابووری ئیرانه. نه‌ك ته‌نها هیچ سه‌رمایه‌گوزاریكی ده‌ره‌كی ئاماده نی‌یه خۆی بخاته مه‌ترسیه‌وه‌و له ئیراندا سه‌رمایه‌گوزاری بكات، به‌لكو سه‌رمایه‌گوزاری ناوخۆش كه‌متر ئاماده ده‌بن سه‌رمایه‌كانیان له به‌رهه‌م هیناندا بخه‌نه‌گه‌ر. ئیشی رۆژانه‌و ئه‌مرۆ به سبه‌ی گه‌یاندن، كیشه‌ی سێیه‌می ئابووری ئیرانه. ئه‌م تایبه‌تمه‌ندی‌یه خۆی له قالبی بریاردانی جۆراوجۆر و هه‌ندیك دژوناكۆك، سه‌رچاوه‌ی بریاردانی ده‌وله‌تی جۆراوجۆر (كه هه‌ریه‌كه‌یان سیاسه‌تیك په‌یره‌و ده‌كه‌ن و دیدگای تایبه‌ت به خۆیان هه‌یه) و گۆرینی سیاسه‌ت و بریاره‌كان نیشان ده‌دات. ئه‌مرۆ بریاریك ده‌درێ و به‌پێی ئه‌وه، ناردنه ده‌ره‌وه‌ی هیلكه ئازاد ده‌بێ. ژماره‌یه‌ك كۆده‌بنه‌وه به هه‌وڵ و كۆشش سه‌رمایه‌گوزاری‌یان كردووه، له ده‌ره‌وه‌ی ولات بازاریان په‌یداكردووه‌و ده‌ست به هه‌نارده ده‌كه‌ن، به‌لام ماوه‌یه‌ك دوای ئه‌وه خستنه‌رووی هیلكه له‌ناو ولاتدا كه‌م ده‌بیته‌وه. ده‌وله‌ت له‌جیاتی به‌رده‌وامی و له‌به‌رچاوگرتنی قازانج و خیری دریژخایه‌نی ئابووری ولات به‌رژه‌وه‌ندی و قازانجی كاتی له‌به‌رچاو ده‌گرێ و به‌نیگه‌رانی له سه‌رهه‌لدانی ناره‌زایی، ناردنه ده‌ره‌وه‌ی هیلكه قه‌ده‌غه ده‌كات. ئه‌وه گرنگ نی‌یه كه به‌رهه‌م هینه‌ران و ئه‌وانه‌ی هیلكه كه ده‌نیرنه ده‌ره‌وه چیان به‌سه‌ر دیت. گرنگ ئه‌وه‌یه كه خه‌لك له ده‌وله‌ت نارازی نه‌بن و هات و هاوار روونه‌دات.

تراژیدیای ترسناك و غه‌مباری زیان و قورسی سیبه‌ری ویرانكه‌ری به‌سه‌ر ئابووریمانه‌وه دژوارییه‌كی بنه‌ره‌تی دیكه‌ی ئابووری ئیمه‌یه. له‌به‌ر به‌كارهینانی بێ به‌رنامه‌ی به‌نزین له ولاتدا (به‌هۆی نرخی زۆر نزمیه‌وه)، ده‌وله‌ت رۆژانه نزیكه‌ی (٦) ملیۆن لیتر به‌نزین له ده‌ره‌وه دینێ به به‌های لیتری ١٢٥ تومان و لیتری به (٢٠) تومان ده‌فرۆشیته‌وه[1]) ته‌نها بۆ ئه‌و به‌نزینه‌ی كه له ده‌ره‌وه دیت، ده‌وله‌ت سالانه نزیكه‌ی

(٢٢٠) ملیار تومان زەرەر دەدات. بەنزینی بەرهەم هێنراوی ناو وڵاتیش هەمان حیكایەتی ترسناكی هەیە. ڕۆژانە نزیكەی (٣٥) ملیۆن لیتر بەنزین لە وڵاتدا وەبەر دیت و بەكاردیت. خەرجی بەرهەم هێنانی بەنزین لەناوخۆدا، لیتری ٧٠ تومانە. لیرەشدا دەولەت نزیكەی ٦٣٠ ملیار تومان یارمەتی دەدات. بەتەنها بۆ بەنزین دەولەت لە سالیكدا ٨٥٠ ملیار تومان یارمەتی دەدات بیجگە لەو برە زۆرەی دیكە كە بۆ گازۆیل و نەوت و تەواوی بەرهەمە نەوتیەكانی دیكە بۆ ئەم بەشە بەتەنها دەولەت لە سالیكدا (١٠٠٠) ملیار تومان یارمەتی دەدات[٢]. هەر جارەی كە یەك ئوتومبیل ٣٠ لیتر بەنزین تێ دەكات، دەولەت بەلای كەمەوە (١٥٠٠) تومان یارمەتی دەدات بە بەكاربەر. رەنگە بەكاربەر لە مانگیكدا ٢٠٠-٣٠٠ هەزار تومان دەرامەتی بێ. رەنگە نیو ملیۆن تومان دەرامەتی بێ، رەنگە ٣٠، ٤٠ هەزار تومان دەرامەتی بێ، لە هەموو حالەتەكاندا فەرق ناكات و دەولەت "عادیلانە" و بە (یەكسانی) بۆ هەموان هەر جارەی كە تەنكی ئوتومبیلەكەی خۆیان پردەكەن بەلای كەمەوە (١٥٠٠) تومان یارمەتیان دەدات بەبێ بەرامبەر. پاشانیش سكالا دەكەین كە بەكاربردنی بەنزین و بەرهەمە نەوتیەكانی دیكە لە ئیراندا بێ بەرنامەیە، شارەكان پیس بوون، ژینگە خراپ بووەو هەتا دوایی. لە وڵاتە دراوسیكانی ئیمەدا كەمترین نرخ هی پاكستانە كە نرخی بەنزین لیتری ٢٠٠ تومانە. هەمان بار سەبارەت بە نانیش هەیە. دەولەت لە سالیكدا (٥٠٠) ملیار تومان زیانی نان دەدات. یەعنی لە سالیكدا بۆ هەركەسیك نزیكەی (٨٥٠٠) تومان دەدات. خیزانیكی (٥) كەسی لە سالیكدا ٤٢ هەزار تومان بۆ زەرەری نان لە دەولەت وەردەگرن. ئەم مەبلەغەش هەروەكو زەرەری بەنزین "عادیلانە" و بەچاوپۆشی لە دەرامەتی خیزانەكان بۆ هەموان خەرج دەكرێ. خیزانیكی (٥) كەسی بە (٣٠٠) هەزار تومان دەرامەتی مانگانەوە هەمان مەبلەغ وەردەگرن كە خیزانیكی (٥) نەفەری دیكە بە دەرامەتی (٥٠) هەزار تومانەوە لە مانگیكدا وەری دەگرن. شتەكانی دیكەش بەهەمان شیوە: كارەبا ٩٦٠ ملیار تومان، چا، شیر، ئاو، گۆشت و هەتا دوایی* بۆ پەی بردن بەوەی كە ئەمانە چ كارەساتیكن بۆ

* كۆی ئەو یارمەتیەی كە دەولەت لە بودجەی سالی ١٣٧٨-١٩٩٩دا پیش بینی كردوە جگە لە یارمەتی وزە (كارەبا و سوتەمەنی یان وزە) ٧٠٠ ملیار تومانە (واتە نزیكەی ٤|١) بودجە

ئـابووری وڵات خــراپ نی‌یــه کــه بزانــین خــەرجی گشــتی وڵات لــه ســالی ١٣٧٨-(١٩٩٩)دا، نزیکەی (٩٠٠٠) ملیار تومان کە لەم بودجەیە (٣٠٠٠) ملیار تومانی بۆ خـەرجی گشـتی ئـاوەدان کردنەوەیـە. (باقیەکـەی بـۆ خـەرجی وەکـو موچـەو هـەموو خەرجیەکانی دیکەیە) زەرەری نـەوت، بەنزین و گـازۆیل بەتەنها بەرامبــەر سـێ‌یەکی هــەموو بودجــەی ئاوەدانکردنــەوەی وڵاتــە، بـاری ئـابووری لـەمجۆرە لـە کـەم وڵاتــی جیهاندا هەیە. له وڵاتەکانی دیکه دەوڵـەت بـەهای بەرهـەم هینـان و سـەرەرای ئـەویش کەمیك قازانجی کاڵاکانیش وەردەگرێ و لە بەرامبەریشدا راستەوخۆ یارمـەتی چین و تویـژه کـەم دەرامەتـەکان دەدات. بـەڵام لـە ئـابووری ئیمـەدا، بـەرژەوەندی و قـازانجی دریژەخایەن دەبن به قوربانی و بەلاگەردانی بەرژەوەندی و قازانجی کورت خایەن.

ئەو لیکۆلینەوانەی که هەندێ له بالـەکان دەربارەی پیشنیازی زیادکردنی نرخـی بەنزین خستیانه روو ئەوه نیشان دەدەن که ئەولەویەتەکانی ئیمـه کامانـەن. یـەکێ لـە رۆژنامــەکان لــه دژی ئــەم پیشــنیازه نووســیوویەتی: بۆچــی دەولــەت لــه جیــاتی زیادکردنی نرخی بەنزین، باج لـه خـاوەن خـانوو ڤیلاکـانی بـاکووری شـاری تـاران وەرناگرێ[٣]. حسابکردن بۆ گشت و گشـت گـەری لـه کیشـەکانی دیکـەی ئـابووری ئیمـەن. لـەجیاتی دۆزینـەوەی رەگ و ریشـەی هـۆ واقیعیـەکانی کیشـە ئابوورییـەکان، بەردەوام هـەولمان داوە بـە دروشمـی وەکـو مـەحکوم کردنـی "خۆشگوزەرانانی بـێ دەرد" و (بــێ دەردانـــی خۆشـــگوزەران) و "خۆپەرســـتەکان"، "زالوســـیفەتان"، "تیرۆریســـتانی ئـــابووری"، "قۆرغکــەران"، "ئـــابووری پینـــج"، "بـــەکرێگیراوە نادیارەکـانی دوژمـن" "بـاکوری شارنشـینەکان"، "زۆرداران" و سـازکردنی شــەپۆلی ئاژاوەگیرانەی بەربەرەکانی قازانج خوازان و هـەل پەرستان، کیشە ئابوورییەکانمان چارەسەر بکەین. ئەو شیوازانەی کە بۆ ماوەیەك سـەرگەرمی هـات و هـاوارو هـەلچوون دەخولقینن، چەند کەسیکیش دەبن به قوربانی شەپۆلی "بگیر، بگیر" بەڵام کەلکی ئـەم شیوازانه تەنها کزبوونی زیاتری ئاسایش، هەڵاتنی زیاتری سەرمایەکان، و دابـەزینی پـارەو دارایـی زیـاترە بـەرەو کـاری واسـتەگەری و بازرگـانی لـەجیاتی کـاری بەرهــەم هینــان و بەیــەك قســە، دروســت بوونـــی نائــارامی و پاشــاگەردانی زیــاتر بــووە. بەردەوامیش به بیانووی پشتیوانی لە چەوساوەکان ئەم شیوازانه بەکارهاتوون. لـە مەسـەلەی دژایـەتی زیادکردنی نرخـی بـەنزیندا، زۆر کـەس هـۆی دژایەتیەکـەیان بـه

گشتی ئاوەدانکردنەوەی وڵات)

پشتیوانی لـه چەوسـاوەکان (موسـتەزعەفین) و تویـژە بێبەشـەکان راگـەیاند. بـەڵام واقیعی تاڵ ئەوەیە کە ئەوانەی بەشیوەیەکی سەرەکی خیر لە یارمەتی نزیکەی هـەزار ملیار تومـانی بەنزین دەکـەن، لـە راستـیدا چین و تویـژە خۆشگوزەرانەکانن. بەپێی ئامار، نزیکـەی نیوەی یارمـەتی بـەنزین دەچیتـە گیرفـانی (١٠٪)ی خۆشـگوزەرانترین تویـژی کۆمـەلگا وە (بـەرزترین ریـژەی دەرامـەت) و لـە بەرامبـەردا (١٠٪)ی خـوارەوەی کۆمەڵ (نزمترین ریژەی دەرامەت تەنها (١٪)ی پێدەگات بە واتایـەکی دیکـە، دەولـەت ساڵانە نزیکـەی (٤٠٠) ملیار تومان یارمـەتی بـەنزین بـە (١٠٪)ی خۆشـگوزەرانترین تویـژی کۆمــەڵ دەدات. ئەمــەش بیجگــە لــەو یارمەتیانــەی کــە بــۆ نــان، کارەبــا، ئــاو، گۆشت، رۆن، شیر، شـەکری کەللـەو وردەو.. بەو خەلکانـە دەدات کە بە هیـچ جـۆرێ پیویستیان پــێی نییــە. بــە چ لۆجیکیـك دەتوانـرێ ئـەم شیوەیە بـە پشـتیوانی لـە چەوساوەکان ناوبرێ؟

ئەمانە کەم و کورتی و کیشە بنچینەکانی ئابووری ئیمەیە کە نە خاتەمی دروستی کردون و نـە بەتەنـها حکومەتەکـەی ئـەو توانـای رووبەرووبوونـەوەی ئـەو کیشـانەی هەیە. دژوارییە بنەرەتیـەکانی ئابووری ئیمـە لەگـەڵ، کـەم بوونـەوەی نرخـی نـەوت لـە بازارەکانی جیهان و ئەو کەش و هەوا سیاسی و کۆمەلایەتیە تارادەیەك گرژەی کە لە (٢)ی خوردادی ٧٦((٥)ی ٩٧) بەدواوە بەسەر وڵاتدا زاڵ بووەو باری ئابووری ولاتـی لـە جـاران خراپـتر کـردووە. گومـان لەوەدانـییـە کـە بـاری خراپـی ئـابووری هیـچ یارمەتیەکی خاتەمی نادات و بێگومان لە جەماوەریتی کەم دەکاتـەوە. بەڵام وادیار ە کە خراپی ئابووری هـەتا ئیستا هینـدە ئەنجامی خراپی بۆ خاتـەمی نەبووبێ. هـۆی ئەمەش لەوەدایە کە زۆربەی خەلك لەو باوەرەدان کە (لێناگەرین خاتەمی ئیش بکات" بە چاوپۆشـی لـەوەی کـە ئـەم بۆچوونـە تـا چ رادەیـەك راسـتەو ئایـا جولەنـەکردنی راسـتەقینە بـەرەو ریفورمـی بنچینـەیی ئـابووری لەلایـەن حکومەتەکـەی خاتەمیـەوە بـەهۆی ریگەنـەدانی بـالی راسـتەوەیە یـان لـە کـرداری لاوازانـەی بەرپرسـانی حکومەتەکەی خاتەمیەوە سەرچاوەی گرتووە، بە کردەوە زۆربەی خەلك بەلای بەشی یەکـەمی پرسـیارەکەدا دایانشـکاند. هیشـتا خـەلك ئامـادە نـین لەبـەر بـاری خراپـی ئابووری خاتەمی بە کەمتەرخەم بزانن. بەڵام پرسیاری بنەرەتی ئەوەیە کە ئـەم بـاوەرە تا چ کاتێ بەردەوام دەبێ. ئایا سالی داهاتووش خـەلك خاتـەمی بە بەرپرسی باری خراپی ئابووری نازانن؟ رەنگـە هیشتا ئاوابێ، بـەڵام رەنگـە بەرەبـەرە ئـەم بـاوەرە کـاڵ بیتەوە. نەك ئـەوەی کە خـەلك باری خراپـی ئابووری بـەزۆر بخەنـە ئەستۆی خاتـەمی بەلکو سەبارەت بە توانای خاتەمی لە چارەسەرکردنی کیشـە ئابوورییـەکان هیـوا بـراو

بن. رەنگە چەند بەشیکی فراوان لەو کەسانەی کە لە (٢) خورداددا دەنگیان بۆ خاتەمی دا بەرەبەرە بگەنە ئەو باوەرەی کە خاتەمی نەیتوانیوەو ناتوانێ کاریك بۆ ئابووری بکات. ئەوسا چاوپۆشی لەوەی کە "نەیان هیشت" یان خۆی "نەیتوانیوە" ئیتر بەلایانەوە زۆر گرنگ نابێ کە کەمتەرخەم کێیەو کام باڵەیە. لە روانگەی ئەوانەوە خاتەمی بەراستی نەیتوانیوە کیشە ئابوورییەکان چارەسەر بکات و ئومیدیکیش بە چارەسەرکردنیان لەلایەن ئەوەوە لە ئایندەدا نییە. لەبەر ئەوە چیتر حەز بە پشتیوانی لە خاتەمی ناکەن.

باڵی راست حسابیکی زۆر لەسەر ئەم ئەگەرە دەکات و بەشیك لە ستراتیژی خۆی لەم پیناوەدا تەییار کردووە بۆ ئەوەی ئەوە بخاتە میشکی خەلکەوە کە کەمتەرخەمی سەرەکی باری خراپی ئابووری ولآت سیاسەت و کردەوەکانی حکومەتەکەی خاتەمییە. لەوانەش جەختی خاتەمی لەسەر گەشەکردنی سیاسی و کۆمەلگای مەدەنی، لەجیاتی گەشەکردنی ئابووری، ولآتی دوچاری ئەو وەزعە کردووە. نەیارانی خاتەمی هەرکاتێ کە رووبەرووی جولانەوەی سیاسی و کۆمەلآیەتی خاتەمی دەبنەوەو کەیفیان پێی نایە، یەکسەر بە گلەیی و رەخنەوە ئەوەی بە بیر دیننەوە کەوا باشترە لەجیاتی بایەخدان بە مەسەلە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکان دەست بە چارەسەری کیشەو مەسەلە ئابوورییەکان بکات. باڵی راست ئومیدەوارە تا لەم ریگایەوە یەکەم سیاسەتی کرانەوەی خاتەمی بێبایەخ بکات، دووەم چەمکەکانی وەکو "کۆمەلگای مەدەنی" و "گەشەکردنی سیاسی" بە هاوتای نائارامی و پاشاگەردانی سیاسی و خراپ بوونی ئابووری بناسینێ. ئەوەی کە راستیە ئەوەیە، چەند بەشیکی بەرچاو لە ژنان، لاوان، رۆشنبیران، زانکۆییەکان، خویندکاران، خویندکارانی زانکۆو تویژی خویندەواران. وەکو جاران و سەرەرای خراپتر بوونی باری ئابووری هیشتا بە دلسۆزی خاتەمی دەمیننەوە؛ بەلآم عەقلی ساغلەم حوکمی ئەوە دەکات. کە دەبێ لەو خالەش خافڵ نەبین کە ئابووری دەتوانیت وەکو "پاژنەی ئاشیل" بۆ حکومەتەکەی خاتەمی رەفتار بکات و گرفتاری بکات.

ئەوەی کە هاوکیشەی باڵی راست و خاتەمی ئالۆزتر دەکات، ئەگەری هاتنە مەیدانی هاشمی رەفسنجانییە وەکو کاندیدی سەرکۆماریی باڵی راست، بەتایبەتی رەوتە توندرەوەکانی هەروەکو دەزانین دژایەتی هاشمی رەفسنجانی نیشان دەکرد. بەلآم ئەزموونی هاشمی هەندێ لەوانەی وریا کردۆتەوە و بێگومان لەنیوان هاشمی و خاتەمی دا یەکەمیان هەڵ دەبژیرن. جگە لەوەش، بەشیك لەوانەی هاودەنگی هاشمین واتە باڵی "کارگوزارانی سازندەگی"یش بێگومان بەهاتنە مەیدانی هاشمی بۆ

ململانێی هەڵبژاردنی سەرکۆمار پشتیوانی لێدەکەن. هەرچۆنێك کارگوزاران پێناسە بکەین ناکرێ خۆمان لەو راستیە بدزینەوە کە رابەری فیکری و سیاسیان هاشمی رەفسنجانییە.

هەموو ئەم سەرنجانە پێویستیان بە گریمانەیەکی بنچینەیی هەیە. ئایا باڵی راست، بە تایبەتی بەشە توندرەوەکانی، ئامادە دەبن کە بنەماکانی ململانێی دیموکراسی رەچاو بکەن، ریز لە رای خەڵك بگرن و هەتا خوردادی ۱۳۸۰ (مانگی (٥) ۲۰۰۱) لەگەڵ خاتەمیدا هەڵ بکەن؟ یان ئەوەی دنیای لێ دەکەن بە چەرمە چۆلەکە بۆ ئەوەی نەتوانێ درێژە بەکارەکانی بداو دەست لەکار بکیشیتەوە. یان ئەوەی خراپتربوونی باری سیاسی، زیادبوونی نائارامی و زاڵبوونی نائەمنی، ئاخری زەمینە بۆ وازهینانی خۆش دەکا و بەسەرنجدان لە زۆرینەی باڵی راست لە پەرلەماندا دەنگی متمانەی پێ نادەن و زەمینەی روخانی حکومەتەکەی خاتەمی فەراهەم دەکەن.

هەندێ لە لایەنگرانی خاتەمی بەحسابکردن بۆ رادەی خۆشەویستی لەلایەن خەلکەوە پێیان وایە کە باڵی راست بە سەختی دەتوانێ حکومەتەکەی خاتەمی بروخێنێ. بەڵام ئەم بۆچوونە راست نییە. خاتەمی تا رادەیەکی زۆر لای خەڵك خۆشەویستە، بەڵام ئامرازەکانی دەسەڵات لە دەستی نەیارانیدایەو لەکاتی پێویستدا بە بەکارهێنانی کەمێك فشار یان توندوتیژی بە ئاسانی ئەگەری بەربەرەکانی لایەنگرانی خاتەمی تێك دەشکێ. باڵی راست بە پشتیوانی (۳|۱)ی دانیشتوانی وڵات بەلای کەمەوە ئامرازەکانی دەسەڵات و پشتیوانی (ئەنجومەنی خیرگان)، ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) و داوەری بە ئاسانی دەتوانێ بە تەواوی فەرمان رەوایی وڵات بگریتە دەست و بەبێ دودلی لە ماوەیەکی کورتداو بە پیچەوانەی بۆچوونی هەندێ لە لایەنگران و یاریدەدەرانی خاتەمییەوە، باڵی راست زۆر ئاسانتر لەوەی کە نەیارانی ئەم باڵە وینای دەکەن دەتوانێ "بەرەی (۲) خورداد" بپیچیتەوە. هەم بەڵگەی شەرعیان هەیەو هەم "بۆ رزگارکردنی ئیسلام و شۆرش" ئەو پیچانەوەیە (لوول کردنە) بە پێوست نیشان دەدەن، هەم بۆ ئەنجامدانی کاریکی لەو جۆرە هەست بە "ئەرکی" سەرشانیان دەکەن، هەم بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانە بەربڵاوەکانی ئیستکبار لە دژی ئیسلام و شۆرشی ئیسلامی ئەو جوڵانەوەیە بە پێویست دەزانن، و هەم ئەوەی کە "خیزانی شەهیدان، گیانبازان، دیلەکان، ئەوانەی چوونەتە بەرەی جەنگ، حزبوڵڵاییەکان و لایەنگرانی راستەقینەی ئیسلام و شۆرش" ئەوەیان خواستووە. بەم نزیکانە هیچ کیشەیەك روونادات. بەڵام پرسیاری

سەرەكی ئەوەیە كە لەماوەی درێژخایەندا بۆچوونی بالی راست لە بەرامبەر حكومەت و شیوەی بەریوەبردنی ولات و بەشداری خەلك و ئازادیدا چی دەبیت؟ ئایا پیویستی بە پشتیوانی و هاوكاری چین و تویژە خویندەوارەكان و دەستە بژیرە سیاسیەكان دەبیت، یان بەبێ پشتیوانیەكی لەو جۆرەش دەلیت كە دەتوانرێ لە ماوەیەكی دریژدا، سیستمیكی كارامەو گۆراو و هاوچەرخ دابمەزرینرێ. ئایا بەبێ پشتیوانی چەند تویژیكی فراوان لە (طلاب) و روحانیەكان، خویندكاران، نووسەران، زانكۆییەكان، خویندەواران و پسپۆران، ژنان و لاوانی كۆمەڵ، دەتوانرێ بۆ ماوەیەكی دریژ سیستمیكی ئیسلامی خەلك سالار دابمەزرینرێ و ولات بەریوە ببرێ؟

مەسەلەیەكی دیكە بریتی‌یە لە رەهەندی دەرەكی و پەیوەندی نیودەولەتی. بۆ سەپاندنی بۆچوونی خۆی بەسەر زۆرینەی كۆمەڵدا، بالی راست ناچار دەبێ كە پەنا بۆ بەكارهینانی زۆر بەرێ. راستی ئەوەیە كە لەمرۆو لە سالەكانی كۆتایی سەدەی بیستدا، هەر رۆژەی لە رابردوو زیاتر لە ژمارەی سیستمە دەسەلاتخوازەكان كەم دەبیتەوە. لە ناوچەكەو جیرانیتی خۆمان ئەگەر بەسەر عیراق و ئەفغانستان دا بازبدەین كە هەردووكیان حالەتی تایبەتیان هەیە، لە باقی ولاتەكان لای كەمی دیموكراسی بەدی هاتووە. سەرەرای كۆنترۆلكردنی (٩٠٪)ی خاكی ئەفغانستان لەلایەن تالیبانەوە هەتا یەك ولاتیش لە جیهاندا ئامادە نەبوو بە رەسمی دانیان پیدابنێ. (بیجگە لە پاكستان و ئیماراتی و عەرەبی و عەرەبستان كە هەلبەتە بەرلەوە بەرەسمی دانیان بە تالیباندا نابوو) پیشیل كردنی مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ لەلایەن تالیبانەوە بە شیوەیەك بوو كە رای گشتی لەسەر ئاستی دنیا ریگە نەدات هەتا ئەو ولاتانەش كە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ یارمەتیان دابوون، بە رەسمی دان بە تالیباندا بنین. لە توركیا عەسكەرییەكان هەتا كەناری كودەتا ملیان نا بەلام یەكێ لەو هۆ سەرەكیانەی كە عەسكەرییەكانی لە چركاندنی پەلەپیتكە پەشیمان كردەوە نارەزایی رای گشتی نیودەولەتی بوو بە كودەتای سەربازی. یەكیتی ئەوروپا بەیەك دەنگ و بە توندی عەسكەرییەكانی توركیان لە دەستدان لە كودەتاو دروست كردنی حكومەتیكی سەربازی وریاكردەوە. ئەمریكاییەكانیش بە هیچ شیوەیەك عەسكەرییەكانیان هان نەداو كودەتایان بە ریگەچارەیەكی عەمەلی نەزانی بۆ چارەسەركردنی كیشە سیاسیەكانی ئەو ولاتە. لە تاجیكستان حكومەت ئاخری ناچاربوو مل بە جۆرێ سازش بدات لەگەڵ نەیارە ئیسلامیەكانی خۆیدا. كاربەدەستانی سعودیە ناچار بەرەو كۆمەلی ریفورمی سیاسی و كۆمەلایەتی ملیاننا.

هەلبەتە هیشتا رژیمە ئیستبدادیەکان لە سوریا، کۆریای باکوور، بۆرما، جەزایر، عیراق و ژمارەیەکی دیکە لە ولاتان لەسەر کارن؛ بەلام بە نیسبەت بیست، سی سالی پیش ئیستاوە کە فەرمانرەوایی رژیمی لەو جۆرە لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا، ئەفریقاو ئەوروپای خۆرهەلات ستەمی دەکرد، جیهان تەواو لەو رژیمانە دوورکەوتۆتەوە. رژیمە سەربازییە راست رەو و سەرکوت کەرەکان لە بەرازیل، ئەرجەنتین، چیلی، مەکسیك، کولومبیاو نیکاراگوا، جیگای خۆیان بە چەند سیستمێ داوە کە تیایاندا بەهەرحاڵ پلەیەك لە مافی مرۆڤ و ئازادی ریزی لی دەگیرێ.

"کۆمەلگای مەدەنی"، "سەروەری یاسا"، "حزبایەتی"، "بەشداری سیاسی" بەیەك وتە، گەشەکردنی سیاسی، چەند مەفهومیك نین کە بە ئارەزووی خۆت هەلیان بژیری. لە جیهانی ئەمرۆدا ئەم چەمکانە وەکو واقیعیکیان لی هاتووە کە قابیلی خۆلیلادان نین. دەتوانرێ بە باشترین شیوە ئەم پیویستیانە لە ولاتەکانی باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا وەکو کۆریای باشوور، مالیزیاو ئەندۆنیزیا بەدی بکرێ کە سەرەرای پیشکەوتنی سەرسورهینەرانەی ئابووری لەبەر کەمتەرخەمی لە ریفۆرمی سیاسی و کۆمەلایەتی دوچاری قەیرانیکی قوولی دارایی بوون.

سەرەرای قبوڵ نەکردنی کیشەکان لەسەر ئاستی نیودەولەتی، لە ناوخۆشدا بەکارهینانی دەسەلاتی رەهاو زۆردارانە بۆ ماوەیەکی دریژ رووبەرووی کیشەی دیکە دەبیتەوە. هەرچۆنیك لە شۆرشی ئیسلامی بروانین و پیناسەی بکەین، بواری هەلاتن لەو راستیە نیە کە بەهەرحاڵ بەشیك لە ئاوات و ئارەزووەکانی یان ئامانج و مەبەستەکانی ئەو شۆرشە، لە بنەرەتدا دژایەتی بووە لەگەڵ رژیمی شادا بە مەبەست بەدەست هینانی ئازادی و خەبات لە دژی زۆرداری و خەفەکردن و دیکتاتۆری. هەروەکو پیشان ئامارەمان بۆ کرد، ململانێکانی دوای شۆرش، شەر لەگەڵ عیراق پیویستی بیناکردنەوەی ولات لە دوای شەر بێگومان ریفۆرمە سیاسیەکانیان خستە ژیر کاریگەری خۆیانەوە. بەلام بەبێ هیچ دوودلیەك شۆرشی ئیسلامی کەش و هەوایەکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هینا. ئەوەی کە لە (٢)ی خورداددا روویدا، نە دیاردەیەکی تازە بوو نە شتیکی زیادەتر بوو لە خواست و ئاواتەکانی شۆرشی ئیسلامی. ئەوەی کە لە (٢) خورداد بە دواوە هاتۆتە پیشەوە لە راستیدا دریژەی

بەدیهاتنی داخوازییەکانی شۆرشی ئیسلامی‌یه که لەبەر کیشەو مەسەلەکانی ئەم (٢٠) سالەی دوایی دواکەوتبوو.

لەلایەکی دیکەوه، ئەو گۆران و ئالوگۆرانەی که له ماوەی (٢٠) سالی رابردوودا له ئیران روویدا کاریگەری راستەوخۆی لەو داخوازیانه کردووەو بەنۆرەی خۆی ئەو داخوازییانەی فراوانتر و قولتر کردووه. لەوانەش گۆرانی پیکهاتەی دانیشتوانی ئیرانه له ماوەی (٢٠) سالی رابردوودا. گەشەکردنی خیرا و بێ بەرنامەی دانیشتوان بۆته هۆی ئەوەی که بەشیکی بەرچاو له دانیشتوانی ئیران لاوان پیکی بینن. له ماوەی یەك سالی رابردوودا چەند جاریك لاوان له مەیدانی سیاسی و کۆمەلایەتی‌دا ئامادە بوونی خۆیان نیشان داوه. چۆن دەتوانرێ چاوەروانی ئەوه بکرێ که سیستمیکی سیاسی بەبێ لەبەرچاوگرتنی داخوازیو پیویستیەکانی ئەم نەوەیه بتوانێ بەبێ کیشه فەرمان رەوایی بکات. پەرەسەندنی خویندنی بالاو زانکۆکان گۆرانیکی گرنگی دیکه بووه. له سالی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا که شۆرشی ئیسلامی هەلگیرسا ژمارەی گشتی خویندکاران لەسەر ئاستی ولات (١٠٠) هەزار بوو. بەلام له ماوەی (٢٠) سالی رابردوودا ئەم ژمارەیه بوو به (١) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار. پیویست به قسه لەسەرکردن ناکات که زیادبوونی خویندکاران لەسەر ئاستی ولات بۆ (١٣) ئەوەنده، بەتایبەتی له بواری مەسەله سیاسیەکاندا ئەنجامی گرنگی دەبێ. وا دیاره یەکێ له هۆیەکانی سەرکەوتنی خاتەمی له هەلبژاردنی (٢) خورداددا بەند بوه به بەشداری کاریگەرانەی ژمارەیەکی زۆر له خویندکارانەوه به قازانجی خاتەمی. له زۆربەی ناوچەکاندا بەتایبەتی له شارۆچکه بچووکەکاندا هەندێ له کەس و کاری خویندکاران به کاریگەری خویندکاران دەنگیان بۆ خاتەمی دا*

سەرەرای ئەمه هەروەکو دەبینین جەماوەری خویندکاران بوون به یەکێ له هیزه سیاسیه کاریگەرەکان له ولاتدا. ژنان و دەوری کۆمەلایەتی ژنان رەگەزیکی دیکەیه که له ماوەی (٢٠) سالی رابردوودا هاتوونەته ناو هاوکیشەی سیاسی کۆمەلگاوه. بەر له شۆرش، ژمارەی کچانی خویندکار نەدەگەیشته کەمتر له سێیەکی کۆی گشتی خویندکارانیش. بەلام ئەمرۆ ئەم ژمارەیه بەگشتی (٤٥٪) زیاتره له هەندێ له بەشەکاندا ژمارەی خویندکاره کچەکان هەتا لەهی خویندکاره کورەکانیش زیاتره. بێگومان زیادبوونی بەرچاوی کچانی خویندکار کاری له پشکیان کردووه له بازاری

---

* بۆ نموونه له پاریزگای کرمان، خویندکاران و نەوەی نوێ کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر شیوەی دەنگدانی پیرەکان.

کاریشداو دەبێ هەموو ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییە لەبەرچاو بگیرێ کە ناکرێ خۆی لێ لابدرێ.

کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی وڵات کە ئەنجامی حەتمی شۆڕشی ئیسلامی بووە گۆڕانیکی گرنگی دیکەی کۆمەلگای ئیران. ئەگەرچی هێشتا حزبایەتی بە مەعنای وشەکە نەچۆتە پیکهاتەی سیاسی ئیرانەوە. بەلاّم لە ماوەی (٢٠) سالی رابردوودا ریکخراوی سیاسی رەسمی و نارەسمی سەریان هەلداوەو لەگەلّ یەکتردا چوونەتە ناو مەیدانی نەبەردە سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکانەوە. "رۆحانیەتی خەباتگیر"، "کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان"، "گروپەکانی هاوپەیمانی ئیسلامی"، "مەکتەبی سەقامگیرکردنی یەکیتی"، "ریکخراوی مجاهدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران"، "کۆمەلەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمیەی قوم"، "کارگوزارانی سازندگی"، "کۆمەلەی مامۆستایانی تویژەرانی حەوزەی عیلمیەی قوم" بەهەرحالّ ئەو ریکخراوانەی کە لە ماوەی یەك سالّ و نیوی رابردوودا دروست بوون. تۆوی سەرەتایی حزبایەتیان لە کۆمەلگای ئیرانی‌دا چاندو لەوە ناچێ هەولدان بۆ داخستن یان بێ دەنگ کردنی ئەم رەوتانە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریکی هیندە ئاسان بێ.

سەرئەنجام دەگەینە ئەو کەش و هەوایەی کە لە دوای (٢)ی خورداد لە ولاّتدا سەری‌هەلداوە. شیکردنەوەو لیکۆلینەوەی وردی ئەوەی کە ئەم کەش و هەوا تازەیە لەگەلّ خۆیدا هیناویتی یەکەم لە دەرەوەی سنووری کارەکەی ئیمەیە، دووەم خۆی، شیکردنەوەو تویژینەوەیەکی زیاتری دەوێ و سێیەم ئەم گۆڕانە هیشتا لە سەرەتای خەملین دایە. گەشەکردنی چەندایەتیو چۆنایەتی چاپەمەنی، ئازادی چاپەمەنی، سازدانی کۆبوونەوەو میستنگی سیاسی لە زانکۆکان و لەسەر ئاستی ولاّت. دەربرینی باسی سیاسی و کۆمەلاّیەتی لە دەزگاکانی راگەیاندنی ولاّتدا، باسکردنی گوتەی لە بابەتی کۆمەلگای مەدەنی، سەروەری یاسا، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی رادەربرین، حزبایەتی، بەشداری سیاسی، گەشەکردنی سیاسی، و لەم بابەتە بەبێ دودلی ئاستی هوشیاری سیاسی و کۆمەلاّیەتی لەسەر ئاستی ولاّت زۆر فراوانتر کردووە. زۆر لە لاوان و نەوجەوانان لە ماوەی یەك سالّ و نیوی رابردوودا بە ئەندازەی چەند سالیك سەبارەت بە مەسەلە سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکان وریا بوونەتەوەو روویان تێ کردووە بە نیسبەت رابردووەوە هوشیار تر بوون. ئەو باسانەی کە بە تایبەتی هەندێ لە چاپەمەنی و کەسایەتیە مەزهەبی و سیاسیەکان

وروژاندنیان، ئەو مەیدانانەی کە هەندێ لە چاپەمەنی و کەسایەتیە مەزهەبی و سیاسیەکان خۆیان پیداکرد، ئەو بۆچوون و ئەگەرانەی کە (٢)ی خورداد لەگەڵ خۆیدا هینای بەبێ دوودلی چەند ئاسۆیەکی تازەی لە میشك و بیری زۆربەی خەلك و بەتایبەتی لای گەنجان و زانکۆییەکان هیناوەتە ئاراوە.

بالی راست بە ئاسانی چەند بەشیکی سەرەکی لەوەی کە لە ماوەی (٢٠) سالی رابردوو و بەتایبەتی لە دوای (٢)ی خوردادەوە روویداوە تەفروتونا بکات، بەلام چۆن ئاسۆکان، چاوەروانیەکان و لەوەش بالاتر هوشیاری وریابوونەوە بە دەست هاتووەکانی ئەو ماوەیە لەناو دەبات؟ بالی راست دەتوانێ بە ئاسانی رۆژنامەکان دابخات حکومەتەکەی خاتەمی ئیفلیج بکات، نووسەران و رۆشنبیران بێ دەنگ بکات، بەلام ئایا هەتا سەر دەتوانێ میلی کات بەرەو دواوە بەرێ و بیباتەوە بۆ پیش خوردادی ١٣٧٦ و ٢٢ بەهمەنی ١٣٥٧ (١٩٧٩/٢/١١)؟

**سادقی زیبا کەلام**
**مانگی (دی) ١٣٧٧**
**مانگی (١) ١٩٩٩**

**پەراویزەکان**

١-بە وەرگرتن لە ئاغای ئاغایی، جیگری وەزیری نەوت رۆژنامەی جمهوری اسلامی، ١٩٩٩/١/١٥.

٢-بە وەرگرتن لە ئاغای مهندس بیژن زنگنە، وەزیری نەوت رۆژنامەی زن ١٩٩٨/١٢/٣

٣-کیهان ١٩٩٨/١٢/٢.

٤-همشهری ١٩٩٨/١٢/١٠.

# پێشەکی

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە، لەناو دەستەی فەرمان ڕەوایی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا فۆرمەلە بوونی دیاردەی (باڵکاری) بەدی دەکەین. مەبەست لە باڵکاری ئەوەیە کە دەربارەی مەسەلە بنچینەییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەناو دەستەی فەرمان ڕەوایی ئێراندا جیاوازی بیروبۆچوون هەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی درێژدا بۆچوونە نزیکەکان لە دەوری یەك میحوەر کۆببنەوە.

باڵە سیاسیەکان تایبەتمەندی حزبێکی سیاسیان نییە. چونکە حزبەکان پەیرەو پرۆگرامیان هەیە. لە کاتێکدا باڵەکان پەیرەوو پرۆگرامیان نییە. ئەگەرچی هەندێ لەو گروپ و حزبانەی کە لە چوارچێوەی ئەم باڵانەدان خاوەنی پەیرەو پرۆگرامیشن.

حزبەکان بەرنامەی کارکردنی نووسراویان هەیەو کادر ئامادە دەکەن، لە کاتێکدا کە باڵەکان بەرنامەی کارکردنی نووسراویان نییەو کادر ئامادە ناکەن و دەتوانین لە ماوەی درێژدا هەڵویستی جیاجیایان لێببینین؛ بەپێی ئەزموون و هەڵەکردن هەڵویستیان دەگۆڕێ. حزبەکان لە سەرانسەری وڵاتدا تۆڕی فراوانیان هەیە کە بە ڕێکخراوە مەرکەزییەکانی خۆیانەوە گرێ دراون. بەڵام باڵەکان تۆڕی لەو جۆرەیان نییەو بە کۆمەڵ کاردەکەن. هەندێ لەوانە وایان پێ باشە کە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکدا ئاسایی بێ، نەك لە چوارچێوەی حزبایەتیدا. حزبەکان بۆ چالاکی سیاسی و دەسەڵات گرتنە دەست دادەمەزرین. بەڵام هەندێ لە باڵەکان لەبەر نەبوونی کادری پێویست و بەرنامە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، زیاتر لەوەی بە شوین بەدەست هێنانی دەسەڵاتەوە بن، سەرقاڵی ئەوەن کە کاریگەری لەسەر هەندێ لە سیاسەتەکان بەجێبهێلن. حزبەکان پەیرەوی چەند سیاسەتێکی دیاری کراو دەکەن بەڵام باڵەکان زیاتر بەشێوەی یەك تەوژمی فکری کار دەکەن؛ واتە دەتوانرێ لە ناویاندا مەیلی

جیاواز بـه‌دی بكـریٚ و خـاوه‌نی یـه‌ك هه‌لویسـتی یـه‌كگرتوو نـین. حزبـه‌كان به‌شـیك له‌كۆمـه‌ڵ راده‌كیشـن و بۆچوونـی ره‌هایانـه‌یان نی‌یـه. هـه‌ندیٚ لـه‌ بالـه‌كان خۆیـان له‌سـه‌روو حزبه‌وه‌ ده‌بینن و بۆچوونـی ره‌هایانـه‌یان هه‌یـه‌و بۆچوونـه‌كانی دیكـه‌ بـه‌ به‌تاڵ ده‌زانن. به‌ڵام تیٚروانینی له‌و جۆره‌ له‌ناو چوارچیوه‌ی چالاكی حزبی‌دا جیگـای نابیته‌وه‌. ریكخراو، پیكهاته‌یه‌كه‌ كه‌ له‌لایه‌ن كۆمه‌لیك كه‌سی خاوه‌ن ئامانج و ریبازی سیاسی دیاری كـراوه‌وه‌ دامـه‌زراوه‌. ریكخراوه‌كـان بـه‌ بـه‌راورد له‌گـه‌ڵ بالـه‌كاندا لـه‌ پیكهاته‌ی حزبی نزیك ترن. ریكخراوه‌كان په‌یوه‌ندی ریكخراوه‌ییان هه‌یه‌. له‌ كاتیكدا كه‌ باله‌كان خاوه‌نی پیكهاته‌ی له‌و جۆره‌ نین. ریكخراوه‌كان ئۆرگانی تایبـه‌تی خۆیـان هه‌یـه‌. و لـه‌ بۆنـه‌ جیاوازه‌كـاندا به‌یاننامـه‌ ده‌رده‌كـه‌ن و هه‌لویسـت وه‌رده‌گـرن و هه‌لویستیان به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ باله‌كاندا جیگیری زیاتری تیایه‌. له‌و لیكۆلینه‌وانه‌دا كه‌ له‌ بواری زانسته‌ سیاسیه‌كاندا ده‌ربـاره‌ی مه‌سـه‌له‌كانی ئیران كـراون. له‌بـه‌ر چـه‌ند هۆیه‌كی جیاجیا، لیكۆلینه‌وه‌ی گۆرانه‌ سیاسیه‌كانی كۆماری ئیسلامی كه‌متر بایه‌خی پیٚدراوه‌. چه‌ند بابه‌تیك هـه‌ن كه‌ سـه‌ره‌رای گرنگیـان، لیكۆلینه‌وه‌یـه‌كی نووسـراویان له‌سه‌ر نه‌كراوه‌، كه‌ بالكاری له‌ سیستمی كۆماری ئیسلامی‌دا له‌و بابه‌تانه‌یه‌. ناسینی وردی باله‌ سیاسیه‌كان له‌ سیستمی كۆماری ئیسلامی‌داو هه‌لویسته‌كانیان رۆلیكی چاره‌نووس ساز لـه‌ پیـش بینـی كرده‌وه‌كانیـاندا ده‌بینـیٚ و توانـای شـیكردنه‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ كرده‌وه‌ی باله‌كان له‌ هه‌لبژاردنـه‌كانی ئه‌نجومـه‌نی شـورای ئیسـلامی و سه‌رۆكایه‌تی‌دا زیاد ده‌كات. ئه‌و خویندنه‌وانه‌ی كه‌ تا ئیستا له‌ بواری بالكاری‌دا له‌ سیستمی كۆماری ئیسلامی‌دا كراون، له‌ سنووری چـه‌ند وتـاریكی رۆژنامه‌نووسـی هه‌ندیٚ له‌ بلاوكراوه‌كان تیپه‌ر نه‌بوون(١). له‌م وتارانه‌دا، نووسه‌ران بۆچوونی خۆیان سه‌باره‌ت به‌ روانگه‌ی باله‌كان باس كردووه‌و كه‌متر هه‌وڵ دراوه‌ به‌ پشت به‌ستن به‌ به‌لگه‌و سه‌رچاوه‌كانی ئه‌و بالانه‌ بۆچوونه‌كانیان لیك بدریته‌وه‌.

له‌م لیكۆلینه‌وه‌یه‌دا بۆ پركردنه‌وه‌ی ئه‌م بۆشاییه‌و به‌ پشت به‌ستن به‌ به‌یاننامه‌و بلاوكـراوه‌و لیدوانـی كه‌سـانی سـه‌ر بـه‌ بالـه‌كان و هه‌لویسـتیان لـه‌ مـاوه‌ی سـالانی (١٣٧٤-١٩٩٥) تا خوردادی (١٣٧٦-١٩٩٧) مه‌سه‌له‌كان بیٚئه‌وه‌ی حوكمیان له‌سه‌ر بدریت، باسكراون. ئه‌م ماوه‌یه‌ له‌ چه‌ند روویه‌كه‌وه‌ گرنگی هه‌یه‌و ده‌توانریٚ وه‌كـو به‌شیكی سه‌ربه‌خۆ له‌ مه‌یدانی لیكۆلینه‌وه‌ی چالاكی باله‌كان له‌ سیستمی كۆماری

ئیسلامیدا ببیتە مایەی سەرنج و لیکۆلینەوە.. لەم ماوەیەدا هەردوو (حزبی) کارگوزاران و کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی لەدایك بوون. هەروەها دوو هەلبژاردن لە ئیراندا بەریوە چووە. هەلبژاردنی خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە ئەسفەندی ١٣٧٤ (مانگی (٣) ١٩٩٥) و هەلبژاردنی سەرکۆمار لە خوردادی ١٣٧٦ (مانگی (٥) ١٩٩٧). ئەم گۆرانکاریانە یارمەتی زیاتر (روون بوونەوەی) هەلویستی بالەکانیداو چالاکی بالّ و بالکاری بردە قۆناغیکی تازەوە لە کۆماری ئیسلامی ئیران. دەتوانین دیارترین تایبەتمەندی ئەم قۆناغە بە رووبەرووبوونەوەی بالەکان لە جیاتی کەسەکان دەستنیشان بکەین پرسیاری سەرەکی لیکۆلینەوەکە ئەوەیە کە ئایا هەلویستی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بالەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئیراندا لە رەوتی چالاکی سیاسی و سەبارەت بە رادەی کارتیکردنی بۆ سەر گۆرانە سیاسیەکان پەیرەوی یەك هەلویست دەکات؟ گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە دیدگا سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی هەریەکە لە پیکهاتە سیاسیەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئیراندا لە رەوەندی چالاکی سیاسی و سەبارەت بە کارتیکردن لە گۆرانکاریە سیاسیەکان پەیرەوی یەك هەلویست ناکەن.

میتۆدی لیکۆلینەوە لەم تویژینەوەیەدا کتیبخانەییەو لەو شوینانەدا کە زانیاری بەردەست بەس نییە سود لە چاوپیکەوتنیش وەرگیراوە لە بەشی یەکەمدا لە بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی بالکاری لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا کۆلراوەتەوە. لە بەشی دووەمدا هەلویستی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بالەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئیراندا لە ماوەی سالانی ١٣٧٤-١٣٧٦ (٩٥-٩٧) باسکراوە. لەم بەشەدا هەلویستەکانی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیرو ریکخراوە هاو ئاراستەکانی، کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان و گروپە نزیکەکان لەوەوە، کارگوزاران، کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی، لایەنگرانی حزبوللاو یەکیتی ئەنجومەنە ئیسلامیەکانی خویندکاران و خویندکارانی زانکۆکان و مەلبەندەکانی خویندنی بالاّ (پەیامی خویندکار( لە بواری مەسەلە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکاندا باس کراوە. لەم بەشەدا بەکەلك وەرگرتن لە تەوژمی شوینی هەریەکێ لە بالەکان و دووری و نزیکی هەلویستیان لە مەسەلە سیاسی و ئابووری و

فەرهەنگی‌یەكاندا نیشان دراوە. لە بەشی سێ‌یەمدا بۆچوونی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بالەكان لەگەڵ یەكتری‌دا بەراورد كراوە.

لەم بەشەدا لە بواری مەسەلە سیاسیەكاندا لە (١٦) تەوەرو لە بواری مەسەلە ئابووری و فەرهەنگی‌یەكاندا هەریەكەیان لە (٧) تەوەردا هەلویستی بالەكان بەراورد كراوە. هەروەها هەلویستی بالەكان لە بواری مەسەلە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەكاندا بەكەلك وەرگرتن لە هیلی بەیانی و هیستوگرام بەراورد كراوە.

شایانی باسە لە هەندێ جیگەدا بە حسابكردن بۆ پیویستی نەقل كردنی راستەوخۆ لە قسە یا سەرچاوەی بالەكان، رستەكان بەبێ دەسكاری نووسراونەتەوە. تەنها لەو شوینانەدا كە رستەكە مەفهوم نەبووە چەند وشەیەك زیاد كراوە كە لە ناو كەوانەدا دانراوە.

١-بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

ئەلف. دوو هەفتە نامەی (عصرما) ژمارەكانی ٦ تا ١٣.

بێ. جناح بندی سیاسی درنظام جمهوری اسلامی، ایران فردا ژمارە ١٧، اردیبهشت ١٣٧٤ (١٩٩٥/٥)

# به‌شی یه‌كه‌م
## پێشه‌كیه‌ك له‌سه‌ر ناساندنی
## باڵكاری ' ده‌سته‌گه‌ری' سیاسی
## له كۆماری ئیسلامی ئیراندا

**١-١ - بۆچوونه جیاوازه‌كان ده‌رباره‌ی ده‌ستگه‌ری له سیستمی كۆماری ئیسلامی‌دا :**

سه‌باره‌ت به باله سیاسیه‌كان له سیستمی كۆماری ئیسلامی‌دا چه‌ند بۆچونیكی جیاواز له‌نیو كه‌س و گروپه‌كانی ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ی سیستمدا هه‌یه.

ده‌توانین ئه‌م بۆچوونانه له‌م ته‌وه‌رانه‌ی خواره‌وه‌دا ده‌سته‌به‌ندی بكه‌ین[١].

**ئه‌لف/ ده‌سته‌گه‌ری وجودی نی‌یه :**

به‌رای لایه‌نگرانی ئه‌م بۆچوونه، له سیستمی كۆماری ئیسلامی‌دا ده‌سته‌گه‌ری بوونی نی‌یه. ئه‌گه‌ر چه‌ند جیاوازییه‌كیش هه‌بێ، گرنگ و سه‌ره‌كی نین. به‌رای ئه‌مانه با س و خواس ده‌رباره‌ی ده‌سته‌گه‌ری ده‌سكردی "بیانیه‌كانه". په‌یره‌وانی ئه‌م بۆچوونه زیاتر له‌ناو رژیم دان و له رووی مه‌یلی سیاسی‌یه‌وه سه‌ر به بالی (كۆمه‌له‌ی روحانیه‌تی خه‌باتگیری تاران و ریكخراوه هاوئاراسته‌كانن). بۆ نموونه سه‌ید ره‌زای ئه‌كره‌می كه یه‌كیكه له ئه‌ندامانی (كۆمه‌له‌ی روحانیه‌تی خه‌باتگیری تاران) ده‌لیت: "من ئه‌و پیناسانه‌م قبوڵ نی‌یه كه له قالبی ده‌سته‌ی وه‌كو چه‌پ، راست، كۆن و نوێدا هه‌ن به‌لای منه‌وه خه‌تی ئیمام، په‌یره‌وی ئیمام، موسولمانی په‌یره‌وی ئیمام، په‌یره‌وی خه‌تی ویلایه‌تی فه‌قێ، پاریزه‌ری سه‌ربه‌خۆیی و یه‌كپارچه‌یی خاك مه‌عنای هه‌یه.. دوو پیناسه زیاتر وجودی نی‌یه په‌یره‌وی له خه‌تی ئیمام سازان له‌گه‌لیداو خالی به‌رامبه‌ری"[٢]

**ب-ده‌سته‌گه‌ری ده‌سكردی حكومه‌ته :**

ئه‌وانه‌ی په‌یره‌وی ئه‌م بۆچوونه ده‌كه‌ن، باله‌كان به‌ده‌سكردی سیستمی كۆماری ئیسلامی ده‌زانن. ئه‌مانه ده‌لین سیستم ئه‌م مامه‌له‌كردنه‌ی هیناوه‌ته ئاراوه كه له‌ناو

---

[١] بروانه: جناح بندی سیاسی در نظام جمهوری اسلامی ایران، سعید برزین، ایران خردا، شماره ١٧، ص ٣٦.

[٢] روزنامه‌های ٧٤/١٢/٦ (١٩٩٥/٢/٢٦).

حكومەتدا، بالی جیاوازو هەتا نەیار هەن كه له نیوانیاندا باس و گفتوگۆی واقیعی سیاسی له ئارادایه. لەگەڵ ئەوەشدا كه جیاوازی بیروبۆچوون له نیوانیاندا هەیه پیكەوه دەژین. دەلین پیاوانی دەولەت ئەم خەیالەیان هیناوەته ئاراوه بۆ ئەوەی خەلك وا هەست بكەن كه تاڕادەیەك ئازادی له كۆمەڵدا هەیەو دەتوانین ئومیدمان بەگۆرینی هەل و مەرجەكان هەبێ له ریگەی گفتوگۆو شیوازی ئاشتیخوازانەوه. ئەم بۆچوونه لەلایەن هەندێ له گروپەكانی دژی سیستمی كۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی لەلایەن لایەنگرانی پاشایەتیەوه دەخریته روو.

**ج-دەستەگەری واقیعی سیاسی نیزامه:**

پەیرەوانی ئەم بۆچوونه، دەستەگەری ناو كۆماری ئیسلامی به واقیعی سیاسی نیزام دەزانین و لەو باوەڕەدان بۆ ناسینی پیكهاتەی سیاسی سیستمی كۆماری ئیسلامی، شارەزایی له هەلویست و بۆچوونەكانی ئەم بالانه له بواری مەسەله سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی‌یەكاندا شتیكی پیویسته. ئیمەش باوەرمان بەم بۆچوونه هەیەو ئەمەمان كردووه به بنەمای لیكۆلینەوەو خویندنەوەی خۆمان.

له ناخی نیزامدا بالی "كۆمەلەی روحانیه شۆرشگیرەكان" و گروپه نزیكەكان لەوەوه باوەڕیان بەم بۆچوونه هەیه. لەم بارەیەوه سازمانی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران، باله سیاسیەكان دابەش دەكات بۆ "راستی كۆن"، "راستی مۆدیرن"، "چەپ" و "چەپی نوێ"[3]. عەباس عەبدیش، كه یەكیكه له ئەندامه سەرەكیەكانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (سلام) باله سیاسیەكان بۆ "راستی كۆن"، "راستی مۆدیرن"، "راستی توندرەو" و "چەپ" دابەش دەكات[4]. عەلی رەزا عەلەوی تەبار سەرنووسەری هەفتەنامەی بەهمەن دەلیت (لەناو فەرمانرەوایی كۆماری ئیسلامی ئیراندا دەتوانین ئەو هیزانەی كه باوەڕیان بەم نیزامه هەیه بەپێی سێ پیوەر دابەش بكەین بۆ ئەم گروپه جیاوازانه:

١-گروپی نویخواز یان كۆنەپەرست.

٢-گروپی لایەنگرانی حكومەتی ئامر یان حكومەتی خەلك.

---

[3] دو هفتەنامه عصرما شمارەهای ٦ تا ١٣.

[4] روزنامه سلام، ٧٤/٨/١٠ ص٨.

٣-گروپی چەپ یان ڕاست. بەپێی ئەم سێ پیوەرە دەتوانین. لەناو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەش و جۆری ڕەوتەکان لەیەك جیابکەینەوە"[٥] محەممەد جەواد مجتی کرمانی نووسەرو تویژەرەوەش باله سیاسیەکان دابەش دەکات بۆ دوو گروپ و دەلیت (فیکری سیاسی- مەزهەبی ئیمە.. بەشیوەیەکی گشتی بۆ دوو بەشی سەرەکی کۆنەپەرستان و نویخوازان دابەش دەکریت کە هەریەکە لەم دوو گروپە بۆ توندرەو و میانرەو دابەش دەکریت کە بە گشتی بەم شیوە ریزدەکەین.

١-کۆنەپەرستانی توندرەو

٢-کۆنەپەرستانی میانرەو.

٣-نویخوازانی توندرەو.

٤-نویخوازانی میانرەو"[٦]

هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش هەندێ لەو شارەزایانەی کە بە دوای گۆڕانکارییەکانی ئیراندا دەچن، باوەریان بەم دیدگایە هەیە.

(سەعید برزین) مامۆستای زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ئەکستدی بەریتانیا، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئیران بالە سیاسیەکان بۆ (لیبراڵ)، (حزبوڵلا)، (میانرەوی راست)، (چەپ) و (راست) دابەش دەکات[٧] بەرای ئەو حالی حازر لەناو نیزامدا (٤) باڵ چالاکن کە بریتین لە بالەکانی (راست)، (ناوەند)، )(چەپ) و (حزبوڵلا)[٨].

(ژان پیرپرن)یش لە وتاریکدا لە رۆژنامەی لیبراسیونی چاپی پاریسدا لەناو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا چوار بالی سیاسی دەست نیشان کردووە کە ئەمانەن: "چەپی ئیسلامی"، "تەکنوکرات" "رسالەتیەکان" و "سەرو پاریزگاران"[٩].

---

[٥] روزنامه سلام، ٧٥/١٢/١٩ ص٩.

[٦] روزنامه اطلاعات ٧٦/٢/٢٠ ص٢.

[٧] ماهنامه ایران فردا، شماره ١٧، ص ٣٧ و ٣٨،

[٨] رادیو بی، بی، سی ٧٦/٢/٢٠ برنامه شاسگاهی.

[٩] روزنامه لیبراسیون ٧٤/٨/٦ (ایران اصلاحات را متوقف کرده است).

**٢-١-باڵە سیاسیەکان لە کۆماری ئیسلامیدا:**

هەتا پێش لەسەر کارلاچوونی (ئەبو حەسەنی بەنی سەدر) لەسەر کۆماریی ئێران لە (١٩٨١/٦/٢٢)دا، باڵە سیاسیەکانی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بۆ ڕەوتی (ئیسلامی) و (میللی) دابەش دەبوون. لە دوای لەسەرکارلاچوونی (بەنی سەدر) دوو باڵی تازە بەناوی (چەپ) و (ڕاست) لەناو ڕەوتە ئیسلامیەکەدا فۆرمەلە بوون و دەرکەوتن. لە سەرەتای ١٩٨٢دا ئەم باڵانە لەناو حکومەت و پاشان لەناو پەرلەمانیشدا تەنینەوە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ناکۆکیان لەسەر مەسەلە ئابوورییەکان بوو. ناکۆکی لەسەر کۆنترۆڵی دەولەت بەسەر دابەشکردن و ئابووریدا، دەربرین و شیکردنەوەی ماوەی (٤٤) ی دەستوور، شەرعی یان ناشەرعی بوونی کۆمەلە هەرەوەزیەکان، سنووری چالاکی کەرتی تایبەتی، بەدەولەتی کردنی بازرگانی دەرەکی، شەرعی یان ناشەرعی بوونی یاسا خۆماڵی کردنی پیشەسازییەکان و.. ئەمانە لەو خاڵانە بوون کە مایەی ناکۆکی دوو باڵەکە بوون. کۆمەڵەی روحانیە شۆڕشگێرەکان کە لە ساڵی ١٩٨٨دا لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان)دا لە کۆمەڵەی روحانیەتی شۆڕشگێری تاران جیابۆوە. بوونی دوو باڵی بە ڕەسمی ڕاگەیاند. قەیرانی ئابووری ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨، کۆتایی جەنگ، پلانی ئاوەدان کردنەوەو بۆچوونی ئابووری نوێی وەکو تایبەتی کردن و قەرزکردن و پلانی مەسەلە تازەکانی فەرهەنگی و سیاسی شان بە شانی مەسەلە ئابوورییەکان، لەو فاکتەرانە بوون کە زەمینەیان بۆ فۆرمەلەبوونی باڵە تازەکان لە کۆمەڵدا خۆشکرد. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانەدا کە لە کەمبوونەوەی نرخی نەوت و بڕی ناردنە دەرەوەی نەوتی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)ەوە سەرچاوەی گرتبوو جیاوازی بیروبۆچوونەکانی ناو باڵی ناسراو بە چەپی هێنایە جۆش و خرۆش. ژمارەیەك لایەنگری زیادکردنی هەناردە نانەوتیەکان بوون و دەستەیەك دژی بوون. کۆمەڵێك باوەڕیان بە دابین کردنی متمانەی دەرەکی هەبوو بۆ سەرمایەگوزاری بەرهەم هێنان و بنچینەیی و کۆمەڵێك دژی ئەوە بوون. کۆمەڵێك باوەڕیان بەتایبەتی کردن هەبوو و هەندێك دژی بوون. سەرەڕای ئەمانەش چەند مەقولەیەکی وەکو ئازادی، هێرشی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی، چاپەمەنی و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا (واتە لەگەڵ چاپەمەنیدا) بوون بە زەمینەی

دیکە بۆ (سەرهەلدانی) جیاوازی بیروبۆچوون و فۆرمەلەبوونی بالی نوێ. کۆی ئەم فاکتەرانە بوون بەهۆی فۆرمەلەبوونی لایەنگرانی حزبولڵا و کارگوزاران هەتا هەلبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی. هەرچەندە حزبی کارگوزاران لەم ماوەیەدا بەو ناوەوە نەدەناسرا. لە ماوەی نیوان هەلبژاردنی خولی چوارەم هەتا خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) هەلویستی بالەکان روونترو ناکۆکیەکانیان ئاشکراتر بوو. بەم شیوەیە بەر لە هەلبژاردنی خولی پینجەم (کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی) بە رەسمی دروست بوو. بالی کارگوزارانیش کە بە رەسمی کاری نەدەکرد، بە رەسمی بوونی خۆی راگەیاند. هەتا ئەم قۆناغە هیشتا ئەگەری هاوکاری نیوان بالی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران و کارگوزاران هەبوو، تەنانەت ناوی (١٠) کەس لە کاندیداکانی نوینەرایەتی (پەرلەمان)ی کۆمەلەی رۆحانیەتی شۆرشگیری تاران لە لیستی بالی کارگوزارانیشدا هەبوو. بەلام رەخنەی توندی ئەم بالە لە کارگوزاران، بە تەواوی ئەم بالەی لە کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران جیاکردەوە بەشیوەیەك کە لە خولی حەوتەمی هەلبژاردنی سەرکۆماردا پشتیوانیان لە کاندیدی رکابەری کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیری تاران کرد. (لە دواییدا بە شیوەیەکی سەربەخۆ باسی هەریەکە لەم بالانە دەکەین).

### ٣-١- کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران و ریکخراوە هاوئاراستەکان:

کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیدا دروست بوو. بەلام هەتا کاتێ کە (حزبی کۆماری ئیسلامی) کاری دەکرد، چالاکی سیاسی ئەم کۆمەلە لەژیر چاودیری ئەو حزبەدا بوو.

لە هەلبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا کە لە مانگی (٢) ١٩٨٠دا بەریوە چوو، کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر لە چوارچیوەی هاوپەیمانیەکدا بەسەرکردایەتی حزبی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر هەموو گروپەکانی وەکو (سازمانی مجاهدینی خەلقی ئیران)، (راپەرینی ئازادی ئیران) و گروپەکانی چەپ بوەوە. لەدوای بەرکەناری (ئەبولحەسەنی بەنی سەدر) لە سەرکۆماریی لە (١٩٨١/٦/٢٢) و بە تایبەتی لە سالی (١٩٨٢)ەوە گروپەکانی ناو نیزام دابەش بوون بۆ دوو دەستەی لایەنگری ئابووری دەولەتی و ئابووری بازاری ئازاد کە لە حزبی

کۆماری ئیسلامیشدا ئەم دوو دەستەیی‌یە سەری هەڵدا. ئەم وەزعە تارادەیەك بوو بەهۆی لاوازی پێگەی سیاسی حزبی کۆماری ئیسلامی و بوو بە هۆی ئەوەی کە گروپی لایەنگری ئابووری بازاری ئازاد چالاکی سیاسی خۆیان لە چوارچیوەی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێردا ریك بخەن. بەتایبەتی لەدوای داخرانی حزبی کۆماری ئیسلامی، هەندێ لە سیاسەتمەدارانی حزب کە لایەنگری ئابووری بازاری ئازاد بوون، چالاکی سیاسی خۆیان لەو کۆمەڵەدا چڕ کردەوە. ئەم وەزعە بوو بەهۆی ئەوەی کە جیاوازی بیروبۆچوونی ئەو گروپە لە روحانیەکانی ناو کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر کە ئەم سیاسەتەیان قبوڵ نەبوو رەهەندیکی تازە پەیدا بکات، کە لە کۆتایی‌دا بوو بە هۆی جیابوونەوەیان لە کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر لە سەرەتایی بەهاری ١٩٨٨داو لە دوای ئەمەش کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان دروست بوو. هەروەها بەشیك لەو باڵەی کە لە هەڵبژاردنی خوڵی چوارەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی‌دا پشتیوانیان لە کاندیداکانی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر دەکرد، بۆ هەڵبژاردنی خوڵی پینجەم چەند داخوازییەکیان خستەروو. ئەم گروپەی کە پاشان بە (کۆمەڵێ لە کارگوزارانی سازندەگی ئیران) ناسران، بە قسەی هاشمی رەفسنجانی سەرکۆماری ئەوکاتە لە ریگای ئەوەوە پیشنیازی ئەوەیان بۆ کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر کرد کە ناوی (٥) کەس لەوانەی پیشنیازیان کردبوو بۆ هەڵبژاردنی خوڵی پینجەمی پەرلەمان، بخەنە ناو لیستی کاندیداکانی خۆیانەوە پاش چەند رۆژێ سەرکۆماری ئەوکاتە (رەفسنجانی) ئاگادار دەکریتەوە کە دۆستان لە دەرەوەی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر واتە (ریکخراوە هاوئاراستەکان) دژی ئەوەن کە ناوی ئەو کەسانە بخریتە لیستی کۆمەڵەی روحانیەتەوە؛ ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەم گروپە لە هەڵبژاردنی خوڵی پینجەمدا بە لیستیکی تایبەتی بەشداری بکات، هەرچەندە کە (١٠) کەس لە کاندیداکانیان لە لیستی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێریشدا هەبوون[١٠].

لە لایەکی دیکەوە بەر لە هەڵبژاردنی خوڵی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە نیوان ئەندامانی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێردا دەربارەی پەیامەکەیان بوون و دەستیوەردانی غەیری روحانیەتەکان جیاوازی بیرورا لەم کۆمەڵەیەدا سەری هەڵدا.

---

[١٠] هفتەنامە بهار شمارە ٢،٩/١٢/٧٤، ص٩

ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەلە، خۆیان لەسەرو حزبەوە دەبینی و حەزیان بەدەست وەردانی ئەندامانی غەیری رۆحانی ریکخراوە هاو ئاراستەکان نەدەکرد لە کاروباری ریکخراوەیی و جێبەجێ کردنی خۆیاندا. بەلام هەندێ لە ئەندامان پشتیوانیان لەوە دەکرد کە کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر بەرەو حزبایەتی بروات. ریکخراوە هاوئاراستەکان زیاتر پشتیوانیان لەم دەستەیە دەکردو بێگومان ئەم دەستەیەش حەزیان بەبوونی کاریگەرانەی ئەندامانی ئەو ریکخراوانە دەکرد لەناو ریکخستنەکانی کۆمەلەدا بۆ ئەوەی باڵەکەی ئەوان لەناو کۆمەلەکەدا بەهیز بکەن.

ئاستی ناکۆکیەکان تا ئەو رادەیە پەرەی سەند کە (محەممەد رەزا مەهدەوی کنی) سەرۆکی ئەوکاتەی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر کە لە لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم بوو. دەستی لەکار کیشایەوە. سەرەتا هۆی دەست لەکارکیشانەوەکەی بە نەخۆشی لە قەلەم درا کە سەرۆك بە درۆی خستەوەو لە ئەنجامدا (عەلی ئەکبەر ناتقی نوری) کە پێدەچوو لە پیشی پیشەوەی بالی لایەنگری بە حزبی بوونی روحانیەتی خەباتگیرەوە بێ[11] بەم شیوەیە هۆی دەست لەکارکیشانەوەی (مەهدەوی کنی) باس کرد (بەو پێیە کە کۆمەلەی روحانیەت ریکخراوەییەو بەرەو حزبایەتی و بەریوەبردنی ریکخراوەیی دەچیت. ئاغای مەهدەوی کنی ئەم مەسەلەیەی قبوڵ نەدەکرد.. لە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئیستاوە ئاغای کنی ئەوەی خستە روو کە وەکو سەرۆکی کۆمەلەی روحانیەت ئاگای لە وردو درشتی مەسەلەکان بیت و کەمتر ئەرکەکانی بەکەسانی دی دەسپاردو سەبارەت بە مەسەلەکان ناسك بوو)[12]

کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیری تاران بەر لە هەلبژاردنی خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لەسەر ئاستی ولات دەستی کرد بە بلاوکردنەوەی

[11] بروانە لیدوانەکەی ناتقی نوری لە رۆژنامەی (رسالت ٧٥/٤/٩) کە تیایدا چالاکی ریکخراوەیی لە کۆمەلّدا دوپات کردەوە و گوتی (لە حالی حازردا زەمینەی گونجاو فەراهەم بوە بۆ ئەوەی ریکخراوە هاوئاراستەکان لەگەلّ کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران- یەك بەرە پیك بینن".

[12] رۆژنامە اخبار، ١٣٧٤/٤/٢٩.

لیستی ئەو کاندیدایانەی کە لەلایەن کۆمەڵەوە پشتیوانیان لی دەکرا کە هەنگاویك بوو له ریگەی بیروڕای بە حزبی بوونی ئەم کۆمەڵەیەدا[١٣].

لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تاراندا کەسانی وەکو (مرتەزا متەهەری، سەید محەممەد حسینی بەهەشتی، محەممەد جەواد باهونەر و مفتح) ئەندامی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەڵە بوون. و لە حالی حازردا (محەممەد رەزا مەهدەوی کنی، ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی، محەممەدی یەزدی، عەلی ئەکبەر ناتقی نوری، خەسرەو شاهی، غەییوری، محیدین ئەنواری، محەممەد عەلی موەحەدی کرمانی، محسن موجتەهید شبستری، محەممەد ئیمامی کاشانی، حەسەن روحانی، عەباس عەلی عەمید زەنجانی، هەزاوەیی هەمەدانی، رەزای تەقوا، عەبدولحسین مەعزی، عەبدوس و مەتلەبی ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تارانن.

## کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیر

### گروپە وابەستەکانی

١-کۆمەڵەی هاوپەیمانی ئیسلامی کە عەسکەر ئەولادی و بادامچیان لە کەسە دیارەکانین.

٢-کۆمەڵەی ئەندازیارانی ئیسلامی کە مرتەزا نەبەوی، با هونەر و غەفوری فەرد لە کەسە دیارەکانین

٣-کۆمەڵەی زەینەب بە سەرکردایەتی مەریەمی بەهرۆزی.

٤-ئەنجومەنی پزیشکانی ئیسلامی.

٥-کۆمەڵەی کارگەرانی ئیسلامی.

٦-ئەنجومەنە ئیسلامیەکانی ئەسنافی بازاری تاران کە حاجی سەعیدی ئەمانی و عەسگەر ئەولادی لە کەسە دیارەکانین.

٧-کۆمەڵەی ئیسلامی زانکۆییەکان کە عەباسپور، جاسبی و هاشمی گولپایەگانی لە کەسە دیارەکانین.

٨-کۆمەڵەی خویندکارانی ئیسلامی.

---

[١٣] دو هفته نامه عصرما شماره ٥٠، ص٤.

٩-كۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی ئیسلامی.

١٠-كۆمەڵەی واعیزەكانی تاران.

١١-مەڵبەندی ئیسلامی خاوەن بروانامەكانی نیمچە كیشوەری هند.

لە نێوان ڕێكخراوەكانی دەوری كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێری تاراندا، (كۆمەڵەی هاوپەیمانی ئیسلامی) بەهێزترین و كۆنترین یانە كە لە خوارەوە چۆنیەتی دروست بوونی و ئەندامە دیارەكانی ئاماژەیان بۆ دەكرێ:

كۆمەڵەی هاوپەیمانی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٣دا دامەزراو بەشی سەرەكی ئەم كۆمەڵەیە لە ئەهلی بازاری تاران پێك دێت. ئەندامانی ئەم كۆمەڵەیە لە ساڵانی بەر لە شۆڕشی ئیسلامیدا لە دژی ڕژێمی شا خەباتیان كردووە و چەند چالاكیەكیان لە دژی ئەنجام داوە لەوانەش تیرۆری حسین عەلی مەنسور سەرۆك وەزیری شا. ئەم گروپە لە دوای شۆڕشیش، ڕێكخراوەكەی خۆیان پاراستووەو هەولیان داوە پەرە بە نفوزو دەسەڵاتی خۆیان بدەن.

دوای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان، كۆمەڵەی هاوپەیمانی نفوزێكی زۆرتری بەدەست هێناو كەسانی تازەتریشی ڕاكێشا. ناوە ئاشكراكانی كۆمەڵەی هاوپەیمان بریتی یە لە حەبیبوللای عەسگەر ئەولادی سكرتێری گشتی كۆمەڵەو ئەسەدوللای بادامچیان سكرتێری دەستەی جێبەجێكردنی كۆمەڵەیە. ناوی ئەندامانی دیكەی ئەم ڕێكخراوە بە شێوەیەكی ڕەسمی ئاشكرا نەكراوەو لەبەرئەوەی سەبارەت بە ئەندامیتی ڕەسمی ٣ كەس سەرەڕای پەیوەندی پتەوو بەردەوامیان لەگەڵ كۆمەڵەكەدا هەندێ دودلی هەیە ئەستێرە لەسەر ناوەكانیان دانراوە: مەقسودی، سەعیدی محەممەدی، ڕەحمانی و سالحی لە دەستەی نوێژی هەینی تاران و قەدیری لە ڕێكخراوی زیندانەكاندا كاردەكەن. عەسگەر ئەولادی، نیری و ڕەفیق دروست لە كۆمیتەی فریاكەوتنی ئیمام خومەینی، زوارەیی لە شورای نگهبان و خامۆشی لە ژووری بازرگانی هەن. لە دادگا بادامچیان، شەفیق و زوارەیی و لە ڕۆژنامەی (رسالت) مرتەزا نەبەوی، عەسگەر ئەولادی و محەممەد جەواد لاریجانی چالاكن.

لە وەزارەتی بازرگانی (كابینەی هاشمی ڕەفسنجانی): ئال ئیسحاق نقرەكار شیرازی* و لە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی (كابینەی هاشمی ڕەفسنجانی): میر سەلیم، عەبدوللاهیان، عەسگەر ئەولادی و بادامچیان هەبوون.

عەبدوڵڵا جاسبیش سەرۆکی زانکۆی ئازادی ئیسلامییە[١٤]! باقی ریکخراوەکانی ئەم باله له دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی دامەزراون.

رۆژنامەی (رسالت) ئەگەرچی به رەسمی ئۆرگانی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیر نییە، بەڵام وابەستەیه بەم بالەوە. هەفتە نامەی "شما" ئۆرگانی کۆمەڵەی هاوپەیمانی ئیسلامی و بڵاوکراوەی (جام) ئۆرگانی کۆمەڵەی ئەندازیارانی ئیسلامی له بڵاوکراوەکانی دیکەی وابەستەی ئەم بالەن.

### ٤-١- ئه نجومه نی رۆحانیه خه باتگیره کان و گروپه نزیکه کانی:

"مجمع روحانیون مبارز و گروه های نزدیك به آن"

کۆمەڵەی روحانیه خەباتگیرەکان لەسەرەتای بەهاری ١٩٨٨دا لە بەرایی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا لە ئەنجامی لەت بوونی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تاراندا دروست بوو. ئەم کۆمەڵەیە لە نامەیەکدا بۆ ئیمام خومەینی رابەری شۆرش لە مانگی (٤) ١٩٨٨ رەوتی جیابوونەوەکەی روون کردەوە. لەو نامەیەدا هاتووە (بەر لەهەر هەنگاویك لەم بارەیەوە (واتە ئینشیقاق) هەولیکی زۆر لەلایەن برادەرانی ئیمەوە بە مەبەستی نزیك خستنەوەی بیروبۆچوونەکان لە چوارچیوەی پرانسیپ و پیوەرە پەسەندەکاندا درا لەگەڵ ئەو روحانیە بەریزانەی کە سالەهایە چالاکی هاوبەشمان هەیە بەڵام بەداخەوە لەبەر پێداگرتنی ئەو بەریزانە لەسەر کۆمەلێ مەسەلە کە ئیمە بە پیچەوانەی بەرژەوەندی و پیوەرەکانمان دەزانین بە ئەنجام نەگەیشت. بۆیە وادیار بووکە کۆمەلەکە لە ریکخراویکی تازەدا دەتوانێ باشترو زیاتر خزمەتگوزاری شۆرشی ئیسلامی بێ"[١٥]

یەکیك لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەڵەی روحانیە خەباتگیرەکان دەربارەی سەرەتای دروست بوونی ئەم کۆمەڵەیە دەڵیت: "سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی روحانیە خەباتگیرەکان بۆ کۆتایی زستانی ١٩٨٨ دەگەریتەوە بەر لە پیکهینانی خولی سێیەمی پەرلەمان و هەتا بەر لە هەلبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان)، جیاوازی بیروبۆچون لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵ و بەتایبەتی لەنیو ئەو روحانیانەدا کە لە وڵاتدا چەند بەرپرسیاریەکیان لە ئەستۆدا

---

[١٤] نگاه کنید به: هفتەنامه بهار، شماره ٢، ٧٤/١٢/٩ ص ٩-١٤.

[١٥] روزنامه سلام، ٧٥/٧/٢٩، مصاحبه با عبدالواحد موسوی لاری.

بوو، بەتایبــەتی دەربـارەی پەرلـەمانی ئـاینده سـەری هـەلدابوو، کـە بـە شـیوەیەکی ئاسـایی ئـەم جیـاوازی بیروبۆچوونانــه لــەنیو ئــەندامانی کۆمەلــەی روحانیــەتی خەباتگیریشدا هەبوو له چۆنیەتی ناساندنی کاندیداکان و ئەو مەرجانەی که دەبوایە تیایاندا بوایە. هەندێ له ئەندامه فیعلیەکانی کۆمەلەی روحانیه خەباتگیرەکان که لەو رۆژەدا ئـەندامی کۆمەلـەی روحانیـەت بـوون، سـەبارەت بـە ناسـاندنی چـەند کەسـیك نـارازی بـوون کـە بـەرای ئـەوان چـەند کیشـەیەك لـە شـیوەی بیرکردنـەوەو رەفتـارو پیشینەی سیاسیاندا هەبوو، له لایەکی دیکەوە، ئەو نامیهرەبانیانەی که بەرامبـەر بە هـەندێ لـە کەسـایەتیە شۆرشـگیرو خـاوەن پیشـینەو دلسـۆزو کارامـەکان دەکـرا، ئەوانـەیان نیگـەران کردبـوو. لـەو رۆژانــەدا ئـەو باسـە لەلایـەن ئـەم گروپـەی نـاو ریکخراوەکانی کۆمەلەی روحانیەتەوە رەواجی هەبوو که نابێ به تەنها لەبەر خاتری پەیوەندی تایبەتی و سەلیقەی تاکە کەسەکان خەلك دەست نیشان بکەین. دەبێ ئەو کەسانە بینه مەیدانەوە بۆ شۆرش و کۆمەلّ بە کەلکن هەتا ئەگەر هەندێ سەلیقەیان لەگەلّ سەلیقەی ئیمەشدا نەگونجێ، و نابێ له رادەی.. زیاتر بوار بەو کەسانە بدەین که کارامەییان کەمترە یان رابردوو و پیشینەیەکی رۆشنبیان لە شۆرشدا نیـیە. ئـەم کیشمەکیش و جیاوازی سەلیقەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە بەرەبەرە شـەفافیەتی زیـاتر بەو جیاوازی بیرورایە ببەخشێ کە لـە نـاو کۆمەلدا هـەبوو، لـە کۆتـاییدا ئـەندامانی فیعلـی ئەنجومـەنی مەرکـەزی کۆمەلـەی روحانیـە خـەباتگیرەکان بریاریـان دا کـە ریکخراویکی تـازە دابمـەزرینن بـەناوی (کۆمەلـەی روحانیە شۆرشگیرەکان"ەوە. ئـەم کۆمەلەیە بەر لە جێبەجێکردنی بریارەکە، بـە ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان زانـی کـە مەسەلەکە لەگەلّ ئیمام خومەینیدا (ر.خ) باس بکەن، چونکە رەنگ بوو ئەم رەفتارە بەمـەعنای ئینشـیقاق لـەناو ریکخـراوە روحانیــەکاندا لیـك بدریتـەوە. دوکـەس لـە ئـەندامانی کۆمەلـە بـە خزمــەتی حـەزرەتی ئیمـام (ر. خ) گەیشـتن. سـەرەتا ئیمـام بەدەمیی رەزامـەندی خۆی دەربری، لە هـەمان کاتدا لـەدوای گـەیاندنی رەزامـەندی حەزرەتی ئیمام (ر. خ) لەسەر دامەزراندنی کۆمەلەکە. نامەیەك به ئیمزای ئەنجومـەنی مەرکـەزی نیردرایە خزمـەتی حـەزرەتی ئیمـام (ر.خ) و ئـەویش بـە شـیوەی نووسـراو ریکخـراوە تازەکـەی نـەك تەنـها بـە مایـەی جیـاوازی نـەزانی بـەلکو ئـەم ریکخـراوەی بـەهۆی شـەفاف تـر بوونـی بۆچوونـەکان لیـك دایـەوەو وای بۆچـوو کـە هـەموو ئـەو

بۆچوونانەی کە لەناو کۆمەڵدا هەن، دەبێ بەشێوەیەك زەمینەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان هەبێ"[١٦] کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان لە ساڵی ١٩٩١دا دوای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بۆ ماوەی (٥) ساڵ چالاکی خۆیان راگرت. یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی دەربارەی هۆیەکانی ئەو هەنگاوە دەڵێت: "ئەو کەش و هەوایەی کە لە پێش و لە دوای هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمان دروست کرابوو هەل و مەرجی تانە لێدانی زۆر خراپ، تۆمەت و مامەڵەی نامەبدەئی نائەخلاقی کە سەبارەت بە کۆمەڵەکەو کاندیداکانی هاتنە ئاراوە بەهۆی سەرەکی راگرتنی چالاکیەکانی کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان بوو. رەنگە ئەو رۆژانە ئەو خلتەیە لە مێشکدا بووبێ کە ئەو ململانێ و مامەڵانەی کە هەڵبەتە ئارادەیەك مامەڵەی فکری بوون لە نێوان کۆمەڵەو هەندێ کەس و رەوت دا کە لە خولی چوارەمی پەرلەمان و هەتا لە خولی پێنجەمیشدا زۆرینە بوون و زۆرینەن. جۆرێکە لە کێشمەکێش (لەسەر) دەسەڵات. ئەو خەیالە لە ئارادابوو کە ئەندامانی کۆمەڵە بەنیازن کە لە پۆست و بەرپرسیاریتی یە سیاسیەکاندا وجودیان هەبێ و بمێننەوەو بنەمای راستەقینەی جیاوازی بیروبۆچوونەکان دەسەڵاتخوازی ئەوانە. ئیمە لە هەمان کاتدا ئەو داوایەمان هەبوو کە دەربرینی بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵەو ئەو رەخنانەی کە ناوەناوە هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵە سەبارەت بە بەرنامە یان شێوەی رەفتاری هەندێ لە کارگوزارانی ئەم نیزامە هەیان لە دلسۆزیانەوە بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی سەرچاوە دەگرێ. بێدەنگی پێنج ساڵە جگە لە روون کردنەوەی هەڵویستەکانی کۆمەڵە لەگەڵ رۆژگاردا بۆ کۆمەڵانی خەلك ئامانجێکی دیکەی نەبوو"

یەکێکی دیکە لە ئەندامانی کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان لەم بارەیەوە دەڵێت:

"لەدوای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و کەمێ بەرلەوەش ئەو کەش و هەوا سیاسیەی کە لە ململانێی هەڵبژاردنەوە دروست ببوو بە جۆرێکی لێهات کە درێژەدان بە چالاکی سیاسی خاوێنی کرد بە شتێکی مەحاڵ، هێرشی راگەیاندن بە جۆرێکی لێهات کە بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی کە ململانێی سیاسی و هەڵبژاردنی روحانیەکان وەکو ئەرکێکی ئیسلامی –نیشتمانی بناسرێ، ئەم ململانێیانە وەکو هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس

[١٦] هەمان.

و گروپ لە میشکی کۆمەڵدا کاریگەری خراپی بەجێهیشت. مەسەلەیەکی دیکە کە بوو بەهۆی ئەوەی کۆمەلەی روحانیەکان بێ دەنگ بێ، ئەوە بوو کە بەر لە هەلبژاردن کەش و هەوایەك پیك هات کە دەسەلاتی نزیکەی (٨٠) کەس لە کەسانی دیاری ئەم بالە کە کاندیدی نوینەرایەتی خولی چوارەمی پەرلەمان بوون، رەت کرایەوە. بالی رکابەر وا بانگەشەی دەکرد کە گوایە گرنگترین کۆسپی بەردەمی ریفۆرمەکان و بیناکردنەوەی ولات و فەراهەم کردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەلك، بالی خەتی ئیمام (ر.خ)ە کە کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان بە میحوەری ئەم بالە دەناسرا. بە گشتی ئەو کەش و هەوا و هەل و مەرجە نالەبارەی کە پیش و دوای هەلبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان هاتبووە ئاراوە بوو بەهۆی ئەوەی کە کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان، هەتا دروست بوونی هەل و مەرجی لەبار راگرتنی چالاکی سیاسی خۆی رابگەیەنێ"[١٧] کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان لە مانگی (١٠) ١٩٩٥دا چەند مانگێ بەر لە دەست پێکردنی هەلبژاردنی خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لەدوای نزیکەی (٥) ساڵ وەستان، چالاکی خۆی دەست پێکردەوە. یەکیك لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەلە لەم بارەیەوە دەلیت:

"بە حسابکردن بۆ هەل و مەرجی خولقاو و ئاشکرابوونی ناراستی تۆمەتەکان و هیرشەکانی راگەیاندن و روون بوونەوەی ئەو راستیەی، کە هاتنە مەیدانی سیاسی کۆمەلە دەسەلاتخوازی نەبوو، بەلکو تەنها جێبەجێکردنی ئەرکیکە لە بەرامبەر شۆرشی ئیسلامی و ئامانجەکانی حەزرەتی ئیمامدا، کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان ئامادەبوونی سەرلەنوێی خۆی لە مەیدانی چالاکی سیاسیدا، بەیارمەتییەك بۆ چالاکی سیاسی کۆمەڵ دەزانێ".

ئەنجومەنی روحانیە خەباتگیرەکان و ئەو گروپانەی کە لە رووی هەلویستەوە بۆچوونیان لەوانەوە نزیکە، لە خوارەوە نیشان دراوە.

---

[١٧] روزنامه اطلاعات ٧٥/٧/٢٥.

## کۆمەڵەی ڕوحانیە خەباتگێرەکان

## گروپە نزیکەکانی

١-ڕێکخـــراوی مجـــاهیدینی شۆڕشـــی ئیســـلامی ئـــێران، بـــەهزادی نەبـــەوی و محەممەدی سەلامەتی لە کەسایەتیە ناسراوەکانین.

٢-یەکیتی ئەنجومەنە ئیسلامیەکان خوێندکـارانی سەرانسـەری وڵات (مەکتـەبی سەقامگیرکردنی یەکیتی)

٣-ئەنجومەنی ئیسلامی مامۆستایان.

٤-ئەنجومەنی ئیسلامی مامۆستایانی زانکۆکانی سەرانسەری وڵات.

٥-ئەنجومەنی ئیسلامی کۆمەڵەی پزیشکی ئێران.

٦-ئەنجومەنی ئیسلامی ئەندازیارانی ئێران.

مـــەهدی کـــەروبی ســـەرۆکی ئەنجومـــەنی کۆمەڵـــەی ڕۆحانیـــە خەباتگێرەکانـــەو ئـــەندامانی ئەنجومـــەنی مەرکـــەزیان بریتـــین لـــە: محەممـــەد موســـەوی خوێینـــی هـــا، ئەسەدوڵڵای بەیات، ڕەحیمیان، ئیمام جەمارانی، ڕەحمانی، عەلی ئەکبەر محتەشەمی، لەنێو گروپەکانی سەر بە کۆمەڵەی ڕوحانیە خەباتگێرەکاندا، ڕێکخراوی مجاهیدینی شۆڕشـی ئیسـلامی ئـێران، باشـترین و چالاکـترین یانـە کـە لـە خـوارەوە چۆنیـەتی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە ئاماژەی بۆ دەکرێ.

ڕێکخـراوی مجـاهیدینی شۆڕشـی ئیسـلامی لـە (١٩٩١/١٠/٢) مۆڵـەتی یاسـایی چالاکی سیاسی لە سەرانسەری وڵاتدا وەرگرت. دامەزرێنـەران و ئـەندامانی دەسـتەی مەرکـەزی ئـەم ڕێکخـراوە بـەزۆری کەسانێك بـوون کـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ لەبـەر جیـاوازی بۆچوون و مامەڵەکانی وازیان لە ڕێکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی هێنا.

ئـەم کەسـانە لـەدوای وازهێنـان لـە ڕێکخـراوی مجـاهیدینی شۆڕشـی ئیسـلامی لەبەرئەوەی باوەڕیان بە پێویستی بوونی ڕێکخراو هـەبوو لـە پێش خستنی ئامانجە فیکـری و سیاسـیەکاندا، بەشـێوەیەکی هەمەلایەنـە دەسـتیان کـرد بـە لێکۆڵینـــەوەو تاوتوێ کردنی چالاکی نوێ و لەکۆتاییدا بەچەند گۆڕانکارییەك لە پەیڕەوو پرۆگـرام و نـاو و دەسـتەی دامەزرێنـەردا، جـارێکی تـر دەسـتیان بـەکار کـردەوە، ڕێکخـراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی لە یـەکگرتنی حـەوت گروپـی سیاسـی پێـك هـات کـە باوەڕیـان بـە ڕابـەری ئیمـام خومـەینی هـەبوو لـە ساڵانی پێـش سـەرکەوتنی شۆڕشـی

ئیسلامیشدا، باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو لە دژی ڕژێمی شا. ئەم حەوت گروپە بریتی بوون لە: (امت واحدە، توحیدی بدر، توحیدی صف، فلاح، فلق، منصورون، موحدین).

ئەم گروپانە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەپێی ڕینمایی ڕابەری شۆڕش و تەئکید کردنەوەکانی ئوستاد متەهری شەهید لەدوای چەند کۆبوونەوەیەکی جیاجیا، سەرئەنجام لەژێر ناوی ڕیکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامیدا یەکیان گرت و لە ڕۆژی (٦/٤/١٩٧٩) دروست بوونی خۆیان ڕاگەیاند. دەتوانین ژیانی ئەم ڕیکخراوە بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین: لەسالی ١٩٧٩ تا ١٩٨٢ و لە ١٩٨٢ تا ١٩٨٦. لە بەهاری ١٩٧٩ ڕیکخراوەکە داوای لە ئیمام خومەینی کرد بۆ ئەوەی لەلایەنی خۆیەوە نوینەریك یان وەکیلیك دیاری بکات بۆ چاودیری ڕیکخراوەکە لە بواری مەسەلەکانی باوەڕو ئایدیولوجی، فیقهی، حوکمە عەمەلیەکان و هەلویستە سیاسیەکاندا. ئیمامیش حیجەتول ئیسلام ڕاستی کاشانی دیاری کرد. بە سەرنجدان لەوەی کە یەکێ لە بەرنامە داریژەران و جیبەجێکەرانی سەرەکی ئابووری سەردەمی جەنگ لە ئەندامانی ڕیکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی بوو، و هەروەها بە سەرنجدان لەوەی کە بالی کۆنەپەرست و موحافیزەکار دژی کۆنترۆلی ئابووری بوون ململانێو ناکۆکی لەناو ڕیکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامیدا لەنیوان بەشیك لە دەستەی مەرکەزی و حیجەتول ئیسلام ڕاستی و لایەنگرانیدا پەرەی سەند، بەشیوەیەك کە لەناو ڕیکخراوەکەدا ٣ بالی جیاواز دروست بوو.

١-بالیك کە بە تەواوی ملکەچی حیجەتول ئیسلام ڕاستی بوون و باوەڕیان بە پاشکۆیەتی تەواوی ڕاست هەبوو ئەم گروپە مەیلی کۆنەپەرستانەو موحافیزکارانەی کۆمەلایە تی - ئابووری‌یان هەبوو.

٢-بالیك کە پەیرەوی کردنی بیروبۆچوونە تایبەتیەکانی حیجەتول ئیسلام ڕاستی‌یان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان نەدەزانی و تەنها بە کەنالیکیان دەزانی بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی ئیمام خومەینی بە ڕیکخراوەکەو نەك زیاتر. ئەم بالە زیاتر پەیرەوی‌یان لە بۆچوونی ڕادیکالانە دەکرد لە مەسەلە ئابوورییەکاندا.

٣-بالی سێیەم لەو باوەڕەدا بوون کە مامەلەی دو بالەکەی دیکە، لە ڕادە بەدەر دوژمنانەیەو هیچ سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ تیگەیشتن و قبوڵ کردنی ناکۆکی سەلیقەکان و بەردەوام بوونی چالاکی لە ئارادا نیە.

گفتوگۆکانی ناو ریکخراوەکە نەك تەنها نەبوونە هۆی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، بەلکو ناکۆکیەکانی توندتر کرد. هەرسێ باڵەکە لەبەردەم ئایەتوڵڵا موسەوی ئەردەبیلیدا بیرو بۆچوونەکانی خۆیان باسکردو ئەویش گفتوگۆکانیبە ئیمام (ر. خ) گەیاند. لە (١٤/٤/١٩٨٢) حیجەتول ئیسلام راستی ئەنجومەنەکانی ریکخراوەکەی هەلوەشاندەوەو لە (٢٠/٤/١٩٨٢) چەند شورایەکی کاتی بۆ بەریوەبردنی ریکخراوەکە دەستنیشان کرد. سەرئەنجام لەدوای گەیاندنی مەسەلەکان بـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــە ئیمـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــام (ر. خ) ئەویش فەرمووی: ئاغای راستی و ئەو کەسانەی کە دەتوانێ لەگەڵ ئەودا هاوبیر بن لە ریکخراوەکەدا بمیننەوە و هەرکەسێ حەزناکات لەگەڵ راستیدا کاربکات دەتوانێ واز لە ریکخراوەکە بینێ. لەم ماوەیەدا (مانگی (١٢) ١٩٨٢) ٣٧ کەس لە ئەندامانی ریکخراوەکە دەستیان لەکار کیشایەوە. لە ماوەی نیوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٦دا چالاکی ریکخراوەکە بەتەواوی کپ بۆوە، تا ئاخری لە مانگی (١٠ی ١٩٨٦) حیجەتول ئیسلام راستی کاشانی لە نامەیەکدا بۆ ئیمام داوای رەزامەندی لەسەر دەست لەکارکیشانەوەی خۆی و هەلوەشانەوەی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی کرد داواکەش لەلایەن (ئیمام)ەوە پەسەند کرا"[18] هەندێ لەو ئەندامانەی کە وازیان لە ریکخراوەکە هینابوو بەهۆی نزیکی فیکری و پراکتیکییانەوە لەگەڵ یەکتری و لەولایەنەوە کە باوەریان بەوە هەبوو کە بۆ پیشخستنی ئامانجی فیکری و سیاسی، دروست کردنی ریکخراو گرنگ و پیویستە. لەدوای دورکەوتنەوەیان لە ریکخراوەکە، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هیشتبۆوەو لە دوای ئاڵ و گۆرکردنی بیرورا لەگەڵ ئامادەکردنی پەیرەو و پرۆگرامی دیاری کراودا، داوای مۆلەتی کارکردنیان کرد لەژیر ناوی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا. وەزارەتی ناوخۆش لە (٢/١٠)١٩٩١) رەزامەندی خۆی لەسەر داواکەیان دەربری سەرۆکی ئەم ریکخراوە محەممەدی سەلامەتییە)[19]. لە بواری چاپەمەنیدا رۆژنامەی (سلام)، دوو هەفتەنامەی (عصرما) ئۆرگانی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی

[18] نگاه کنید به: هفتەنامه بهمن، شماره ١٦/ ٧٥/٢/١ ص ٧-١٠.

[19] هفتەنامه بهمن، شماره ١٧، ٧٥/٢/٨ ص٧.

ئیسلامی ئیرانەو هەروەها هەفتەنامەی (مبین) لە چاپەمەنیەکانی سەر بە بالی کۆمەلەی روحانیە خەباتگێرەکان و گروپە نزیکەکانیتی.

**٥-١- کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی:**

**"جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی"**

کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی لە (١٩٩٥/٦/٥) بە رەسمی چالاکی سیاسی خۆی دەست پێکرد، بەلاّم چەند مانگێ بەر لە هەلبژاردنی خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بوونی خۆی راگەیاند. یەکەم بەیاننامەی ئەم کۆمەلەیە لە (١٩٩٦/٢/١٣) بە ئیمزای محەممەد محەممەدی نیك ناسراو بە (ری شهری) سەرۆکی کۆمەلەو بەبێ ئاگاداری تەواوی ئەندامان بلاّوکرایەوە. ری شهری دەربارەی هۆیەکانی دامەزراندنی ئەم کۆمەلەیە دەلیت: "ئیمە بەر لە هەلبژاردنی خولی پینجەمی پەرلەمان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بۆ وەلاّمدانەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەی کە لە کۆمەلدا هەبوو دەبێ بەشیوەیەکی کاریگەر بچینە مەیدانەوە.. لەدوای هەلبژاردنی خولی پینجەمی پەرلەمان، ئاماری هەلبژاردنەکان، بەتەواوی بۆشایی وجودی یەك رەوتی سیاسی نیشان دا کە لەلایەن زۆربەی خەلکەوە پەسەند بێ و ئەم مەسەلەیەش لیکۆلینەوەکانی کرد بە مەسەلەیەکی بێ چەندو چون. لەبەرئەوە لەدوای هەلبژاردن گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پیویستە ریکخراوەکەی ئیمە بەردەوام بێ"[٢٠]

سەرۆکی ئەم کۆمەلەیە رووبەرووبوونەوەی بیری فەرامۆشکردنی بەها ئیسلامیەکانیش بە هۆیەکی دیکە دەزانیت کە لە دامەزراندنی ئەم کۆمەلەیەدا کاریگەر بووە. بە باوەری ئەو کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی بەپێی بنەمای یەك فیکرو بۆ پرکردنەوەی بۆشایی فەرامۆش کردنی هەندێ لە بەهاکان دامەزرا[٢١]. ئەو رەخنانەی کە ئەم بالە سەبارەت بە وەزعی کۆمەلە یان بالەکانی دیکە هەیەتی هۆیەکانی دەست بەکاربوونی کۆمەلەکە ئاشکراتر دەکات دەتوانین ئەم رەخنانە لەژیر ئەم ناونیشانانەی خوارەوەدا ریزبەندی بکەین:

---

[٢٠] روزنامه سلام، ٣٠، ٢/٧٦، ص٩.

[٢١] روزنامه اطلاعات، ٧٥/٧/١٧، ص٨.

**١-جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت.**

ری شـەری دەلیـت "یـەکێ لـە رەهـەندە ترسـناکەکانی هیرشـی فەرهـەنگی لـە بوارەکـانی فیکـری- زانکۆیـیدا، باسـکردنی مەسـەلەی جیاکردنـەوەی ئاینـە لـە سیاسەت و وەلأم نەدانەوەی حکومەتی دینییە کە بەداخەوە ئەمرۆ ئەم پیلانە شوم و ناپیرۆزە لە مەلبەندە زانستیەکانی ئیمەدا بەرەبەرە خۆی دەنوینێ"[٢٢]

**٢-رەخنەگرتن لە هەردوو بالەکە:**

هەفتەنامـەی بلأوکـراوەی "ارز شـها" ئۆرگـانی کۆمەلـەی بـەرگری لـە بـەهاکانی شۆرشی ئیسلامی بە رەخنـەگرتن لە هـەردوو بالی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیرو کۆمەلەی روحانیە خەباتگیرەکان دەنووسیت: "مەبەستی (سیاسـەتی خودمیحوەر)ی دووچاری خەوشی خۆ بە رەها بینی لە رووبەرووبوونـەوەی بیرکردنـەوەو رەفتـاریك لەگەلّ بالّ و رەوتـەکانی دیکـەدا کە لـە قالبی قۆرخ خوازیدا دەردەکـەوێ.. سیفەتی دیکەی ئەم مەبەستە دەسەلأتخوازییەیە..

ئەم مەبەستە حالی حازر لە هەردوو بەرەی چەپ و راستی کۆمەلدا هەیە"[٢٣]

**٣-گەندەلی، هەلپەرستی، سیاسەت بازی لەکۆمەلدا و کەم بوونـەوەی رادەی قبـولّ کردنـی رەخنە.**

هەفتەنامـەی (ارزشـها) لـە بەیاننامـەی هۆیـەکانی سـەرهەلدانی کۆمەلەکـەدا "سـەبارەت بـەوەی کـە لـە حالـەتی حـازردا وەکـو فاکتـەرو زەمینـەی وەسـتان یـان جیابوونـەوەی سیاسی و دەست بەردار بوونی چالاکی ریکخراوی سیاسـی بـەپێی بنەماو ئامانجەکانی شۆرش لەبەرچاو بوو" ئاماژە بۆ ئەم خالأنەی خوارەوە دەکات:

ئەلف- بوونی رەفتاری سیاسەت بازی لە دارشتنی سیاسـەتەکان و بەرنامـەکاندا، بەتایبەتی لە مەیدانە چالاکەکانی سیاسەتی کۆمەلّدا وەکو زانکۆکان.

ب-کەم بوونەوەی قبولّ کردنی رەخنە لە هەندێ بەشی نیزامدا.

ج-سیاسەت بازی و هەلپەرستی هەندێ لە بالەکان و باندە سیاسیەکان.

---

[٢٢] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٢/٢٣، ص٢.

[٢٣] هفتەنامه ارزشها شماره ١، ص ١٨.

د-دنیاپەرستی و بەرەبەرە ئالودەبوونی بەشیك لە سیاسەتمەداره چالاکەکان بەکاروباری ئابووریيەوە[٢٤].

هـ-پاوانخوازی لە دەسەلأت و ساماندا کە ترسناکترین ئافاتە کە هەرەشە لە گەوهەری شۆرش دەکات.

**٤- پراکتیکی (عەمەلی) - (عمل گرایی).**

"روح للأی حسینیان" جیگری سەرۆکی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان دەلیت: "کۆمەلەی بەرگری واتە ئەو کەسانەی کە ئەم کۆمەلەیەیان دامەزراند، لە هەلبژاردنی خولی پینجەمی پەرلەماندا هەندێ دروشمیان لە کۆمەلّدا دەبینی کە هەست دەکرا ناوەرۆکی ئەو دروشمانە ئەوەیە کە چیتر سەردەمی شۆرش تەواو بووەو رۆژانیکە کە بە پیچەوانەی ئامانج گەراییەوە پیویستمان بە شتی عەمەلی هەیە، ئاشکرایە کە ئەم دروشمانە بۆ ئیمە قسەو پەیامی هوشیار کەرەوە بوون. چونکە ئیمە شۆرشی ئیسلامیمان بۆ هەمان ئامانج گەری کرد.. لەبەرئەوە ئیمە (کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی) بۆ بەرگری لەو ئامانج گەرییە چووینە مەیدانەوە"[٢٥] هەروەها بلأوکراوەی (ارزشها) نووسیویەتی "لە روانگەی ئیمەوە مەسەلە فەرهەنگیەکان گرنگترین مەیدانی مەسەلەکانی نیزامەو دەبێ لە پیشەوەی ئەولەویەتەکانی نیزامەوە بیت"[٢٦].

**٥-سیاسەتی ئابووری هەلە:**

"روح للأی حسینیان" وتی (بەهۆی سیاسەتی ئابووری هەلەوە چینیکی (نوێ) دروست بووە. ئیمە دەبێ بەشیوەیەك بەرنامەریژی بکەین بۆ ئەوەی لەم حالەتی پاوانکارییە دەربازبین کە ئەمرۆ لە ئابووری پیشەسازی و بازرگانی ئیمەدا لەسەر بنەمای پەیوەندی و نزیکی و نزیکی شەخسی راوەستاوە"[٢٧].

---

[٢٤] همان.

[٢٥] روزنامه اطلاعات، ٧٦/١/١٨ ص ١٢ اظهارات ری شهری.

[٢٦] هفتەنامه ارزشها شماره ٦، ١٥ /٧٥/١٠، ص ٤.

[٢٧] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٠/١٦، ص ١٢.

هەروەها حسینیان وتی: "یەكیك له كیشه ئابوورییەكانی ئەمرۆی ئیمه ئەوەیه كه بەرنامەكان خاوەنی زەمان بەندی تایبەتی نین"[٢٨] لەم بارەیەوە له بەیاننامەیەكی كۆمەلەی بەرگری له بەهاكانی شۆرشی ئیسلامیدا هاتووە "سیاسەته ناپایەدارەكان له بەرنامەریژی ئابووری ئیمەدا تەئكیدی بۆ بیركردنەوە لەسەر ئابووری ئازادو دانانی خۆش ژیان لەجیاتی دادپەروەری كۆمەلایەتی، چەند جیگایەكی هەڵ خلیسكانن، كه پەرلەمانی پینجەم دەبێ بەشیوەیەكی راستەقینه لیان دوركەویتەوە)[٢٩]

ری شهری یش له چاوپیكەوتنیكدا رەخنەی له سیاسەته ئابوورییەكانی دەولەت گرتووە، دەلیت "بەداخەوە بەرنامه داریژەرانی ولات هیشتا نەیان توانیووە ستراتیجیكی دیاری كراو بخەنه روو، ئیمه هیشتا لەبەرنامەیەكی جیگیرو دیارو ماوە دریژ بێبەشین له بواری جیگیركردن و چاكردنی ئابووریدا.. له سپاردنی كۆمپانیاكانی دەولەتدا بەخەلك، خەلك بەگشتی بەشدار نەبوون و هەندێ له كارخانه پر دەرامەتەكان به پەیوەنداران یان كاربەدەستانی ئەوان سپیردراوە"[٣٠] هەفتەنامەی "ارزشها" لەم بارەیەوە دەنووسێ: "رەوتی دادپەروەری كۆمەلایەتی له نیزامی ئیمەدا.. گیرۆدەی ئافاتیكی ترسناك بووە. ئەم ئافاته له ژیر ناونیشانی دەركەوتنی چینیكی نوێدا خۆی دەنوینێ كه نەك تەنها به سیفەتی دەسەلاتی ئابووری بەلكو به سیفەتەكانی دەسەلاتی سیاسی و كۆمەلایەتیش قابیلی ناسینەوەیه. ئەم چینه تازەیه كۆمەلەیەكی ناهوموجینن بەلام هاوئاراستەی هاوچارەنووسن و لەو دەستەو رەوتانەن كه یان له خیزانی شۆرش بوون و هەن یان ئەگەر لەو كۆمەله نەبوون بەشیوەیەك له شیوەكان بەوانەوە گرێدراون و ئەم پەیوەندیەش ئەو هەلەی بۆ رەخساندون كه هەل و مەرجیكی زۆر یارمەتیدەرتر بۆ بەهرەمەندی و دەولەمەندی بەدەست بینن"[٣١] ریشهری كەلەكەبوونی پارەی بەلاش لەدەستی تویژیكی تایبەتیدا به یەكیك له فاكتەره كاریگەرەكانی گرانی و هەلئاوسان له قەلەم دەدات و دەلیت:

[٢٨] روزنامه اطلاعات ٧٥/١٠/١٦ ص ١٢.
[٢٩] بیانیه شماره ١ جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.
[٣٠] روزنامه كاروكارگر ٧٥/١١/٨، ص ٤.
[٣١] هفتەنامه ارزشها، شماره ٧٥/١١/٨ ص٤.

"ئەو کەسانەی کە لە بەرهەم هینان و بیناکردنەوەی ولاتدا دەوریکیان نییە بە واستەو دەلاڵ بازی گرانی و هەلئاوسان زیاد دەکەن"[٣٢] (روح لـلای حسـینیان)یـش دەلـێ: "بـەپێی ئـەو ئامارانـەی کـە بانکـەکان سـەبارەت بـە رادەی پاشـەکەوتەکان دەیدەن، نزیکەی سێیەکی پاشەکەوتەکان هی ژمارەیەك خیزانەو لە راستیدا ئەمەش مەسەلەیەکی ترسناکە بۆ کۆماری ئیسلامی کە بەم شیوەیە لەدەستی کۆمەلی کەسی تایبەتیدا بخولیتەوە"[٣٣].

### ٦-بەهەدەردان، بەرتیل خۆری و واستە لە حکومەتدا:

ری شـهری بـە دەربرینـی نیگـەرانی لـە بـەرتیل خـۆری و واسـتە لـە هـەندێ لـە دائیرەکاندا دەلیت: "بەرپرسە گرنگەکانی دائیرەکان لە بەشە جیاوازەکاندا دەبێ دوور لە دەسـتەگەری و لـەنیوان خـەلکانی چـاك، دادپـەروەر، شایسـتەو کارامـەدا دەسـت نیشان بکرین"[٣٤].

هەروەها دەلیت: "سیمینارگرتنی زیادو پرخەرجی، سەفەری دەرەوەی ناپیویست و خـەرجی پیشـوازی و روالـەتکاری لـە ئورگانـە دەولەتیـەکاندا لـەو مەسـەلانەن کـە کاریگەری خۆیان لەسەر کاول کردنی بنەمای ئابووری ولات.. بەجێ دەهلین"[٣٥].

روح للا حسینیان یش لەم بارەیەوە دەلیت: "ئەوانەی کە کار بەدەستی فرۆشتنی پیشەسازییەکان و یان وردتر بە ئـەهلی کردنـی ئـابووری دەولـەتی بـوون، زۆربـەی پیشەسازییەکانیان بە بنەمالەو کەسانی نزیکی خۆیان سپارد"[٣٦].

### ٧-مەحالی شۆرش و مەترسی گەرانەوەی وابەستەیی:

کۆمەلـەی بـەرگری لـە بـەهاکانی شۆرشـی ئیسـلامی لـە بەیاننامەیـەکدا دوپـاتی کـردەوە: "ورتـەورتی جیـایی ئـاین لـە سیاسـەت، لیـبرالیزم، بـەرەلایی فەرهـەنگی،

---

[٣٢] روزنامه اطلاعات ٧٥/١٢/٤، ص٢.

[٣٣] ماهنامه صبح شماره ٦٦، بهمن ٧٥، ص ١٧.

[٣٤] رزنامه اطلاعات ٧٥/١٢/٨، ص٢.

[٣٥] روزنامه اطلاعات ٧٥/١٢/١٥، ص٢.

[٣٦] ماهنامه صبح، شماره ٦٦ بهمن ٧٥، ص ١٧.

خۆشگوزەرانی بە بەهای وابەستەیی ئابووری، سازش و نەرم و نیانی لەگەڵ دنیا خۆران و مامەلەکردن لەگەلیاندا لەسەر حسابی چەوساوەکان بەتایبەتی لە مەسەلەی فەلەستیندا و بەیەك قسە دورخستنەوەی بیری شۆرشگیرانەو ئەندیشەی جۆشدان لەژیر ناونیشانی هەڵخەلەتینەری هاوژیانی نیودەولەتی یان نەرم و نیانی مەدەنی، شوین کەوتنی چەند کەس و رەوتیکە کە بە شوین مەحالی شۆرش و گەراندنەوەی وابەستەیی هەمەلایەنەی میللەتدا ویلن"[37]

هەروەها هەفتەنامەی (ارزشها) نووسیوویەتی (ئەوەی کە شۆرشی ئیسلامی لە خەیالیدا بووە، بایەخ پیدانی بەها مەعنەویەکانە لە بواری رۆشنبیری گشتی‌دا، بەلام بەداخەوە لە هەندێ قۆناغدا رژیم گیرۆدەی هەندێ سیاسەتی دیکە بووە کە پیویستی بە چاوپیداخشانەوەیە"[38]

روح لالای حسینیان لەم بارەیەوە دەلیت: "هەندێ گۆرانکاری فەرهەنگی لە شۆرشەکەی ئیمەدا رووی‌دا. هەندێ لە بنەماکان گۆرانیان بەسەرداهات. واتە ئەو بنەمایانەی شتیکی ستراتیجی بوون بوون بە شتی دنیایی و رۆژانەو بەدوای ئەمەشدا کۆمەلێ کیشەو مەسەلە سەریان هەلدا، سەردەمانیك بنەما یان ئەسڵ ئەوە بوو کە هەرکەسیك بەشیوەیەکی کاریگەر کار بۆ شۆرش بکات و لەخۆ بردوویی نیشان بدات، بەلام لەپر بینیمان کە ئەم پیوەرە گۆرا بەوەی کە هەرکەس بتوانێ فریای ژیانی مادی خۆی بکەوێ و کیشە مادییەکانی خۆی چارەسەر بکات.. کاتێ ناکۆکی سەری هەلدا مزگەوت، بوو بە مەلبەندو جیگای هاتوچۆی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەلایەتی ئیمە، بەلام بینیمان کە لەم ماوەیەدا (کاتی سەرکۆماری رەفسنجانی) لەجیاتی بایەخدان بە مزگەوت و هاندانی ئەو رەوتە، جیگای دیکە دروست بوون کە بنەماو پیوەری دیکەی دەکرد بە ئەلتەرناتیڤی ئەو رۆحە دینی و مەزهەبیەی لاوان. لە زانکۆکان ئەم گیانە بایەخی پیدراو جۆریك لە سیاسەت هەلاتن دروست بوو کە بوو بە هۆی کپ بوونەوەو پشت گوێ خستنیکی قوڵ لە زانکۆکاندا لە سەرنجدانی گشتی کۆمەلدا بە

---

[37] بیانیه شماره ١ جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

[38] هفته‌نامه ارزشها شماره ٨، ٧٥/١١/١٥، ص ٥.

جوانـی هەسـت بـەوە دەكـرێ كـە فەرهـەنگی ئـاینی تارادەیـەك جیگـای خـۆی بـۆ فەرهەنگیكی دنیاخوازانەو كاسبكارانە چۆڵ كردووە"[٣٩].

[٣٩] ماهنامە صبح شمارە ٦٦/ بهمن ٧٥ ص ١٨،١٧.

**٨-کارتێکردنی سیاسی:**

هەفتەنامەی ارزشها نووسیوویەتی: "دلەراوکێو کارتێکردنی سیاسی لە هەل و مەرجی ئێستای ئێمەدا، دەبێ وەکو هەرەشەیەکی راستەقینە لە بواری دەسەلات و ئەمنی قەومیدا حسابی بۆ بکریت"[٤٠]. ئەندامانی دامەزرینەری کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی بریتین لە: محەممەد محەممەد ری شهری، سەید عەلی غیوری، سەید عەلی ئەکبەر ئەبو تورابی، محەممەدی عیراقی، عەلی رازینی، روح للای حسینیان، محەممەد سادق عەرەب نیا، ئەحمەد پورنجاتی، محەممەد شەریعەتمەداری (شەریعەت) و عەباس سەلیمی. هەفتەنامەی ارزشها هەتا ژمارەی (٩٥) (١٩٩٨/١١/١٤) بۆچوونی "رەسمی و نارەسمی"[٤١] کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی دەخستە روو.

بەلام ئەم کۆمەلەیە لە ١٩٩٨/١٠/١٣دا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك بەشێوەیەکی کاتی راگرتنی چالاکیەکانی خۆی راگەیاند.

سەبارەت بە راگرتنی چالاکی کۆمەلە کە چەند فاکتەریك شایانی سەرنجن.

**١-ناهۆمۆجینی لەنیوان بۆچوونی ئەندامانی شورای مەرکەزیدا.**

ئەندامانی دەستەی دامەزرینەری کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی بریتی بوون لە محەممەد محەممەدی ری شهری، سەید عەلی غیوری، سەید عەلی ئەکبەر ئەبو تورابی، عەلی رازینی، روح للای حسینیان، محەممەد سادق عەرەب نیا، ئەحمەد پورنەجاتی، محەممەد شەریعەتمەداری و عەباس سەلیمی نمین.

لەنیو ئەم کەسانەدا عەلی غەییوری ئەندامی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تارانەو عەلی ئەکبەر تورابی یش بۆچوونەکانی لەگەل کۆمەلەی رۆحانیەت نزیك بوو.

لەنیو تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزیدا ئەحمەدی پورنجاتی یش خاوەنی چەند بۆچوونیك بوو کە پێدەچوو لەلایەن هەندیکی تر لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی ئەم گروپەوە قابیلی قبول کردن نەبێ.

بۆ نموونە بەر لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی (خبرگان)ی رەهبەری لە چاوپیکەوتنیکدا لەگەل ئاژانسی هەوالی کۆماری ئیسلامیدا مەسەلەیەکی باس کرد

[٤٠] هفتەنامە ارزشها شمارە ١، مهر ٧٥، ص٢.

[٤١] همان ژمارە ٩٥، ٧٧/٨/٢٥، ص ١،

کە لە روونکردنەوەیەکدا دەربارەی ئەو بابەتە گوتی (ئەوەی کەلە چاوپێکەوتنەکەمدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵ باسم کرد نابێت وەکو هەلویستی کۆمەلە لیك بدرێتەوە"[٤٢] ئەمەش لە کاتیکدا بوو کەپورنجاتی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی بوو. روح لڵای حسینیان یش کە ئەندامیکی دیکەی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی بوو چەند هەلویستیکی هەبوو کەوا دیاربوو لەگەڵ بۆچوونی هەندیکی دیکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی ئەم گروپەدا جیاواز بوو.

حسینیان لە چاوپیکەوتنیکدا رەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەتی خاتەمی گرت و وتی: "سیاسەتی ئاسانکاری و لیبوردن لە وەزارەتی ئیرشاد تەنها بۆ نەیارانی رژیمە.. لە کاتیکدا ئاغای خاتەمی روحانیەکەو باوەری بە ئیسلام و شۆرش هەیەو هیشتا شانازی بەوەوە دەکات کە ئیمام (ر.خ) وەکو کوری خۆی بانگی کردووە؛ بەڵام کەسانیك کە هەرگیز باوەریان بە ئیسلام و شۆرش نەبووە، چۆن لەژیر بالی خاتەمیدان؟.. سیاسەتی وەزارەتی ئیرشاد لەگەڵ هەموو ئەو درووشمانەی کە بۆ لایەنگری ئازادی چاپەمەنی دەگوترینەوە بەشیوەیەك داریژراوە کە هیزە هەلپەرست و کۆنەپەرستەکان دەسەلاتی تەواویان لە دەستدایە.. تەواوی بەرپرسانی وەزارەتی ئیرشاد بەرگریان لی دەکەن"[٤٣].

ئەم رەخنەگرتنانە لە سیاسەتی حکومەتەکەی خاتەمی لە کاتیکدایە کە لە دوا بەیاننامەی کۆمەلەدا سەبارەت بە راگرتنی کاتی چالاکیەکانی ئەم گروپە، هەلویستیکی دیکە نیشان دراوە. لەم بەیاننامەیەدا بەهۆی (سوور بوون لەسەر فراوانکردنی هۆشیاری و داکۆکی لە حورمەتی ئازادی لە چوارچیوەی بنەما ئاینیەکاندا) سوپاسی حکومەتەکەی خاتەمی و خودی خاتەمی کراوە.

دووبەرەکی لە هەلویستەکانی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکاندا بەشیوەیەك بووە کە بەپیی هەفتەنامەی ارزشها هەتا هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەلەی بەرگری لەکاتی هەلبژاردنەکانی سەرکۆماردا لە جیاتی ریشەری دەنگیان بۆ کاندیدەکانی دیکە داوە[٤٤] پیدەچیت ئەم بۆچوونە جیاوازانە لەنیو ئەندامانی

---

[٤٢] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٨٦/ ٧٧/٦/٢٣، ص١.

[٤٣] همان ص ٨، ٩.

[٤٤] نگاە کنید بە ارزشها شمارە ٨٦، ٧٧/٧/١١، ص١٥ پیام ارای ری شهری چیست؟

ئەنجومەنی مەركەزی بەرگری لە بەهاكانی شۆڕشی ئیسلامیدا یەكێك بێ لە هۆ سەرەكییەكانی ڕاگرتنی كاتی چالاكییەكانی ئەم گروپە.

**٢-سەرنەكەوتن لە مەیدانی چالاكی سیاسیدا:**

ئامانجی چالاكی سیاسی ئەم كۆمەڵەیەش بەشێوەیەكی حزبی دەسەڵات گرتنە دەستە. لەكاتی هەڵبژاردنەكانی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا، كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان بەشێوەیەكی ڕەسمی دروست نەبوبوو، بەڵام كاندیدە دەست نیشان كراوەكان لەلایەن گروپە جیاوازەكانەوە بوو. بەدەربڕینێكی دیكە كاندیدی تایبەتی ئەم گروپە نەچووە پەرلەمانی پێنجەمەوە لە هەڵبژاردنەكانی سەركۆماریشدا محەممەدی ری شەهری سەرۆكی ئەم گروپە لە چوار كاندیدەكەی هەڵبژاردن بوو. هەڵنەبژاردنی ری شەهری بە سەركۆمار شكستی خۆی نەبوو. چونكە هیچ كەسێ هەتا خودی ری شەهریش چاوەڕوانی سەركەوتنی نەدەكرد. بەشێوەیەك كە هەفتەنامەی ارزشها نووسی: "لەكاتی هەڵبژاردنەكانی سەركۆماردا دەركەوت ری شەهری ماوەیەكی زۆر بەرلەوە دەوری ركابەری لێ سەندرابۆوە"[٤٥]

بەڵام ئەوەی كە ری شەهری لەناو چوار كاندیدەكەدا لە پلەی چوارەمدا خۆی بینیەوە، بەلای خۆی و بەلای گروپەكەشەوە شتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو و بەجۆرێك لە شكست لێك درایەوە. لە دوای ئەوە كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانی شۆڕشی ئیسلامی بەشێوەیەكی ڕاستەقینە بۆچوونە ناو مەركەزەكانی دەسەڵاتەوە هەنگاوی هەڵنەگرت. لە هەڵبژاردنی نێوان خولەكانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا لە تاران و چەند شارێكی دیكەدا لیستی كاندیداكانی خۆی ڕاگەیاند كە بە پێی بەیاننامەی ئەم گروپە بە (سەربەخۆ لە وابەستەیی گروپی و ئارەزووی باڵەكەیان) ڕێكخرابوو[٤٦].

لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی (خبرگان)یشدا كۆمەڵەی بەرگریلە بەهاكانی شۆڕشی ئیسلامی خۆی لە خستنەڕووی لیستی سەربەخۆ دزیەوە. ئەم گروپە هۆی هەنگاوەكەی خۆی ئاشكرا نەكردو تەنها بەو هۆیەی كە (ئێمە هەستمان بە پێویستی

---

[٤٥] همان.

[٤٦] ارزشها، شماره ٨، ٧٥/١١/١٥، ص٢.

خستنەرووی لیستی سەربه خۆ نەكرد)[٤٧] لە كورتی بریەوە. كارانەبوونی كۆمەڵەی بەرگری له بەهاكان لە مەیدانی هەڵبژاردندا باسی لە بوونی جیاوازی بیرورا لەنیو ئەندامە سەرەكیەكانی ئەم گروپەو بێتوانایی گروپەكەی لە راكیشانی كەسانی دیار دەكرد.

وا دیارە یەكێ لە هۆیەكانی سەرنەكەوتنی ئەم كۆمەڵەیە، رابردووی چالاكی جیبەجێكردنی زۆربەی ئەندامە سەرەكیەكانی ئەم گروپە بووبێ. ئەم رابردووە تارادەیەك كاری لە پیشوازی نەكردنی خەلك لەم گروپە كرد.

**٣-روون نەبوونی هەڵویستەكانی:**

كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ چالاكی رەسمیدا لە جیاتی ئەوەی كە دەست بكات بە خستنەرووی بەرنامەو شیوازی كاركردن بۆ بوارە جیاوازەكانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی، بەشیوەی كاردانەوە لە بەرامبەر گۆرانكارییەكاندا هەلویستی وەردەگرت. بە دەربرینیكی دیكە كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان رەخنەی لە تەواوی باڵەكان دەگرت بەڵام بەشیوەیەكی ئاشكرا بەرنامەكانی خۆی رانەگەیاند تەنها بە وتنەوەی كۆمەڵێ شتی گشتی باسی دەكرد. ئەم وەزعە لە دوابەیاننامەی كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانیشدا بەدی دەكرێ.

"كۆمەڵەی بەرگری هەمیشە سوور بووە لەسەر ئەوەی كە هەر جۆرە داخوازییەكی چاوپیداخشانەوە بە بنەماو ئامانجەكانی شۆرشدا یان مامەڵەی بریندارکەر لەگەڵ دەسكەوتە پر بەهاكانی ساڵانی سەرەتای سەركەوتنی شۆرش و سەقامگیربوونی نیزام و هەروەها ساڵانی پر شانازی بەرگری پیرۆزو هەر جۆرە هەولیكی ناراستگۆیانەیان بێئاگایانە بۆ گەرانەوە بۆ سوننەت و ریبازە بیزراوەكانی سەردەمی زۆرداری یان فەرهەنگی ئالوودەی بیگانە، نا جوامیری و حورمەت شكینییە لەبەرامبەر قوربانیدان و لەخۆبوردنی پیشرەوانی شۆرش و جەفایەتییەكی ئاشكرایە بۆ خوینی پاكژی دلسۆزانی ئەم ولاتە و بەجۆریك لە پەیمان شكینی نەتەوەیی لە قەلەم دەدرێ.

---

[٤٧] همان، شماره ٩١، ٧٧/٧/٢٧، اظهارات محمدی ری شهری دبیر كل جمعیت دفاع از ارزشها.

كۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاكانی شۆرشی ئیسلامی له ناخه‌وه باوه‌ری به‌وه هه‌یه كه ئه‌ندیشه‌ی شۆرشی ئیسلامی به پشت به‌ستن به گه‌وهه‌ره‌كه‌ی هیشتا بنه‌مای ئیسلامی خاوین و پشتیوانی گه‌شه‌و خه‌ملینی هه‌ولدانه بۆ ناسینی زه‌مانه، هیچ ره‌گ و ریشه‌یه‌كی له‌گه‌ڵ كورت بینی دۆگمایانه‌و نه‌ریتی دروست كراوی فیكری یان بیرو باوه‌ر نی‌یه. هه‌روه‌ها داوای یارمه‌تی زه‌بونانه و رۆشنبیری رواله‌تكاری له قوتابخانه‌ی بیگانه ناكات و سنوور شكینی نیمچه فه‌یله‌سوفانه‌ی نی‌یه"[٤٨].

ره‌نگه به‌شیوه‌یه‌كی گشتی قسه‌كردنی كۆمه‌له یه‌كیك بووبێ له هۆ سه‌ره‌كیه‌كانی سه‌رنه‌كه‌وتنی ئه‌م گروپه له راكیشانی خه‌لكی دیار له سه‌رانسه‌ری ئیراندا، به‌شیوه‌یه‌كی گشتی كۆمه‌له‌ی روحانیه‌تی خه‌باتگیرو ریكخراوه هاوئاراسته‌كان له چالاكیه‌كانی كۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاكانی شۆرشی ئیسلامی نارازی بوون و ره‌خنه‌یان له هه‌ندێ له هه‌لویسته‌كان ده‌گرت. به‌رای ئه‌م باله كۆمه‌له‌ی به‌رگری له‌كاتی هه‌لبژاردنه‌كانی خولی حه‌وته‌می سه‌ركۆماردا ئه‌و گروپه‌ی به‌لای خۆیدا راكیشا كه پشتیوانیان له كاندیداكه‌یان (واته ناتقی نوری) ده‌كرد.

به ده‌ربرینیكی دیكه ئه‌م باله باوه‌ریان وابوو كه چالاكیه‌كانی كۆمه‌له‌ی به‌رگری هه‌میشه به قازانجی بالی نه‌یار (كۆمه‌له‌ی روحانیه خه‌باتگیره‌كان و گروپه نزیكه‌كانی) ته‌واو ده‌بێ. هه‌لبه‌ته ئه‌و خاله مایه‌ی سه‌رنجه كه كۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاكانی شۆرشی ئیسلامی له به‌یاننامه‌كه‌ی خۆیدا "بێ توانایی و كه‌م ده‌رامه‌تی، مه‌سئولیه‌تی جۆراوجۆری كاربه‌ده‌ستانی سه‌ره‌كی كۆمه‌له‌و به‌تایبه‌تی ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی مه‌ركه‌زی و كۆمه‌لێ هۆی دیكه كه خۆی له باسكردنیان دزیوه‌ته‌وه، ئه‌مانه‌ی به فاكته‌ره‌كانی راگرتنی كاتی چالاكیه‌كانی كۆمه‌له ناوبردووه.

## ٦-١- په‌یامی خویندكار ( پیام دانشجو )

"یه‌كیتی ئه‌نجومه‌نه ئیسلامیه خویندكارییه‌كان و خویندكارانی زانكۆكان و مه‌لبه‌نده‌كانی خویندنی بالاّ" له سالی ١٩٨٣دا له ژیر ناوی (ئه‌نجومه‌نی ئیسلامی خویندكاران و ده‌رچوانی زانكۆكان و مه‌لبه‌نده‌كانی خویندنی بالاّ)دا بوونی خۆی راگه‌یاند. ئه‌م ریكخراوه به تیپه‌ربوونی كات چالاكیه‌كانی خۆی فراوانتر كرد. له هه‌ندێ له زانكۆكاندا وه‌كو زانكۆی زانست و پیشه‌سازی ئیران، خواجه نه‌سیر توسی

---

[٤٨] هفته‌نامه ارزشها شماره ٩٥، ٧٧/٨/٢٥، ص٣.

(عمران)، شەهید بەهەشتی (ئابووری) و هەندێ کۆلیجەکانی پەرستاری (تمریض)، ئەنجومەنە ئیسلامیەکانی خویندکاران ئەندامی هەمان ریکخراو بوون. لە سالی ١٩٨٥دا یەکەم کۆمەلەی سەرانسەری ئەم ریکخراوانە، لە زانکۆی زانست و پیشەسازی ئیران لەژیر ناونیشانی (پەیامی ئەنجومەنە ئیسلامیە خویندکاریەکان)دا سمیناریکی گرت و بەم شیوەیە چالاکیەکانی خۆی فراوان کرد. هەروەها لە سالانی ١٩٨٣ و ١٩٨٧دا لە هەلبژاردنی نیوان خولی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و سەرکۆمارییدا بە خستنە رووی لیستی سەربەخۆ، هەلویستە سیاسیەکانی خۆی روون کردەوە. و لە سالی ١٩٨٧دا لەگەڵ فەراهەم کردنی گروپە فەرهەنگی-سیاسییەکاندا چەند بەشیکی دیکەی لە هەلویستەکانی خۆی بەیان کردووەو ئەندام وەرگرتنی خۆی فراوان کرد. ئەم یەکیتییە لە سالی ١٩٨٨ یەکەم ژمارەی بلاوکراوەی خۆی بەناونیشانی (فصل نامهء پیام دانشجوی بسیجی) بلاوکردەوە. لە هەمان سالدا ریکخراوەکانی ئەنجومەنە ئیسلامیە خویندکارییەکان بە ناونیشانی ریکخراوە خویندکارییەکانی ئەندامی ئەم یەکیتییە لە سەرانسەری ولاتدا راگەیەنران"[٤٩]

ئەگەرچی ناونیشانی "یەکیتی ئەنجومەنە ئیسلامیە خویندکاریەکان و خویندکارانی زانکۆکان و مەلبەندەکانی خویندنی بالا" ئەوە بە خەیالدا دینێ کە ئەم ریکخراوە، ریکخراویکی خویندکارییە؛ بەلام لە پەیرەوی ناوخۆی یەکیتییەکەدا، پیش بینی چالاکی سیاسی تەواوی تویژەکانی کۆمەڵ لە چوارچیوەی ئەنجومەندا کراوە. لە پەیرەوی ناوخۆی یەکیتییەکەدا هاتووە". (شەش ریزەکەی ئەندامی یەکیتی بریتین لە: خویندکاران، مامۆستایان، رۆشنبیران، خویندکارانی زانکۆ، کریکاران و کارمەندان"[٥٠]

"ئەنجومەنی ئیسلامی.. دەشێ لە هەر شەش ریزەکەدا بەدی بیت و بەناوی ئەندامانی هەریەکە لەو ریزانەوە چالاکی بکات"[٥١] هەروەها دەربارەی ئەرکەکانی یەکەی سیاسی ئەنجومەنەکە لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: "خستنەرووی چەند بەرنامەیەك بە مەبەستی بەهیزکردنی تیروانینی سیاسی ئەندامان و باقی تویژەکان

---

[٤٩] نوشته اختصاص حشمت الله طبرزدی دبیر کل اتحادیه برای پژوهش.
[٥٠] ماده ١١ اساسنامه.
[٥١] ماده ١٢ اساسنامه.

بەشیوەیەكی گشتی لە ریگەی پیكهینانی كۆبوونەوەی شیكردنەوەی سیاسی، وتارو كۆبوونەوەی پرسیارو وەلامەوە"[٥٢] ئەم ریكخراوانە بەپێی یاسای حزبەكان دوسێی چالاكیان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووەو لە تاران بارەگایەكی مەركەزی و لەچەند پاریزگایەكی دیكە مەكتەبی هەیە، هەروەها ئەنجومەنە ئیسلامیە خویندكارییەكان لە زانكۆكانی سەرانسەری ولاتدا ئەندامە[٥٣]. یەكیك لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەركەزی یەكیتی‌یەكە، سەبارەت بە زەمینەی دروست بوونی ئەم ریكخراوە دەلیت: "حشمەتوللا تەبەرزدی سەرۆكی یەكیتی‌یەكە، بەهاودەنگی لەگەل هاوریكانی خۆیدا لە ریگەی مەلبەندیكەوە بەناوی مەلبەندی فەرهەنگی (٧٢) شەهیدەكەوە چالاكی سیاسی و ریكخراوەیی خۆیان دەست پێكرد.

پاشان مەلبەندی (٧٢) شەهیدەكە لەژیر ناوی ئەنجومەنە ئیسلامیە خویندكاریەكان و دەرچوانی زانكۆدا دریژەی بە چالاكیەكانی خۆی دا. لە رووی سیاسیەوە ئەم ئەنجومەنە، گروپیك بوو لە بەرامبەر مەكتەبی سەقامگیركردنی یەكیتی و مەیلی بەلای بالی راستدا هەبوو. ئەم ئەنجومەنە وەكو نموونەی ریكخراوەیی دكتور بەهەشتی و وەكو نموونەی فیكریش ئایەتوللا مطهری قبول بوو. ئەم یەكیتی‌یە لەكاتی سەركۆماری ئایەتوللا خامنەئی‌دا پەیوەندی فیكری لەگەلدا هەبوو هەروەها هەمان پەیوەندی لەگەل هاشمی رەفسنجانی هەبوو لە كاتیكدا سەرۆكی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بوو.

یەكیتی‌یە كە لە سالی ١٩٨٧دا لەبەر جیاوازی بیروڕای لەگەل ئەو كەسانە كە بەلای بالی راستی كۆن و كۆمەلەی هاوپەیمانی ئیسلامیدا دایان دەشكان كارەكانی راگرت. بەلام لە كۆرو كۆبوونەوەو بۆنە ئایینیەكاندا بۆ قسەكردن و گوتاردان بانگ هیشتی عەلی ئەكبەر ناتقی نوری، حەبیوللای عسگر ئەولادی، محەممەدی رەزای باهونەرو ئەندامانی شورای نیگهبانی وەكو خزعەلی، محەممەدی گەیلانی و ... دەكرد. واتە جۆریك لە ئارەزووی فیكری لەلا هەبوو"[٥٤].

---

[٥٢] مادە ٥٠، بند الف.

[٥٣] نشریە داخلی انجمن های اسلامی دانشجوی دانشگاهها، تهران، شمارە ٦،٧/٥/٧٦.

[٥٤] گفتوگۆی نگارندە بایكی از اعضای مستعفی شورای مركزی اتحادیە كە خواست نامش منتشر نشود ٧٧/٦/٩.

بڵاوکراوەی (پیام دانشجو)، ئۆرگـانی یـەکیتی، چـەندین جـار ڕاگـیراوە کـە بـوو بەهۆی ناوبانگ دەرکردنی لەناو کۆمـەڵداو بوو بەهۆی ئەوەش کە ئەم گروپە لەناو تـەواوی تویژەکانی کۆمەڵیشدا لایەنگر پـەیدا بکات. (پیام دانشجو) لـە خـولی پیـش ڕاگرتنـی‌دا لـە هـەمان کاتدا کە دژی بەرنامـەکانی دەولـەت بوو، زیاتر لـە هـەر بابـەتی رەخنەی لە کردەوەی بەریوەبەری شارەوانی تاران دەگرت و دژی گروپـی کارگوزاران دەدوا "پیدەچیت رۆژانـی داخسـتنی "پیـام دانشـجو" ئـەو بـوارەی بـۆ ئـەم گروپـە هینابیتـە پیشـەوە بـۆ ئـەوەی بـە هەلویسـتەکانی خۆیـدا بچیتـەوە. حیشـمـەتوللای تەبـەرزدی، محەممـەد مەسعود سلامەتی، سـەید جـوادی ئیمامـی و عـەلی سـەرفراز لـە ئـەندامانی دەسـتەی دامەزرینـەرو دەسـتەی ئـەمینداری یـەکیتی بـوون و دەسـتەی ئـەمینداریی ئیسـتاش بریتـین لـە حیشـمـەتوللای تەبـەرزدی، محەممـەد مەسـعود سـەلامەتی، جـوادی ئیمـامی، پرویـز سـفری و محەممـەد مـیر ابراهیمـی. کـە لـەنیو ئەمانەدا حیشمەتوللای تەبەرزدی سەرۆکی یەکیتی‌یەکەیە.

## ٧-١-لایەنگرانی حزبوللا (انصار حزب الله)

دەبیّ لـە مانگـەکانی سـەرەتای شۆرشدا بۆ رەگ و ریشـەی میژوویـی ئـەم رەوتـە بگـەریین. کـە لایـەنگرانی ئـەم حزبـە لـە قـالبی (تیپـەکانی حزبولـلا) ڕووبـەڕووی لایەنگرانی سـازمانی مجـاهیدینی خـەلقی ئـیران، لایـەنگرانی بـەنی سـەدرو پاشـان (بەدحیجاب)ەکان دەبوونـەوە. ئـەم رەوتـە فکری‌یـە تـا کۆتـایی جـەنگی عیـراق لـە دژی ئیران هەویەی سەربەخۆی سیاسی نەبوو. گەرانـەوەی لاوان لـە بـەرەکانی جـەنگ، ئـەو ناکۆکیـەی کە ئـەوان سـەبارەت بـەوەی لـە خـەیالیاندا بـوو، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە لـەناوی شارەکاندا بەدیان کرد لە دروست بوونی ئەم بالـەدا دەوریکـی گرنگـی بینـی. ئـەم بالـە لـەو دەسته جیاوازانـە پیك هـاتووە، کـە جـەنگاوەرانی بـەرەکان لـە دوای گەرانـەوە بـۆ شارەکان دروستیان کرد. بەربـەرەکانی گـەندەلی کۆمەڵایـەتی، دزی، بـەرتیل، هیرشـی فەرهـەنگی و سـەرمایەداری لـە دروشـمـە سـەرەکیەکانی ئـەم بالەیـە. لـە پینـاوی بەدی‌هینانی ئامانجەکانی خۆیدا گروپی سنووردار بەلام گونجاو ئامادە دەکات. مانگ نامـەی (یالثـارات الحسـین) ئورگـانی پشـتیوانانی حزبوللایـە. دوو هەفتەنامـەی (شـلمچە)ش سـەر بـەم بالـەن. مـانگ نامـەی (صبـح) و رۆژنامـەی (کیـهان)یـش لـە فیکرەکانی ئەم بالەوە نزیکن.

(مەسعودی دەنمکی) بەریوەبەری هەفتەنامەی (شلمچە) لە بواری دروست بوونی پشتیوانانی حزبولـلادا دەلیـت: "بـەر لـە سـالی ١٩٨٩ بـەکردەوە شـتیك بـەناوی پشتیوانانی حزبولـلاوە وجودی نەبوو ناویك بەناونیشانەوە نەبوو. ئەوکاتە ئەمانـە بەناوی حزبولـلای تارانـەوە کاریان دەکرد کە تا سـالی ١٩٩٣ ئـەو وەزعـە بـەردەوام بوو.. ناوی پشتیوانانی حزبولـلا لە دوای سالی ١٩٩٣ بەدواوە زیاتر کەوتە سەرزار.. (ئەوانە) تەنها لەسەر مەسەلەی بەهاو دژی بەها نارەحەتی خۆیان نیشان دەدا، زیاتر لـە بـواری دژی گـەندەلی کۆمەلایـەتی و نـەفیکراوەکاندا لەکۆمـەلدا چالاکیـان دەنواند"[٥٥].

## ٨-١ -کارگوزارانی بیناکردنی ئیران: (کارگزاران سازندگی ایران)"

ئەگەرچی ئەم حزبە بەناوی کۆمەلێ لە کارگوزارانی بیناکردنی ئیرانەوە لە سالی ١٩٩٥دا لـە سـەرەتای هـەلبژاردنی خـولی پینجـەمی ئەنجومـەنی شـورای ئیسـلامیدا بەشیوەیەکی رەسمی خۆی راگەیاند، بەلام پیشینەی دروست بوونی دەگەریتـەوە بۆ سالی ١٩٨٩. لەگەل کۆتایی هاتنی جەنگی عیراق لە دژی ئیران لە سالی ١٩٨٨ و سـەرکۆماری ئەکبـەر هـاشمی رەفسـنجانیدا، زەمینـەی دروسـت بوونـی ئـەم حزبـە فەراهەم بوو. ئەمانە باوەریان وابوو کە بە کۆتایی هاتنی جەنگی عیراق لە دژی ئیران (رۆژانی سیاسەتی جەنگ) کۆتایی هاتووەو ئیران چۆتە قۆناغیکی تازەوە. ستراتیجی ئـەم بالـە لەسـەر (بیناکردنـەوەی ئـابووری" و (بیرکردنـەوەی بەرژەوەندخوازانـە لـە سیاسـەتی دەرەوە" بنیات نرابوو. بەرای ئەمانە ئیران بۆ بیناکردنـەوەی ئـەو کـاول کاریانـەی لە شـەرەوە سـەرچاوەیان گرتبـوو لەگەل دوا کەوتنـەکانی ئـەنجامی هـەمان شـەر دەبوایـە سیاسـەتیکی تـازەی دەسـت پـێ بکردایـە، کـە (راکیشـانی یارمەتیـە نیودەولەتیەکان) و (وەرگرتنی قەرز) لە دامـەزراوە ئابوورییە نیودەولەتیەکان لەوانە بوون. سیاسـەتیکی لـەو جـۆرە پیویسـتی بـە چاوخشـانەوەی سیاسـەتی دەرەوەی سـەردەمی جەنگ بوو. کە بەپێی ئەوە دەبوایە ئیران روو لـە سیاسـەتێ بکـات کـە بتوانێ وەکو ئەندامیکی کۆمەلگای نیودەولەتی حسابی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی وەرگرتنی قـەرزو راکیشـانی یارمـەتی لـە کۆمەلـە نیودەولەتیەکانـەوە فەراهـەم ببیـت. ئـەو

[٥٥] هفتەنامە سیاست شمارە ٦، ٧٧/٥/٢٨.

تەکنوکراتانەی لە خۆرئاوا خوێندنیان تەواو کردبوو لە دەوری هاشمی رەفسنجانی بوون دامەزرینەری ئەم حزبەن.

ئەنجومەنی (پەرلەمان)ی سێیەم کەبە پایەگای کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان و گروپە نزیکەکانی لە قەڵەم دەدرا دەیتوانی بە کۆسپێ لەبەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی کارگوزاراندا حساب بکرێ. بەڵام هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمان کە لە مانگی (٣)ی ١٩٩٢دا بەریوەچوون بوو بەهۆی ئەوەی کە بالی کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان بەشیوەیەکی سەرەکی کورسیەکانی خۆیان لەدەست بدەن. لە راستیدا ئەم سەرکەوتنەی بالی تەکنوکرات لە ئیئتلافی رانەگەیەنراوییانەوە لەگەڵ بالی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێری تاراندا بەدەست هات. ئەوەی کە بووە هۆی نزیك بوونەوەی هەردو بالی کارگوزاران و کۆمەڵەی روحانیەت لە هەلبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەماندا، نەمانی بالی کۆمەڵەی روحانیە خەباتگێرەکان بوو. لەبەرئەوەی کە لە بنەرەتدا کارگوزاران دژی سیاسەتەکانی ئەو کۆمەڵەیە بوو. بەڵام لە ماوەی چوار ساڵ کارکردنی ئەنجومەنی چوارەم بەرەبەرە جیاوازی نیوان کۆمەڵەی روحانیەت و کارگوزاران دەرکەوت. هەر ئەم فاکتەرە بوو کە لە هەلبژاردنەکانی خولی پینجەمی پەرلەماندا تەکنوکراتەکانی ناچار کرد کە روو لە کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر وەربگێرن و وەکو کۆمەلێ لە کارگوزارانی بیناکردنی ئیران لە هەلبژاردندا بەشداری بکەن. لە هەلبژاردنی خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا لە لیستی کاندیدەکانی ئەم گروپەدا ناوی دە کەس هەبوون، کە ئەم (١٠) ناوە لە لیستی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێری تارانیشدا هەبوون. رەخنە توندەکانی بالی کۆمەڵەی روحانیەت لە کارگوزاران لە ماوەی نیوان هەلبژاردنەکانی خولی پینجەمی پەرلەمان هەتا هەلبژاردنەکانی خولی حەوتەمی پەرلەمان، بوو بەهۆی ئەوەی ئەم گروپە لە هەلبژاردنی سەرکۆماردا پشتیوانی لە کاندیدی بەرامبەر ئەو کەسە بکات کە بەلای کۆمەڵەی روحانیەتەوە پەسەند بوو.

عەتا ئەللای مهاجرانی، محەممەدی هاشمی، غولامحسینی کەرباسچی، مستەفا هاشمی تەبا، موحسینی نوربەخش، رەزای ئەمرلڵایی، عەلی هاشمی و فایزەی هاشمی ئەندامانی دامەزرینەری ئەم حزبەن، کە لەنیو ئەمانەدا غولامحسینی کەرباسچی وەکو سەرۆك دیاری کراوە. رۆژنامەی (همشهری) و (ایران) لە رۆژنامەکانی سەربەم گروپەن هەفتەنامەی (بهمن)یش کە حالی حازر بڵاونابیتەوە، سەر بەم گروپە بوو.

# بەشی دووەم
## هەلویستە
## سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیەکانی
## بالەکان

هەلویستە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی بالی کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیرو ریکخراوە هاوئاراستەکانی.

٢-١-بۆچوونە سیاسیەکانی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران و ریکخراوە هاوئاراستەکانی

دەتوانین بۆچوونە سیاسیەکانی ئەم بالە لەم میحوەرانەی خوارەوەدا ریزبەندی بکەین.

ئەلف- تێروانینیان سەبارەت بە حکومەت

**١-ویلایەتی فەقیهو رابەری:**

ئەم بالە، ویلایەتی فەقیە بە مەسەلەیەکی "دەست نیشان کراو" دەزانیت نەك مەسەلەیەکی "هەلبژاردن" بەو مەعنایەی کە خەلك دەوریان لە هەلبژاردنیدا نییە. ئایەتوللا محەممەد رەزا مەهدەوی کنی کە یەکیکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران دەلیت: "ویلایەتی فەقیە مەسەلەیەك نییە کە بە هەلبژاردن بێ، بەلکو مەسەلەیەکی دەست نیشان کراوە. کەسیك کە کاری جێبەجێکردنە، مافی ئەوەی نییە کە لە مەسەلەکانی فیقهی و ئیجتهادیدا، لە بابەتە گشتییەکانی ولاتدا رای خۆی دەربری"[٥٦] حەبیبوللای عسگر ئەولادی سەرۆکی کۆمەلەی هاوپەیمانی ئیسلامیش تەئکیدی لە نەبوونی دەوری خەلك کردۆتەوە لە هەلبژاردنی وەلی فەقیهداو دەلیت: "لە غیابی ئیمامی زمان (عج)دا وەلی فەقیهی دادپەروەر بە نوینەرایەتی ئەو حەزرەتە کاروباری ئومەتی ئیسلامی لە ئەستۆدایە. رای هەندێ کەس سەبارەت بەوەی کە شەرعیەتی ویلایەت بەرای

---

[٥٦] دوو هەفتەنامە عصرما، شمارە، ٣٠، ٧٤/٩/٢٢، ص٨.

خەلکەوە دەبەستنەوە پیلان و خواستی دوژمنانی ئیسلامە. لە سیستمی ئیسلامیدا ویلایەت لەناوەرۆکی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە نەك لەرای خەلکەوە"[٥٧].

بالی کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیر و گروپە هاوئاراستەکانی لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا کە باوەری بە هەلبژاردنی وەلی فەقیه هەیە، باوەری بە دۆزینەوە (کشف)ی وەلی فەقیه هەیە، بەو مەعنایەی کە وەلی فەقیه لە کۆمەلدا هەیەو دەبێ شارەزایان (خبرگان) بیدۆزنەوە . لەم بارەیەوە لەسەر وتاری رۆژنامەی (رسالت)دا هاتووە: "خەلك ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆرانی ئاین هەلدەبژێرن و ئەو ئەرکەیان پێ دەسپێرن، کە بەرزترین زانای ئایینی بدۆزنەوە کە دووربینی ئازایەتی، خواپەرستی و دوربینی تیدابیت"[٥٨].

هەر لەم بارەیەوە کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران لە بلاوکراوەیەکی تایبەتدا نووسیوویەتی: "ویلایەتی فەقیه ریسمانی مەحکەم و حەبلی خودایی یە لە کۆمەلگای ئیسلامیدا کە شەرعیەتی خۆی لە خەلك وەرناگرێ بەلکو لە پەیوەندی بە ویلایەتی گشتی خوداییەوە وەری دەگرێ. ویلایەتی فەقیه بریتی یە لە بەردەوام بوونی ویلایەت (دەسەلات)ی پیغەمبەر (د.خ) و ویلایەتی ئیمامی (عەلی) لە سەردەمی غیابدا.. رەخنەی بریندارکەر لە تیوری پیشکەوتوو شۆرشگیرانەی ویلایەتی رەهای فەقیه لە ریگەی دابەزاندنی پایەی ویلایەتەوە بۆ وەکالەت و سنووردار کردنی لە چوارچیوەیەکی دەست نیشان کراوو لە پیشدا دیاری کراودا، بەتالٌ کردنەوەی نیزام و ئیسلامە لەدەسەلاتی واقیعی ویلایەت"[٥٩] ئایەتوللا رەزا کە یەکیکە لە ئەندامانی کۆمەلەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمیەی قوم دەلیت: "ویلایەت لە هیچ هەل و مەرجیکدا شەرعیەتی خۆی لە خەلك وەرناگرێ و قایل بوون یان قایل نەبوونی خەلك هیچ کاریك لە بنەمای ویلایەتی فەقیه ناکات"[٦٠] لە بەیاننامەی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاراندا هاتووە: "ئەنجومەن (پەرلەمان) دەبێ گویرایەلی ویلایەتی فەقیه

---

[٥٧] روزنامەهای ٧٦/٢/٤

[٥٨] روزنامە رسالت، ٧٤/٩/٢٦، ص١.

[٥٩] ویژنامە جامعە روحانیت مبارز بە مناسبت مرحلە دوم انتخابات دورە پنجم مجلس شورای اسلامی ص٣٢.

[٦٠] روزنامە کارو کارگر، ٧٥/١٢/٢١، ص٤.

بێ و له پیناوی فراوان کردنی دەسەڵاتی ویلایەت و بەدیهینانی بەهاو ئامانجەکانی شۆرشی ئیسلامیدا بە هەموو توانایەوه هەوڵ بدات"[٦١] کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تاران له بەیانیکی رەسمیدا که بڵاوی کردۆتەوه نووسیوویەتی:

"له سیستمیکی ئیسلامی له سەردەمی غیابدا، وەلی فەقیه، قسەی ئاخیر دەکات. ئەگەر کەسیك یان کەسانیکی دیکەش بیانەوێ لەلایەن خۆیانەوه قسەیەکیان هەبێ بۆ گوتن و له بەرامبەر رابەرو وەلی فەقیهدا هەق و متمانه بەخۆیان رەوا ببینن، یەکەم ملکەچی عەمەلی ئەمانه بۆ ویلایەتی رەهای فەقیه دەکەویته ژیر پرسیارەوه، دووەم چیتر بەرد لەسەر بەرد بەند نابێ و پاشاگەردانی له کۆمەلگادا فەرمان رەوا دەبیت"[٦٢] رۆژنامەی (رسالت) که هەلویستی له کۆمەڵەی روحانیەتەوه نزیکه بەشیوەیەکی رەخنەگرانه لەم بارەیەوه نووسیوویەتی: "دەلین هەموو مرۆڤەکان له بەرامبەر خودا یەکسانن و هیچ کەسی بەسەر یەکیکی دیکەدا ویلایەتی نییه.. دەلین.. ئەرك و دەسەڵاتەکانی رەهبەرو وەلی فەقیه له دەستووردا دیاری کراوه"[٦٣]

بەوپێیەی که ئەم باله باوەری به "هەلبژاردنی" ویلایەتی فەقیه نییەو به (دەست نیشان کردنی) قایله، باوەری بەجۆریك پیرۆزی هەیه بۆ رابەری، ئەم باله رابەری شۆرش به (پشت ئەستوور به پشتیوانی خوا) دەزانیت. له بەیانیکی دیکەی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیردا هاتووه، "شۆرشی ئیمه لەبەر مەحکەمی بنەمای تیوری خۆی سەبارەت به رابەری هەرگیز دوچاری لاوازی، سستی و دواکەوتن نابیت. رابەری ئەم شۆرشه پشتی به پشتیوانی خوا بەستووەو مادام که ئەم رابەرییه پەیوەندییەکی خودایی و پەیمانیکی قورئانییەو چەند پەیمانیکه لەسەر (وەحی) بنیات نراوەو بەرقەراره، هیچ جیگایەك بۆ درزەکردنی دوژمنانی دەرەکی نامینیتەوه"[٦٤] هەروەها رۆژنامەی (رسالت) نووسیوویەتی: "وەلی فەقیه له سایەی توانای جیگیری دادپەروەری و عیلم و تەقواوه (ئەویش نەك لەسەر ئاستی ئاسایی

---

[٦١] ویژه نامه روزنامه رسالت، ١٩/ ٧٤/١١،.

[٦٢] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارز تهران به مناسبت انتخابات دروه پنجم مجلس شورای اسلامی.

[٦٣] روزنامه رسالت، ٧٤/٥/١٥، ص١.

[٦٤] ویژەنامه روزنامه رسالت، ٧٤/١١/١٩.

بەلكو لەسەر ئاستی بالاّ) لە گوناهو لادان پاریزراوە بۆیە ئیسلام وەلی فەقیهی كردووە بە حاكم و چاودیری ئەوانی دیكە. كەواتە چ كەسیك و كام دەزگا دەتوانێ لە سەروو وەلی فەقیهەوە بیت و چاودیری بكات"[٦٥] لەلایەكی دیكەوە ئەم رۆژنامەیە هەر جۆرە رەخنەیەكی لە وەلی فەقیە رەت كردۆتەوە و دەنووسێ: "ویلایەتی فەقیە ئەمرۆ بنەمای نیزامی حكومەتی ئیمەیەو ناتوانرێ بە ئاسانی لە تریبون و دەزگاكانی راگەیاندنی گشتی‌دا رەخنەی لێ بگیرێ"[٦٦]

ئەم بالە شەرعیەتی تەواوی دەزگاكانی كۆمەل بە وەلی فەقیهەوە گرێ دەدات. لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا كە شەرعیەتی پەرلەمان بە خەلكەوە گرێ دەدات، ئەم بالە شەرعیەتی پەرلەمانیش بە وەلی فەقیهەوە دەبەستیتەوە، نوینەرانی سەر بەم بالە لە خولی چوارەمی پەرلەماندا لە نامەیەكدا بۆ ئایەتوللاّ سەید عەلی خامنەئی رابەری شۆرش نووسیان: "ئیمە پەسەندی پەرلەمان بە بەشیك لەو شەرعیەتە دەزانین كە لە ولایەتەوە سەرچاوە دەگرێ"[٦٧] بەم پێیە ئەم بالە رۆلیكی سنووردار بە پەرلەمان رەوا دەبینێ و بە بازووی یاسادان و چاودیری وەلی فەقیهی دەزانێ[٦٨].

هەر لەم پیناوەدا كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران لە بەیاننامەیەكدا رایگەیاند: "ئەنجومەنی شورای ئیسلامی دەبێ بازووی ویلایەت بێ لە ئیدارەی كاروباری ولاّتدا و لە پیناوی بەدی هینانی بۆچوون و خواستەكانی ویلایەت لە ولاّتدا هەنگاو هەلبگرێ"[٦٩] هەروەها ئەم كۆمەلەیە لە بەیانیكی ئاشكرادا نووسیوویەتی: "پەرلەمان.. دەبێ بە تەواوی مەعناوە ویلایەت قبول بكات و لەژیر فەرمانی مەقامی موعەزەمی رابەری حەزرەتی ئایەتوللاّ خامنەئی‌دا بێ. ئەم پەرلەمانە دەبێ هەموو هەولیكی خۆی بخاتەگەر بۆ ئەوەی لە جاران زیاتر زەمینەی

---

[٦٥] دو هەفتەنامە عصرما، شماره ٦٥، ٧٥/١٢/١٦، ص١٥ به نقل از روزنامه رسالت ٧٥/١١/٢٨.

[٦٦] روزنامه رسالت، ٧٥/١١/٢٤، ص١.

[٦٧] روزنامه اطلاعات، ٧١/٣/١٣، ص٢.

[٦٨] ویژەنامه روزنامه رسالت ٧٤/١١/١٩ سخنان صدر نمایده جامعه روحانیت در مجلس شورای اسلامی.

[٦٩] روزنامه اطلاعات، ٧٤/١٢/١٠، ص٢.

فراوانکردنی وەلی فەقیه فەراهەم بێ. دەبێ یەکەم خەیاڵ و دوا خەیالی ئەندام پەرلەمانەکان، بەریکی و بەتەواوی جێبەجێ کردنی نیازەکانی رابەری بیت"[٧٠].

ئەم باله هیندە باوەری بە جەمهوریەتی نیزام نییەو پێی وایە، نموونەی حکومەتی ئیسلامی دەبیت لەسەر بنەمای ریوشوینەکانی باوەری ئیسلام بنیات بنرێ. هەر لەم بارەیەوە کۆمەلەی هاوپەیمانی ئیسلامی پیشنیازی بۆ "کۆمەلەی دەست نیشان کردنی بەرژەوەندی نیزام" کرد کە لە گۆرینی نیزامی جمهوری بۆ "حکومەتی عەدلی ئیسلامی" بکۆلیتەوە. بلاوکراوەی "شما" ئۆرگانی کۆمەلەی (موئتەلیفە)ی ئیسلامی نووسیوویەتی: "پیشنیاز دەکرێ کۆمەلە.. سەبارەت بە.. شیوەی گەیاندنی نیزام لە کۆماری ئیسلامیەوە بۆ نیزامی حکومەتی عەدلی ئیسلامی.. باس و لیکۆلینەوە بکات و بۆچوونە راویژکارییەکان پیشکەش بە وەلی ئەمری مسولمانان بکات"[٧١] لەم بارەیەوە ئایەتوللا مەهدەوی کنی دەلیت: "هەر حکومەتێ کە فەرمانرەواکەی لەلایەن خوداوەندەوە دانرابێ و بریاری لەسەر درابێ بە یاسایی دەزانین هەرچەندە هەموو خەلکیش قبولیان نەبێ و بە پیچەوانەشەوە هەر حکومەتی لەلایەن خوداوەندەوە بریاری لەسەر نەدرابێ و رێی پێ نەدرابێ، بە نایاسایی دەزانین و حکومە تیکی سەپینراوە، هەرچەندە خەلکیش پەسەندیان کردبێ.. لە حکومەتی خودایی و ئایینیدا سنوورو ئەرك و دەسەلات و مافەکانی خەلك لە بەرامبەر فەرمانرەوادا لەلایەن خوداوەندەوە دەست نیشان دەکرێ وئەگەر بیجگە لەم شیوەیە ویناکریت حکومەتی خودایی مەعناو متمانەیەکی نابیت.. حکومەت هەرچەندە لەسەر حەق و حەقیقەت راوەستابێ دەبێ کارو کردەوەی مایەی پەسەندکردنی خەلك بێو لەلایەن خەلکەوە پشتیوانی لی بکرێو لە بنچینەدا جگە لەم ریگەیە ریگەیەکی دیکە لە بەردەم حکومەتی دینیدا نییە کە لە سەر بیروباوەری خەلك بنیات نراوە.. بەلام.. پەسەندکردنی خەلك بە تەنها بەس نییە، بەلکو لەگەڵ جێبەجێکردنی مەقامی ویلایەتدا کامڵ دەبیت"[٧٢].

---

[٧٠] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارز به مناسبت دوره دوم انتخابات مجلس شورای اسلامی ٧٥/١/٢٤، ص ٣٢.

[٧١] هفتەنامه شما، شماره ٧، ٧٦/١/٢١، ص ٧.

[٧٢] روزنامه رسالت، ٧٦/١/٢٧، ص٥.

هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه به‌یاننامه‌ی كۆمه‌له‌ی روحانیه‌تی خه‌باتگیر نووسیوویه‌تی: "سه‌ره‌كی ترین جیاوازییه‌كانی هه‌لبژاردن له كۆماری ئیسلامی ئیران و ته‌واوی ولاَته‌كاندا (له‌وه‌دایه) كه له ولاَته‌كانی دیكه هه‌لبژاردن له نیوان باش و گه‌نده‌لدایه، به‌لاَم له كۆماری ئیسلامی ئیراندا له‌گه‌ل بوونی شورای نگهبان و یاسای هه‌لبژاردندا، (چاودیری راسته‌قینه‌ی) خه‌لك ئه‌وه‌یه له نیوان باش و باشتردا هه‌لده‌بژیرن"[٧٣] ئایه‌تولا موحدی كرمانی ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی مه‌ركه‌زی روحانیه‌تی خه‌باتگیری تارانیش له چاوپیكه‌وتنیكدا گوتی: "له ئیسلامدا هه‌لبژاردنی باشتر ده‌خریته روو، نه‌ك ركابه‌ری هه‌لبژاردن به‌شیوه‌ی خۆرئاوایی، بۆیه ئه‌و داوایانه له قالبه تایبه‌تیه‌كانی دیموكراسی خۆرئاوادایه كه ده‌رباره‌ی خوداو دین هیچیان نه‌بیستووه"[٧٤].

رۆژنامه‌ی رسالت به‌شیوه‌یه‌كی ناراسته‌وخۆ "جمهوریه‌ت" ده‌خاته ژیر پرسیاره‌وه‌و به‌م شیوه‌یه ده‌نووسیت: "شۆرشی ئیسلامی كۆمپانیای پشك (سهم) نی‌یه كه ده‌سته‌ی به‌ریوه‌بردنی به‌پیی بری سه‌رمایه‌و راده‌ی ده‌سه‌لاَتی ئه‌ندامه‌كان پشكی شه‌ریكه‌كان بپاریزی. شۆرش مه‌سه‌له‌یه‌كی خوداییه. ئه‌گه‌ر پشكیشی تیدا بخریته روو، هی ئه‌و كه‌سانه‌یه كه خواپه‌رستی بكه‌نه پیشه، ریز له سنووره‌كانی خودا بگرن و كارامه‌بن"[٧٥] قسه‌ی یه‌كیك له ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی رۆژنامه‌ی (رسالت) ئه‌وه نیشان ده‌دات كه ئه‌م باله رای خه‌لك له به‌رامبه‌ر خودادا داده‌نی. ئه‌م ئه‌ندامه ده‌لیت: "قسه‌و باسی وه‌كو وه‌كاله‌ت یان بایه‌خ دان به خه‌لك و ته‌ئكید كردنه‌وه له‌سه‌ر دیموكراسی ره‌نگه به رووكه‌ش په‌یوه‌ندییه‌كی به ئافاتی شۆرشه‌وه نه‌بی، به‌لاَم كاتیك به قولی سه‌رنجی مه‌سه‌له‌كه ده‌ده‌ین هه‌ست به‌وه ده‌كه‌ین كه ئه‌مانه ده‌یانه‌ویت په‌یوه‌ندی نیوان زه‌مین و ئاسمان نه‌هیلن"[٧٦] ده‌توانین بلیین كه ئه‌م باله له‌جیاتی جه‌مهوری باوه‌ریان به (حكومه‌تی سالحان) (روحانیه‌كان) هه‌یه.

---

[٧٣] دو هفته‌نامه عصرما، شماره ٣٣، ٧٤/١١/٤، ص ١ به نقل ازبولتن جامعه روحانیت مبارز نیمه اول ازار ٧٤.

[٧٤] ویژه‌نامه جامعه روحانیت مبارز تهران به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی ص١٢.

[٧٥] روزنامه رسالت ٧٤/٤/١٠، ص١.

[٧٦] ماهنامه صبح، شماره ٦٧، اسفند ٧٥، ص٢١.

ئایەتوللا محەممەدی یەزدی ئەندامی ئەنجومەنی مەركەزی كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر باوەری وایە كە: "سیاسەت و حكومەت و ویلایەت له كاروباری روحانیەتدا هەموو مەرجەكانی تیدایەو لەكاتیكدا كە فەقیه هەموو مەرجەكانی تیدابێ و رابەری نیزامی ئیسلامی هەبێ، باقی خەلك مافی دەستوەردانیان له مەسەلەكانی حكومەتی دا نییە"[٧٧] بەیاننامەی كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تارانیش لەم بارەیەوە بەم جۆرە دەنووسێ: "چاودیری راستەقینەی شورای نگهبان، گرنگترین ئامرازی پاریزگارییە بۆ پاراستنی رەئی خەلك و مافی میللەت له لادان و پروپاگەندەی كەسانی ناسالح. چاودیری راستەقینە ئەو خاسیەتەی هەیە كە كەسانی سالح لەلایەن شورای نگهبانەوە دەست نیشان دەكرین و خەلك لەنیو ئەوانەدا كەسانی سالح تر هەلدەبژیرن"[٧٨] بلاوكراوەی (شما)ش نووسیوویەتی "مەفهومی حكومەت جگە له ویلایەت شتیكی دیكە نییە"[٧٩].

ئەم باله باوەری وایە، كە روحانیەكان دەبێ جلەوی كاروباری كۆمەلیان لەدەست دابێ. بۆلتنی (بەیاننامە)ی كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران لەم بارەیەوە نووسیوویەتی:

"هەر حكومەتێ لەگەڵ روحانیەتدا نەبێ و هەر هەولیك كە له بەرامبەر روحانیەتدا بوەستێ و بۆ له گۆرەپان دەركردنی روحانیەتی راستەقینە ئەنجام بدرێ، لادانیكی گەورەیە له خەتی ئیمام"[٨٠] عەلی ئەكبەر ناتقی نوری كە یەكیكە له ئەندامە بەرجەستەكانی كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر دەلیت: "روحانیەت لەبەرئەوە گۆرەپان چۆڵ ناكات بۆ ئەوەی كە شۆرش له ریرەوی سەرەكی خۆی لانەدات و میژووی مەشروتە دوبارە نەبیتەوە.. رۆحانیەت وەكو میراتگری پیغەمبەران و ئیمامە بێ گوناهەكان، پەیام گەیاندنی ئاینی خوداو رینمایی خەلكی له ئەستۆدایە. بۆیە

---

[٧٧] روزنامه سلام، ٧٦/٤/٢٦، ص٢.

[٧٨] دو هفتەنامه عصرما/ شماره ٢٨، ٧٤/٨/٢٤، ص٣ به نقل از خبرنامه جامعه روحانیت مبارز، شماره ٢٠.

[٧٩] دوهفته نامه شما، شماره ١٠، ٧٦/٢/١١، ص٦.

[٨٠] بولتن جامعه روحانیت مبارز تهران ویژه مرحله دوم انتخابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی ٧٥/١/٢٤.

ئیمە بۆ بەجێ هینانی ئەرکی سەرشانمان چووینە مەیدانی هەلبژاردنەوە"٨١ هەروەها گوتوویەتی:"روحانیەت و زانایانی ئاینیمیراتگری پیغەمبەرانن و ئەمەش بە مەعنای ئەوەیە کە لە راستیدا روحانیەت دەبێ لە بواری رینمایی کردنی خەلکدا ئەرك و بەرپرسیاریتی پیغەمبەران لە ئەستۆ بگرێ"[٨٢] لەلایەکی دیکەوە ئەم بالە باوەری بەوە نییە کە زانا ئاینی و روحانیەکان وەلامی خەلك بدەنەوە، چونکە ئەمانە (بۆ بەجێهینانی ئەرکی سەرشانیان) دینە ناو چالاکی سیاسەتەوە. بۆ تەئکیدکردنی هەمان بۆچوون رۆژنامەی رسالت نووسیوویەتی: "زانا ئایینیەکان لە بەرامبەر خودادا بەرپرسیارن"[٨٣]. بە باوەری ئەم بالە بەرژەوەندی کۆمەڵ لەسەرەوە و لەلایەن وەلی فەقیهەوە دەست نیشان دەکرێ. رۆژنامەی رسالت نووسیوویەتی: "وشەی رەها لە (ویلایەتی رەهای فەقیهدا) دەربری دەسەلاتەکانی حکومەتە.. مەعناکەی بریتییە لەو دەسەلات و توانایەی کە فەرمان رەوا بتوانیت بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و خەلك هەر کیشەیەك چارەسەر بکات و هەر کۆسپیك لەسەر ریگە لابدریت"[٨٤].

## ٢-حزبەکان

بە سەرنجدان لە جۆری تێروانینی ئەم بالە بۆ ویلایەتی فەقیە وەکو باسکرا، چالاکی حزب بەرای ئەم بالە بەو شیوە باوەی لای حکومەتە دیموکراسیەکان نابێ. ئایەتوللا حائری شیرازی کە لە رووی بۆچوونەوە لە کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیرەوە نزیکە لەم بارەیەوە دەلیت:

"لە کۆمەلگای ئیمەدا لەجیاتی ویلایەتی حزب، ویلایەتی فەقیهە. ئەگەر حزب لە ولاتی ئیمەدا بیەوێ بیتە مەیدانەوە دەبێ لە چوارچیوەی بیری ئیمەدا بێ. واتە حزب

---

[٨١] روزنامە رسالت، ٧٤،١٢،٢٧، ص٢.

[٨٢] ماهنامە ایران فردا، شمارە ٣٠، بهمن ٧٥، ص ٦١ بە نقل از روزنامە رسالت ٧٥/٨/٢٧.

[٨٣] همان، ٧٤/٤/١١، ص١.

[٨٤] همان، ٧٤/١٠/٩، ص٢.

خەتیك و فەقیهیش خەتیكی دیكه نەبیت. چونكه لەو حالەتەدا دوو جەمسەر دروست دەبیت و حالەتی بازنەیی دەگۆریت بۆ هیلكەیی و ئارامی لەناو دەبات"[٨٥].

له لایەكی دیكەوه بـه سـەرنجدان لـەو تێروانینـه رەهایـەی ئـەم بالـه هەیـەتی و بۆچوونەكانی دیكه به هەله دەزانێ، چالاكی حزب مەعنایەكی نابێ. ئەم باله، باله سیاسیەكانی دیكه به لادەر له خەتی شـۆرش دەزانیـت و هـەتا كۆمەلـەی روحانیـه خەباتگیرەكان كه له كۆمەلـەی روحانیـەتی خەباتگیری تاران جیابۆتـەوه، بەلادەر له بنچینەكانی ئیسلام دەزانیت.

بەپێی هەمان بۆچوون، رۆژنامەی رسالت دەنووسیت:

"به بۆچوونی ئیمه كارنامەی سیاسی ئەم باله (روحانیه خەباتگیرەكان) له دوای كۆچی دوایی حەزرەتی ئیمام (قده) هەتا ئەمرۆ هەلویست و كردەوەی وای تیدایه كه هـەندیكیان نـەك هـەر لەگەڵ بنچینـه ئیسـلام و شۆرشـدا نـاگونجین، بـەلكو لەگـەلیدا ناكۆكیش دینه بەرچاو.. ئەو ریرەوەی كه (روحانیه خەباتگیرەكان له سالی ١٩٨٩)، هەتا ئەمرۆ هەنگاویان تیدا ناوه ریگا نەبووه بەلكو گومرایی بووه"[٨٦]. بەشیوەیەكی گشـتی ئـەم بالـه، بـەپێی ئـەوەی كـه لـه هەوالنامەكـەی خۆیـدا هیناویەتیـەوه بالـه سیاسیەكان بـۆ دوو گروپـی "ئسـولی و بـێ ئسـوڵ" دابـەش دەكـات. "لـه مـەیدانی هەلبژاردنـەكانی خولی پینجەمی پەرلەماندا دوو رەوتـی سـەرەكی كه گروپـی جیـاواز پاشكۆیانه ركابەری یەكتری دەكەن:

ئەلف- رەوتیك كه پشت به ئسوڵ و بنـەماكانی ئیسـلامی دەگمـەنی محەممـەدی (د.خ) دەبەستێ، پەیرەوی ویلایـەت دەكات و لایـەنگری ئامادەبوونی روحانیەتـه لـه مەیدانی سیاسیدا.

ب-رەوتیك كـه بـاوەری بـه لیـبرالیزمی فەرهـەنگی و سیاسـی و ئـابووری هەیـەو ئامادەبوونی بەهیزی ویلایەت و روحانیەت له گۆرەپانی ولاتدا تەحەمول ناكات)[٨٧].

بەیاننامەی ئەم كۆمەلەیه له جیگایەكەی دیكەدا نووسیوویەتی:

"بـه شـیوەیەكی گشـتی لـه حـالی حـازردا دوو رەوتـی كاریگـەر لـه مەسـەلەی هەلبژاردندا بەدی دەكرێ:

---

[٨٥] دوهفته نامه عصرما، شماره ٦٣، ص٧ به نقل از نشریه اروند، ٧٥/١١/٨.

[٨٦] روزنامه رسالت، ٧٤/١٠/١٤، ص٢.

[٨٧] دوهفته نمنامه عصرما، شماره ٢٨، ٧٤/٨/٢٤، ص٤ به نقل از بولتن جامعه روحانیت مبارز، شماره ٢١.

١-رەوتی سەر خەتی ویلایەت

٢-رەوتی دەرەوەی خەتی ویلایەت

دەتوانین رەوتی دووەم بەتارماییەك ناوبەرین بەو مەعنایەی کە ئەو باڵ و رەوتانەی کە لە رابردوودا لەگەڵ یەکتری دا چەند جیاوازییەکیان هەبوو، ئەمرۆ لەسەر بنەمای چەند بۆچوون و بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە یەکتری نزیك بوونەتەوەو جۆریك لە هاوپەیمانیان لە دژی رەوتی یەکەم پیك هیناوە. هەرچەندە ئەم هاوپەیمانیە بە رەسمی رانەگەیەنراوە بەلاّم بەلگەو شایەتی زۆر شایەتی لەسەر ئەو نزیکی و هاوکارییە دەدەن"[88].

حیجەتول ئیسلام مطلبی ئەندامی ئەنجومەنی مەرکەزی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تاران لە چاوپیکەوتنیکدا دەربارەی هاتنە ناوەوەی گروپ و رەوتە سیاسیەکان بۆ مەیدانی هەلبژاردن، لەگەڵ پیشوازی لەو مەسەلەیەدا، دەربارەی ئەگەری دزەکردنی (کەسانی نامەسئول و ناویلایەتی) لە هەل و مەرجیکی لەو جۆرەدا قسە دەکات، لە کاتیکدا کە ئەم کەسانە لەلایەن شورای نگهبانەوە پەسەند کراون. مطلبی دەلیت: "هاتنە ناوەوەی گروپەکان و پیشکەش کردنی لیستی نوینەرایەتی زۆر باشە. چونکە یەکەم کەش و هەوای هەلبژاردن گەرم دەبیت و دووەم تۆمەتەکانی دوژمنانی ناوخۆو دەرەوە پوچەڵ دەکاتەوەو ئەوە نیشان دەدات ئازادی واقیعی لە سیستمی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی‌دا هەیە. هەلبەتە لەم حالەتەدا ئەرکی خەلك زۆر قورس دەبیت و دەبیت زۆر ورد بن بۆ ئەوەی کەسانیك هەلنەبژیرن کە سبەی رۆژی زیندووبوونەوە بۆ وەلاّمدانەوە بەلگەی شەرعیان بەدەستەوە نەبیت.

لەم کاتەشدا روحانیەت بەرپرسە لەوەی کە رۆلی رینمایی و بەرچاوروون کەرەوەی خۆی پیادە بکات، چونکە ئەگەری دزەکردنی کەسانی نامەسئول و ناویلایەتی زیاتر دەبیت"[89].

بە تێروانینیکی لەمجۆرەوە ئەم باله پشتیوانی لە دروست کردنی حزب دەکات. عەلی ئەکبەر ناتقی نوری لەم بارەیەوە دەلیت: "ولاّتیك کە پشت بە هەلبژاردن ببەستێ، بێگومان پیویستی بە ریکخراو و حزبایەتی هەیە. بەلاّم حزبەکان دەبێ

[88] همان، شماره ٣٢، ٧٤/١٠/٢٠، ص٢ به نقل از بولتن جامعه روحانیت مبارز، ابان ٧٤.

[89] ویژنامه جامعه روحانیت مبارز تهران، به مناسبت انتخابات مجلس پنجم، ص ١٩.

گەورەو سەرتاپاگیر بن"[٩٠] بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم باله دژی ئەوەیه که حزبایەتی وەها فراوان بکریت بگاته سەرو روحانیەتیش.، ئایەتوڵڵا مەهدەوی کنی دەڵیت: "من دژی حزبایەتی روحانیەتم چونکه روحانی باوکی خەڵکه"[٩١].

عەلی ئەکبەر ناتقی نوریش دەڵیت: "روحانیەت خەباتگیری حزب نییه.. ئیمه وەکو حزب کار ناکەین"[٩٢].

پیدەچیت ئەم باله پیناسەیەکی تایبەتی بۆ چالاکی حزب هەبێ، چونکه بۆ بەدەست هینانی دەسەڵات باوەری به چالاکی حزب نییه. ئەسەدوڵڵای بادامچیان که یەکیکه له سەرانی کۆمەلەی هاوپەیمانی ئیسلامی دەڵیت:

"ئایا بۆ دەستوەردان له دەسەڵات حزب دروست دەکەین؟ ئەگەر بۆ دەستوەردان له دەسەلات حزب دامەزرینین کاریکی نائیسلامیمان کردووە. رۆشنبیری ئیسلام ئەمەی قبوڵ نییه"[٩٣] بەڵام بەشیوەیەکی گشتی ئەم باله "دەربارەی میحوەری ویلایەتی فەقیهو بەها پەسەندکراوەکان.. فرەمینبەری به شتیکی پیویست دەزانیت"[٩٤].

### ٣-ئازادی:

به سەرنجدان له تێروانینی ئەم باله بۆ ویلایەتی فەقیهو حزب، ئازادی چالاکی سیاسی و چاپەمەنی بۆ ئەو گروپانەی که بەلایانەوە پەسەنده، به پیویست دەزانن. چونکه هەروەکو باسکرا ئەم باله تێروانینیکی رەهای هەیەو بۆچوونی بالەکانی دیکه بەلادان له ئسولی ئیسلام دەزانیت. لەم بوارەدا، ئەم باله بەو (خەته سورانه) قایله که نابێ به هیچ جۆرێ رەخنەیان لی بگیرێ. رۆژنامەی رسالت دەنووسێ: "له نیوان بنەماو قەدەغەکراوەکاندا چەند بنەمایەك هەیه که له باقی ئەوانی تر گرنگ

---

[٩٠] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٣٠، ٧٤/٩/٢٢، ص١.

[٩١] روزنامەهای ٧٤/٩/٢٩.

[٩٢] روزنامه ابرار، ٧٥/٤/١٩، ص٤.

[٩٣] روزنامه اخبار، ٧٤/٨/٩، ص٤.

[٩٤] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارزه به مناسبت مرحله دوم انتخابات دوره بنجەم شورای اسلامی، ٧٥/١/٢٤، ص٢٨.

ترەو حەساسیەتی خەلك سەبارەت بەوانە زیاترەو چاودێری کردنیان پێویست ترەو بریندارکردنیان لە هەموو شتێ زیاتر قسەی لەسەر دەکرێ، ئەم بنەمایانە بریتین لە:

١-ویلایەتی فەقیە.

٢-شەخسیەتی رابەری ئیمام خومەینی.

٣-کاروپلەوپایەی روحانیەت کە بەشێکە لە بنەما سەرەکیەکان و خەتە سوورەکانی نیزامەو ئەگەر کەسێك بە قەلەم و بە هەر دەربرینێك هەوڵ بۆ لاوازکردن و بریندارکردنیان بدات ئاو بە ئاشتی دوژمنانی ئەو شۆڕشە دا دەکات"[٩٥].

محەممەد جواد لاریجانی نوێنەری کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا تەئکید لە دەرکردنی (لادەران لە ڕێبازی ئیسلام) دەکاتەوەو دەڵێت: "ڕێکخراوێکی سیاسی کە لە ڕێبازی ئیسلام لایدابێت دەبێ وەکو مزگەوتێکی زیان بەخش تەماشا بکرێ کە ئەگەر نەروخێنرێ، بێگومان کاول کاری دێنێ"[٩٦].

ئەم باله بوونی دیدگا جیاوازەکانی لە (مەداری حەق)دا قبوله. هەروەها محەممەد جەواد لاریجانی لەم بارەیەوە ووتوویەتی:

"لەسەر مەداری حەق ئیمە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە فیکری جیاواز بتوانن بوونیان هەبێ.. ئیمە دەبێ بواری ئەوە بدەین کە فیکری جیاواز لەسەر مەداری حەق پێکەوە گەشە بکەن. واتە لەسەر مەداری حەق ئیمە دەتوانین جیاوازیمان هەبێ. بۆ نموونە ئەوەی کە دوو فەقیە لەسەرێك مەسەلە چەند بۆ چوونیکیان هەبێ"[٩٧]

**٤-بەشداریی سیاسی:**

ئەم باله لەلایەنی (حەق)ەوە تەماشای بەشداریی سیاسی خەلك ناکات بەلکو لەلایەنی (ئەرك)ەوە تەماشای دەکات. کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر لە بەیاننامەیەکدا بەم شێوەیە باس لەم مەسەلەیە دەکات: "بەشداریی سیاسی لە مەسەلەی هەڵبژاردندا ئەرکێکی شەرعیە کە نابێ لەم مەسەلەیەدا بواری هیچ

---

[٩٥] روزنامه رسالت، ٧٥/١١/٢٣، ص١.

[٩٦] ویژەنامه جامعه روحا نیت مبارز تهران به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی، ٧٥/١/٢٤.

[٩٧] دوهفتەنامه شلمچه، شماره ٦،٧، فروردین و اردبهشت ٧٦، ص١٤.

دوودلیـەك بـدرێ"[٩٨] هـەروەها ئـەم كۆمەلەیـە لـە بۆلتنـی خـۆیدا نووسـیوویەتی: "ئامادەبوون له هەلبژاردنەكانی ئیرانی ئیسلامیدا لەو لایەنەوە بوو كە فەرمانیكی خودایییە، زیاتر لایەنی مەعنەوی لەخۆی دەگرێ"[٩٩] و هەر لەم بارەیەوە دریـژەی دەداتێ:

"ئامادەبوونی خەلك له مەیدانەكەدا بەرلەوەی ئەركیكی كۆمەلایەتی حكومی بیت، پیویستیەكی ئایینیە. بۆیە هەرگیز ئەركی ئامادەبوون لە مـەیدان و بەشـداریی لـە مەیدانه جیاوازەكاندا له ئەستۆی كەسیك له تاكەكانی كۆمەلّدا نامالرێ. له بنچینـەدا ئامادە بوون لـە مـەیدان و بەشـداریی مەسـەلەیەكی تایبەتییـەو بـەوجۆرە نییـە كـە ئەگەر ژمارەیەك له مەیدانەكەدا ئامادەبوون ئەركی سەرشانی ئەوانی دیكه نامینێ. ئیمە چونكە لە گۆشە نیگای ئاینی و حكومـەت و شۆرشـەوە لـە بەشـداری گشـتی دەروانـین پیمـان وایـە كـە نابێ هیـچ ریگریـك لەسـەر ریگـای بەشـداری گشـتیدا هەبیت"[١٠٠].

ئەم باله هەتا ئەو شوینە بەشداریی خەلكی لە چالاكیە سیاسیەكان قبولە كە لـە پیناوی ئەو بۆچوونانەدا بێ كە بەلای ئەوەوە پەسەندە. ئایەتوللا مەهدەوی كنی لـەم بارەیـەوە دەلیـت: "رای خـەلك بـەلای ئیمـەوە گرنگـە بـەلام ئـەم ریزگرتنـە دەبیـت بەشیوەیەك بیت كە پرانسیپی بنچینـەیی نەكەویتـە ژیـر پرسیارەوە"[١٠١] لـە راستیدا ئـەم بالـە وەكـو پـەیمان تـازە كردنـەوە لـەرای خـەلك دەروانـێ. ئایـەتوللا (محەممـەد ئیمامی كاشانی) ئەندامی ئەنجومـەنی مەركـەزی كۆمەلـەی روحانیـەتی خـەباتگیری تـاران لـە باسـیكدا دەربـارەی شـەرعیەتی ویلایـەتی فەقیـە ووتوویـەتی: "پـەیمان تازەكردنـەوە لایـەنی بـەكردەوە بـەدی هینـان و لـە دەرەوە هـەنگاو هـەڵ هینـانی تیدایە"[١٠٢].

[٩٨] بیانیه جامعه روحانیت مبارز تهران، ٧٤/١١/١٢.

[٩٩] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارز تهران به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس شورای الاسلامی، ٧٥/١/٢٤، ص٢٨.

[١٠٠] همان، ص٢٤.

[١٠١] ماهنامه صبح، شماره ٦٧ اسفنده ٧٥، ص٦.

[١٠٢] سغنرانی درنماز جمعه تهران، ٧٦/٢/٥.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونانە وادیارە كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیر، بەشێوەیەكی گشتی لە بەشداریی سیاسیدا ئەولەویەت بە "ئامادەبوونی خەڵك لە رێپێوانەكان، پێشوازی لە كاربەدەستان، بەشداری لە هەڵبژاردندا" دەزانێت و لەو شوێنەدا كە قسە دێتەسەر (رێكخراو و حزبی سیاسی) لەگەڵ پێشگری "رەنگە"دا ئاماژەی بۆ دەكات. كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیر لە ویژەنامەی خۆیدا دەنووسێت "بەشداریی خەڵك شێوازی جۆراوجۆری هەیە كە جارێك بەشێوەی ئامادەبوون لە رێپێوانەكان، پێشوازی لە كاربەدەستان، بەشداری لە مەراسیمی خواپەرستی-سیاسی نوێژی هەینی، جارێك بەشێوەی ئامادەبوون لەبەردەم سندوقەكانی دەنگدانی ریفراندۆم، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و خبرگان، سەركۆمار یان هەڵبژاردنی ئەنجومەنە ئیسلامیەكانی شارو دێ خۆی دەنوێنێ. (رەنگە) جارێكیش بەشێوەی رێكخراو و حزبی سیاسی و ئامادەبوونێكی رێكخراو بێ لە مەیدانە جیاوازەكان"[١٠٣]دا.

بەڵام ئەم باڵە باوەڕێكی ئەوتۆی بە بەشداریی سیاسی نییە بەو مەعنایەی كە لە سیستمە دیموكراسیەكاندا هەیەو پەیوەندی لەگەڵ زانا ئایینیەكانداو ئامادەبوون لە مزگەوتەكان و هەنگاوی لەم جۆرە بە بەشداریی سیاسی لێك دەداتەوە. ئایەتوڵڵا مەهدەوی كنی لەم بارەیەوە پێی وایە كە: "تەنها رێگەی بەشداری سیاسی خەڵك لە حزبەكاندا نییە. خەڵك لە رێگەی پەیوەندییانەوە لەگەڵ زانا ئایینی و گەورەكاندا.. بەشداری لە كاروباری سیاسیدا دەكەن و شۆڕشەكەی ئێمە نموونەیەكی دیكەی بۆ بەشداری هەیە، هەمان ئەوەی كە خەڵك لە شەوو رۆژێكدا چەند جارێ لە مزگەوتەكاندا بۆ خواپەرستی ئامادە دەبن و پەیوەندی لەگەڵ رابەرانی ئاینیدا دەبەستن و دەربارەی مەسەلە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان پرس و رادەكەن، جگە لە زانا ئایینیەكان لەگەڵ مسولمانە هوشیارەكانی دیكەدا پەیوەندییان هەیە، ئەمە بۆخۆی جۆرێكە لە ئامادەبوونی سیاسی. شۆڕش لە مزگەوتەكانەوە بە رێنمایی زانا ئاینی و روحانیەكان دەستی پێكردو بەردەوام بوونیشی بەهەمان رێوشوێن پێشكەوت. ئەمەش دەتوانێت نموونەیەك بێت بۆ بەشداری سیاسی، واتە ئامادەبوون لە مزگەوت و پەیوەندی كردنی مسولمانان بەیەكەوە لە كاروباری گرنگی وڵاتدا. جۆرێكە لە بەشداریی سیاسی"[١٠٤].

---

[١٠٣] ویژەنامە جامعه روحانیت مبارز تهران، به مناسبت انتخابات دوره بنجم مجلس شورای اسلامی ٧٥/١/٢٤، ص٣٤.

[١٠٤] ویژنامە روزنامه رسالت، ٧٤/١١/١٩.

### ٥-ناردنه دەرەوەی شۆڕش:

بالی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر پێی وایە ئیران "ام القرای دار السلام"ە. عەلی ئەکبەر ناتقی نوری لەم بارەیەوە دەلیت:

"مەسئولیەتی "سەرکۆمار" مەسئولیەتیکی قورسەو سەرەرای بەرپرسیاری لە ٦٠ ملیون کەسی ئیران، بەرپرسیاری یەك ملیار و چەند سەد ملیۆن مسولمانیش لە ئەستۆی سەرکۆماردایە. چونکه ئیره (ام القری- مەککە) و ئومیدیانە"[١٠٥]. باوەر بەو تیورەی ئیران (ام القرای دار السلام-ە مەککەی سەرای ئاشتیيە) ئەوە نیشان دەدات کە ئەم باله پشتیوانی لە ناردنە دەرەوەی شۆڕش دەکات. محەممەد جواد لاریجانی ئەندازیاری ئەم تیورە لە باسکردنیدا دەلیت:

"لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئیران.. ئیران بوو بە مەککەو سەرای ئاشتی. ئەگەر ولاتیك ببێ بە (مەککە) لەو حالەتەدا رابەرییەکەی پیویستە لەسەری کە بەرژەوەندی سەراپای نەتەوە لەبەرچاو بگرێ و لەلایەکی دیکەوە پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە ئەرکی سەرشانی سەراپای نەتەوەی ئیسلامەو لە پیش هەر مەسەلەیەکی دیکەوە دەبیت. پراکتیکی تیوری (ام القری)، بریتییە لە ناردنە دەرەوەی شۆڕش و داکۆکی لە ئومەتی ئیسلام کە یەکەم ئومەتەو لەگەڵ پرانسیپی ئابرووی (ام القری)دا شیلراوە. ئەگەر لەهەر جیگایەکی دنیادا هیرش بکریتە سەر ئیسلام یان دەست دریژی بکریتە سەر مافی مسولمانان، ام القری بەرگری لیدەکات"[١٠٦].

### ٦- پسپۆری:

بالی کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیر تەئکید لەکەلك وەرگرتن لە پسپۆران دەکاتەوە بەلام ئەولەویەت بە عەهدو پەیمانە نەك بە پسپۆری. عەلی ئەکبەر ناتقی نوری لەم بارەیەوە دەلیت:

"ئیمه بایەخ بە کەلك وەرگرتن لە زانست و زانیاری دەدەین بەلام دژی بالادەستی زانستین و پیمان وایە کە پسۆری بەبێ عەهدو پەیمان کارەسات هینەرەو مایەی

---

[١٠٥] ماهنامه صبح، شماره ٦٤، آذر ٧٥، ص٢٦.

[١٠٦] محەممەد جواد لاریجانی، مقولاتی دراستراتژی ملی، مرکز ترجمه و نشر کتابه ص (٤٨-٥٤).

بەدبەختی‌یە.. لە کۆمەلی ئیمەدا باس لەوە دە کەن کە تەنها بەریوەبردنی زانستی دەتوانیت کۆمەڵ رزگار بکات.. ئەمانە لە روالەتە ترسناکەکانی هیرشی فەرهەنگی دوژمنن"[107]

محەممەد رەزای باهونەر نوینەری کۆمەلەی روحانیەت لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و لە ئەندامانی کۆمەلەی ئەندازیارانی ئیسلامی یش تەئکید لە بالادەستی ئاین بەسەر تەکنیکدا دەکاتەوەو باوەری وایە کە: "واژەی تەکنوکرات بە مەعنای بالادەستی تەکنیکەو ئەگەر کەسانیك هەلویستیان بەرامبەر تەکنوکرات ئەوەبێ کە تەکینك دەبێ دەسەلاتی هەبێ ئەوە یەکەم جیاوازی بۆچوونی ئیمە لەگەل ئەوانەدایە ئیمە دەلین ئاین، سالارەو حکومەت حکومەتیکی ئاینی‌یەو بەهاکان، بەهای ئاینین. هەلبەتە خودی حکومەتی ئاینی گرنگی‌یەکی زۆر بە زانست و تەکنیك و هونەر دەدات"[108] هەر بۆیە دەبینین کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر لە بەیاننامەیەکدا کە دەربارەی تایبەتمەندی‌یەکانی نوینەرایەتی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بلاوی کردۆتەوە، ئاماژەیەکی بۆ پسپۆری نەکردووە. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە:

"ئازادی، ئازایەتی، شۆرشگیری، خەمخۆری دین و خاکی بوون و بەدەنگەوەچوونی کیشەو ئازارەکانی خەلك لە تایبەتمەندی‌یە گرنگەکانی ئەندام پەرلەمانی چاکە. هەروەها راشکاوی، حەقانیەت و تیگەیشتنی وردی دوژمنەکارییەکانی ئیستکباری جیهانی لە سیفەتەکانی دیکەی نوینەرە باشەکانە"[109].

ئەم بالە تەئکید لە رابردووی خەباتگیرانە دەکاتەوە بۆچوونە ناو پەرلەمانەوە لە بەیاننامەی کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیری تاراندا هاتووە: "کورسیەکانی (پەرلەمان).. دەبێ هی کەسانی مەزهەبی، نیشتمانی، شۆرشگیر، ئازاو خاوەن رابردوو و خاوەن ئەزموون بێ و.. ئەوانەی تازە هاتوونەتە مەیدانەوەو ئەو کەسانەی کە ئازاری شۆرشیان نەچیشتووەو دوورەپەریز بوون، ریگەیان پێ نادرێ بچنە ناو ئەنجومەنی شورای ئیسلامی پیرۆزەوە"[110]

[107] لاوزنامه اطلاعات، ٧٤/٩/٢٣/ ص٢.

[108] ماهنامه صبح، شماره ٤٢، ٧٤/١١/١٠، ص٨.

[109] بيانيه جامعه روحانيت مبارز تهران، ٧٤/١١/١٠.

[110] روزنامه اطلاعات، ٧٤/١٢/١٠، ص٢.

كۆمەلـەی مامۆسـتایانی حـەوزەی عیلمیـەی قـوم یـش كـە لـە رووی بۆچوونـی سیاسـی، ئـابووری و فەرهەنگیـیـەوە لـەم بالـەوە نزیكـە لـە بەیاننامەیـەكدا نووسیوویەتی: "ئەندامانی پەرلەمان دەبێ لەو شارەزایانە هەلبژیردرین كە باوەریان بە ئاین هەیە وەكو فیكری زالّ بەسەر تەواوی مەیدانەكانی ژیانی فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی، كۆمەلایەتی و تاكەكەسیدا، بەم شیوەیە عەهدو پەیمان و پسپۆری دوو كۆلەكەی بنچینەیی پیكهینەری ناسنامەی نوینەرە بەریزەكانی پەرلەمانن. بەرنامە دارشتن و یاسادانانی گونجاو لەگەلّ ئەمەدا دەبیت تەنها بەدەستی شارەزایانی خاوەن بەلین و باوەر بە ئاین ئەنجام بدریت (كە) یەكەم باوەریان بە كاملی سیستمی ئاینی هەبێ لە تەواوی كاروبارەكانداو دووەم/ هەمیشە لەبەرنامەدارشتنیدا بەكردەوە ملكەچی ئەو باوەرەبن.. پاراستنی هەویەی (ئیسلامی نیزام) بەشیك دەبێ لە ئامادەبوونی هەمیشەیی روحانیانی ئیسلام ناس و شارەزایانی فەقیه لە بواری یاسادانان و جێبەجێ كردنیدا. بۆیە بوونی ئەم پسپۆرانەی ئاین لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا لە پیناوی گەیشتن بە ئامانجە بەرزەكانی شۆرشی ئیسلامیدا زۆر پیویست. هەلبەتە لەم بارەیەوە لەگەلّ پسپۆریدا واتە شارەزایی لە ئاین و ئاین ناسیدا نابێ لە بەدەست هینانی عەهدو پەیمانیش غافلّ بین.. كەنارگیری زانایانی ئاینی بەبیانووی ئەوەی كە ئەمرۆ پەرلەمان پیویستی بە پسپۆر و شارەزا هەیە، خیانەت بووە لە ئامانجە پیرۆزە كانی شۆرشی ئیسلامی و جگە لە دوركەوتنەوە لە بەها بنچینەییەكانی ئیسلام ئەنجامیكی دیكەی نییە"[١١١]

## ب-بۆچوونەكان لە سیاسەتی دەرەوەدا:

### ١- پرانسیپەكانی سیاسەتی دەرەوە:

بەپێی قسەی محەممەد جواد لاریجانی ئەم بالە لە سیاسەتی دەرەوەدا باوەری بە سیاسەتی لیبرالی هەیە:

"كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر.. لە سیاسەتی دەرەوەدا لیبرالّ و كراوەن"[١١٢] كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تارانیش لە بەیاننامەیەكدا رایگەیاند: "پەیوەندی بەرامبەرو سودبەخش مان لەگەلّ هەموو ولاتەكانی جیهاندا دەبیت، ئەگەر لە هەلویستی دەسەلات خوازی دا نەبن"[١١٣].

---

[١١١] ماهنامه صبح، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٥، ص٤،

[١١٢] روزنامه اخبار٣/١٠/٧٤.

[١١٣] روزنامه رسالت، ٧٤/٨/٩، ص٢.

هەروەها محەممەد جواد لاریجانی تەئکید لە ڕەفتاری میانڕەوی لە سیاسەتی دەرەکی‌دا دەکاتەوەو دەلێت: "کۆمەلگای نێودەولەتی دەبێ ڕەفتاریکی هەبێ کە ئەوانی تر بتوانن تەحەمولی بکەن، بە ئیمەشەوە بەهەمان شێوەش کە کەسانی دی دەبێ بتوانن تەحەمولی ئیمە بکەن. ئەم فیکرە بەشێوەیەکی گشتی بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئیمەیە"[114].

## ٢- پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا:

ئەم باله هەر جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکادا ڕەت دەکاتەوە. کۆمەلەی ڕوحانیەتی خەباتگێر لە بولتنی خۆی‌دا ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێ کە هەوڵ دەدەن دەرگای گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکادا بکەنەوە[115]. باوەری وایە کە "ئەمریکا دوژمنی ژمارە یەکی شۆڕشی ئیسلامی‌یەو دەستبەرداری "پیلان" نابێ لە دژی کۆماری ئیسلامی.

لەم ڕووەوە لە بەیاننامەکەی خۆیدا رایدەگەیەنێ کە "خەتی ئیمام، خەتی گفتوگۆو سازش نی‌یە لەگەڵ ئەمریکادا، بەلکو یەکەم دوژمنی شۆڕشی ئیسلامی بە ئیستکباری جیهانی و لەسەرو ئەویشەوە بە ئەمریکای تاوانبار دەزانیت و باوەری وایە کە ئەمریکا یەك ساتیش دەست لە ئاگرخۆشکردن و پیلانگیری لە دژی نیزامی پیرۆزی ئیران هەلناگرێ"[116].

بلاوکراوەی "شما"ش بۆ پەیوەندی کردن بە ئەمریکاوە چەند مەرجیك باس دەکات. ئەم بلاوکراوەیە لەم بارەیەوە دەنووسیت: "ئەگەر لە ئەمریکا سیاسەتمەداران هاتبنەوە سەر عەقڵ و بیانەوێ عاقلانە ڕەفتار بکەن دەبێ ئەوە نیشان بدەن کە دەشێ متمانە بە قسەکانیان بکرێ، یەکەم داراییەکانی ئیران (پارە بلۆك کراوە کان) -هەرچۆنیك بێ- تەسلیم بکەنەوە، پاشان ئەو یاسایانە پوچەڵ بکەنەوە کە لەگەڵ پرانسیپەکانی پەیوەندی نیودەولەتی‌دا ناکۆکن و بەراشکاوی بلین کە دەست لە کاروباری ناوخۆی ولاتان وەرنادەن و ڕیز لە مافی ڕەوای موسلمانان دەگرن و.. ئەگەر ئەمە ڕووی‌دا، ئەوسا دەکرێ مەسەلەکە بخریتە ژێر لیکۆلینەوەوە"[117]

---

[114] ماهنامه صبح، شماره ٣٨، ٧٤/١٠/١٢، ص٤.

[115] ویژەنامه انتخابات جامعه روحانیت مبارز تهران، ٧٥/١/٢٤، ص٣٦.

[116] ویژەنامه انتخابات جامعه روحانیت مبارز تهران/ ٧٥/١/٢٤، ص ٣٢.

[117] هفتەنامه شما، شماره ٧، ٧٦/١/٢١، ص٤

## كورتەی بۆچوونە سیاسیەكانی كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێرو رێكخراوە هاوئاراستەكانی

١-بەرای ئەم باڵە خەڵك لە هەڵبژاردنی وەلی فەقیهدا دەوریان نی‌یە. خبرگان وەلی فەقیه دەدۆزنەوە. هەڵبژاردنی وەلی لەلایەن خواوەیە.

٢-وەلی فەقیه لە سەروویا ساوەیە.

٣-شەرعیەتی تەواوی دام و دەزگاكانی كۆمەڵ لە وەلی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرێ.

٤-لە جیاتی سیستمی دامەزراو لەسەر بنەمای جمهوری پیشنیازی حكومەتی عەدلی ئیسلامی دەكەن.

٥-كاروبارەكانی كۆمەڵ دەبێ لە دەستی روحانیەكاندا بێت.

٦-لە چوارچێوەیەكی دیاری كراودا چالاكی حزبیان قبوڵە.

٧-ئەم باڵە بۆچونێكی رەهای هەیە، خۆی بە ئسولی و باڵەكانی دیكە بە نائسولی و لادەر لە رێگەی راست دەزانێت.

٨-بەرای ئەم باڵە روحانیەكان نابێ رەخنەیان لێ بگیرێ، روحانیەكان نابێ جوابی خەڵك بدەنەوە.

٩-هێندە باوەریان بە بەشداریی خەڵك نی‌یە لە چوارچێوەی دام و دەزگاكانی كۆمەڵگای مەدەنیدا.

١٠-پشتیوانی لە ناردنە دەرەوەی شۆرش دەكەن.

١١-عەهدو پەیمان دەخەنە پێش پسپۆریەوە.

١٢-باڵی كۆمەڵەی روحانیەت لە رووی سیاسەتی دەرەكیەوە باوەری بە سیاسەتی لیبرالی هەیە.

١٣-پەیوەندی لەگەڵ ئەمریكادا رەت دەكاتەوە.

## ٢-٢-بۆچوونه ئابوورییەكانی باڵی كۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێرو ڕێكخراوه هاوئاراستەكانی

-تایبەتی كردن:

ئەم باله پشتیوانی له تایبەتی كردنی یەكەكانی بەرهەم هێنان دەكات. محەممەد جواد لاریجانی دەربارەی ئەم مەسەلەیە گوتوویەتی:

"لە نیزامی ئیمەدا نموونە ئەوەیە كە زیاتر (٨٠٪)ی كاروبارەكان بەشێوەی ئەهلی بێت.. لە فیكری ئیسلامی‌دا ئەگەر بەوە قایل نەبین كە مولكایەتی دەوڵەت ناهیلیێ، بەلای كەمەوە ناتوانین ئەو جۆرە مولكایەتیە (دەولەتیەی) لێ هەڵبهێنجین.. دەبێ دەولەت بەرەبەرە بەڕیوەبردنی كاروبارەكان بەخەڵك.. واتە بە بەشی تایبەتی بسپیرێو خۆی چاودیری و رینمایی له ئەستۆ بگرێ"[118] محەممەد رەزا باهونەریش لە چاوپیكەوتنیكدا گوتوویەتی "ئیمە سیاسەتی چاكردنمان قبولەو پشتگیری لێ دەكەین"[119].

(سەید رەزای تەقوا)ش گوتەبێژی كۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێر لە دیداریكدا پشتگیری لە تایبەتی‌كردن كردووەو دەڵیت "ئیمە باوەرمان بەوە نی‌یە كە هەموو كارەكان لای دەولەت كەلەكە بین و دەولەت هەموو كارەكان ئەنجام بدات. لەبەرئەوە دەبێ خەڵك بینینە مەیدانی كاركردنەوەو بەشێوەیەكی گونجاو لەگەڵ ئەو ریوشوینانەدا كە دەستوورو بەرنامە دەست نیشانی دەكات بەرەو تایبەتی كردن، هەنگاو هەڵگرین"[120].

محەممەد جواد لاریجانی لە گفتوگۆیەكدا تەئكیدی كردەوە كە ئەگەر عەلی ئەكبەر ناتقی نوری لە هەڵبژاردنەكانی سەركۆماردا سەركەوتن بەدەست بینێ، كەرتی تایبەتی پەرەدەسینێ. "لە حالەتیكدا كە ناتقی نوری لە هەڵبژاردنەكانی سەركۆماردا سەركەوتوو بیت، هیمنی سەرمایەگوزاری زیاد دەكات.. دامەزراندنی كۆمپانیای تایبەتی هان دەدات. دەولەت لە چالاكی دارایی و ئابووری دەكیشیتەوە دواوەو

[118] روزنامه كاروكارگر، ٧٥/٨/٢٣.

[119] ماهنامه صبح، شماره ٦٥، ص٧٥.

[120] همان، شماره ٤٥، ٧٤/١٢/١، ص١٤.

بچووکی دەکاتەوە. تایبەتی کردن، بواریکە کە ناتقی نوری بەنیازە لە رەفسنجانی زیاتر پەرەی پێبدات.. بانکی مەرکەزی سەربەخۆیی زیاتری دەبیت"[١٢١].

هەروەها لاریجانی لە چاوپیکەوتنیکی دیکەدا تەئکیدی لە قبولکردنی ئابووری لەسەر کەرتی تایبەتی بنیات نراو کردۆتەوە لەلایەن ئەم بالەوەو دەلیت "بالی زۆرینەی (پەرلەمان).. لە رووی بەرنامەوە، لە پەرەپیداندا، لایەنگری سەرسەختی تیوری چاکردنەو ئەمەمان وەکو بنەمای بیری ئابووری قبولّ کردووە.. روحانیەتی خەباتگیر لە ئابووریدا مەیلیکی سەرەکی لە کەرتی تایبەتییە"[١٢٢] کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیریش لە بەیاننامە تایبەتیەکەی خۆیدا "بە دەولەتی کردنی کاروبارەکانی بە نەخۆشیەکی کوشندە بۆ ئابووری"[١٢٣] وەسف کردووە.

### ٢-گەشەکردنی پەرەپیدانی ئابووری:

ئەم بالە گرنگی بۆ بەهاکان دادەنیت و پێی وایە: پەرەسەندن و گەشەکردنی ئابووری نابێ لەگەلّ بەهاکاندا بکەویتە ناکۆکیەوەو دووەم دادپەروەری کۆمەلایەتی لەپیش پەرەسەندنەوەیە. ئایەتوللا مەهدەوی کنی لەم بارەیەوە دەلیت "دادپەروەری کۆمەلایەتی لە پیش پەرەسەندنەوەیەو پەرەسەندن بەشیکە لێی. واتە دەبێ پەرەسەندن بکرێ بە ئامانجی بلاوکردنەوەی دادپەروەری کۆمەلایەتی. کەواتە پیشکەوتنی هەر پلەیەك لە سیستمی ئیسلامیدا لەگەلّ دادپەروەریدایەو دەبێ پەرەسەندن وەکو وەسیلەیەك قسەی لەسەر بکرێ... لە نموونەی پەرەسەندندا، یەکەم دادپەروەری کۆمەلایەتی لە بەرنامەی کاردایە. پاریزگاری لە ئامانجەکان و لە خەلك بەتایبەتی تەئمین کردنی خەلکی بێبەش و چەوساوە لە بەرنامەی کاردایە"[١٢٤].

کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیری تارانیش لە بەیاننامەیەکدا لەگەلّ تەئکید کردنەوە لەم بابەتە دەنووسێ:

---

[١٢١] خبرگزاری رویتر، ٧٥/١/٢٤.

[١٢٢] روزنامە اخبار، ٧٤/١٠/٣٠.

[١٢٣] ویژەنامە جامعە روحانیت مبارز تهران بە مناسبت انتخابات دورە پنجم مجلس شورای اسلامی ٧٥/١/٢٤.

[١٢٤] ویژەنامە روزنامە رسالت، ٧٤/١١،١٩، ص٥.

"دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لاَیه‌تی ئامانجی گه‌شه‌كردنه‌و گه‌شه‌كردن پیشه‌كی دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لاَیه‌تیه. ئاوه‌دان كردنه‌وه‌و گه‌شه‌كردنی واقیعی به‌بێ به‌دی هاتنی دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لاَیه‌تی ته‌نها سه‌رابیكه.. له مه‌سه‌له‌ی گه‌شه‌كردن دا ده‌وله‌ت ده‌بێ چاوی له بێبه‌ش و چه‌وساوه‌كانه‌وه بیت. ده‌بێ نموونه‌ی گه‌شه‌كردنی ئیسلامی به‌مه‌به‌ستی گه‌یشتن به گه‌شه‌كردنیك شان به‌شانی دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لاَیه‌تی به‌رنامه‌ی بۆ دابریژرێ"[125] هه‌روه‌ها ئه‌م كۆمه‌له‌یه له به‌یاننامه‌یه‌كی دیكه‌دا ته‌ئكیدی له ریفۆرم كردۆته‌وه له‌گه‌لَ پاریزگاری له به‌ها ئاینی و شۆرشگیرییه‌كانداو رایده‌گه‌یه‌نێ: "په‌رله‌مان ده‌بێ پشتیوانی بێچه‌ندو چون له ره‌وتی ریفۆرم بكات و له هه‌مان كاتدا به‌ها دینی و شۆرشگیریه‌كان و فه‌رهه‌نگی گه‌لیش بپاریزێ. سه‌رمایه سالاری و فه‌رمانره‌وایی پاره یه‌كیكه له‌و مه‌ترسیانه‌ی كه هه‌میشه هه‌ره‌شه له‌و كۆمه‌لگایانه ده‌كات كه له مالی گه‌شه‌كردندان. بۆیه ئه‌م په‌رله‌مانه‌یه كه ده‌بێ به هوشیاری ته‌واوه‌وه.. نه‌یه‌لێ به‌هاكانی شۆرش له‌به‌ر تیشكی گه‌شه‌كردندا كالَ ببنه‌وه"[126].

(موحسینی یه‌حیه‌وی) نوینه‌ری كۆمه‌له‌ی روحانیه‌تی خه‌باتگیری تاران له ئه‌نجومه‌نی شورای ئیسلامیش له لیدوانیكدا ته‌ئكیدی كردۆته‌وه كه گه‌شه‌كردن به‌بێ دادپه‌روه‌ری قابیلی قبولَ نییه، هه‌تا ئه‌گه‌ر پیویست بێ ره‌وتی گه‌شه‌كردنیش خاوبكریته‌وه، یه‌حیه‌وی ده‌لیت "ئیمه ناتوانین به‌بێ دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لاَیه‌تی ناتوانین گه‌شه‌كردن قبولَ بكه‌ین. ئه‌گه‌ر بریار بێ كه به‌دی هینانی گه‌شه‌كردن له ماوه‌ی ٣ خولی پینج ساله‌دا له‌گه‌لَ قوربانی‌دا ئه‌نجام بدرێ، ئیمه دژی ده‌وه‌ستینه‌وه. ئه‌گه‌ر په‌ره‌سه‌ندن له ٨ خولدا به‌دی بیت به‌لاَم یارانی شۆرش تیدا نه‌بنه قوربانی ئیمه ئه‌وه‌مان پێ باشتره له‌وه‌ی (كه په‌ره‌سه‌ندن له ماوه‌ی كورتدا بێ و قوربانی تیا بدرێ)[127] كۆمه‌له‌ی روحانیه‌تی خه‌باتگیری تارانیش له به‌یاننامه‌ی تایبه‌تی خۆی‌دا ته‌ئكیدی كردۆته‌وه كه "ره‌سه‌نی دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لاَیه‌تی پیویست به‌وه ده‌كات كه خیرایی گه‌شه‌كردن و په‌ره‌سه‌ندن له‌گه‌لَ توانای خه‌لكدا ریك بخرێ به‌تایبه‌تی له‌گه‌لَ توانای تویژه بێبه‌ش و چه‌وساوه‌و هه‌تا ناوه‌نده‌كانیشدا"[128].

---

[125] بیانیه جامعه روحانیت مبارز تهران، ٧٤/١١/١٩.

[126] بیانیه جامعه روحانیت مبارز تهران ٧٤/١١/١٠.

[127] روزنامه رسالت، ٧٤/١٠/٢، ص ١٢.

[128] ویژه‌نامه جامعه روحانیت مبارز تهران به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی، ص٣٢.

**٣- نموونەی ئابووری:**

به گشتی ئەم باله لەگەڵ میحوەریەتی بازرگانیدا پیشنیازی نموونەی پەرەسەندن دەکات. محەممەد رەزا باهونەر لە چاوپیکەوتنیکدا سەبارەت بەم مەسەلەیه بەم شیوەیه رای خۆی دەردەبڕێ:

".. من زۆر ئومیدم بەوه نییە کە لە کاتیکدا پیشەسازی یان کشتوکالی ئیمە، وەڵامی خەرجیەکانی وڵات بداتەوه، بەڵام باوەڕم وایە کە لە بەشی ترانزیت و بازرگانی نیودەولەتیدا توانایەکی باشمان هەیەو دەتوانین ببینه پردی پەیوەندی زۆربەی وڵاتان)[129]

رۆژنامەی (رسالت)یش لە تەئکیدکردنی هەمان بۆچووندا دەنووسیت: دەبێ یاسای بازرگانی بنەماو چاودیرو مەیدانی هەموو مەسەلە ئابوورییەکانی وڵات بێ)[130]

**٤-کەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی:**

ئەم باله بەکەلك وەرگرتن لە کەنالی دەرەکی بۆ سەرمایەگوزاری لە کاروباری ئابووریدا رازییەو پشتگیری لیدەکات. عەلی ئەکبەر ناتقی نوری لەم بارەیەوە دەلیت:

"بەهیچ جۆریك ئیران به سیاسەتی دەرگا داخستن قایل نییە لە ئابووریداو بە ژەهریکی کوشندەی دەزانیت بۆ وڵات.. سەرمایەگوزارانی ناوخۆو دەرەوه بۆ سەرمایه گوزاری لە ئیراندا لە کەرتەکانی وزە، گاز، نەوت، پیتروکیمیایی، کانزاو فلزەکان، گواستنەوەو گەیاندن، گەشت و گوزارو پیشەسازییەکانی گۆریندا، ریگەیان لینەگیراوه"[131].

کورتەی بۆچوونە ئابووریەکانی کۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیرو ریکخراوە هاوئاراستەکانی.

١-تایبەتی کردنی یەکەکانی بەرهەم هینان.

٢-پشتیوانی لە سیاسەتی ریفۆرمی ئابووری.

٣-ناکۆك نەبوونی پەرەسەندنی ئابووری لەگەڵ بەهاکاندا.

٤-دادپەروەری کۆمەلایەتی دەخەنه پیش پەرەسەندنەوه.

---

[129] ماهنامه صبح، شماره ٦٦، بهمن ٧٥.

[130] روزنامه رسالت، ٧٦/١٢/١٧.

[131] دوهفتەنامه عصرما، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧.

٥-ستراتیجی پیشەسازی پەسەندی ئەم باله بەدیل دانانه بۆ هاوردە.

٦-بە میحوەر دانانی بازرگانی وەکو نموونەی پەرەسەندن.

٧-کەلك وەرگرتن لە کەنالی دەرەکی.

**٢-٣-بۆچوونە فەرهەنگیەکانی کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیرو ڕیکخراوە هاوئاراستەکانی.**

**١-ئالوگۆڕی فەرهەنگی:**

ئەم باله لەبەرئەوەی بەشیوەیەکی تەقلیدی له ئاین دەروانێ، ئالوگۆڕی فەرهەنگی رەت کردۆتەوەو بە مەترسی‌یەکی دەزانێ بۆ فەرهەنگی ئاینی کۆمەڵ: "کۆمەڵەی کارگەرانی ئیسلامی" له ریکخراوە هاو ئاراستەکانی کۆمەڵەی روحانیەتی تاران له بەیاننامەیەکدا نارەزایی خۆی بۆ ئالوگۆڕی فەرهەنگی ئاوا دەردەبرێ "ئیمە دەبێ نموونەی فەرهەنگی خۆمان لەسەر بنەمای بەها ئاینی‌یەکان بنیات بنیین، نەك لەسەر ئەو فیکرەی کە دەیەوێ نموونە ئەوروپیەکان وەکو ئالوگۆڕی فەرهەنگی دەرخواردی میللەت"[١٣٢] بدات.

**٢-کۆنترۆلکردنی چالاکیە فەرهەنگیەگان:**

ئەم باله پشتگیری له کۆنترۆلی دەولەت دەکات بەسەر چالاکیە فەرهەنگیەکان داو باوەری وایە دەبێ بەم شیوەیە لە رووی ئەخلاقیەوە کۆمەڵ لە نە خۆشی بپاریزرێ.

بەم پێیە ئەم باله پشتگیری له سیاسەتی سانسۆر دەکات بەر لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە رۆشنبیری‌یەکان. کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تاران له بەیاننامەی تایبەتی خۆی‌دا تەئکیدی لە (کۆکردنەوەی ئانتینەکانی سەتەلایت) کردۆتەوە.

لەو بایەننامەیەدا هاتووە: "کاتیك باس لە پیویستی کۆکردنەوەی ئانتینەکانی سەتەلایت وەکو یەکیك لە کەنالەکانی دزەکردن و هیرشی فەرهەنگی دوژمن دەکریت (لیبرالەکان) نەك تەنها پشتگیری لەمە ناکەن بەڵکو دژیشی‌دەوەستنەوە"[١٣٣].

---

[١٣٢] مجلس پنجم و مواضع ما، جامعه اسلامی کارگران، ص٢٧.

[١٣٣] ویژەنامە جامعە روحانیت مبارز تهران بە مناسبت انتحابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی، ص٢٢.

هەروەها ئەم باله باوەڕی وایه که دەوڵەت دەبێ جلەوگیری لەو چالاکیانه بکات که به تێکدەر دەست نیشان کراون. کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێر له بۆڵتنەکەی خۆیدا دەنووسێت: "یەکێك له ئامرازەکانی دوژمن له هێرشی فەرهەنگیدا که دەیتوانی زەمینه بۆ سەرکەوتنی هێرش و دزەکردنی فەرهەنگی دوژمن خۆش بکات، سەتەلایت بوو که خۆرئاوا وەکو کەناڵی دزەکردنی فەرهەنگی خۆی بۆ ناو فەزای خاوێنی خێزانەکان بەکاری دەهێنا که له سایەی خواوە لەگەڵ هەنگاوی بێ چەندوچوونی ئەندامانی پەرلەمان، بەکارهێنانی سەتەلایت قەدەغەکرا.. دەتوانین ئەم هەنگاوەی پەرلەمان وەکو هەنگاوی پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵ باس بکەین"[١٣٤]

عەلی ئەکبەری ناتقی نوریش له لێدوانێکدا لەم بارەیەوە دەڵێت:

"پەسەندکردنی بەرنامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی سەتەلایت یەکێکه له هەنگاوە بایەخدارەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان)"[١٣٥]

بالی ناوبراو له درێژەی سیاسەتەکانی کۆنترۆلی چالاکیه فەرهەنگیەکاندا، پشتیوانی له سانسۆری دەوڵەت دەکات لەسەر مامۆستایانی زانکۆو ناوەرۆکی دەرسەکانیان. عەلی ئەکبەر ناتقی نوری لەم بارەیەوە دەڵێت: "له مەسەلەی زانکۆکاندا.. دەبێ هەم بەڕیوەبەریتی زانکۆکان چاودێری بکرێن و هەم مامۆستاکانی زانکۆ چاویان لەسەر بێت. هەروەها بێگومان دەبێ تەئکید له ناوەرۆکی دەرسەکانیش بکرێتەوە. له ناوەرۆکی هەندێ له دەرسەکاندا چەند مەسەلەیەك هەن که نه لەگەڵ ئیسلام و نه لەگەڵ بەهاکانی ئێمەدا نایەنەوە. لەم بارەیەوە دەبێ حەوزه یارمەتیمان بدات"[١٣٦] کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێری تارانیش له بەیاننامەیەکدا دەنووسێت: "ئەوەی که له ئیسلامی بوونی زانکۆکاندا دەبێ زۆرترین بایەخی پێ بدرێ، بەدیهێنانی گۆڕانی ئیسلامیه له فەرهەنگی زانکۆکان و بواری زانستی لێکۆڵینەوەو ناوەرۆکی وانەکان بەتایبەتی له زانسته مرۆییەکاندا"[١٣٧].

---

[١٣٤] همان، ص٢٨.

[١٣٥] روزنامه اطلاعات، ٧٤/٩/٢٣، ص٢.

[١٣٦] ماهنامه صبح شماره ٦٤، آذر ٧٥.

[١٣٧] روزنامه اطلاعات، ٧٥/٩/٢٦.

**٣-سیاسەتی فەرهەنگی:**

سیاسەتی فەرهەنگی بالی كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیر سیاسەتیكی تەقلیدیيە بەپێی قسەی محەممەد جواد لاریجانی: "كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تاران.. لە مەسەلەی فەرهەنگدا مۆڵەت بە ئارەزوویەكی بەهێزی تەقلیدی دەدات"[138].

ئارەزووی تەقلیدی ئەم باڵە بۆتە هۆی ئەوەی كە ئەمانە دژی ئەو دامەزراوە فەرهەنگیانە بوەستنەوە كە لە دەرەوەی دەسەڵاتی روحانیەتەوە كاردەكەن. ئایەتوڵڵا رەزا ئوستادی ئەندامی كۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمیەی قوم لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەزگا فەرهەنگیەكان بەناوە جیاوازەكانیانەوە ئایا بە راستی كاری مزگەوتەكان دەكەن؟ كەسێ وای بۆ دەچێت لە مەڵبەندیكی لەو جۆرەدا بەناوی فەرهەنگ سەرا لاوان بەشێوەیەكی ئیسلامیانە پەروەردە بكرێن"[139]. هەروەها ئایەتوڵڵا رەزا لە جێگایەكی دیكەدا دەڵێت: "لە تاران خانمیك وەكو سەرۆكی شارەوانی یەكێ لە ناوچەكان بێبەش دەبێ.. ئایا ئیمە، لە هەل و مەرجیكداین كە ژنێك وەكو سەرۆكی شارەوانی هەڵبژێردرێ؟ سەرەرای ئەمەش هەل و مەرجی نێودەوڵەتی و سەنگەرگرتن لە كۆماری ئیسلامی بەشێوەیەكە كە ئەگەر كەسێك دژی ئەو مەسەلەیە بێ، بیانیەكان وەكو دژایەتی كۆماری ئیسلامی ئیران بۆ مافی ژنان لێكی دەدەنەوە"[140].

ئایەتوڵڵا مەهدەوی كنی یش لەگەڵ دژایەتی چالاكی مەڵبەندە فەرهەنگیەكاندا، خوازیاری بەرێوەبردنی ئەم مەڵبەندانەیە لەلایەن رۆحانیەكان و ئەو بەرێوەبەرانەوە كە ئەوان پەسەندی دەكەن. مەهدەوی لەم بارەیەوە رایدەگەیەنێ: "ئاشكرا نیيە ئەو كەسانەی كە مەڵبەندە فەرهەنگیەكان دروست دەكەن یان بەرێوەی دەبەن، نیازیان خودایی بێت و بەپێی رێبازی ئیسلام و بەها ئیسلامیەكان بجولێنەوە. نابێ دەست بەرداری ئەمانە بین. لەهەر جێگایەكدا كە كتێبخانەیەك یان مەڵبەندیكی فەرهەنگی دروست دەكرێت دەبێ لەژێر چاودێری ئیمامی دادپەروەرو بەرێوەبەرانی دلسۆزدا بێ

---

[138] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٣١، ٧٤/١٠/٦، ص ٧ به نقل از روزنامه اخبار.

[139] سخنرانی در روز ٧٦/٣/١٦.

[140] روزنامە كاروكارگر، ٧٥/١٢/٢١، ص٢.

و پەیوەندی راستەقینەیان لەگەڵ مزگەوتدا هەبیت"[١٤١] لە هەمان بواردا محەممەد رەزای باهونەریش دەلیت: "ئیمە لە دیدگای فەرهەنگیەوە رادیكالین، هەتا ئیستا هیچ كەسێ (لە بواری فەرهەنگی) بەوە تاوانباری نەكردوین كە لیبرالین"[١٤٢]

## ٤-بایەخدان بە رووكەش:

پاراستنی رووكەش لەو مەسەلانەیە كە لای ئەم بالە تەئكیدی لێ دەكریتەوە. حیجەتول ئیسلام (عبدوس) ئەندامی شورای مەركەزی كۆمەلەی روحانیەتی خەباتگیر دەلیت: "سەبارەت بە دروست كردنی خانوو هەندێ جار نموونە شەرعیەكان لەبەرچاو ناگیرێ كە هەندێ لەم مەسەلەیە لە ئەستۆی وەزارەتی (مەسكەن) و شارەوانیەكانە كە نموونە ئیسلامیەكان بسەپینن.. كاڵ بوونەوەی مەسەلەی حیجاب و نموونە وەرگرتن لە پۆشاكدا، تیكەڵاوی كۆرو كۆمەلی جۆراوجۆر لە هەندێ ناوەندو دەزگاكانی راگەیاندندا كە لە كۆتایی‌دا كۆمەڵ بەرەو پووچی و بێ ناسنامەیی دەبات"[١٤٣].

ئایەتوڵلا ئیبراهیمی ئەمینی لە كۆمەلەی مامۆستایانی حەوزەی عیملیەی قوم سەبارەت بە ئیسلامی كردنی زانكۆكان رایگەیاند: "لە بە ئیسلامی كردنی زانكۆكاندا مامۆستاكان رۆلیكی گرنگیان لە ئەستۆدایە. لە هەلبژاردنی مامۆستاكاندا رەچاوكردنی ئەم مەسەلانەی خوارەوە بە پیویست دەزانین:

باوەر بە بەها ئیسلامیەكان، ملكەچی بۆ ئەنجامدانی ئەركە ئایینیەكان و وازهینان لە قەدەغەكراوەكان، قەناعەت بە سیستمی ئیسلامی و ویلایەتی فەقیە، زانیاری تەواو دەربارەی ئیسلام، حەزكردن بە بڵاوكردنەوەی ئیسلام و بایەخدان بە شتی باش و رەوشتی باش.. زمان شیرین و شیك پۆشی لەگەڵ رەچاوكردنی مەسەلەی ئیسلامدا، باوەر بەوەی كە ئیسلام لە زانستە مرۆییەكان و مەسەلەكانی ژیان تیوری وای هەیە كە دەكرێ كەلكی لێ وەربگیرێ. (هەروەها) لە هەلبژاردنی خویندكاراندا پیویستە

---

[١٤١] ماهنامه صبح، شماره ٣٢، ٧٤/٨/٣٠، ص٣.

[١٤٢] همان، شماره ٦٦، بهمن ٧٥.

[١٤٣] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارز تهران به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی، ص٧.

ڕەوشت باشی و پابەندی بەکردەوە بۆ بنەماو بەها ئیسلامیەکان، لانەدانی فیکری، قبولکردنی حکومەتی ئیسلامی و ویلایەتی فەقیە لەلایەن داواکارانەوە، لە ڕێگەی شارەزایانی جێی متمانەوە پەسەند بکرێ.. بۆ بەهێزکردنی بنەمای فیکری ئایینی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، سیاسی خوێندکاران ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەکەین:

ئەلف: خوێندنی ژیاننامەی پێغەمبەرو ئیمامەکان (د.خ).

ب: هەدیەکردنی کتێبی ئاینی، ئەخلاقی، سیاسی گونجاو بەخوێندکاران.

ج: ئەنجامدانی مێزگردو سیمیناری زانستی و سیاسی و وەڵامدانەوەی کێشەی خوێندکاران لە بۆنە جیاوازەکاندا بە ئامادەبوونی ئوستادو زانایانی پەیماندارو چاکەکارو پەسەندو دامەزراندنی کلاسی سەرنج ڕاکێش و بەسود.

د: بەپێی تواناو بەرەبەرە دەبێ کولیژی کوران و کچان جیابکرینەوە، بەتایبەتی کۆلیژەکانی پزیشکی و ئەگەر لە توانادا نەبوو دەبێ خوێندکارانی کورو کچ جیابکرینەوە. بەپێی توانا هەوڵ بدرێ لە دەرس وتنەوەی کلاسی کچاندا مامۆستای ژن بەکاربێ و لە دەرس وتنەوەی کلاسی کورانیشدا مامۆستای پیاو بەکاربێ.

هـ: جیاکردنەوەی تاقیگەکانی کچان و کوران و بەتایبەتی تاقیکردنەوەکانی زانستی پزیشکی و ڕەچاوکردنی تەواوی مەسەلە ئیسلامیەکان، پێشنیاز دەکرێ.

هەر بەپێی بۆچوونی (ئەمینی) بۆ زیاتر ئیسلامی بوونی کەش و هەوای گشتی زانکۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشنیاز دەکرێ:

١-نوێژی جەماعەت بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەنجام بدرێ.

٢-ئوستاد و بەرپرسانی زانکۆش ئامادەبن.

٣-بانگ بە بلندگۆ لەسەر ئاستی زانکۆ پەخش بکرێ.

٤-دەرسی ئوستادەکان بەشێوەیەك ڕێك بخرێ کە بەر لەکاتی نوێژکردن تەواوبێ.

٥-لە هەلواسینی تابلۆی جوان کە ئایەت و حەدیسی گونجاوی لەسەر بنووسرێ، سیفە ت و کارە چاکەکان و بەها ئیسلامیەکان ستایش بکرێن و سەرزەنشتی کارو ڕەوشتی ناپەسەند بکرێ.

٦-فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە لەسەر ئاستی گشتی زانکۆ و لە ڕێگەی هەموو کەسێکەوە جێبەجێ بکرێ.

٧-بە خانمان رابگەیەنرێ كە حیجابی ئیسلامی بپۆشن و ڕیگە لە چوونە ناوەوەی ئەو خانمانە بۆ ناو زانكۆ بگیرێ كە حیجابەكەیان باش نییە.

٨-داوا لە زانایانی ئاینی خاوەن تەقوا و بەڕیز بكرێ كە ناوەناوە سەردانی زانكۆ بكەن و بچنە ناو مامۆستاو خویندكارانی زانكۆوە.

٩-پیكهینانی كۆڕو كۆبوونەوەی دوعای (كمیل) لە شەوانی هەینی و مەراسیمە ئایینییەكانی دیكەدا"[١٤٤].

## كورتەی بۆچوونە فەرهەنگییەكانی كۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگیری تاران و ریكخراوە هاو ئاراستەكانی.

١-رەت كردنەوەی ئالوگۆڕی فەرهەنگی.

٢-باوەر بە بوونی هیرشی فەرهەنگی.

٣-پشتگیری لە كۆنترۆلی دەولەت بەسەر چالاكیە فەرهەنگیەكانەوە.

٤-پشتگیری لە سیاسەتی سانسۆر بەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەكانەوە بەر لە بلاْوكردنەوەیان.

٥-پشتگیری لە (سیاسەتی قەدەغەكردن) لە سیاسەتی فەرهەنگیدا.

٦-لایەنگیری لە (ئارەزووی تەقلیدی) لە سیاسەتی فەرهەنگیدا.

٧-ئەنجام دانی چالاكی فەرهەنگی (رۆشنبیری) لەژێر چاودیری روحانیەكاندا.

٨-پاراستنی رووكەش بەپێی بۆچوونە پەسەندەكانی ئەم بالە تەئكیدی لێ دەكریتەوە.

## هەلویستە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەكانی. بالی ئەنجومەنی روحانیە خەباتگیرەكان و گروپە نزیكەكانی.

### ١-٢-بۆچوونە سیاسیەكانی بالی ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەكان و گروپە نزیكەكانی.

ئەلف: تێروانینیان سەبارەت بە حكومەت.

---

[١٤٤] ماهنامه یالشارات الحسین، شماره ٣٣، ٧٥/٨/٣، ص٧.

**١-ویلایه‌تی فه‌قیهو رابه‌ری:**

ئه‌م باله ده‌سه‌لاته‌کانی وه‌لی فه‌قیه له سنووری ده‌ستووردا ده‌بینیت و باوه‌ری وایه که وه‌لی فه‌قیه ده‌بیت له چوارچیوه‌ی ده‌ستووردا ره‌فتار بکات. به‌هزادی نه‌به‌وی که یه‌کیکه له رابه‌رانی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران له‌م باره‌یه‌وه ده‌لیت: "ویلایه‌تی ره‌ها له چوارچیوه‌ی دیاریکراوی ره‌هادا ده‌بیت. چونکه ئه‌گه‌ر به پیچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌وه بێ، له بنه‌ره‌تدا نه‌ده‌بوو له ده‌ستووردا دابنرێ"[١٤٥].

بلاوکراوه‌ی (عصرما) ئۆرگانی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیرانیش به‌مه‌به‌ستی ئاراسته‌کردنی ئه‌م بۆچوونه ده‌نووسیت: "یه‌که‌م ویلایه‌تی ره‌ها زاراوه‌یه‌که که لایه‌نی بابه‌تی هه‌یه نه‌ك زاتی، به‌و مه‌عنایه‌ی که ده‌وله‌تی ئیسلامی به گشتی مافی ده‌ستوه‌ردان و ده‌سکاری کردنی هه‌موو بابه‌ته‌کانی حکومه‌تی هه‌یه دووه‌م به‌لام له جیگای خۆیدا ناتوانیت ئه‌م ده‌سه‌لاته ره‌هایه به‌ریگر بزانین له به‌رده‌م دابه‌شکردنی لوجیکیانه‌ی ئه‌رکه‌کانی فه‌رمان ره‌وایی له‌نیوان هیزه جیاوازه‌کاندا. سێیه‌م بوونی ده‌سه‌لاتی ره‌ها تایبه‌ت نی‌یه به حکومه‌تی ئیسلامی و پیویستی هه‌ر جۆره ولاتیك به‌تایبه‌تی له حالی حازردا، ئه‌وه‌یه که ئیراده‌یه‌ك نه‌بێ له سه‌روو ئیراده‌ی فه‌رمان ره‌وایی میللی‌یه‌وه. له هه‌مان کاتدا له هیچ ولاتیکدا که به مه‌عنای سیاسی په‌ره‌ی سه‌ندبێ، ده‌سه‌لاتی ره‌های حکومه‌ت، به مه‌عنای ده‌رچوون له ده‌ستورو له یاسالادانی کاروباره‌کان لیك نه‌دراوه‌ته‌وه. هیچ که‌سیك به‌لگه‌یه‌کی نه‌خستۆته روو سه‌باره‌ت به‌وه‌ی که پیویسته هه‌موو ده‌سه‌لاته‌کان له ده‌ستی یه‌ك که‌سدا بن. چواره‌م ئیمام خومه‌ینی که خۆی ئه‌ندازیاری ئه‌م تیوره بوو، هه‌رگیز کاریکی وای نه‌کرد که هه‌موو ده‌سه‌لاته حکومیه‌کان بۆ خۆی پاوان بکات، به‌لکو به پیچه‌وانه‌وه ته‌ئکیدیکی زۆری له‌وه ده‌کرده‌وه که ریره‌ویکی ره‌وای جیگیرو یاسایی بۆ به‌کارهینانی ده‌سه‌لاته‌کانی حکومه‌تی ئیسلامی له‌به‌رچاو بگیرێ. (به‌م پێیه).. ویلایه‌تی ره‌های فه‌قیه به‌مه‌عنای حکومه‌تی ره‌های تاکه‌که‌سی نی‌یه"[١٤٦]

ئه‌م بلاوکراوه‌یه له جیگایه‌کی دیکه‌دا بۆ سه‌لماندنی بۆچوونی خۆی سه‌باره‌ت به سنوورداری ده‌سه‌لاته‌کانی وه‌لی فه‌قیه به‌و پێیه‌ی که له ده‌ستووردا هاتووه،

---

[١٤٥] روزنامه کیهان، ٧٥/١٠/٤، ص٢.

[١٤٦] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٦١، ٧٥/١٠/١٩، ص٥.

نووسیوویەتی: "به پشت بەستن به مادەی ١٧٧ی دەستوور.. رابەری ناتوانێت پرانسیپ و ئامانج و بەهاکانی ئیسلام رەت بکاتەوە. چونکه فیقهو فەقاهەت و ویلایەتی فەقیه دەبێ قبولیان بکات. پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵات بەنده به دەسەڵاتی رابەرییەوە. رابەری ناتوانێت بۆ نموونه یەکیتی نیشتمانیی ئێران هەڵبوەشێنێتەوە چەند بەشێك یان هەموو خاکی وڵات بخاته سەر قەڵەمڕەوی وڵاتیکی دیکه.

ناتوانرێ به پشت بەستن به رەهایی دەسەڵاتەکانی رابەری، جمهوریەتی نیزام له کار بخرێ، ماوەی (١٠٠)ی دەستوور له دەسەڵات و ئەرکەکانی رابەری کۆڵیوەتەوەو له (١١) خاڵدا جێی کردۆتەوە.. مەعنای نییه که یاسادانەرێ بەدەسەڵاتی رەهای کەسێ قایل بێ پاشانیش بیت و دەسەڵاتەکانی بژمێرێ. مادەی ١٧٧ راشکاوی تیایه که (پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی چاوپێداخشانەوەی دەستوور لەدوای تەئیدکردن و ئیمزای مەقامی رابەری دەبێ له رێگەی گەرانەوەوە بۆ رای گشتی له لایەن زۆرینەی رەهای بەشدارانی راپرسییەوە پەسەند بکرێ". ئەمه بەو مەعنایەیه که ئیمزای مەقامی رابەری بەتەنها ناتوانێت ببێته هۆی بەدەست هێنانی توانای یاسایی و ئەم ئیمزایه هەتا لەلایەن رای گشتیەوە پەسەند نەکرێ، بەهای یاسایی نابێت. مادەی (٥٧) که ئاماژه بۆ رەهایی ویلایەت دەکات ئەوە نیشان دەدات که ئەو رەهایییه له چوارچێوەی دیسپلین و ریوشوینی یاسادا مەرجی بۆ دانراوە. لەم مادەیەدا هاتووە "هێزە دەسەڵاتدارەکان له کۆماری ئیسلامی ئێراندا بریتین له دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی داوەری که له ژێر چاودیری ویلایەتی رەهای ئەمر و ئیمامەتدا بەپێی مادەکانی دوایی ئەم یاسایه کاردەکەن ئەم دەسەڵاتانه سەربەخۆن له یەکتری" ئەوە بەدی دەکرێ که سیانەیی دەسەڵات و سەربەخۆیی و جیاکردنەوەیان له یەکتری رێرەوی پەسەند کراوی کارکردنی ویلایەتن و رەهایی ویلایەت ناتوانێ دەست له کاروباریان وەربدات و یان لەجیاتی جیایی و سەربەخۆییان تێکەڵیان بکات. لەمانەش گرنگتر ناوەرۆکی مادەی (٥٦)ه که دەڵێت: "فەرمان رەوایی رەها بەسەر جیهان و مرۆڤدا لەلایەن خواوەیەو هەر خواش مرۆڤی کردووە به حاکمی چارەنووسی کۆمەڵایەتی خۆی. هیچ کەسێ ناتوانێ ئەو مافه خوداییيه له مرۆڤ زەوت بکات، یان بیخاته خزمەتی بەرژەوەندی

کەسیك یان گروپیکی تایبەتیەوە و میللەت ئەم مافەی کە خودا پێی داوە لە مادەکانی دواییدا، بەکاردینیت".تێبینی دەکرێ کە مافی دیاری کردنی چارەنووس لەم مادەیەدا بۆ هەموو هاوولاتیان بە رەسمی دانی پیدانراوە و هاولاتیان ئەم مافە لە ریگەی مادەکانی دەستوورەوە پیادە دەکەن. بۆیە هەر جۆرە ریوشوینیك کە مادەی ئەم مافەو رۆشن کردنەوەی بەتاڵ بکاتەوە ئەو پەیمانە بەتاڵ دەکاتەوە کە لە نیوان کۆمەڵ و دەولەتدا دەبەسترێ. بەپێی ئەو سەرنجانەی سەرەوە ئەوەی کە سنووری دەسەلاتەکانی حکومەت (و) رابەری لە رووی ناوەرۆکەوە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە مەرجەوە گرێ دەدات، بەرژەوەندی نیزامە، کە بەپێی پیناسە بەکات و شوینەوە بەندەو لە ئیرادەی گەلەوە هەلدەقولێ. هەروەها لە رووی یاسایی و شکلیەوە مادەکانی دەستوور بریاری لەسەر چوارچیوەیەك داوە بۆ بەکارهینانی ئەم دەسەلاتانە"[١٤٧].

محەممەد سەلامەتی سەرۆکی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیرانیش لە چاوپیکەوتنیکدا تەئکیدی لە سنوورداری دەسەلاتەکانی وەلی فەقیە کردۆتەوە و دەلیت: "لە بنچینەدا لە کۆمەلگای ئیمەدا بریار نیە وەلی فەقیە لە جیاتی هەموان بیربکاتەوەو لە بوارە جیاوازەکانی ریگەچارە دەست نیشان بکات.

بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە وا دەکات کە دەزگا یاساییەکان (حکومی و ناحکومی) هەرگیز چالاك نەبن، چونکە لە حالەتی چالاك بوونیاندا مەیدانەکە لەبەردەم فەقیهدا تەسك دەکەنەوە"[١٤٨].

ئەم بالە باوەری وایە کە لەسەردەمی غیابدا دەبێ وەلی فەقیە لەلایەن خەلکەوە هەلبژیردرابێ. بلاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"بالی چەپ باوەری بە ویلایەتی فەقیهی هەلبژیردراو هەیە و بنەمای حکومەتی ئیسلامی بە راو هەلبژاردنی خەلك دەزانیت. بەپێی ئەم بۆچوونە لەسەردەمی غیابدا دەستی خودا لە قۆلی کراسی خەلکەوە دیتە دەرەوە"[١٤٩].

[١٤٧] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٦٢، ٧٤/١١/٣، ص ٧٢٤.
[١٤٨] همان شمارە ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٣.
[١٤٩] همان، شمارە ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.

ئەسەدوڵڵای بەیات ئەندامی شورای مەرکەزی ئەنجومەنی روحانیە خەباتگێرەکان گوتویەتی: "کاتێك کارەکانی ویلایەتی فەقیە راست و رەوا دەبێت کە خەڵك ویلایەتەکەی ئەویان قبوڵ کردبێ"[١٥٠].

بڵاوکراوەی "عصرما"ش لەو تاریکدا تەئکیدی لە هەڵبژاردنی وەلی فەقیە کردۆتەوە لەلایەن خەلکەوەو دەنووسێت: "بەپێی هەردوو مادەی (٥٦) و (٥٧)ی دەستوور فەقیهەکان وەکو نوینەری گشتی ئیمامی سەردەم (عج) رابەری ئومەت لە ئەستۆ دەگرن. لەم حالەتەدا ئەگەر (خبرگان)ی ئومەت بەگشتی دەنگ (یان زۆرینەی دەنگ) کەسێکیان بۆ ئەو پلەیە هەڵبژارد، ویلایەت و ئەمانەتی مەعصومیان پێ سپارد.. دەوری خەلك ئەوەیە کە لەنێو "خبرگان"دا دەست بە هەڵبژاردن دەکەن، واتە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ وەلی فەقیە هەڵدەبژێرن. بەم شێوەیەش شەرعیەتی سیاسی بەدەست دێت. شەرعیەتی سیاسی و گوێرایەڵی رەزامەندانە پەیوەندی تەواوی بە حەق پەروەردەی نیزامی کۆماری ئیسلامیەوە هەیەو ناتوانرێ بە بانگەشەی نوینەرایەتی ئیمامی بێ گوناهەوە (د.خ) بەبێ ئەوەی رەزامەندی خەلکی لەگەڵدا بێت، دەست بە دامەزراندنی حکومەت بکرێ"[١٥١].

ئەم باڵە باوەری وایە کە کۆماری ئیسلامی لە سێ کۆڵەکەی: کۆماریی، ئیسلامیو و ئیرانی بوون پێکهاتووەو دەبێ ئەم سێ بنەمایە بپارێزرێن. بڵاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسێت "کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێ کۆڵەکەی کۆماریی، ئیسلامی و ئێرانی بوون پێك (هاتووە).. ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان لە پێناوی پاریزگاری ئەم بنەمایانەدا دەخەینە گەرو باوەرمان وایە بایەخ نەدان بە هەریەکێ لەم سێ بنەمایەو سست بوونی هەریەکێ لەم سێ کۆڵەکەیە، لە جیاتی ئەو سیستمەی کە خەلکی مسولمانی ئێران لەکاتی شۆرشی پرجۆش و خرۆشی خۆیاندا هاواریان کرد، سیستمیکی دیکەیان بەسەردا دەسەپێنێ"[١٥٢].

بالی روحانیە خەباتگێرەکان و گروپە نزیکەکانی تەئکید لە جەمهوریەت و ئیسلامیەتی نیزام دەکەنەوە. بڵاوکراوەی (عصرما) لە باسکردنی ئەم دوو بنەمایەدا

---

[١٥٠] روزنامه همشهری ٧٥/١٠/٩.

[١٥١] دوهفته نامه عصرما، شماره ٦٤، ٧٥/١٢/١.

[١٥٢] دوهفتەنامە، شمارە ٤، ٧٣/٩/٩.

دەنووسیت: "ئیسلامیەتی نیزام.. لە جەمهوریەتی نیزامەوە سەری هەلداوە. بەو مەعنایەی کە خەلك چارەنووسی کۆمەلایەتی خۆیان وا دیاری کردووەو بۆ بەریوەبردنی کاروبارە جیاوازەکانی کۆمەلْ سیستمی ئیسلامیان هەلبژاردووە. سیستمی کۆماری ئیسلامی. کۆمارییە چونکە بەشداری خەلك لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا لە دەستووردا بە رەسمی دانی پیدا نراوە. و ئیسلامییە لەبەرئەوەی رەنگدانەوەی ئیرادەی خەلك ئەو مسولمانییەیە کە ویستیان بەها و ئامانج و ریگە ئیسلامیەکانی لە پەیوەندی نیوان خۆیاندا سەقامگیر بکەن"[١٥٣].

رۆژنامەی (سلام) کە لەرووی هەلویستەوە لە ئەنجومەنی روحانیە خەباتگیرەکانەوە نزیکە، دوورکەوتنەوەی لە رای خەلك وەکو (دورکەوتنەوە لە ئەسلی ئیسلام) وەسف کرد. ئەم رۆژنامەیە لەم بارەیەوە دەنووسیت "ئەگەر رۆژیك بەبیانووی داین کردنی ئیسلامیەتی نیزامەوە هەل و مەرجێ بیتە ئاراوە بۆ ئەوەی (رای خەلك) لە دیاری کردنی مەسەلەکاندا گورزی بەربکەوێ و بەهای پیویست لە دەست بدات لە نەریت و رۆشنبیری سیاسی ولاتدا بێ دودلی دەبێ ئەم دیاردەیە بە مەعنای دوورکەوتنەوە لە بنچینەی ئیسلام لیك بدریتەوە)[١٥٤].

عەباس عەبدیش کە لە کاربەدەستانی رۆژنامەی (سلام)ە لە بەریوەبردنی کۆمەلگەدا تەئکید لە بنچینەیی بوونی رای خەلك دەکاتەوەو دەلیت: "هەتا ئەگەر خەلك بەپیچەوانەی بەرژەوەندی کۆمەلگەشەوە دەنگ بدەن، گۆرینی ئەو دەنگە لە ریگەی فرت و فیلەوە، دەردیك دەرمان ناکات. ئەوەی کە خودا دەفەرمویت: "خودا چارەنووسی هیچ نەتەوەیەك ناگۆرێ، مەگەر ئەو نەتەوەیە خۆیان بگۆرن، لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە دەستکاری کردنی رای خەلك (هەتا ئەگەر ئەو رایە پیچەوانەی بەرژەوەندی کۆمەلیش بێ) ناتوانرێ کۆمەلْ چاك بکرێ، خەلك خۆیان دەبێ بەرپرسیاریتی کارەکانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن"[١٥٥].

هاشم ئاغاجری کە یەکیکە لە ئەندامانی شورای مەرکەزی (دفتر تحکیم وحدت) تەئکیدی لە پەیوەندی دوو سەرەی نیوان حکومەت و خەلك کردۆتەوەو دەلیت:

---

[١٥٣] همان، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص١.

[١٥٤] روزنامه سلام، ٧٥/١١/٧.

[١٥٥] همان، ٧٦/١/١٧، ص٩.

"پەیوەندی حکومەت و کۆمەڵ و مەسەلەی ماف لە سیستمیکی سیاسیدا مەسەلەیەکی دووسەرەو دولایەنەیە. ئەگەر مەسەلەی ماف یەك مەسەلەی یەك سەرەبێ و لایەنیك لەسەر حەق بێ و لایەنەکەی دیکە تەنها جێبەجێکردنی فەرمانی لەسەربێ، ئەمە جگە لەزاتی پیرۆزی خودا بۆ کەسیکی دیکە نییە"[١٥٦] مەکتەبی سەقامگیرکردنی یەکیتی (دفتر تحکیم وحدت)یش لە بەیاننامەیەکدا تەئکیدی لە جەمهوریەتی نیزام کردۆتەوە. لەم بەیاننامەیەدا "سەبارەت بە نفوزی رەوتیکی سیاسی و بیرکردنەوەی تویژیك کە دەیەوێ گورز لە پرانسیپی ئازادی و جەمهوریەتی نیزام بسرەوینێ" تەحزیری داوە[١٥٧].

هەروەها ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران لە پرۆگرامی خۆیدا لەگەڵ تەئکیدکردنەوەدا لە رۆلی خەلك لە حکومەتی ئیسلامی ئاوای نووسیووە: "لە سەردەمی غیابدا وەلی سەردەمی (عج) کاروباری حکومەت بە کۆمەلی ئیسلامی سپیردراوە. لە راستیدا توانای حکومەتی ئیسلامی لە سەردەمی غیابدا لە کۆمەلەوە سەرچاوە دەگریت"[١٥٨] بلاوکراوەی (عصرما)ی ئۆرگانی مجاهیدیشنیش لەم بارەیەوە دەنووسیت: "ئەگەر نیزام کۆماری نەبێ، ئیسلامیش نابیت و هەر هەولیك بۆ لابردنی کۆماریی نیزام.. هەنگاویکی کۆنەپەرستانەیەو دژی شۆرشە"[١٥٩] بەرای ئەم بالە، شوراو هەلبژاردن و پەرلەمان لە ئامرازەکانی حکومەتی ئیسلامین لەسەردەمی غیابدا. بلاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسیت: "لە سەردەمی غیابدا، مافی فەرمانرەوایی و دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بە خەلك سپیردراوە بۆ ئەوەی لە ریگەی پەیمان تازەکردنەوەوە بەشیوەی جیاواز شورا و هەلبژاردن و پەرلەمان پیك بینن و کەسیك یان گروپیك بۆ کاروباری حکومەت هەلبژیرن. بێگومان ئەم هەلبژاردنانە لە چوارچیوەی چەند پرانسیپیکدایە کە ئیسلام وەکو ئاینیکی کۆمەلایەتی و خاوەنی حکومەت بۆ فەرمان رەواو حکومەتی ئیسلامی دەست نیشانی

---

[١٥٦] هفتەنامە مبین/ شمارە ٢٦٤، ١٥/١٠/٧٥، ص٣.
[١٥٧] بیانیە شمارە ٢، دفتر تحکیم وحدت.
[١٥٨] اساسنامە و مرامنامە سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی ایران، ص٩.
[١٥٩] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٦٧، ٣/٢/٧٦/ ص٢.

كردووه"[١٦٠] ئه‌م باله بوونی سه‌لاحیه‌ت به پیویست نازانیت بۆ حكومه‌ت كردن. بڵاوكراوه‌ی عصرما له‌م باره‌یه‌وه ده‌نووسیت:

(ئیمه شه‌رعیه‌ت و په‌سه‌ندكراوی (ئیسلامی و كۆماریی) به دوو پایه‌ی هاوشیوه ده‌زانین بۆ كۆماری ئیسلامی.. ئیمه پیمان وایه كه ره‌وایی فه‌رمانره‌وایی كۆماری ئیسلامی له ده‌نگی خه‌لكه‌وه سه‌رچاوه ده‌گریّو سه‌لاحیه‌ته‌كان به خولقینه‌ری ئه‌ركی تاكه‌كه‌سی ده‌زانین، به‌و مه‌عنایه‌ی كه هیچ گروپیك ته‌نها له‌به‌ر بوونی سه‌لاحیه‌ت مافی ئه‌وه‌یان نی‌یه حوكمی كۆمه‌ڵ بكه‌ن، هه‌تا له لایه‌ن گه‌له‌وه قبوڵ نه‌كریت"[١٦١] ئه‌م باله ته‌ئكید له به‌رپرسیاری كاربه‌ده‌ستانی حكومه‌تی ئیسلامی له به‌رامبه‌ر خه‌لكدا ده‌كاته‌وه. له‌م پیناوه‌دا بڵاوكراوه‌ی (عصرما) به‌م شیوه‌یه ده‌نووسیت: "ئیمه.. كۆماری ئیسلامی وه‌كو كۆمپانیایه‌كی پشكداری ده‌بینین كه هه‌لگری په‌یره‌وی ناوخۆی ئیسلامیه كه هه‌ریه‌كه له تاكه‌كانی كۆمه‌ڵ تیایدا به چاوپۆشی له سه‌رمایه‌ی مادی و مه‌عنه‌وی خۆیان له‌گه‌ڵ كه‌سانی دیدا پشكی یه‌كسانیان هه‌یه‌و به‌هه‌مان ئه‌ندازه‌ش مۆڵه‌تی ده‌ستوه‌ردانیان دیاریكردنی له چاره‌نووسی خۆیاندا هه‌یه، به‌م پیّیه به‌ریوه‌به‌رانی كۆمپانیایه‌كی له‌م جۆره سه‌ره‌رای به‌رپرسیاری ئیلاهی، له به‌رامبه‌ر خاوه‌ن پشكه‌كانیشدا به‌رپرسیارن"[١٦٢].

بالی ئه‌نجومه‌نی روحانیه خه‌باتگیره‌كان و.. بینای سیاسی حكومه‌تی ئیسلامی له هیچ قالبیكی تایبه‌تی‌دا نابینن و وای ده‌بینین كه به‌پیّی هه‌ل و مه‌رجی رۆژگار قابیلی گۆرانه. بڵاوكراوه‌ی (عصرما) بۆ روون كردنه‌وه‌ی بۆچوونه‌كانی ئه‌م باله ده‌نووسیت "بینای سیاسی حكومه‌تی ئیسلامی له قالبی شیوه‌یه‌كی تایبه‌تی‌دا نی‌یه‌و له‌گه‌ڵ پیویستیه‌كانی كات و كۆمه‌ڵدا قابیلی گۆرانه.. ده‌سه‌ڵات و ئه‌ركی حاكم و حكومه‌تی ئیسلامی له‌و ئه‌رك و ده‌سه‌ڵاتانه‌یه كه حكومه‌تیك له‌و لایه‌نه‌وه كه حكومه‌تی به‌ریوه‌بردنی كاروباری كۆمه‌له ده‌بیّ خاوه‌نی بیت. ئه‌م باله باوه‌ری به‌جۆریك له خه‌لك سالاری هه‌یه له چوارچیوه‌ی ئامانج و پیوه‌ره دینی‌یه‌كانداو خه‌لك به سونگه‌ی شه‌رعیه‌ت و مافی فه‌رمانره‌وایی ده‌زانیت"[١٦٣].

---

[١٦٠] هه‌مان، شماره ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.

[١٦١] هه‌مان، شماره ١٩، ٧٤/٤/٢١/ ص٤.

[١٦٢] هه‌مان.

[١٦٣] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٧٤/١/١٣، ص٢.

**٢-حزب:**

ئەنجومەنی روحانیە خەباتگێرەکان و گروپە نزیکەکانی تەئکید لە پێویستی چالاکی حزبە سیاسیەکان دەکەنەوە. بلاّوکراوەی (عصرما) لە روونکردنەوەی بۆچوونەکانی رێکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئێراندا دەنووسێت: "لەم سەردەمەدا کە پرانسیپ لەسەر بەشداری خەلك دامەزراوە، بوونی حزبی سیاسی نەك تەنها شتێکی ئاسایی بووە بەلکو بە پێویستیش لە قەلەم دەدرێ و نەبوونی لە هەر ولاّتێك سەرسورێنەرەو مایەی پرسیاریشە"[١٦٤]. ئەم بلاّوکراوەیە باوەری وایە کە چالاکی حزب لە ولاّتدا بەر لە جێگیربوونی رژێمی زۆردار دەگرێت.

"زیادبوونی چالاکی حزبی و رێکخراوەیی دەبێتە هۆی فراوان بوون و گەشەکردنی هوشیاری و وریایی خەلك. لە کۆمەلگایەکی هوشیارو گەشەکردودا کە ئازادی سیاسی و چالاکی حزبی بەشێوەی راست و لۆجیکی تاقیکردۆتەوە، ئەگەری گەشەکردنی کەسانی هەلپەرست و دیماگۆگی و وابەستە کەمترەو ئەگەری بەدی هاتنی پیلان و دەسیسەی ئاشکراو نهێنی گەیشتۆتە کەمترین رادەو زەمینەیەك بۆ جێگیربوونی دیکتاتۆری نی‌یە"[١٦٥].

مەهدی کەروبی سەرۆکی ئەنجومەنی روحانیە خەباتگێرەکان پشتگیری لە لەدایك بوونی حزبە سیاسیەکان کردووە لە ولاّتداو دەلێت "لە دایك بوونی حزبە سیاسیەکان لە ژیانی سیاسی ولاّت دەبێتە هۆی بەهێزبوونی زیاتری پەرلەمان، جدی بوونی هەلبژاردن، بێمەبوونی نیزام و خولقاندنی جۆش و خرۆش و چالاکی لەنێو خەلکدا. حزبە بەهێزەکان وەکو سیستمێکی چاودێری لە بەرامبەر سەرهەلدانی لادانەدا بە رێگرێکی گرنگ لە قەلەم دراون و دەبنە هۆی خولقاندنی ململانێی ساغ و سەلیم"[١٦٦] کەروبی بەم شێوەیە لەسەر دەربرینی بیروراکانی خۆی بەردەوام دەبێت "سیستمی ئێمە سستمێکی پەرلەمانی‌یەو بە رای خەلك فۆرمەلە دەبێت . لە دە ستووریشدا بە راشکاوی مەسەلەی حزب لەبەرچاوگیراوە و ئێمە لەگەلّ ئیشکردنی حزبین بەشێوەیەکی واقیعیانە"[١٦٧].

---

[١٦٤] همان، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٣.

[١٦٥] همان، شماره ٢٣، ٧٤/٦/١٥، ص٤.

[١٦٦] هفتەنامە صبح، شماره ٣٦، ٧٤/٩/٢٨.

[١٦٧] روزنامە سلام، ٧٥/١٢/١.

ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران رەنگدانەوەی نارەزایی گروپی و ریکخستنی و خواستە گشتیەکان بەکاری حزبی لە قەلەم دەدات و باوەری وایە: "یەکێ لە سەرەکیترین کارەکانی حزب و رۆژنامەگەری رەخنەگر، ریکخستنی خواستە گشتیەکان و عەکس کردنەوەی بەرژەوەندی و نارەزاییەکانی گروپە جیاوازە کۆمەلایەتیەکانە لە دەزگا بریار بە دەستەکانی وەکو حکومەت و پەرلەماندا بە ریگەیەکی ئاشتی خوازانە لە کۆرو کۆبوونەوەو بۆنەکانی تردا"[١٦٨].

## ٣-ئازادی:

ئەم بالە ئازادی رادەربرین بۆ ئەو کەسانەی کە نیزامیان قبوڵ کردووە، بە قابیلی پەسەندکردن دەزانیت. بلاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسیت "بەرای ئیمە.. ئارامی سیاسی، مانەوەو زیادبوونی شەرعیەتی نیزام و پاشانیش پاریزگاری لەسەربەخۆیی ولات لە پەسەندکردنی مافی رەخنەگرتن و ئازادی رادەربریندایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە مەبدەئی نیزامەکەو سەروەری یاسایان قبوڵ کردووە"[١٦٩] "ئازادی چالاکی سیاسی (بەهەرشیوەیەك بێ) لە چوارچیوەی دەستووردا گرنگترین دابینکەری مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنچینەییەکانە"[١٧٠].

ئەم بالە ئازادی رادەربرین (بە مافیکی خودایی و سروشتی) دەزانیت نەك بە (ئیمتیازیك). (عصرما) دەنووسیت "دەستوور ئازادی رادەربرین بە مافی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەزانیت نەك بە ئیمتیازیك کە لەلایەن دەولەتەوە بە کەسیك یان گروپیکی تایبەتی دەدریت.. ئازادی رادەربرین مافی خودایی و سروشتی تاکەکانی کۆمەلەو بە هیچ یاسایەکی دیکە ناتوانرێ بگۆردرێ بە ئیمتیاز"[١٧١] هەروەها ئەم بالە تەئکید لە پاراستنی مافی نەیارەکان دەکاتەوە بلاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسیت "بە حوکمی ئازادی دەبێ هەتا سەبارەت بە پاراستنی مافی نەیارانیش وەکو ماف و ئازادییەکانی خۆمان هەست بە بەرپرسیاریی بکەین و هەر جولانەوەیەکی پیچەوانەی یاسا لەم بارەیەوە مەحکوم بکەین"[١٧٢].

---

[١٦٨] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٧.

[١٦٩] همان، شمارە ٢، ٧٣/٨/١١، ص١٠.

[١٧٠] همان، شمارە ١١، ٧٣/١٢/١٧، ص٦.

[١٧١] همان، شمارە ١٨، ٧٤/٤/٧، ص٦.

[١٧٢] همان، شمارە ٢٢، ٧٤/٦/١/ ص٨.

هەروەها ئەم بڵاوكراوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە ئیسلام لەگەڵ دیموكراسیدا ناكۆك نییە. "قوتابخانەیەك كە لە گەڵاڵەنامەو ناوەرۆكی خۆیدا بنەمای ئازادی قبوڵ كردووە، دەتوانێ وەكو میتۆدیك دیموكراسی پیادە بكات.

لەم رووەوە دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی كە فیكری ئیسلامی لەگەڵ دیموكراسیدا لە سەركەوتووترین میتودی بەڕیوەبردنی كاروباری وڵاتە ناكۆك نییە"[١٧٣] ئەم بڵاوكراوەیە تەئكید لە ئازادی و مافی رەخنەگرتن و چاودێری كردنی كاربەدەستانی سیستمی كۆماری ئیسلامی كردۆتەوە و لەم بارەیەوە دەنووسیت "ئازادی بە مەعنای نەمانی كۆسپە لە بەردەم بەكارهێنانی مافدا. هەركاتێ كۆسپ نەبێ ئازادی هەیەو لەگەڵ جۆراوجۆری و زۆربوونی كۆسپەكاندا، ئازادی لە قالب دەدرێ. ئازادی.. كاتێك لە كۆمەلگایەكدا دیتەدی كە توانای رەخنەگرتن لە سەرەكی ترین سیاسەت و بەرزترین ئاستەكانی دارشتن و جێبەجێكردن سیاسەت هەبێ.. بەرای ئێمە ئازادی و مافی رەخنەگرتن لە بەرزترین ئاستەكانی بریاردان و چاودێری كردنیان نەك تەنها نابیتە هۆی لاوازبوونی نیزام بەلكو لە بنچینەدا توانا و سەقامگیری نیزام بەندە بە مەسەلەیەكی لەو جۆرەوە.. سیفەتی ئازادی بنەرەتی لە كۆمەلیكدا، بریتییە لەوەی كە كەمینەكان بتوانن مافی خۆیان بەكاربێنن و توانای چاودێری كردنی كاروكردەوەكانی كاربەدەستانیان هەبێ"[١٧٤] مەكتەبی سەقامگیركردنی یەكیتیش لە بەیاننامەیەكدا "ئازادی بە بەهرەی خودایی" لە قەلەم دا[١٧٥].

لە روانگەی ئەم باڵەوە، ئازادی لە رینماییەكانی ئیسلامدا رەگ و ریشەی هەیە. لەم بارەیەوە (عصرما) دەنووسیت "ئازادی بە گەوهەری بیری ئاینی نامۆ نییە.. و زۆر لەو مافانەی كە لە جیهانی ئەمرۆ وەكو مافی بنەرەتی مرۆڤ دانیان پیدانراوە، لای ئیسلامیش پەسەند كراون.. لە بواری سیاسەت و كۆمەڵایەتیش دا فەرمان بە چاكەو نەهی لە خراپە بە مەعنای بانگهیشت كردنە بۆ كاروباریك كە لە رووی عەقڵ و شەرعەوە شیاوەو ستایش كراوەو گەرانەوەیە لە كاروباریك كە لە رووی عەقڵ و شەرعەوە نەشیاوەو زەم كراوە وەكو یەكیك لە بەشەكانی ئاین، بە ئەركی كۆمەڵایەتی

---

[١٧٣] همان، شماره ٢٣، ٧٤/٦/١٥، ص٣.

[١٧٤] دوهفتەنامه عصرما، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٣.

[١٧٥] بیانیه دفتر تحكیم وحدت، ٧٤/٦/١٥.

و مافی هەمووان له قەلەم دراوه، هەلبژاردنی بیروباوەرو ئاین به زۆرەملی نییه. له کۆمەلگای ئیسلامیدا ئەوانەی باوەریان به قوتابخانه و ئاینەکانی دیکه هەیه به رەسمی دانیان پیدا نراوه. مەبەستمان لەوه نییه که هەموو ئەوەی که له جیهانی ئەمڕۆدا وەکو ئازادی بۆ مرۆڤ به رەسمی دانی پیدانراوه لەلایەن فیقهەوه پەسەندکراوەو تەواو دەسکەوتیکی ئیسلامییه.. قسەی ئیمه لەسەر ئەوەیه که گەوهەری ئازادی له ریوشوینەکانی ئیسلامدا هەیه"[١٧٦] لەگەل ئەوەشدا ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران، قبول کردنی بی قەیدو شەرتی گەلالەنامەی جیهانی مافی مرۆڤ به باش نازانیت پێی وایه "قبول کردنی سەربەخۆو بی قەیدو شەرتی گەلاله نامەی جیهانی مافی مرۆڤ له بەرژەوەندی ئیمه (نییه) باشترین شیوه، داواکردنی ئەندامیتییه لەگەل هیشتنەوەی مافی (تەحەفز) له بەرامبەر هەندی له مادەکانی گەلالەنامەکەدا.

هەرچەنده پیمان وایه که زیاتر (٩٠٪)ی مادەکانی گەلالەنامەکه لەگەل یاساکانی شەرع و دەستووری ولاتەکەماندا ناکۆك نییه"[١٧٧].

له هەلویست و سەرەتاکانی بەرنامەی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران دا تەئکید له ئازادی رادەربرین، پیکهینانی کۆرو کۆبوونەوه، حزب و ئەنجامدانی هەلبژاردن و.. کراوەتەوه: "ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران ئازادی رادەربرین، ئازادی کۆبوونەوه، پیکهینانی حزب و ریکخراوی سیاسی، ئازادی هەلبژاردن، ئازادی چاپەمەنی و راگەیاندن به ئەرکی خۆی دەزانیت، ریکخراوی مجاهیدین پشتگیری له هەموو ئەو حزب و ریکخراوانه دەکات که وەفاداری خۆیان بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی راگەیاندووەو دەستووریان قبول کردووەو ئیلتیزامی پیوه دەکەن.. هەموو هیزو بۆچوونەکان دەبی له مەیدانیکدا بواری خستنەرووی خۆیان بۆ کۆمەل هەبی دیاره له چوارچیوەی دەستووردا"[١٧٨] ئەم ریکخراوه تەئکیدی له "پاریزگاری و قول کردنەوەی ئازادی" له حکومەتی ئیسلامیدا کردۆتەوه. بەم شیوەیه باس لەم بابەته دەکات "ئەرکی حکومەتی ئیسلامی پاریزگاری و قول کردنەوەی ئازادییه نەك بەخشینی. بۆیه کۆمەلگای

---

[١٧٦] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٢٣، ٧٤/٦/١٥، ص٣.

[١٧٧] همان، شماره ٦، ٧٣/١٠/٧، ص٧.

[١٧٨] دو هفتەنامه عصرما، شماره ٤٢، ٧٥/١/٢٩، ص٧.

ئیسلامی دەبێ شایستەی گرەنتی تەواوبێ بۆ بەدیهێنان و مانەوەی ئازادی و تاکەکانی کۆمەلگای ئیسلامی دەبێ بواری بەشداری کاریگەریان لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی خۆیاندا هەبێت. هەروەها دەبێت گیان و بنەمای ئازادی لە تەواوی پەیوەندی و دەزگا فەرهەنگیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکاندا لەبەرچاو بگیرێ"[١٧٩].

بلاوکراوەی (عصرما) لە روون کردنەوەی بۆچوونی ئەم بالەدا دەنووسێت: "بالی چەپ ئازادی و دیموکراسی بە تەنها وەکو ئایدیولوجیایەك تەماشا ناکات بەلکو وەکو رێوشوێنیکی پێویست بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵ و جێگیری و پەرەسەندنی کۆمەڵ تەماشای دەکات، هەروەها وەکو ئامرازێك بۆ نەهێشتنی ئەگەری سەرهەلدانی دوژمنایەتی لێکی دەداتەوە.. ئەم رەوتە بیری ئازادی بە یەکێك لە دروشمە سەرەکی‌یەکان و بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی دەزانێت و دابرانی ئازادی و سەربەخۆیی وا لێك دەداتەوە کە کاری کردە نی‌یە"[١٨٠] بەرای ئەم بالە "فراوانکردنی ماف و ئازادی خەلك یارمەتی بەردەوام بوونی نیزام دەدات" و بەو جۆرەی لە رەش نووسی بەلگەنامەی هەلویستەکانی ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا هاتووە. "شۆرش و دەولەت ئەنجامی ئەو شۆرشە، بە رێگە خۆشکردنی گونجاو بەرەو فراوانکردنی ماف و ئازادییەکانی خەلك و هێزە سیاسیەکان و جولان بەرەو بە دامەزراوکردنی تواناکانی کۆمەڵ، بە توانایی خۆی دابین دەکات. شۆرشی ئیسلامی تا چەند بتوانێ ئازادییە یاساییەکان پەرە پێبدات و بیان کات بە شتێکی دامەزراو، دەتوانێت هێندە ئومێدی بەتوانای خۆی هەبێت چ لە بواری جیهانی و لە بەرامبەر هێزە دەسەلاتخوازەکانی دەرەوەو چ لە بواری بەرەوپێشەوەبردنی ئامانجەکانی خۆی‌دا لەناوخۆ"[١٨١]

## ٤-بەشداریی سیاسی:

ئەم بالە پشتگیری لە رێکخراوبوونی بەشداری خەلك دەکات، بلاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسێت "رۆلی خەلك لە پارێزگاری کردنی شۆرشدا تەنها لە کاتێکدا بەردەوام دەبێ و دەگاتە قولایی فراوان بوون و گەشەکردن کە لە قالبی دەزگای سیاسی و کۆمەلایەتی رەگ و ریشەداردا، دابمەزرێ، یەکێتی قول و

[١٧٩] مرامنامه سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی ایران، ص١١.

[١٨٠] دوهفتەنامه عصرما، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٢.

[١٨١] همان، شماره ٥٧، ٧٥/٨/٢٣، ص٢.

پايه‌دارى كۆمه‌لآيه‌تى ته‌نها له سايه‌ى پيكادانى فيكره‌كان و گه‌شه‌كردنى هوشيارى و ئه‌نجامه‌كانى ئه‌مه‌دا، كارى كرده‌يه"[١٨٢].

ئه‌م بلآوكراوه‌يه له جيگايه‌كى ديكه‌دا ده‌نووسيت: "به‌رده‌وام بوون و مانه‌وه‌ى شۆرش به‌بێ به‌شدارى جه‌ماوه‌ر ئاسان و ره‌وان نابێ. جيگيركردنى دامه‌زراوه‌كانى به‌شدارى وه‌كو سيستمى حزبى و په‌رله‌مانى و شيوه‌كانى هه‌لبژاردن، ميكانيزمه‌كانى برياردان و ته‌نها گره‌نتى دلنياكه‌رو له شكان نه‌هاتووى هيشتنه‌وه‌ى خه‌لكن له گۆره‌پانه جياوازه سياسى‌و كۆمه‌لآيه‌تيه‌كاندا"[١٨٣].

ئه‌م باله به‌شداريى سياسى خه‌لك به‌وه نازانيت كه ته‌نها بريتى بيت له به‌شدارى له هه‌لبژاردنه‌كانى په‌رله‌مان و رى پيوانه‌كاندا. عصرما له‌م باره‌يه‌وه ده‌نووسيت "به ته‌نها بوونى په‌رله‌مان و هه‌لبژاردنى په‌رله‌مان يان به‌شدارى خه‌لك له رێپيوانه‌كاندا (به‌شدارى خه‌لك)ى تيدا به‌رجه‌سته نابيت. به‌لكو پيكهينانى شوراكان له‌سه‌ر ئاسته جياوازه‌كانى گوندوشار و پاريزگاو به‌شدارى خه‌لك له برياره‌كاندا له ريگه‌ى هه‌لبژيردراون و نوينه‌رانى هه‌لبژارده‌ى خۆيانه‌وه، هه‌روه‌ها فه‌راهه‌م كردنى كه‌ش و هه‌واى ئازادى پيكادانى فيكره‌كانه كه يه‌كده‌نگى نيشتمانى به‌دى دينێ"[١٨٤].

هه‌روه‌ها ئه‌م باله به‌شدارى خه‌لك به "ماف" ده‌زانيت و به‌وه رووبه‌رووى بۆچوونه‌كه‌ى كۆمه‌له‌ى روحانيه‌تى خه‌باتگيرو ريكخراوه هاوئاراسته‌كانى ده‌بيته كه به‌شدارى خه‌لك به (ئه‌رك) ليك ده‌ده‌نه‌وه. "به‌شدارى له به‌ريوه‌بردنى كاروبارى ولآتدا زياتر له‌وه‌ى ئه‌ركيكى تاكه‌كه‌سى بيت، مافيكى كۆمه‌لآيه‌تيه‌و له هه‌مان كاتدا مافيكى ره‌واشه. خه‌لك كاتيك پيشوازى له به‌كارهينانى ئه‌م مافه ده‌كه‌ن كه يه‌كه‌م سه‌باره‌ت به چاره‌نووسى خۆيان و نيزام هه‌ميشه هه‌ست به ليپرسراوى بكه‌ن و دووه‌م ئاماده‌بوون و به‌شدارى خۆيان به‌كاريگه‌رو ئه‌نجام به‌خش ببينن"[١٨٥].

ريكخراوى مجاهيدينى شۆرشى ئيسلامى ئيران چالاكى حزبى و دامه‌زراندنى ريكخراوه سياسى‌يه‌كان به گرنگترين فاكته‌ر بۆ پيكهينانى به‌شدارى گشتى له قه‌له‌م ده‌دات. "دروست كردنى شوراكان له گوندو گه‌ره‌ك تا به‌رزترين ئاستى نيشتمانى و

---

[١٨٢] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٨، ٧٣/١١/٥، ص٢.
[١٨٣] همان، شماره ٩، ٧٣/١١/١٩، ص٣.
[١٨٤] همان، شماره ١٥، ٧٤/٢/٢٥، ص١.
[١٨٥] همان، شماره ٢، ٧٤/٥/٤، ص٧.

فەراهەم کردنی زەمینەی گونجاو بۆ چالاکی حزبی و دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی، گرنگترین فاکتەری هاندانی خەلکن بۆ بەکارهێنانی مافی خۆیان و دامەزراوکردنی فەرهەنگی بەشداری گشتی"[١٨٦] بەرای ئەم باله فەراهەم کردنی زەمینەی بەشداری سیاسی خەلك یارمەتی مانەوەی نیزامیش دەدات. لەم ڕووەوە دەبینین له ڕەش نووسی بەلگەنامەی هەلویستەکانی ڕێکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا هاتووە:

"نیزامی ئیسلامی له ڕێگەی بەشداری هوشیارانەو ئازادانەی خەلکەوە هەرچەندە پایەگای کۆمەلایەتی خۆی له قالبی ڕێکخراوی چۆنایەتی و سیاسی ئەواندا قولّ بکاتەوەو پەرەی پێبدات، بەهەمان رادەش یارمەتی مانەوەی خۆی دەدات"[١٨٧]. بلاوکراوەی (عصرما) بەشداری سیاسی بەبێ مەعناو نامەفهوم دەزانیت ئەگەر له ڕێگەی دامەزراوی پایەدارو کاریگەرەوە نەبیت و تەئکید له بەشداری هوشیارانەو هەمیشەیی خەلك دەکاتەوە له ڕێگەی جیگیرکردنی ئەو بەشدارییەوە له ڕەوتی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و حزب و شوراو ئەنجومەنه ئیسلامیەکانەوە[١٨٨].

## ٥-ئامانج داری:

ئەنجومەنی روحانیه خەباتگێرەکان و.. بەشیوەیەکی گشتی ئەولەویەت به ئامانج داری دەدەن و زیاتر له کاروکردەوە بایەخی پێدەدەن. مەهدی کەروبی دەربارەی ئەم بابەته دەلیت "شان به شانی بیناکردن ئیمه پیمان وایه ئەولەویەت لای ئامانجەکانی شۆڕشە.. تایبەتمەندییەکانی وەکو دژایەتی کفر، دادپەروەری کۆمەلایەتی، پشتیوانی له هەژاران، دریژەدان به شەری هەژارو دەولەمەند، لایەنگیری بێ بەشەکان.. (له ئەولەویەت)[١٨٩]دایه بلاوکراوەی (مبین)یش دەنووسیت: "پاراستنی بەهاو ئامانجەکانی شۆڕش دیارترین مەسەلەیه که نوینەرانی پەرلەمان له ڕەوتی

---

[١٨٦] همان.

[١٨٧] همان، شماره ٥٧، ٧٥/٨/٢٣، ص٢.

[١٨٨] دو هفتەنامه عصرما، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٢.

[١٨٩] همان، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص١٣.

کاره‌کاندا له قسه‌و باسه‌وه بیگره هه‌تا ئه‌و گه‌ڵاڵه‌نامه‌و پلانانه‌ی که ئاماده‌و په‌سه‌ندی ده‌که‌ن ده‌بێ به ته‌واوی سه‌رنجی بده‌ن و لێی وردببنه‌وه"[١٩٠].

**٦-ناردنه ده‌ره‌وه‌ی شۆرش:**

ئه‌م باله پشتگیری له ناردنه ده‌ره‌وه‌ی شۆرش ده‌کات. ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران له ره‌ش نووسی به‌لگه‌نامه‌ی هه‌لویسته‌کانی خۆیدا به‌م شیوه‌یه ئه‌م مه‌سه‌له‌یه باس ده‌کات "به‌رژه‌وه‌ندی نیشتمانی.. ئیرانی ئیسلامی وا ده‌خوازێ که به یارمه‌تی‌دانی میلله‌ته چه‌وساوه‌کان و به‌تایبه‌تی میلله‌ته مسولمانه‌کان به‌ره‌و به‌ده‌ست هینانی سه‌ربه‌خۆیی و ئازادی، سنووری نفوزی ئیستکبارو ئیمپریالیزمی جیهانی له قالب بده‌ین. سه‌ربه‌خۆیی هه‌ر ولاتیك و ئازادی هه‌ر میلله‌تیك وه‌کو شکاندنی یه‌کیك له ئه‌لقه‌کانی زنجیره‌ی ده‌سه‌ڵاتی جیهانی وایه، جوله‌ی ئیمه به‌م ئاراسته‌یه‌دا جگه له‌وه‌ی کارکردنه به یه‌کیك له بنه‌ماکانی باوه‌رو به‌هاى ئیسلامی، گه‌شه‌کردنی که‌ش و هه‌وای ژیانی سه‌ربه‌خۆو ئازادو سه‌قامگیرکردن و دابین کردنی بنه‌ماکانی ئاسایش و به‌رژه‌وه‌ندی نیشتمانی خۆشمانی له‌گه‌لدا ده‌بیت"[١٩١] ئه‌م ریکخراوه له ئاشکراکردنی خاله‌کانی به‌رنامه‌کانی خۆیدا به‌شیوه‌یه‌کی راشکاوانه رایگه‌یاندووه که پشتیوانی له خه‌باتی هه‌موو میلله‌تان و جولانه‌وه ئیسلامی و جه‌ماوه‌ریه‌کان ده‌کات له پیناوی به‌ده‌ست هینانی سه‌ربه‌خۆیی نیشتمانی و ئازادی و دادپه‌روه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تیدا"[١٩٢].

هه‌لبه‌ته ئه‌م باله بایه‌خ به نیشاندانی نموونه‌ی ئیرانیش به‌خه‌لکی جیهان ده‌دات و به فاکته‌ریکی ده‌زانیت بۆ "گه‌شه‌کردنی بیری شۆرشی ئیسلامی" له‌م باره‌یه‌وه له ره‌ش نووسی به‌لگه‌نامه‌ی هه‌لویسته‌کانی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا هاتووه: "ناساندنی روخساری رۆشن و نیشاندانی نموونه‌یه‌ك له ئیرانی شۆرشگیرو ئیسلامی به خه‌لکی جیهان ده‌بیته هۆی گه‌شه‌کردنی بیری شۆرشی ئیسلامی و به‌ده‌ست هینانی لایه‌نگران له‌نیو میلله‌تان و ده‌وله‌تانداو کۆت کردنی دوژمنان له هه‌نگاو هه‌لگرتنی دوژمنانه. ئه‌م مه‌سه‌له‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که پایه‌گای ناوه‌وه‌ی

---

[١٩٠] هفته مبین، شماره ٢٣١، ٧٥/٣/١٣، ص١.

[١٩١] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٢٦، ٧٤/٧/٢٦، ص٦.

[١٩٢] همان شماره ٣٤، ٧٤/١١/١١، ص٢.

شۆرش و نیزام مەحکەم دەکات و قولی دەکاتەوە، قەلغانیکی ئەمنی ئەمین لە رای گشتی جیهاندا بە دەوری بوون و مانەوەی ئیرانی ئیسلامی‌دا دەکیشیت و ئیلهام بەخشی دەسکەوتە پیشکەوتووەکانی، دادپەروەری خولقینەرو ئازادی‌خواز دەبێ لەناو سنوورە نیشتمانیەکانی سەرانسەری جیهانداو کاری دوژمنان بەشیوەی سیاسی و سەربازی لە دژی شۆرش و نیزام دژوار دەکات"[١٩٣].

عەلی ئەکبەر موحتەشەمی ئەندامی ئەنجومەنی روحانیە خەباتگیرەکانیش لە وتویژیکدا پشتیوانی لە ناردنە دەرەوەی شۆرش دەکات و بە مەبدەئیکی مەحکەمی دەزانیت لە ئیسلامدا). موحتەشەمی لە باسکردنی بەلگەکانی خۆیدا لەم بارەیەوە دەلیت: "لە قورئاندا گەلی ئایەت هەیە کە دەلیت پیغەمبەری مەزن بۆ هەموو بەشەرییەت نیردراوەو شۆرش و قوتابخانەکەی جیهانی‌یە. بۆ نموونە لە ئایەتیکدا دەلیت "قل یا ایها الناس انی رسول الله علیکم جمیعا" یەعنی گوتارەکەی روو لە خەلکە واتە خەلك بەگشتی لە مسولمان و غەیری مسولمان هەتا کافرەکان چ لەم نەوەیە بن و چ لە نەوەکانی داهاتوو. کەواتە بنچینەی ئیسلام تایبەت نی‌یە بە سەر زەمینیکی تایبەتی یان نەوەیەکی تایبەتی و جیهانی‌یەو هەموو مرۆڤەکان دەگریتەوە.. (هەروەها) هیچ ولاتیك ئاسایشی تەواو لەسەدا سەد بەدەست ناهینێ مەگەر یان دوژمنی نەبێ یان بە شیوەیەکی تەواو سەد دەرسەد دوژمنی لەناو بردبێ و تارومارى کردبێ یان بەلای کەمەوە رووبەریکی فراوان لە رووبەری جوگرافیایی ئەو ولاتە لە هەموو روویەکەوە پاکسازی بکرێ و دوژمن هیچ جۆرە ئامادەبوونیکی نەبێ و ئەمەش نابێ مەگەر لەبەر رۆشنایی دامەزراندنی رەگ و ریشەکانی شۆرش لە رووبەریکدا کە بەقەد سەرزەمینی مەزنی ئیسلام فراوان بێ لە قولایی ناوچەی ژیر قەلەمرەوی دوژمنداو ئەمەش هەمان پرانسیپی ناردنە دەرەوەی شۆرش و فراوانکردنی میحوەری ئیسلام و شۆرشە"[١٩٤] مەکتەبی سەقامگیرکردنی یەکیتیش لە بەیاننامەیەکدا داوای "پاراستنی هەلویستی ئیسولی هیرش بەرانەو بەردەوام بوونی ئەمەی کرد لە سیاسەتی دەرەوەدا"[١٩٥].

---

[١٩٣] دوهفتەنامە عصرما شمارە ٢٦، ٧٤/٧/٢٦، ص٦،

[١٩٤] هفتەنامە صبح، شمارە ١٧، ٧٤/٥/١٧، ص١٠.

[١٩٥] بیانیە دفتر تحکیم وحدت، شمارە ٧٤/٤/١.

**ب-سیاسەتی دەرەوە:**

**١-بنەماكانی سیاسەتی دەرەوە:**

ئەم بالە سەبارەت بە ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان تێڕوانینێكی خراپی هەیەو دەتوانرێ بگوترێ كە باوەڕی بە (تیوری پیلان گێری) هەیە. لەم لایەنەوە دەبینین بڵاوكراوەی (عصرما) لە كاردانەوەیدا بۆ بڕیاری (كۆمەڵی گشتی) ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەربارەی چاودێری كردنی هەڵبژاردن لە وڵاتدا، ئەمریكای بە نەخشەدارێژەرو ئەندازیاری سەرەكی پەسەندكردنی ئەم بڕیارە ناساندووەو دەنووسێت: "چەمكی سادەی بڕیارەكە، چاودێری نەتەوە یەكگرتووەكانە بەسەر هەڵبژاردنی وڵاتە جیاوازەكانەوەو ئەگەر بەشێوەیەكی ئیلزامی بێت، بە پێشێل كردنی ئاشكرای فەرمان ڕەوایی نیشتمانی وڵاتان دەژمێردرێ. ئەمریكا نەخشە دارێژەرو ئەندازیاری سەرەكی پەسەندكردنی بڕیاری (ناوبراوە)"[196]. هەمان بڵاوكراوە لە جێگایەكی دیكەدا ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و ئۆرگانە وابەستەكانی وەكو "بەشێك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا" وەسف كردووەو دەنووسێت: "لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئەو سیستمانەی بە (سوسیالستی) ناودەبران و تاكە سواریی ئیمپریالیزمی ئەمریكا لە گۆڕەپانی جیهانیدا، نەتەوە یەكگرتووەكان و دەزگاكانی سەر بەو بە كردەوە وەكو بەشێك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا كار دەكەن و ئەم وڵاتە، زۆر لە مەبەستەكانی خۆی بە ئالەتی نەتەوە یەكگرتووەكان دەباتە پێشەوە"[197]. ڕێكخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ڕەش نووسی هەڵویستەكانی خۆیدا لەگەڵ ئاماژەدا بۆ ئەوەی كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بووە بە (ئامرازی ڕەسمی بۆ شەرعیەتدان بە ئامانج و سیاسەتەكانی ئەمریكا" تەئكید لەو خالە دەكاتەوە كە "ڕێكخراوی كۆنفرانسی ئیسلامی، ئەكو و.. یش هەروەكو تەواوی كۆمەلە نێودەوڵەتیەكان لە دەولەتە وابەستەكان و كاریگەریی ئیرادەی دەسەلاتە ئیستكبارییەكان بەتایبەتی هی ئەمریكا پارێزراو نی‌یە.

(بەم پێیە) ئەو ئامانجانەی كە ئیرانی ئیسلامی دەبێ لەم جۆرە ڕێكخراوو دەزگا نێودەوڵەتیە ئیسلامیانەدا بەدوایدا بچیت بریتین لە:

ئەلف- پێكهێنانی بلۆكی دەولەتانی سەربەخۆی مسولمان لەناو ڕێكخراو و كۆمەلەكاندا.

---

[196] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٧، ٧٣/١٠/٢١، ص٨.

[197] همان شمارە ١١، ٧٣/١٢،١٧، ص٦.

ب- هەولی بەرفراوان بەرەو کەمکردنەوەی وابەستەیی نەتەوەیی ئیسلام و وڵاتە مسولمانەکان بۆ ئەمریکاو هەموو هێزە خاوەن دەسەڵاتەکان.

ج-پێکهێنان و بەهێزکردنی هەلویستی دژی (سەهیونیستی) و ئیمپریالیستی لەناو ئەم ڕیکخراوو کۆمەڵانەدا.

د-پیکهێنانی ناوکی یەکەمین یەکیتی ئسولی وڵاتە ئیسلامیەکان"[198].

له ڕوانگەی ڕیکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئیرانەوە، یەکگرتن لەگەڵ وڵاتە سەربەخۆکان و کەلك وەرگرتن لە ناکۆکی نیوان هێزە دەرەکیەکان دەبێ دووپایەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بیت: "لە مەیدانی دەرەوەدا دەبێ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئیران لەسەر دوو پایەی پەیوەستیو یەکیتی وڵاتە سەربەخۆو هاوچارەنووسەکان و کەلك وەرگرتن لە ناکۆکی هێزە سەرمایەدارەکان لەگەڵ ئەمریکادا دابمەزرێ"[199]

هەروەها ئەم بالە پیشنیازی پەرەپیدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ خۆرهەلاتدا دەکات. (عصرما) لە ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەدا دەنووسیت: "بەداخەوە لە رابردوودا سیاسەتی پەرەپیدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ خۆرهەلاتدا بەشیوەیەکی راستەقینە لی نەکۆلرایەوەو لە هەندێ لایەنی دیاریکراویشەوە بەبێ هۆ لە مەسەلەی پەرەپیدانی پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوادا گرێی لیدرا "قفل بوو"[200].

**٢- پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا:**

ئەم بالە هەر جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەمریکادا بە توندی ڕەت دەکاتەوە. ڕیکخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئیران لە بەیاننامەیەکدا لەم بارەیەوە دەنووسیت "ئەم دەسەڵاتە شەیتانیە (ئەمریکا) بە شتیکی کەمتر لە گۆڕین یان لە ناوبردنی شۆڕشی ئیسلامی قایل نابیت.. چیتر جیگایەك بۆ ئەو بۆچوونە ساویلکانە نەماوەتەوە کە چارەسەری کیشەکانی ناوخۆیان وەکو بەشیك لە نزیکی لەگەڵ ئەمریکادا شیدەکردەوە"[201] هەروەها (عصرما) دەنووسیت: "ئەمریکاو بەریتانیا دوژمنانی سەرەکی ئیسلام و شۆڕش، لەناوبردن یان گۆڕینی نیزامی ئیسلامی ئیمەیان کردووە بە ئامانج. نەرم و نیانیو سازش لەگەڵ ئەم هیزانەدا سەرەرای

---

[198] همان، شماره ٣٠، ٧٤/٩/٢٢، ص ٦،٧.

[199] همان، شماره ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٧.

[200] دو هفتەنامه عصرما، شماره ١٥، ٧٤/٢/٢٥، ص٥.

[201] همان، شماره ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٧.

ئـه‌وه‌ی گۆڕانیـك لـه هه‌لویـستی ئـه‌و هیزانـه‌دا بـه‌دی نـه‌هیناوه‌و بـه‌دی ناهینـێ، لـه به‌رامبـه‌ر هه‌ره‌شـه‌كانی ئه‌مانـه‌دا ئیمـه تووشـی زیـان ده‌كـات"[٢٠٢] ئـه‌م ریكخـراوه لـه به‌یاننامه‌یه‌كی دیكه‌دا تـه‌ئكید لـه‌وه ده‌كاتـه‌وه كـه "نـاتوانرێ پاشه‌كشـه‌و گـۆڕان لـه ره‌فتاری ئه‌مریكا له به‌رامبه‌ر شۆڕش و نیزامی كۆماری ئیسلامی ئیراندا به لوتف و خۆشه‌ویستی لیك بدریتـه‌وه.. ئیمپریـالیزمی ئـه‌مریكا دوژمنـی سـه‌ره‌كی و خـیرای ئیمه‌یه.. دروشمی ستراتیجی و رێنیشانده‌ری ئیمـه، نـه ته‌سـلیم بوونـه‌و نـه‌هیرش بردن، به‌لكو به‌رگریه‌كی كاریگه‌ره"[٢٠٣] هه‌روه‌ها "به‌ربه‌ره‌كانی له به‌رامبه‌ر ئـه‌مریكا"دا وه‌كو یـه‌كیك لـه‌و سێ ئامانجه‌ی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه لـه قه‌لـه‌م داوه كـه بـه‌لای خۆیـه‌وه په‌سـه‌نده"[٢٠٤] تا ئـه‌و ئاسته‌ی كـه "راده‌ی نزیكـی و فراوانكردنـی پـه‌یوه‌ندی له‌گـه‌ڵ ولاته جۆراوجۆره‌كاندا له‌سـه‌ر بنه‌مای هه‌لویستی ئـه‌و ولاتانـه لـه به‌رامبـه‌ر ئـه‌مریكاو به‌ریتانیادا"[٢٠٥] حساب ده‌كات.

ئـه‌م ریكخـراوه لـه باسـكردنی هه‌لویسـته‌كانی خۆیـدا ئه‌گـه‌ری هـه‌ر جـۆره په‌یوه‌ندییـه‌ك لـه نیـوان ئـیران و ئـه‌مریكادا بـه شـتیكی چاوه‌روان نـه‌كراو ده‌زانیـت. هـه‌روه‌كو لـه ره‌ش نووسـی هه‌لویسـته‌كانی‌دا باسـی كـردووه: "ئـه‌مریكا دوژمنـی سه‌ره‌كی و ستراتیجی شۆڕش و كۆماری ئیسلامی ئیرانه. سیفه‌تی ده‌ست دریژكاری و ده‌سه‌لاتخوازی ئه‌مریكا له لایه‌كه‌وه‌و تایبه‌تمه‌ندی عه‌داله‌ت خوازی و سـه‌ربه‌خۆیی خوازی شۆڕش و كۆمـاری ئیسـلامی ئـیران له‌لایـه‌كی دیكـه‌وه.. هـه‌ر جـۆره له‌یـه‌ك گه‌یشـتن و په‌یوه‌ندی‌یـه‌كی ئاشـتی خوازانـه‌ی نیـوان ئیمـه‌و ئـه‌مریكای ره‌ت كردۆته‌وه"[٢٠٦]

---

[٢٠٢] همان، ص٣.

[٢٠٣] بیانیه شماره ٧، سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی ایران، ٧٤/١٠/١٨.

[٢٠٤] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص٩.

[٢٠٥] همان، شماره ٢٨، ٧٤/٨/٢٤، ص٦.

[٢٠٦] همان، شماره ٣٠، ٧٤/٩/٢٢، ص ٦،٧.

## کورتەی هەڵویستە سیاسیەکانی باڵی ئەنجومەنی روحانیه خەباتگیرەکان
## و
## گروپە نزیکەکانی

١-سنورداری دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه له چوارچیوەی دەستووردا.

٢-لەسەردەمی غیابدا دانانی وەلی فەقیه به هەلبژاردن بێ.

٣-تەئکید کردنەوەی یەکسان لەسەر (جەمهوریەت و ئیسلامیەتی نیزام).

٤-بینای سیاسی حکومەتی ئیسلامی بەیەك شیوەی تایبەتی نەبیت و لەگەڵ هەل و مەرجی رۆژگاردا قابیلی گۆران بێ.

٥-تەئکید کردنەوە لەسەر پیویستی چالاکی حزبی سیاسی.

٦-گرنگی ئازادی چالاکیه سیاسیەکان له چوارچیوەی دەستووردا.

٧-ئازادی مافیکی خودایی و سروشتی‌یه نەك ئیمتیاز.

٨-تەبایی ئیسلام لەگەڵ دیموکراسی‌دا.

٩-پشتیوانی له به دامەزراوکردنی بەشداری سیاسی.

١٠-بەشداری خەلك "مافی" خەلکە.

١١-ئامانج داری له جیاتی کارکردن.

١٢-پشتیوانی له ناردنه دەرەوەی شۆرش.

١٣-نیشان دانی نموونەی ئیران له پیناوی یارمەتی‌دانی ناردنه دەرەوەی شۆرشدا.

١٤-رەش بینی له بەرامبەر ریکخراوە نیودەولەتیەکاندا.

١٥-پیشنیازکردنی پەرەپیدانی پەیوەندی‌یەکان لەگەڵ خۆرهەڵاتدا.

١٦-پیشنیازکردنی یەکیتی لەگەڵ وڵاته سەربەخۆکان و سوودوەرگرتن له ناکۆکی هیزە دەرەکیەکان وەکو دوو پایەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی.

١٧-رەت کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا.

١٨-"بەربەرەکانی له بەرامبەر ئەمریکادا" وەکو یەکیك له سێ ئامانجە سەرەکیەکەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی.

## ٢-٢-بۆچوونه ئابوورییەكانی باڵی ئەنجومەنی روحانیە خەباتگێرەكان و گروپە نزیكەكانی

### ١-تایبەتی كردن:

ئەم باڵە دژی تایبەتی كردنی بەرفراوانی یەكەكانی بەرهەم هێنانەو ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەكی سنووردار قبوڵ دەكات مەرجی بۆ دادەنێت. لەم بارەیەوە لە رەش نووسی بەڵگەنامەی هەڵویستە ئابوورییەكانی ریكخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا هاتووە:

"ریكخراوی.. پرانسیپەكانی مولكایەتی تایبەتی مەرجدارو سنووردار بە بەڵك دەزانیت و ریزی لی دەگرێ.. هەتا ئەو شوینە ریز لە مولكایەتی تایبەتی دەگرێ و پشتیوانی لی دەكات كە:

-نەبیتە هۆی دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر كۆمەڵ داو بە دەربرینیكی تر كەلەكەبوون و ئاڵ و ویڵ كردنی سامان و لە رێی ئەمەشەوە دەسەڵات لە دەستی تویژیكی تایبەتیدا نەبیت.

-پرانسیپی زیان نەگەیاندن بە كەسانی دی رەت نەكاتەوەو نەبیتە فاكتەری چەوسانەوەو لەبەردەم بەدی هینانی دادپەروەری كۆمەڵایەتیدا نەبیتە كۆسپ.

-بە حساب كردن بۆ بایەخ پیدان و پیشكەوتنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تاكەكانی كۆمەڵدا هەر جۆرە دژایەتیەك لە نیوان مولكایەتی گشتی و تایبەتی لە پیناوی یەكەمدا هەڵ بگیرێ"[٢٠٧].

بە رای ئەم باڵە هەل و مەرجی كۆمەڵگای ئیران ئەوە فەرز دەكات كە دەولەت دەست لە كاروباری ئابووری وەربدات. چونكە بەپێی ئەوەی كە لە رەش نووسی بەڵگەنامەی هەڵویستەكانی ریكخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا هاتووە:

"كۆمەڵی گەشە نەكردوو و دوواكەوتووی ئیران بەبێ بوونی دەولەتیكی بەهیز، بەرنامەداریژ، دەست وەردەر وەكو ماشینی جولینەری گەشەكردن، هیچ بە هیچ ناكات"[٢٠٨] لەگەڵ ئەمەشدا بە رای ئەم باڵە بەشە سەرەكیو ستراتیجیەكانی ئابووری

---

[٢٠٧] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٦٥، ٧٥/١٢/١٦/ص٨.

[٢٠٨] همان، شمارە ٥٦، ٧٥/٨/٩، ص٥.

دەبێ هەمیشه مولكی دەوڵەت بن. ڕێكخراوی مجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران له بەیاننامەیەكدا لەم بارەیەوه دەنووسێت: "بەشەكانی دایك و ستراتیجی ئابووری وەكو پیشەسازی قورس، سەرچاوەكانی وزه، پرۆژه گەوره نیشتمانیەكان، كشتوكاڵ و.. لەو لایەنەوه كه پەیوەندییان به كاروباری ژێرخانی وڵاتەوه هەیه. هەمیشه به مولكی دەوڵەت دەمیننەوه"[٢٠٩]. بەپێی ئەم بەیاننامەیه "دەسەڵاتی كەرتی تایبەتی و دەسەڵاتی سەرمایەداری و بازار بەسەر ئابووری وڵاتدا جگه لەوەی پێشێل كەری گیان و پرانسیپەكانی دەستووره لەگەڵ واقیعی وڵات و تایبەتمەندییەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی كۆمەڵدا ناساز بووه، بەردەوام بوونی ئەمه بۆ شۆڕش و نیزام و وڵات زۆر زیان بەخش و ترسناكه"[٢١٠] ئەم ڕێكخراوه تەئكیدی له سنوورداری چالاكیەكانی بەشی تایبەتی كردۆتەوەو دەڵێت: "بەشی تایبەتی دەڵاڵ سیفەت دەبێ به توندی له قالب بدرێ"[٢١١].

هەروەها بڵاوكراوەی عصرما دەنووسێت: "چارەسەركردنی كێشه ئابوورییەكانی وڵات و له هەمووشی گرنگتر گرانی و هەڵئاوسان به بەردەوامی قبوڵ كردنی مۆدیلی ئابووری بازارو نموونەی سەرمایەداری مەیسەر نابێ.. تەنها ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەكان و گیروگرفته ڕاستەقینەكان، چاوپێداخشانەوەی بنەڕەتی و ستراتیجی به بەرنامه ئابوورییەكانی وڵاتدا.. ڕێگەچارەی كورت خایەن، كۆنترۆڵی تەواو وردی بەهای بەدەست هاتووی نەوت و دابەش كردنی لەسەر بنەمای ئەولەویەتی پەرەسەندن و دابین كردنی پێویستیه بنەڕەتی و پێویستەكانی وڵات و پاشان تەرخان كردنی لەو ڕێگایانەوه كه شایانی جێبەجێكردن و خەرج كردنن. پێویسته تەواوی بەهاكان لەوانەش بەهای هەناردەكان بەبێ ئەوەی ئەو كۆنترۆڵەی سەرەوه بیان گرێتەوه. له بازارێكی خواست و خستنەڕوودا بۆ تەواوی چالاكیه ئابوورییه پێویستەكان خەرج بكرێن. تەنها سنووردارکردنی تەواو پێویست لەم بارەیەوه، ڕێگرتنه له هێنانی كاڵای لۆكس (كەمالیات) و نا پێویست و كەمتر پێویست له بەرامبەر بەهای هەناردەكاندا. ئەم ڕێگرتنه پێویستەیان له ڕێگەی مۆڵەت

---

[٢٠٩] همان، شماره ٤٢، ٧٥/١/٢٩، ص٢.

[٢١٠] همان.

[٢١١] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص٩.

نەدانی هێنانی زۆربەی ئەو کاڵایانەوە بێ یان لە ڕێگەی زیادکردنی گومرگی ئەو جۆرە کاڵایانەوە ئەنجام بدرێت و ئەم بڕیارانەش هەموو ڕێگەکانی هێنانی کاڵا بۆ ناو وڵات بگرێتەوە. هاوزەمان پێویستە بە پیادەکردنی سیاسەتی نرخی ڕاست و دروست، سیستمی پشکداری کاڵا بنەرەتیەکان بە تواناو فراوانی زیاتر لە جارانەوە جێبەجێ بکرێن و کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی بەکاربردن و.. کریکاری و کارمەندی سەرلەنوێ ببووژێنریتەوەو بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی مام ناوەندیدا گرانی کۆنترۆڵ بکرێ. لە لایەکەوە ڕێگەچارەی ماوە درێژی گرانی و کەم کردنەوەی مەرجی لە ڕێگەی پشکدارییەوە، گۆڕینی نموونەی خەرجی ئەم چەند ساڵەی دوایی و ڕاگرتنی هەمیشەیی دەرگا کراوەکان، لە لایەکی ترەوە زیادکردنی بەرچاوی سەرمایەگوزاری لە بواری کاڵاکانی سەرمایەیی و (نیوانی) و دروست کردنی ژێرخانەکان لە ماوەی بەرنامەی دووەمدا. ئەم سیاسەتانەی سەرەوە لە کاتێکدا قابیلی جێبەجێکردنن و سەرکەوتوو دەبن کە لەگەڵ پەسەندکردنی نموونەی ئابووری بە بەرنامەو کۆنترۆڵ کراوی پشت بەستوودا بێ بە کەرتی بەتوانای دەولەتی و هەرەوەزی و تایبەتی. لە ئابوورییەکی تیکەلی لەم جۆرەدا، لەهەمان کاتدا کە دەولەت بەرنامە ڕیژی و کۆنترۆلی ئابووری و بەپێی مادەی (٤٤)ی دەستووریش بەڕیوەبردنی کەرتە ستراتیجیەکان لە ئەستۆ دەگرێ. کەرتە تایبەتی و هەرەوەزییەکانیش بەتواناو درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان دەدەن"[٢١٢]

بە شێوەیەکی گشتی بالی ڕوحانیە خەباتگێرەکان.. سەرمایەداری کۆن و نوێ ڕەت دەکەنەوە. (مونتەجب نیا)ی ئەندامی ئەنجومەنی ڕوحانیە خەباتگێرەکان لەم بارەیەوە دەلێت: "هەردوو بۆچوونی سەرمایەداری کۆن و نوێ لەگەڵ نیزامی ئابووری ئیسلام و دەستووردا ناتەبان"[٢١٣].

**٢- پەرەپیدان:**

لە ڕوانگەی بالی ئەنجومەنی ڕوحانیە خەباتگێرەکانەوە، پەرەسەندن و گەشەکردنی ئابووری بە بەراورد لەگەڵ دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا ئەولەویەتیکی کەمتری هەیە. (عصرما) لەم بارەیەوە دەنووسیت: "بالی چەپ لەگەڵ ئەوەشدا کە

[٢١٢] همان، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٤،٥.

[٢١٣] روزنامه كاروكارگر، ٧٥/٩/٢١.

باوەری بە پیویستی گەشەپیدان و پەرەپیدانی ئابووری هەیە، لە بەرامبەر سەربەخۆیی و دادپەروەری کۆمەلایەتیدا ئەولەویەتی پەرەپیدانی ئابووری بە کەمتر دەزانیت. بە دەربرینیکی دیکە پەرەپیدانی ئابووری تەنها لە ریگەی پاراستنی سەربەخۆیی و دادپەروەری کۆمەلایەتیەوە پەسەند دەکات بەپیی ئەو چەمکانەی خۆی پیی باشە.. چەپ دژی تیۆرو پلانەکانی سندوقی دراوی نیودەولەتی و بانکی جیهانی‌یە"[٢١٤] (عصرما) بۆ روون کردنەوەی ئەم بۆچوونە دریژەی دەداتێ: "پیویستە ئامانجە سەرەکیە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی یەك لە دوای یەك ئەولەویەتی بەدی‌هینانی، سەربەخۆیی ئابووری، دادپەروەری کۆمەلایەتی و گەشەپیدان و پەرەپیدانی ئابووری بیت. سەربەخۆیی ئابووری قابیلی گۆرینەوە نی‌یە لەگەڵ گەشەپیدان و پەرەپیدانی ئابووری و هەتا لەگەڵ دادپەروەری کۆمەلایەتیشدا هەر هەنگاویك بەرەو بەدی هینانی ئامانجی دووەم و سێیەم کە لەگەڵ ئامانجی یەکەم (سەربەخۆیی) ناکۆك بێ، پەسەند نی‌یە. هەروەها دادپەروەری کۆمەلایەتیش لە پیش گەشەپیدان و پەرەپیدانی ئابوورییەوەیەو چونکە گەشەپیدان و پەرەپیدان ئەگەر دادپەروەری کۆمەلایەتی رەت بکاتەوە، مایەی پەسەندکردن نابێ"[٢١٥]

ئەم بالە باوەری بەو پەرەپیدانی ئابووری‌یە هەیەکە پشتی بەناوخۆ بەستبێ بلاوکراوەی (عصرما) بۆ روون کردنەوەی ئەم بۆچوونە دەنووسیت: "پێ‌داگرتن لەسەر سەربەخۆیی ئابووری پیویستی بە رەت کردنەوەی ریگەچارەو نموونەکانی سەرمایەداری و تیکەڵ بوون لەگەڵ بازاری جیهانی هەیە. ریبازی پشت بەستن بەناوخۆ لە هەموو بوارەکاندا لەو پیویستیانەیە کە ریکخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران تەئکیدی لی دەکاتەوە"[٢١٦]

**٣-دادپەروەریی کۆمەلایەتی:**

بالی ناوبراو دادپەروەری کۆمەلایەتی لە ریگەی سیستمی پشك داری‌یەوە بەکاری کردە دەزانیت. بلاوکراوەی (عصرما) لەم بارەیەوە ئاوا دەنووسیت: "بۆ بایەخدان بە دادپەروەری کۆمەلایەتی و پشتیوانی راستەقینە لەو تویژانەی تووشی نەداری بوون،

[٢١٤] دو هفتەنامە عصرما، شمارە ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٢.

[٢١٥] همان.

[٢١٦] همان، شمارە ٣٧، ٧٤/١٢/٩، ص٥.

ده‌بێ سیستمی پشكداری كالایی بۆ فه‌رمان به‌رانی ده‌وله‌ت، كریكاران و توێژه نه‌داره‌كانی كۆمه‌ڵ زیندوو بكریته‌وه"[٢١٧] هه‌روه‌ها ده‌رباره‌ی روونكردنه‌وه‌ی دیدگای بالی چه‌پ سه‌باره‌ت به دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لایه‌تی ده‌نووسیت: "مه‌به‌ستی بالی خه‌تی ئیمام له دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لایه‌تی بریتی‌یه له گۆرینی ژیرخانی ئابووری و كۆمه‌لایه‌تی ولات له پیناوی به‌رژه‌وه‌ندی بێبه‌شان و به‌دامه‌زراوكردنی ئه‌و ریبازه‌یه‌و بۆ به‌دی‌هینانی پیشنیازی چه‌ند ریگایه‌ك ده‌كات كه هه‌ندێ له‌وانه بریتین له:

١-فراوانكردنی مولكایه‌تی له ریگه‌ی په‌ره‌پیدانی كۆمپانیا پشكیه گشتیه‌كانه‌وه كه ده‌بیته هۆی ئه‌وه‌ی به‌شداری گشتی خه‌لك له مه‌سه‌له‌ی سه‌رمایه‌گوزاری و به‌رهه‌م هینان‌دا فه‌راهه‌م بیت، له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ش جله‌وگیری له كه‌له‌كه‌بوونی یه‌كه‌كانی به‌رهه‌مهینان و خزمه‌ت گوزاری له ده‌ستی كۆمه‌لێ كه‌سی دیاری كراودا بكریت.

٢-به‌هیزكردن و په‌ره‌پیدانی كۆمه‌له هه‌ره‌وه‌زییه‌كان: پیویستی ئه‌م كاره بریتی‌یه له پشتیوانی راسته‌قینه‌ی ده‌وله‌ت له كۆمه‌له هه‌ره‌وه‌زییه‌كان و به‌هیزكردنی پیكهاته‌ی دارایی و یارمه‌تی‌دان و رینمایی و فیركردنیان.

٣-گۆرینی یاسای داراییه‌كان به مه‌به‌ستی وه‌رگرتنی دارایی زیاتر له ده‌وله‌مه‌ندان.. له به‌رامبه‌ریشدا چاكردنی ئاستی دارایی چینه بێبه‌ش و كه‌م ده‌رامه‌ته‌كان.

٤-ریگه‌دان به متمانه‌ی تایبه‌ت به كه‌رتی تایبه‌تی له سیستمی بانكی ولاتدا، له پیناوی به‌هیزكردن و په‌ره‌پیدانی كه‌رتی تایبه‌تی به‌رهه‌م هین.

٥-به‌رده‌وام بوونی دانی یارمه‌تی به به‌كاربه‌ر.

٦-به گشتی كردنی ته‌ئمینی كۆمه‌لایه‌تی.

٧-په‌ره‌پیدانی بیمه‌ی بیكاری"[٢١٨]

له ره‌ش نووسی به‌لگه‌نامه‌ی هه‌لویسته ئابوورییه‌كانی ریكخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا بۆ ته‌ئیدكردنی هه‌مان مه‌سه‌له هاتووه "له ئه‌گه‌ری سه‌رهه‌لدانی هه‌ر جۆره ناكۆكیه‌كدا له نیوان ئامانجه‌كانی دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لایه‌تی و گه‌شه‌پیدان و په‌ره‌پیدانی ئابووری له كۆمه‌ڵدا، پاراستنی دادپه‌وه‌ری كۆمه‌لایه‌تی

---

[٢١٧] همان شماره ٣٠، ٧٤/٩/٢٢، ص٥.

[٢١٨] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٦٢، ٧٥/١١/٣، ص٥.

ئەولەویەتی دەبێ"[٢١٩] مەهدی كەروبی‌یش لەم بارەیەوە دەلیت: "شان بە شانی بیناكردن ئەولەویەت بۆ دادپەروەری كۆمەلایەتی و پشتیوانی لە هەژارانە، لە شەری هەژار و دەولەمەندا لایەنگری لە بێبەشەكان دەكات"[٢٢٠].

بەرای بالی چەپ دادپەروەری كۆمەلایەتی لە دوای سەربەخۆیی و گرنگترین ئامانجی ئابووری نیزامی ئیسلامی‌یە. بەپێی نووسینی (عصرما): "رەوتی فیكری چەپ فراوانكردن و پەرەپیدانی دادپەروەری كۆمەلایەتی لە دوای سەربەخۆیی بەگرنگترین ئامانجی ئابووری نیزامی ئیسلامی دەزانیت و بەدی هاتنی تەنها لە سایەی لەناوبردنی جیاوازی چینایەتی و كەلەكە نەبوون و پاوان نەكردنی سامان و دەسەلات لە دەستی تویژیكی تایبەتی، دابین كردنی لایەنی كەمی پیویستیەكانی ژیانی تاكەكانی كۆمەل، رەخساندنی دەرفەتی یەكسان و لایەنی كەمی تواناكان بۆ هەموو هاوولاتیان و بەكورتی بەتەواوی بەدی‌هینانی مادەكانی (٤٣ و ٤٤)ی دەستووردا دەبینیت.. بۆ بەدی‌هینانی دادپەروەری كۆمەلایەتی.. نابێ دەولەت تەنها رۆلی چاودیریك ببینێ كە بەدانانی یاساو بریارەكان ئابووری ئاراستە دەكات، بەلكو پیویستە بە شیوەیەكی بەردەوام دەست لە كاروباری ئابووریش وەربدات و بەدوور و دریژی رۆلی سیاسەت داریژەر ببینێ‌و كەلك لە بەرنامەریژی مەركەزی و كۆنترۆلی راستەوخۆو دابەشكردنی سامانەكان وەربگرێ"[٢٢١].

مەهدی كەروبیش لە چاوپیكەوتنیكدا لەم بارەیەوە دەلیت: "كۆلەكەی بیری ئیمام (رە) لە بواری ئابووری‌دا رووبەرووبوونەوەی سەرمایەداری لغاو بۆ شل كراوە لە تان و پۆی ئابووری ولاتدا بە پشت بەستن بە دیدگای جەنگی بەردەوام و بێ ئامانی هەژاری و دەولەمەندی و پشتگیری لە چەوساوەكان و پێ پەتیەكان".

مەكتەبی سەقامگیركردنی یەكیتی یش لە بەیاننامەیەكدا هەمان بۆچوونی راگەیاند: "ئابووری ولات دەبێ بەرەوپشتگیری و خۆشگوزەرانی تویژە چەوساوەكانی كۆمەل.. بەرێ بكرێ"[٢٢٢].

---

[٢١٩] همان، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص٣.

[٢٢٠] همان، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٢.

[٢٢١] روزنامه كیهان، ٧٥/١١/٢.

[٢٢٢] دو هفته نامه عصرما، شماره ٥٠، ٧٥/٥/١٧، ص ٧.

٤-نموونەی ئابووری:

نموونـەی ئابووری ئـەم بالـه پشـت بەخۆبەسـتنه. لـه رەش نووسـی بەلگەنامـەی هەلویسته ئابووریـیـەكانی ریكخـراوی مجـاهیدینی شۆرشـی ئیسـلامی ئـیراندا لـەم بارەیەوە نووسراوە: "پشت به خۆبەستن به مەعنای دابین كردنی هەموو پیویستیه جۆراوجۆرەكانی ولاتیك نیـیه لەناوخۆدا، بەلكو مەبەست له فەراهەم هینـانی وزەو توانای دروست كردنی پیكهاتەیەكی پیویسته له سەرمایه، هیزی كـار، كەرەسـەی سـەرەتایی و تەكنـەلۆژیا بـۆ كۆمـەڵ لــه هــەل و مــەرجی جیاجیـای ئـابووری و سیاسـیدا"[٢٢٣]. ئەم ریكخراوه بـه تەئكیدكردنـەوه لـه ئەولەویـەتی بەدەست هینـانی پشـت بەخۆبەسـتی كشـتوكالی دەلیـت (بەدەسـت هینـانی پشـت بەخۆبەسـتنی كشـتوكالی و خۆراكـی دەبـیّ لەهــەر بەرنامەیــەكی پــەرەپیداندا بــه شـیوەیەكی راستەقینەو واقیعی بایەخی پیّ بدریّ و به ئەولەویەت دان به دابین كردنی پیویستیه خۆراكیـەكان له ماوەی كورتی پینج تا ده سـاڵ دا دەبیّ ئـەم دەسـتكەوته بەدەسـت بینن. بەلام له ماوەی دریژدا به مەبەستی پـەرەپیدانی ئابووری بەتایبـەتی لەوەزعی پاش تـەواوكردنی سـەرچاوەو دەرامەتـه نەوتیـەكاندا، دەبـیّ نموونـەی پـەرەپیدانی ئابووری لەبەرچاو بگیریّ و ئەوەی لەم ریرەوەدا ئەولەویەتی هەیه، بریتیـیه له پشت بەسـتن بـه هـیزی مرۆیـی پسـپۆرو بەریوەبەرایـەتی كارامــەی نـاوخۆ، زانیـاری تەكنەلۆژیایی ناوخۆیی، سەرمایەگوزاری له پیشەسازی بنچینەیی و نیوانـیدا"[٢٢٤]. هـەروەها ئـەم ریكخـراوه لـه بەیاننامەیـەكی دیكـەدا، رەت كردنـەوەی وابەسـتەیی بـه ئـابووری زاڵـی دەرەكیــەوه وەكــو یــەكیك لــه ئامانجــه ئابوورییــه پەســەندەكانی راگەیاندووه"[٢٢٥].

له روانگەی ئەم بالەوه ئابووری تیكـەڵ بۆ ئـەم بارودۆخـه پیویسته. (عصرما) لـه روون كردنـەوەی بۆچوونـەكانی ئـەم بالـەدا دەنووسـیت: "بـالی چـەپ نموونەیـەكی دیـاریكراو بۆ كۆمـەڵ به ئایدیای خۆی نازانیّ، بەلام سیستمی ئابووری تیكـەڵ و شیوەیەك له سوسیال دیموكراسی دەتوانن لەبەرچاوی ئەم باله مایـەی بایـەخ پیدان لەبەرچاوگرتن بن. رەنگه نزیكترین نموونه له بیری ئابووری و سیاسـی بـالی چەپـەوه

---

[٢٢٣] همان، شماره ٦٥، ٧٥/١٢/١٦، ص٨.

[٢٢٤] همان، شماره ٤٢، ٧٥/١/٢٩، ص٢.

[٢٢٥] همان، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص٢.

چەند كۆمەلیكی وەكو سویدو چین و هندستان بۆو به دەربرینیكی باشتر تیكەلیك بۆ لەم سێ نموونەیە. له روانگەی ئەم بالەوە سویدو هندستان له رووی ئابوورییەوە تا رادەیەك نموونەی قابیلی قبولن، ئابووری ئەم ولاتانە تیكەلەو لە یەكگرتنی كەرتی دەولەتی و هەرەوەزی و تایبەتی پیك هاتووە.. رەوتی فیكری چەپ باوەری بە سستمی ئابووری تیكەلّ هەیە شان بە شانی كۆنترۆلی دەولەتی و پەرەپیدان لە سایەی سەربەخۆیی و دادپەروەریدا"[٢٢٦].

عصرما له شەرح كردنی ئەم دیدگایەدا دریژەی دەداتێ" چەپ باوەری بەجۆری ئابووری تیكەلّ هەیە. لە ئابووری ناوبراودا كەرتی دەولەتی و هەرەوەزی وەكو دەسەلاتی لغاوكەری بەرژەوەندی خوازی بێ سنوورو لە قالبدانی كەرتی تایبەتی كاری كردووەو بەرژەوەندییە دریژخایەنەكانی كۆمەلّ و بەرژەوەندی زۆرینەی خەلك دابین دەكات"[٢٢٧] لە هەمان كاتدا ئەم بالە هەروەكو لە بەیاننامەی ریكخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیراندا هاتووە بایەخیكی تایبەتی بەكەرتی هەرەوەزی دەدات.

"ئیمە باوەرمان وایە كە بە مەبەستی بەدەست هینانی ئامانجەكانی رەت كردنەوەی چەوسانەوەو بەرقەراری یەكسانی ئابووری، جوشدان و زیادكردنی كارامەیی و ئەنجامی كاری مرۆیی لە سیستمی ئابووریداو كارپەیداكردن و بەدەست هینانی پەرەپیدانی هەمەلایەنە، سەقامگیركردنی بنەماكانی سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستنی نیشتمانی و ستراتیجی نیشتمانی لە ئابووری ولاتدا دەبێ بەرەو سیستمی هەرەوەزی، پەلكیش بكرێ.. هەرەوەزییەكان، سازكاریەكن كە هەم جلەوگیری لە گۆرانی دەولەت دەكەن بۆ خاوەن كاریكی گەورەو بێ هاوتاو هەم دەرگای دەسەلاتی سەرمایەداری و بازار لە دژی ئابووری و لات دادەخەن"[٢٢٨].

٥-كەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەكی:

ئەم بالە بەشیوەیەكی مەرجدار لەسەر كەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەكی رازییە. ریكخراوی مجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ئیران لە بەیاننامەیەكدا بۆ شەرح

---

[٢٢٦] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٧٤/١/٣٠/١٣، ص٢.

[٢٢٧] همان شمارە ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٢.

[٢٢٨] همان شمارە، ٤٢، ٧٥/١/٢٩، ص٢.

كردنی ئەم هەلویستە دەنووسیت: "مەرجی پیویست بۆ بەكارهینانی سەرچاوەی دەرەكی، كەلك وەرگرتنی باشترە لە سەرچاوەی ناوخۆو كەمبوونی سەرچاوە دەرەكیەكان بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكانی پەرەپیدانی نیشتمانی‌یە. بەلام ولاتیك كە سەرچاوەكانی خۆی بۆ شتی ناپیویست خەرج دەكات ریگەی پێنادرێ كە هەتا بۆ سەرمایەگوزاری پیویست و بەكەلكیش پەنا بۆ سەرمایەو متمانەی بانكی دەرەكی بەرێ. چاكردنی سیستمی ئیداری و دەزگای بیرۆكراسی جێبەجێكردنی دەولەتی و بەریوەبەریتی كارامە لەگەڵ توانا كەلك وەرگرتنی پیویست و سازندە لە متمانەی دەرەكی، مەرجی پیویستی هەر جۆرە قەرزوەرگرتنیكە. كەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەكی تەنها بە مەبەستی سەرمایەگوزاری ژیرخان بەرهەم هینان قابیلی رووتێكردنە. لە هیچ هەل و مەرجیكدا نابێ سەرمایەو متمانەی دەرەكی لە ئابووری ولاتدا رۆلی چارەنووس ساز ببینێ"[٢٢٩].

[٢٢٩] همان.

## کورتەی بۆچوونە ئابوورییەکانی بالی ئە نجومەنی روحانیە خەباتگیرەکان
## و
## گروپە نزیکەکانی

١-نارازی بوون بەتایبەتی کردنی بەرفراوانی یەکەکانی بەرهەم هینان و قبوڵ کردنی بەشیوەی مەرجدار و سنووردار.

٢-دەست وەردانی دەولەت لە کاروباری ئابووری.

٣-دەولەتی بوونی کەرتەکانی دایك و ستراتیجی ئابووری.

٤-بێتوانایی مودیلی ئابووری بازار لە چارەسەرکردنی کیشە ئابوورییەکانی ئیراندا.

٥-ئەولەویەتی پەرەپیدان لە دوای سەربەخۆیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە دیت.

٦-باوەریان بە بەهیزکردن و فراوانکردنی هەرەوەزیەکان هەیە.

٧-پیشنیازکردنی سیاسەتی پشت بەخۆبەستن وەکو نموونەی ئابووری.

٨-ئەولەویەتدان بە پشت بەخۆبەستنی ئابووری.

٩-بایەخدان بە نموونەی پەرەپیدانی پیشەسازی دریژخایەن.

١٠-دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دوای سەربەخۆیی گرنگترین ئەولەویەتە.

١١-پەسەندکردنی ئابووری تیکەڵ وەکو مۆدیلی پیویست و تەئکیدکردنەوە لە کەرتی دەولەتی و هەرەوەزی بەشیوەی دەزگای لغاوکەری کەرتی تایبەتی.

١٢-توانای کەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی بەشیوەیەکی مەرجدار.

٣-٢-بۆچوونە فەرهەنگیەکانی بالی ئەنجومەنی روحانیە خەباتگیرەکان و گروپە نزیکەکانی:

### ١-چاودیری کردنی چالاکیە فەرهەنگیەکان:

ئەم بالە پشتگیری لە چاودیری کردنی بەرهەمە فەرهەنگیەکان دەکات لە دوای بڵاوکردنەوەیان. رۆژنامەی (سلام) دەربارەی ئەم بابەتە دەنووسیت: "دەبێ لە حکومەتی ئایندەدا بنەمای تایبەتی کتیب لەسەر متمانە بێ بە بەرهەم هینەرانی فەرهەنگی و دەبێ لەسەر ئەوە بەند بێ کە پەخش کەران و نووسەرانی کتیب

خزمەتگوزاری فەرهەنگن.. بەخش کەرانیش دەتوانن وەکو بەریوەبەرانی بەرپرسی بڵاوکراوەکان بەرپرسی بڵاوکردنەوەی کتیبەکانی خۆیان بن و بەم شیوەیە دەتوانرێ له قۆناغی دوای بڵاوکردنەوەدا بنەمایەکی تایبەت دابنرێ"[230].

بڵاوکراوەی (عصرما)ش لەم بارەیەوە دەنووسیت: "سەبارەت بە چاودیری لەسەر چاپی کتیب دوو سیاسەت له ئارادایه. سانسۆر لەسەر کتیب بەر لەچاپکردنی یان سانسۆری کتیب لەدوای چاپکردنی. سیستمی یاسایی ئاگادارکردنەوە باشترین شیوەیە بۆ مامەلەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە پرانسیپەکان لادەدەن. نموونەیەك لەکاتی جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنیدا بۆخۆی ئەزموونیکی باشە لەم بوارەداو دەتوانرێ له مەیدانەکانی دیکەی فەرهەنگیدا پەرەی پێ بدرێ"[231]. ئەم بڵاوکراوەیە لە ژمارەیەکی دیکەدا رەخنەی له سیاسەتی "سانسۆری تەواو و راستەقینە گرتوە بەر لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی فەرهەنگی" لەجیاتی ئەوە پیشنیازی سیاسەتی "دانان و پەسەندکردنی دیسپلینی یاسایی کردو داوای کرد سەرپیچی کەران لە ریی دادگاوە مامەلەیان لەگەلدا بکرێ"

(عصرما) دەنووسیت "سیاسەتی سنوورداری یاسایی و مامەلەی راستەوخۆ لەگەڵ بەرهەم هینەرانی فەرهەنگیدا ئەنجامی نەبووە، بالی چەپ لە بواری فەرهەنگدا.. تەئکیدی لە دەسەڵاتی دەولەت و ئازادی تاکەکەس وەکو دوانەیەك کردۆتەوە و دەکاتەوەو ریگەی گەشەکردنی لە بواری فەرهەنگ و هونەرو ئەدەب.. دا بە فراوانکردنی ئازادییەکانەوە گرێ دەدات. تەنها بە بەرهەم هینانی هەرچی زیاتری بەرهەمی فەرهەنگی دەتوانرێ گەشەکردن و زیندوویی کۆمەڵ لە مەیدانی گۆرانکارییەکانی جیهاندا دابین بکرێ. بۆ داکۆکی لە مافی کەسان و رسکاندنی ئەنگیزە بۆ بەرهەم هینانی بەرهەمی فەرهەنگی دەبێ هەرچی زووتر بەرەو بە یاسایی کردنی کاروبارەکان، هەنگاو هەلبگرین و کەش و هەوایەك دروست بکەین بۆ ئەوەی کەسانیك کە دژی ئاین، سەربەخۆیی، یەکپارچەیی و سەربلندی ئیران نین. بتوانن بینە مەیدانەوەو بە داهینانی بەرهەمی فەرهەنگی تۆکمەیی و پاریزراوی کۆمەڵ زیاتر

[230] روزنامه سلام، ٧٦/٤/٢٨، ص٢.

[231] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٤٧، ٧٥/٤/٦، ص٢.

بکەن"[٢٣٢]. هەروەها ئەم باڵە خوازیاری پشتیوانی دەوڵەتە لە کەرتی فەرهەنگی بەپێی نووسینی (عصرما): لابردنی سەرمایەگوزاری و یارمەتی دانی دەوڵەت لە کەرتی فەرهەنگیدا نەکاری کردەیەو نە واقیعیکی پیویستیشە. بەم پێیە دەبێ سیاسەتی پشتیوانی دەوڵەت لەم کەرتە بەشیوەیەکی بنەرەتی و ئسولی دریژەی هەبێ"[٢٣٣].

**٢-هیرشی فەرهەنگی:**

ئەم باله باوەری وایه که هیرشی فەرهەنگی هەیە، بەڵام لەم مەسەلەیەدا فاکتەرە ناوخۆییەکان بەکاریگەرتر دەزانیت. بەپێی بڵاوکراوەی (عصرما) "باڵی چەپ هیرشی فەرهەنگی وا دەبینێ کە لە ناهاوسەنگی دان و ستاندن و بەرهەم هینانی فەرهەنگی و بوونی خالی لاواز لە فەرهەنگی خۆمالیدا سەرچاوەی گرتووە"[٢٣٤] ئەم بڵاوکراوەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی ئەم ریگایانەی خوارەوە پیشنیاز دەکات.

"بۆ رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی دەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا هەژاری فەرهەنگی لە کۆمەڵدا بە بەرهەم هینانی بەرهەمی فراوان لە بواری کتیب، سینەما، رۆژنامەگەری و.. لەناو ببرێ و هاوزەمان زەمینەی بابەتی وەکو بیکاری، نەبوونی توانای ژن هینان و.. بگەیەنریتە کەمترین ئاست و بە کارامەکردنی سیستەمی فیرکردن و دەزگای فەرهەنگی و راگەیاندنی دەوڵەتی، کۆمەڵ لەسەر ریبازی ئامانجەکانی نیزام ئاراستە بکرێ"[٢٣٥] بە شیوەیەکی گشتی ئەم باله رەگ و ریشەی ناهەموارییە فەرهەنگیەکان بە فاکتەری ناوخۆیی دەزانیت. (عصرما) دەنووسیت:

"رەوتی چەپ رەگ و ریشەی ناکاملی و ناهەمواریيە فەرهەنگیيەکان زیاتر لە لاوازی ناوخۆدا دەبینێ تا پیلانی دەرەکی"[٢٣٦].

---

[٢٣٢] همان، شماره ٢٥، ٧٤/٧/١٣، ص٧.
[٢٣٣] همان، شماره ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.
[٢٣٤] همان، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٦.
[٢٣٥] همان، شماره ٢٥، ٧٤/٧/١٣، ص٧.
[٢٣٦] همان، شماره ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.

بە ڕای ئەم بالە بۆ چاکردنی کاروباری فەرهەنگی دەبێ ڕوو لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بکرێ.

بڵاوکراوەی (عصرما) دەربارەی بڕیاری پەرلەمان سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامرازی وەرگرتنی سەتەلایت دەنووسێت: "مەبەستی ئێمە ڕەت کردنەوەی ڕێگا یاسایی‌و فەرهەنگی‌یەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەتەلایت نی‌یە.. تەئکید کردنەوەی سەرەکی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەتەلایتدا بەشێوەی ئیلزامی تەنها لە شێوە فەرهەنگیەکاندا نی‌یە. بەڵکو دەبێ بەرلەوە بایەخی تەواو بەخاڵە لاوازە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکان بدرێ کە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی لەو جۆرە خۆش دەکەن. بەبێ حسابکردن بۆ باری ناڵەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ناتوانرێ ئومێدیکی ئەوتۆ لەسەر چاکردنی کاروباری فەرهەنگی هەڵبچنرێ"[237] ئەم باڵە ئەگەرچی نیگەرانی هێرشی فەرهەنگی‌یە بەڵام حەزیشی لە ئاڵوگۆڕی ئەندێشەو فەرهەنگ و مامەڵەی هەڵبژاردەیە لەگەڵ فەرهەنگەکاندا. "ڕەوتی چەپ نیگەرانی سەربەخۆیی، بەتوانایی و پاراستنی ناسنامەی فەرهەنگی خۆیەتی‌و.. باوەڕی وایە گەشەکردنی فیکری و فەرهەنگی لە ڕاوێژکردنی بیرو دانوستاندنی ئەندێشەو فەرهەنگە کاندایە"[238].

**٣-ستراتیجی فەرهەنگی:**

بەپێی ئەوەی بڵاوکراوەی (عصرما) ئاماژەی بۆ دەکات: "ستراتیجی فەرهەنگی بالی چەپ لەسەر ئەم میحوەرانەی خوارەوە بنیات نراوە:

- بە ڕەسەن زانینی فەرهەنگی خۆماڵی و ناوەڕۆك و بە لاوەکی زانینی فۆرم لەگەڵ بایەخ پێدانی‌دا.
- پەسەندکردنی ئاڵوگۆڕو دانوستاندنی فەرهەنگی و مامەڵەی هەڵبژاردە لەگەڵ فەرهەنگ و بیرە جیاوازەکاندا.
- کەلك وەرگرتن لە ئامرازو شێوەی مۆدێرن لە بواری فەرهەنگی‌دا.
- جیاکردنەوەی ئاراستەی فەرهەنگی و سیاسی لە ئاراستەی جاسوسی و ئەمنی لە مەیدانی فەرهەنگدا.

---

[237] همان، شمارە ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٦.

[238] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.

-دوورکەوتنەوەی تەواو لە ڕواڵەتکاری و دۆگماتیکی و بەربەرەکانی ڕواڵەتەکانی.

-پەیوەندی و مامەڵە فەرهەنگییەکان بخرێنە چوارچێوەی یاساوە و لە دورکەوتنەوە مامەڵەی سەلیقەی تاکەکەسی لەگەڵ ناهەموارییەکاندا"[٢٣٩].

کورتەی بۆچوونە فەرهەنگیەکانی باڵی ئەنجومەنی ڕوحانیە خەباتگێرەکان و گروپە نزیکەکانی

١-پشتگیری لە چاودێری کردنی بەرهەمە فەرهەنگیەکان لە دوای بڵاوبوونەوە.

٢-پشتیوانی لە بەرهەم هێنانی هەرچی زیاتری بەرهەمی فەرهەنگی.

٣-تەئکیدکردنەوە لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت لە بواری فەرهەنگیدا شان بە شانی ئازادی کەسەکان.

٤-دژایەتی مامەڵەی سەلیقەیی لە بواری فەرهەنگیدا.

٥-پشتیوانی لە سەرمایەگوزاری و یارمەتی دەوڵەت لە بواری فەرهەنگی.

٦-بایەخ دان بە فاکتەری ناوخۆیی لە هێرشی فەرهەنگیدا.

٧-ڕەگ و ڕیشەی ناکاملی و ناهەموارییەکان لە بواری فەرهەنگ زیاتر لە لاوازی ناوخۆی فەرهەنگدایە تا پیلانی دەرەکی.

٨-حسابکردن بۆ باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی بۆ چاکردنی کاروباری فەرهەنگی.

٩-بایەخ دان بە ئالوگۆری فەرهەنگ و بیرو مامەڵەی هەڵبژاردە لەگەڵ فەرهەنگەکاندا.

١٠-کەلك وەرگرتن لە ئامرازو شێوازی مۆدێرن لە مەیدانی فەرهەنگدا.

١١-یاسایی بوونی پەیوەندی فەرهەنگی و دوورکەوتنەوە لە مامەڵەی سەلیقەیی لەم بوارەدا.

١٢-تەئکیدکردنەوە لە بەرەسەن زانینی فەرهەنگی خۆماڵی.

---

[٢٣٩] هەمان.

## هەڵویستە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەكانی
## كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی

### ۲-۱-بۆچوونه سیاسیەكانی كۆمەڵەی بەرگری له بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی

ئەلف: تێڕوانینیان سەبارەت به حكومەت:

۱-ویلایەتی فەقیهو رابەری:

ئەم گروپە وەلی فەقیه وا دەبینێ كه لەلایەن خوداوه دانراوەو باوەری به دەوری خەلك نییە لە دانانیدا . و تەنها (قبوڵ كردنی خەلك به پیویست دەزانیت بۆ پیادەكردنی حوكمی فەقیه) بلاوكراوەی "ارزشها" دەنووسیت: "شەرعیەتی ویلایەتی فەقیه بەنده به هەلبژاردنی خەلك و دامەزراندنی مەعصومین لەلایەن خوداوەندەوەو هەردووكیان، بەشی لە جیابوونەوه نەهاتووی یەكترین. هەتا فەقیه نەبیت شەرعیەتی نییەو هەتا به هەلبژاردنی خەلك نەبێ و هەلنەبژیردرێ یان نەگەریتەوه بۆ لای خەلك كاركردنی ویلایەتەكەی ئەرك نییە.. پەسەندكردنی خەلك بەمەرجی پیویست لە قەلەم دراوه بۆ جێبەجێكردنی حوكمی فەقیه"[240] ئەم كۆمەلەیە له پرۆگرامی خۆشیدا به تەئكیدكردنەوه لەسەر ئەوەی كه چالاكی ویلایەتی فەقیه بەنده به رای خەلكەوه دەنووسیت: "له سەردەمی غیابدا گەورەیی ئیمامی سەردەم (عج) و چالاكی و كاریگەری ئەو ویلایەتی فەقیهەی كه مەرجی رابەری تیایە، بەنده به گەرانەوه بۆ رای خەلك یان نوینەرانی هەلبژاردەی خەلك"[241] محەممەد محەممەدی ری شهری سەرۆكی كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی دەلیت: "لە راستیدا ویلایەتی فەقیه دریژەپیدانی حكومەتی پیغەمبەران و پیشەوایانی مەعصومە (د.خ)"[242] و له چوارچیوەی ئەم باوەرەدا كۆمەلەی بەرگری له بەهاكان له رینمایی ریكخراوەییدا بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆی تەئكیدی لەوه كردۆتەوه كه "ویلایەتی فەقیه نوینەری ئیمامی سەردەمە"[243].

---

[240] هفتەنامە ارزشها، شماره ١٤، ٧٦/١/٢٥، ص٢.

[241] مرامنامه جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی/، فصل اول.

[242] ماهنامه صبح، شماره ٦٩، ارد بهشت ٧٦، ص١٣.

[243] هفتەنامە ارزشها، شماره ١٣، ٧٦/١/١٨.

ئـەم گروپـە وەلی فەقیـه لـە سـەرو دەسـتوورەوە دەبینـێ. ئەحمـەدی پورنجـاتی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی دەڵیت: "ئیمـە دژی سـنووردارکردنی دەسـەڵاتەکانی وەلی فەقیـهین"[٢٤٤] بەوەشـەوە کـە (وەلی فەقیه لە هەل و مەرجی ناچاری یان پیویست یان مەسلەحەتدا (دەتوانێ) سنوری ئەو دەسـەڵاتانە ببـەزینێ کـە لـە مـاوەی (١١٠)ی دەسـتووردا ئاماژەیـان بـۆ کـراوەو لـە دەرەوەی ئەو سنووره ویلایەتەکەی خۆی بەکاربینێ"[٢٤٥].

ئەم گروپە بە حسابکردن بۆ ئەوەی کە وەلی فەقیه بە هەلبژیردراو دەزانیت لە لایەن مەعصومەکانەوەو باوەری بە دەوری رابەری هەیە لە سەروو دەستوورەوە، بە دروست کردنی خەرمانەیەکی پاکژ بە دەوری رابەردا قایلە. بەپێی نووسینیکی پورنجاتی لە بڵاوکراوەی (ارزشها)دا "ریز لێنانی خەلك بۆ رابەری نەك تەنها لەگەڵ سەروەری یاسا لە کۆمەڵدا ناکۆك نییە بەلکو گرەنتی مەحکەم و دلنیایی بەخشی یاساش دەبیت. جگە لەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی کە بەها روونەکان بچنە ناو هەلویست و رەفتارەکانی رابەرییەوە.. و لە رەفتاری کۆمەڵایەتی خەلکدا.. رەوت پەیدا بکات"[٢٤٦] پاشان دریژەی دەداتێ: "کاری چاك بە مەعنای هەنگاوی گونجاوە لەگەڵ پیویستیەکانداو بە پیوەری حەق کە باسکردنی رابەری (ئومەت)دا دەدرەوشیتەوە، هەلدەسەنگینرێ.[٢٤٧]

گروپی ناوبراو تا ئەو شوینە ریز لە رای خەلك دەگرێ کە (لەگەڵ پیویستی واقیعی خەلکدا ناکۆك نەبێ" ئەگەرچی ئەم کۆمەلەیە ئەوەی روون نەکردۆتەوە کە دیاریکردنی ئەم (پیویستییە واقیعی)یە لە ئەستۆی چ کەسیکدایە بەڵام وادیارە لە روانگەی ئەوانەوە کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی ئەم بەرپرسیاریتییە لە ئەستۆ دەگرن. محەممەدی ری شهری لەم بارەیەوە دەلیت "لە ئیسلامدا خواستی خەلك تا ئەو شوینە ریزی لێ دەگیرێ کە لەگەڵ پیویستی واقیعی ئەواندا ناکۆك نەبێ و راستی و راستگۆیی حکومەتی ئیسلامی پیویست بەوە دەکات کە پیویستیە واقیعیەکانی

---

[٢٤٤] هفتەنامە ارزشها، ویژه انتخابات، ٧٦/٢/٣١، ص٢.
[٢٤٥] همان، شماره ١٥، ٧٦/٣/٢، ص٥.
[٢٤٦] همان، شماره ٨، ٧٥/١١/١٥، ص٥.
[٢٤٧] همان، شماره ٦، ٧٥/١٠/١٥، ص١.

خەلك دابین بكات.. یەكیك لە جیاوازییە بنەرەتیەكانی حكومەتی ئیسلامی لەگەڵ دیموكراسی خۆرئاوادا ئەوەیە كە لە دیموكراسی خۆرئاواییدا خواستی خەلك هەرچی بێ پەسەند دەكرێ هەتا ئەگەر بە زیانی پیویستیە واقعیەكانیشی بیت، بەلام لە سیستمی ئیسلامیدا پیویستیە راستەقینەكانی خەلك بنەمای كاركردنە"[٢٤٨] ری شهری لە جیگایەكی دیكەدا تەئكیدی لەوە كردۆتەوە كە ئیسلام داوامان لی دەكات كە دەبێ بەهاكان پیادە بكرین هەتا ئەگەر زۆربەش دژی بوەستنەوە "ئەوەی ئیسلام داوای دەكات ئەوەیە كە دەبێ مرۆڤ لایەنگری بەهاكات بیت و لە ژیانی خۆی و خیزانی و كۆمەلایەتی خۆیدا پیادەی بكات، هەرچەندە زۆربەش دژی بەهاكان بوەستنەوە"[٢٤٩]

ئەم گروپە داوا لە خەلك دەكات لەو كاتەدا كە دەنگ د ەدەن، بۆچوونی كاندیدەكان لەگەڵ: "نیازەكانی رابەری و بەرژەوەندییەكانی نیزامدا" تاوتوێ بكەن: "ئەوە خەلكەكە دەبێ بۆچوونەكانی كاندیدەكان و باله سیاسیەكانی هەل بسەنگینن و هەر كام لەو بۆچوونانەیان لەگەڵ نیازو بەرژەوەندییەكانی نیزامدا بە هاوئاراستە نەبینێ، مۆری پوچەڵ كردنەوەی لی بدەن"[٢٥٠] بەم پێیە لە روانگەی ئەم كۆمەلەیەوە بنەمای شەرعیەتی نیزام رابەریی پیكی دینێ "رابەری میحوەری یەكیتی نیزام و بنچینەی شەرعیەتی نیزامە"[٢٥١].

هەروەها ئەم گروپە باوەری وایە كە پیویستە ئیدارەی حكومەت و كۆمەڵ لەسەر بنەمای ریوشوینەكانی ئاین بێ. محەممەد ری شهری لەم بارەیەوە دەلیت، "ئاین بەهەمان شیوەیە كە خالە گشتیەكانی مەسەلەی بەهاكانی روون كردۆتەوە، چۆتە ناو وردەكارییەكانیشەوەو دەربارەی تەواوی ئەو بەرنامانەی كە كامڵ بوونی مرۆڤی پیوە بەندە، حوكمی خۆی هەیە، هیچ بابەتیك نییە ورد یان درشت -كە ئیسلام دەربارەی حوكمی خۆی لەسەر نەدابێ واتە بەو شیوەیە نییە كە بلیین ئیسلام بەتەنها دەربارەی مەسەلە گشتیەكان رای خۆری دەربریووەو نەچۆتە وردەكارییەكانەوە.

---

[٢٤٨] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٢/٥، ص٢.

[٢٤٩] هفتەنامه ارزشها، شماره ١، مهر ٧٥، ص١٣.

[٢٥٠] هفتەنامه ارزشها، شماره ١٣، ٧٦/١/١٨، ص٥.

[٢٥١] همان.

سەبارەت به تەواوی ئەو رووداوانەی كه رەنگه بینه رێی مرۆڤیك یان كۆمەلگایەكی ئیسلام حوكمی خۆی هەیەو ئەوەی روون كردۆتەوە كه ریگەی بەها كامەیەو ریگای دژی بەهاش كامەیه"[٢٥٢] ری شهری له جیگایەكی دیكەدا دەلیت: "له حكومەته دینییەكاندا ئەگەر ئاین و بەها بەرزەكانی ئیسلام.. بەدی نەیەن، پیویستیه مادیو مەعنەوییەكانی كۆمەڵ دابین ناكرین"[٢٥٣].

**٢-حزب:**

كۆمەلەی بەرگری له بەهاكان باوەری به چالاكی ریكخراوه سیاسیەكان هەیەو فره حزبی پەسەند دەكات بەڵام فره حزبیەك كه بتوانرێ جیگەی هەموو حزبەكانی له قالبی حیزبولڵادا بكاتەوه. چالاكی حزب له روانگەی ئەم بالەوه بەم مەرجانەی خوارەوه بەنده:

١-دەستووریان قبوڵ بێ.

٢-رابەرییان قبوڵ بێ.

٣-له بنەماكانی ئیسلام پاشگەز نەبنەوه.

ئیستا ئاماژه بۆ چەند خالێ دەكرێ سەبارەت به هەلویستەكانی ئەم گروپه له بواری چالاكی حزبایەتیدا. كۆمەلەی بەرگری له بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی له بلاوكراوەكەی خۆیدا به راشكاوی فره مینبەری سیاسی رەت كردۆتەوەو دەنووسیت "مەیلی فره مینبەری سیاسی له كۆمەلدا پەیرەوی كردنه له پرانسیپەكانی لیبرالیزمی سیاسی. بەو مەعنایەی كه دەبێ هەل و مەرجی سیاسی كۆمەڵ بەشیوەیەك بگۆرێ كه بواری چالاكی ئازاد بۆ خاوەنی هەر بیرو ئەندیشەیەك فەراهەم بیت بەبێ هیچ سنوور دانانیكی ئاینی و سیاسی. فره مینبەری سیاسی باوەری وایه كه زۆربەی سنووردانانه سیاسیەكانی ئیستا له كۆمەڵدا، بێ لۆجیك و بێ بەرنامەیەو بەم پێیه دەبێ خستنەروو و بایەخ پیدانی بیره سیاسیه جیاجیاكان ئەگەر له رووی باوەریشەوه لەگەڵ بنەما پرانسیپی بەهاكانی نیزامدا ناكۆك بن، ریگەیان پێ بدرێ"[٢٥٤] محەممەدی ری شهری له چاوپیكەوتنیكدا لەگەڵ روون كردنەوەی ئه وەی

---

[٢٥٢] همان، شماره ١، مهر ٧٥، ص١٢.

[٢٥٣] همان، شماره ١٠، ٧٥/١٢/١٣، ص٦.

[٢٥٤] هفتەنامه ارزشها، شماره ١، مهر ٧٥، ص٢.

كه له كۆمه‌لگاى ئيسلامى‌دا لايه‌نگرانى ناره‌وا مۆله‌تى بانگه‌شه‌ى بۆچوونه‌كانى خۆيان نى‌يه ده‌ليت "له كۆمه‌لگاى ئيسلامى‌دا كه‌س مافى ئه‌وه‌ى نى‌يه بيره ناره‌واكان كه به دژى (به‌هاكان) له قه‌له‌م ده‌درين ده‌رخواردى كه‌سانى دى بدات به‌لام خۆى ده‌توانىَ باوه‌رى تايبه‌تى خۆى هه‌بىَ"[٢٥٥].

به راى ئه‌م گروپه گروپه جياوازه‌كان ده‌توانن له چوارچيوه‌ى حزبوللادا چالاكى بنوينن. به‌پىَى قسه‌ى محه‌مه‌دى رى شهرى "له ئيسلام و قورئاندا يه‌ك حزب زياتر له ئارادا نى‌يه‌و ئه‌ويش حزبى خوايه. به‌لام له‌م چوارچيوه‌يه‌دا ره‌نگه حزب و گروپى جياجيا سه‌رهه‌لَ بده‌ن. به‌لام سه‌ليقه‌و شيوازيان له جىَبه‌جىَكردنى كاروباره‌كاندا جياوازبىَ"[٢٥٦] به پىَى ئه‌م رايه هه‌موو حزبه‌كان به‌گشتى پيويسته له قالبى "حزبوللاَ" دابن. به‌م پىَيه چالاكى ريكخراوه سياسيه جياوازه‌كان كه له‌لايه‌ن خه‌لك و رابه‌ريه‌وه په‌سه‌ند بن، ته‌واو پيويسته. محه‌مه‌د رى شهرى له‌م باره‌يه‌وه ده‌ليت: "حزب به چه‌مكه ره‌سميه‌كه‌ى له كۆمه‌لگاكانى ديكه‌دا مه‌فهومى هه‌يه له كۆمه‌لگاى ئيسلامى ئيمه‌دا مه‌فهومى نى‌يه. له ئيسلامدا يه‌ك حزب له ئارادايه‌و ئه‌ويش حيزبوللاَيه. بنه‌ما ئسوليه‌كانى حزبى خودا يه‌كيكه‌و قابيلى گۆران نى‌يه. جگه له حزبولاَ قورئان هه‌موو حزبه‌كان به حزبى شه‌يتان ناوده‌بات. ئه‌وه‌ى كه له نيزامى ئيسلامى‌دا به ريكخراوى سياسى ناوده‌بريت له پيناوى باشتر به‌ريوه‌بردنى ولاَتدايه. له نيزامى ئيسلامى‌دا ريكخراوه سياسيه جۆراوجۆره‌كان كه مايه‌ى په‌سه‌ندكردنى خه‌لك و رابه‌رى بن، پيويستى‌يه"[٢٥٧].

له‌گه‌لَ ئه‌مه‌شدا گروپى ناوبراو هه‌مه‌ره‌نگى‌و فره مينبه‌رى له‌ناو نيزامدا په‌سه‌ند ده‌كات و محه‌مه‌دى رى شهرى سه‌رۆكى كۆمه‌له له گفتوگۆيه‌كدا ته‌ئكيدى له كه‌لك وه‌رگرتن له توانا جۆراوجۆره‌كان كردۆته‌وه و ده‌ليت "ئيمه باوه‌رمان وايه له چوارچيوه‌ى نيزام و ويلايه‌تى فه‌قيهو به‌هاكانى شۆرشدا كه‌لك له هه‌موو وزه‌و تواناكان وه‌ربگيرىَ به‌هه‌موو ئه‌و سه‌ليقه جياوازانه‌شه‌وه كه هه‌يانه و هه‌موويان بخرينه‌گه‌ر.. هه‌رجۆره مامه‌له‌يه‌كى فه‌رامۆش كردن له‌گه‌لَ هيزه سه‌ره‌كيه‌كانى

[٢٥٥] همان، ص١٩.
[٢٥٦] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٠/٩، ص٣.
[٢٥٧] همان، ٧٤/١٢/٣، ص١٢.

شۆرشدا.. پیچەوانەی بەرژەوەندی نیزامە"[٢٥٨] کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان بە قەناعەت بە دیدگایەکی لەو جۆرە پشتگیری لە دروست بوونی حزب دەکات روحولڵای حسینیان جیگری سەرۆکی کۆمەڵە دەڵیت: "کاتێ ئیمە بە کۆماری ئیسلامی قایل بووین بێگومان ئەم حکومەتە کۆمەڵێ پیویستی هەیە کە دەبێ لە گەلیدا بیت ئەگەر ئەم پیویستیانە نەبن جەمهوریەت بەدی نایەت و ئەمەش لە دروست بوونی حزبدا خۆی دەنوینێ"[٢٥٩] ئەم کۆمەڵەیە لە بەیاننامەیەکدا پیشوازی لە چالاکی (سەلیقەی سیاسی جیاوازو هەتا دژ بەیەك) کردووە بەو مەرجەی کە "لە بنچینەکانی ئیسلام پاشگەز نەبووبیتنەوە" و دەڵیت "ئیمە لەو باوەڕەداین کە سەلیقەی جیاوازو هەتا دژ بەیەك مادام کە لە بنچینەکانی ئیسلام و شۆرش پاشگەز نەبووبیتنەوە، نەك تەنها زیان بەخش نین. بەڵکو ئامادەبوون و بەشداری کردنیان لە مەیدانی سیاسی ولاتدا پیویست بووەو دەتوانیت لە پیکادانی بۆچوونەکاندا فاکتەریکی کاریگەر بیت"[٢٦٠].

### ٣-ئازادی:

هەروەکو لە باسکردنی هەلویستی کۆمەڵەدا دەربارەی حزب ئاشکرابوو، ئەم گروپە لەناو نیزامدا فرە مینبەری قبوڵ دەکات. لەم چوارچیوەیەدا کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان باوەڕی وایە کە هەرکەس ئازادە کە بۆچوونی خۆی باس بکات. محەممەد محەممەدی ری شهری لەم بارەیەوە دەڵیت "لە چوارچیوەی نیزامدا.. هەرکەس ئازادە فیکرو سەلیقەی خۆی هەبێ. هەر کەسێ لایەنگری زۆرتری بۆ خۆی پەیدا کرد، با بیت و ولات بەریوەبەریت"[٢٦١] بلاوکراوەی (ارزشها)ش لە وتاریکیدا تەئکیدی لە پیویستی چەسپاندنی ئازادی لە کۆمەڵدا کردۆتەوەو دەنووسیت "ئازادی بە بەنرخترین بەهرەی شۆرشی ئیسلامی لە قەلەم دەدریت کە بە شیوەیەکی باش خەلکی ئیمە بەهرەمەند بوون لی.. هەرچەندە نابێ لەم بارەیەوە هەندێ کەم و کورتی نادیدە بگیرین. هیشتا سنوور و بە یاسایی کردنی پیویست بەشیوەیەکی

---

[٢٥٨] همان.

[٢٥٩] همان، ٧٥/١٠/١٦، ص١٢.

[٢٦٠] بیانیه شماره ١ جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

[٢٦١] هفتەنامه ارزشها، شماره ٢، آبان ٧٥، ص٥.

كارامه‌و هه‌مه‌لایه‌نه بۆ دروست بوون و سه‌قامگیركردنی بنه‌مای ئازادی فه‌راهه‌م نه‌بووه"[٢٦٢] محه‌ممه‌دی ری شه‌هری یش له لیدوانیكیدا ته‌ئكیدی له سنووردار نه‌كردنی بلاوكردنه‌وه‌ی هه‌وال كردۆته‌وه له كۆمه‌لداو ده‌لیت: "ده‌بیَ خه‌لك له ره‌وتی هه‌موو مه‌سه‌له‌كاندا بن و سنووردار‌كردن و له قالب دانی هه‌واله‌كان كیشه‌یه‌ك چاره‌سه‌ر ناكات. ده‌بیَ هه‌مووان به روونكردنه‌وه‌ی ته‌واوه‌وه سه‌باره‌ت به راستی و دروستی هه‌واله‌كان، زانیارییان له به‌رده‌ستدا بیت"[٢٦٣] ری شه‌هری له لیدوانیكی دیكه‌دا ته‌ئكیدی له پیویستی بوونی ره‌خنه‌ی بنیاتنه‌ر كردۆته‌وه له چاپه‌مه‌نیه‌كاندا و ده‌لیت "ره‌خنه‌ی بنیاتنه‌ر له چاپه‌مه‌نیه‌كاندا یارمه‌تی پاراستنی سه‌لامه‌تی ده‌زگا جیاوازه‌كان ده‌دات و له ده‌زگاكانی په‌یوه‌ندی و راگه‌یاندنی ولاتدا چاوه‌روان ده‌كریَ كه له كه‌ش و هه‌وایه‌كی ته‌ندروست و ئازاددا، ره‌خنه له كرده‌وه‌ی ده‌زگاكانی جیَبه‌جیَكردن و داوه‌ری و یاسادانان بگرن"[٢٦٤].

ری شه‌هری له به‌رنامه‌كانی خۆیدا بۆ سه‌ركۆماری له‌گه‌ل ته‌ئكیدكردنه‌وه‌ی پشتیوانی له ئازادی راده‌ربرین و ره‌خنه‌ی دروستكه‌ردا ده‌لیت "بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ده‌بیت له‌م بوارانه‌ی خواره‌وه‌دا هه‌نگاو هه‌لبگیریَ:

١-سیستمی راگه‌یاندن و زانیاری گه‌یاندن چاك بكریَ.

٢-دووركه‌وتنه‌وه له سانسۆری هه‌وال.

٣-پشتیوانی له بلاوكردنه‌وه‌ی بیرو ئه‌ندیشه‌ی جیاواز بكریَ.

٤-پشتیوانی له رۆژنامه‌و بلاوكراوه‌و مافی ریزه‌كانیان بكریَ.

٥-هه‌ول بۆ ره‌واج پیدانی فه‌رهه‌نگی ره‌خنه‌ی بنیاتنه‌ر بدریَ"[٢٦٥].

٤-به‌شداری سیاسی:

ئه‌م گروپه ته‌ئكید له به‌شداری سیاسی خه‌لك ده‌كاته‌وه‌و هه‌لبژاردن به دیارترین دیمه‌نی به‌شداری سیاسی خه‌لك ده‌زانیت. بلاوكراوه‌ی به‌هاكان له‌م باره‌یه‌وه ده‌نووسیت: "یه‌كیك له ئه‌نجامه گرنگه‌كانی به‌شداری سیاسی، فیركردن و راهینانی

---

[٢٦٢] همان، شماره ٨، ٧٥/١١/١٥، ص٥.

[٢٦٣] روزنامه سلام، ٧٥/١٢/١٩، ص٣.

[٢٦٤] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٠/٨، ص٣.

[٢٦٥] هفته‌نامه ارزشها، شماره ١٩، ٧٦/٢/٢٩، ص١١.

گشتی‌یە لە پێناوی پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی نیشتمانی‌دا. خەلك لە پرۆسەی بەشداری سیاسی‌دا بەرەبەرە فێردەبن کە بەرژەوەندییان لە ناو بەرژەوەندی گشتی و ولاتدایە و هیچ کەسێ نابێ حسابی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر چارەنووسی کۆمەلی سەربەخۆ بکات. لە راستی‌دا هەلبژاردن دیارترین دیمەنی بەشداری سیاسی خەلکە لە تەگبیرکردنی موقەدەراتی کۆمەلایەتی داو هەرچەندە رەوتیکی باشتر لەخۆ بگرێ، هەستی دەور بینینی خەلك لەم پرۆسەی بەشداری کردنەدا بەهیزترو جدی تر دەبێ"[٢٦٦] ئەم بلاوکراوەیە لە جیگایەکی دیکەدا تەئکیدی لە زەمینە خۆشکردن کردۆتەوە بۆ بەشداری خەلك لە گۆرانکارییە سیاسیەکانداو دەنووسیت "ئیستا لە سەردەمیکدا دەژین کە رۆلی خەلك لە قالبی یەکە دەولەتیەکان و کەرتی تایبەتی‌و ئەم جۆرە شتانەدا لە دیاری کردنی چارەنووسی کۆمەلدا چەند ئەوەندەی جاران زیاترو گرنگتر بووە. بەم پێیە دەبێ هەول بۆ زیادکردنی ئاسانکاری ئەم بەشداری‌یە بدرێ. لەسەر ئەم بنەمایە حزبە سیاسیەکان بە کابەری خۆیان لە قالبی یاساو خەباتی دیموکراسی‌دا، چەند بەرابەر چالاکی و ئارەزوو، کەش و هەوای پر جموجول بۆ بەشداری سیاسی و کۆمەل فەراهەم دەکەن. بەشدارییەك کە پەرەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەل بەرەو ئامانجە مادی و مەعنەوییەکان مەیسەر دەکات"[٢٦٧].

### ٥-ناردنە دەرەوەی شۆرش:

کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان پشتیوانی لە ناردنە دەرەوەی شۆرش دەکات. و بە توندی رەخنە لەو کەسانە دەگریت کە لە سیاسەتی دەرەوەدا ریبازی میانەرەویان گرتۆتە بەر: "سازش و پیکهاتن لەگەل دنیاخۆران و مامەلەکردن لە گەلیاندا لەسەر بەرژەوەندی ستەم دیدەکان، بەشیوەیەکی تایبەت لە مەسەلەی فەلەستیندا و بەیەك قسە دورکەوتنەوە لەبیری شۆرگیرانەو ئەندیشەی جۆشدانی خەلك لەژیر ناونیشانی فریودەری هاوژیانی نیودەولەتی یان نەرم و نیانی مەدەنی شوین پێ هەلگرتنی رەوت و کەسانیکە کە بە دوای محالی شۆرش و گەراندنەوەی وابەستەیی

---

[٢٦٦] همان، شماره ٢٢، ٧٦/٣/١٩، ص٣.

[٢٦٧] همان شماره ١٤، ٧٦/١/٢٥، ص١١.

هه‌مه‌لايه‌نـه‌ى گـه‌لدا ويلـن"[٢٦٨] هـه‌روه‌ها بلاوكـراوه‌ى (ارزشـها)ش لـه‌م باره‌يـه‌وه ده‌نووسيت: "شۆرشـى ئيسـلامى بـۆ ئه‌وه‌يـه كـه.. بـه‌رگرى لـه مـاف و بـه‌رژه‌وه‌ندى گه‌لانى چه‌وساوه بكات و سه‌باره‌ت به سـه‌رمايه نيشـتمانيه‌كانى خۆيـان، هوشـياريان بكاتـه‌وه‌و لـه زۆر لايه‌نـه‌وه بـه‌كرده‌وه يارمـه‌تيان بـدات"[٢٦٩] ئـه‌م بلاوكراوه‌يـه لـه جيگايه‌كى ديكه‌دا ته‌ئكيدى له فراوانكردنى ئه‌نديشه‌ى شۆرشى ئيسلامى كردۆته‌وه، و ته‌ئكيدى له چاوپيداخشانه‌وه به ريبازى سياسه‌تى ده‌ره‌وه‌و ده‌سـت پـێ كردنـى جولانه‌وه‌يـه‌كى هـيرش به‌رانـه كردۆتـه‌وه لـه پينـاوى فراوانكردنـى بـيرى شۆرشـى ئيسـلامى‌دا"[٢٧٠] هـه‌روه‌ها دريـژه‌ى ده‌داتـێ كـه "شۆرشـى ئيسـلامى له‌شـيوه‌ى داواكردنى مافى گه‌لانى چه‌وساوه‌دا شاره‌زايه"[٢٧١] ارزشها له وتاريكيدا به گرنگى‌دان به فراوانكردنى شۆرش له چوارچيوه‌ى نيزامدا، دژى تيورى (جياكردنه‌وه‌ى نيزام له شۆرش) وه‌ستاوه‌ته‌وه‌و ده‌نووسيت "به‌پێى ئه‌و تيوره نيزام بۆ ئه‌وه‌ى بتوانيت له چوارچيوه‌ى نه‌ريت و ديسپلينه نيوده‌وله‌تيه‌كاندا دريـژه به بوونى خۆى بدات و له كيشه‌ى سياسى و ناسياسى هه‌لويستى شۆرشگيرانه به‌دوور بێ، وا باشتره نيزام له ريگه‌ى كه‌نالى ره‌سمى و به‌پێى ياساو ريساى نيوده‌وله‌تى په‌يوه‌ندى له‌گه‌ل ته‌واوى ولاتاندا هه‌بێ و شۆرشيش به‌ره‌و په‌ره‌پيدانى ئامانجه‌كانى شۆرشى ئيسلامى ريگه‌ى خۆى بگريته به‌ر. هيچ يه‌كێ له‌م دوانه‌ش ئه‌وى تر هه‌راسان نه‌كه‌ن و هه‌ريه‌كه‌يان بارى به‌رپرسياريى خۆيان هه‌لگرن. به‌راى ئيمه ئه‌م بۆچوونه زۆر ترسناكه‌و هه‌تا بێ به‌رنامه‌شه. جياكردنه‌وه‌ى نيزام له شۆرش جگه له محالى نيزام و گۆشه‌گيركردنى شۆرش ئه‌نجاميكى ديكه‌ى نابێ. شۆرش ده‌بێ له پانتايى نيزامدا فراوان و سه‌قامگير بكرێ‌و ئه‌گه‌رنا ده‌بيته ئامانجيكى به‌دى نه‌هاتوو"[٢٧٢].

محه‌مه‌دى رى شهرى له چاوپيكه‌وتنيكدا ئيرانى وه‌كو (ام القرى– مه‌ككه)ى جيهانى ئيسلام باسكردو ته‌ئكيدى له پشتيوانى جولانه‌وه ئازاديخوازه‌كانى جيهان

[٢٦٨] بيانيه شماره ١، جمع دفاع از ارزشها.
[٢٦٩] هفته‌نامه ارزشها شماره ٢/ آبان،٧٥، ص٥.
[٢٧٠] همان، شماره ٣، ٧٥/٩/١، ص١
[٢٧١] همان، ژماره ٧، ٧٥/١١/١ ص٥..
[٢٧٢] همان، شماره ٨، ٧٥/١١/١٥، ص٥.

کـردەوە. "ئـێرانی ئیسـلامی وەکـو (ام القـری- مەککـە)ی جیـهانی ئیسـلام دەبـێ پشتیوانی لە جوڵانەوە ئیسلامیەکانی سەرانسەری جیهان و راپەرینە جەماوەرییەکان بکات بۆ رووبەرووبوونەوەی رژیمە دیکتاتۆرەکانی فەرمان ڕەوای وڵاتان"[٢٧٣]

## ٦-ئامانج گەرایی: (ئامانجداری)

روحوڵڵای حسینیان لـە گفتوگۆیـەکدا بە تەئکیدکردنـەوە لەسـەر ئامـانج گـەرایی بوونی ئەم کۆمەڵەیە دەڵیت: "ئیمە بۆ.. ئامانجداری شۆڕشی ئیسلامیمان کردو تۆوی سەرەکی شۆڕشی ئیسلامی بە گیان و ئامانج خوازییـەکی لـەمجۆرەوە فۆرمەڵـە بـوو، دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت و بـەردەوام بـوو. بـەم پێیـە ئیمـە (کۆمەڵـەی بـەرگری) بـۆ داکۆکیکردن لەم ئامانجدارییە هاتینـە مەیدانـەوەو دە توانین بڵیین کە جیاکـەرەوەی سـەرەکی کۆمەڵـە.. هـەمان ئامـانج خوازییە کە پـەیامی شـۆڕش، کورتـەو نـاوەرۆکی شۆڕش لەمەدا دەبینین"[٢٧٤].

ئەحمـەدی پورنجـاتییش لـە چاوپیکـەوتنیکدا لەگـەڵ رەتکردنـەوەی کـارکردنی ئیسـتای کۆمەڵــە لــەجیاتی ئامــانجداری دوپــاتی کردۆتــەوە "بۆچوونــەکانی ئیمــە بنەمایـەکی ستراتیجی هەیـەو ئیمە بە هیچ جۆرێ باوەرمان بەکارکردنی بـێ ئامـانج نەبووەو گرەنتی جێبەجێکردنی ئەو ئامانج و مەبەستانە نادەین کە لەگەڵ دیدگای ئسولیدا تەبانین"[٢٧٥].

محەممـەدی ری شـهریش لـە گفتوگۆیـەکدا تـەئکیدی لـە ئامـانجداری ئـەم گروپـە کردۆتەوە و دەڵیت "کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی لە سـەدا سـەد رەوتیکی ئارمانییەو پشتیوانی بەدیهینانی بەها شۆڕشگیرانەو خوداییـیە"[٢٧٦]

---

[٢٧٣] روزنامە کیهان، ٧٦/٢/٢٩، ص٧.

[٢٧٤] روزنامە اطلاعات، ٧٥/١٠/١٦، ص١٢.

[٢٧٥] هفتەنامە ارزشها، شمارە١٩، ٧٦/٢/٢٩، ص٩.

[٢٧٦] ماهنامە صبح، شمارە ٤٦، ٧٤/١٢/٨.

## ب-بۆچوونەكانی كۆمەلە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە:

### ١- پرانسیپەكانی سیاسەتی دەرەوە:

بەرای ئەم گروپە كۆماری ئیسلامی ئیران دەبێ لە سیاسەتی دەرەكیدا بایەخ بە بەهاو ئامانجەكانی شۆرشی ئیسلامی بدات. ئەم بالە سیستمی ئیستای جیهانی قبول ناكات و تەئكید لە (گۆرینی سیستمی نیودەولەتی ئیستاو) مامەلەی شۆرشگیرانە لە سیاسەتی دەرەوەدا دەكاتەوە[٢٧٧]. محەممەدی ری شەهری لە چاوپیكەوتنیكدا لەم بارەیەوە دەلیت "ئیمە هەر جۆرە مامەلەیەكی شەرمەزارانەو سازشكارانە لەگەڵ بیانیەكاندا بەتایبەتی لەگەڵ نوینەرانی دەولەتانی ئەوروپاییدا بە توندی رەت دەكەینەوەو بە نیشانەی لاوازی فیكرو باوەری دەزانین. نەرمی نیشاندان لە وتوویژە سیاسیەكاندا بۆ راكیشانی سۆزی بیانیەكان لە روانگەی ئیمەوە خیانەتە لە ئامانج و بەهاكان.. لە پەیوەندییەكانی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئیراندا، پەرەپیدانی پەیوەندییەكان لەگەڵ ولاتانی دراوسێ و دروست كردنی پەیوەندییەكی لۆجیكی لەگەلیاندا ئەولەویەتی یەكەمەو لە قۆناغی دواییدا دەبێ بایەخ بە پتەوكردن و پەرەپیدانی پەیوەندییەكانی ئیران بدەین لەگەڵ ولاتە ئیسلامیەكاندا لەهەر خالیكی جیهاندا بن. ئیمە نابێ لە پەیوەندییە بازرگانیەكانماندا یان لە بازاری ناوخۆدا تەواو پشت بە ئەوروپا ببەستین، چونكە خۆرئاوا هیشتا دریژە بە سیاسەتە كۆلۆنیالیەكانی خۆی دەدات و ئیمە بۆ پەیوەندییەكی پایەدارو دلنیایی بەخش ناتوانین پشت بە ولاتە خۆرئاواییەكان ببەستین. كۆماری ئیسلامی ئیران دەبێ روانینی خۆی لە ئەوروپاوە بگۆرێ بەرەو ئەو ولاتە گەورانەی جێی متمانەن لە ئەمریكای باشوور، ئەفریقا، ئاسیای مەركەزی و باشووری خۆرهەلاتی ئاسیاو رادەی هاتوچۆی سیاسی و مامەلەی ئابووری و بازرگانی خۆی لەگەڵ ولاتانی ئەوروپیدا بەخیرایی كەم بكاتەوە[٢٧٨]

ری شەهری لە بەرنامەكانی خۆیدا بۆ هەلبژاردنی سەركۆمار تەئكیدی لە (دامەزراندنی شارستانیەتیكی نوێی ئیسلامی) كردۆتەوەو دەلیت: "سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئیران لەگیانی سەربەخۆیی خوازی و دژی ئیستكباری

---

[٢٧٧] هفتەنامە ارزشها، شمارە ١٠، ٧٥/١٢/١٣، ص٤.

[٢٧٨] روزنامە كیهان، ٧٦/٢/٢٨، ص٧.

شۆرشی ئیسلامیەوه سەری هەلداوه که هەر جۆره دەسەلاتخوازی و دەسەلات قبوڵ کردنیکی رەت کردۆتەوەو پیویسته له پیناوی گەشەکردنی کۆمەلگا مرۆییەکانو فراوانکردنی فەرهەنگ و بەها پاکژەکاندا بە مەبەستی دروست کردنی شارستانیەتیکی نویٚ خەبات بکەین.. پیویسته تەئکیدکردنەوه لەسەر بەها ئیسلامیەکان و ریزگرتن له مافی بەرامبەر له پەیوەندی و بریاره سیاسیەکاندا لەسەر ئاستی نیودەولەتی بنەمای دیپلۆماسی ولات بیٚ. هەروەها پیویسته بەرقەراری و پەرەپیدان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو ولاته دۆستەکاندا، بەپیٚی ئەولەویەتی میللەته مسولمانەکان، دراوسیکان و ولاته بیٚلایەنەکان بیٚ لەسەر بنچینەی ریزگرتن و بەرژەوەندی هەردولا"[٢٧٩].

## ٢- پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا:

ئەم گروپه هەر جۆره پەیوەندییەك لەگەڵ ئەمریکادا رەت دەکاتەوەو (نابوتی نیزامی دەست دریژکاری ئەمریکا) به ئامانجی شۆرشی ئیسلامی دەزانیت. بلاوکراوەی ارزشها لەم بارەیەوه دەنووسیت "پەیوەندی کۆماری ئیسلامی ئیران لەگەڵ رژیمی ئەمریکادا پەیوەندی دو ولات نییه که تەنها ناکۆکیان لەگەڵ یەکتریدا هەبیت، بەلکو مەسەلەی شۆرشیکه که له بنچینەدا بوونی نیزامی بالادەست قبوڵ ناکات، لەبەرئەوه لەگەڵ رژیمی دەست دریژکاری ئەمریکادا ناکۆکی زاتی هەیه. ئەمریکا بەدوای پەرەپیدانی مەیدانی نفوزی خۆیدا ویله لەسەر سەرچاوه ئابوورییەکانی جیهانی سییەم و شۆرشی ئیسلامی له پیناوی داواکردنی مافی میللەته چەوساوەکانی جیهاندا هەوڵ دەدات. ئەم دوو نیزامه چۆن دەتوانن کیشەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوه؟.. شۆرشی ئیسلامی جگه له لەناوبردنی نیزامی دەست دریژکاری ئەمریکا ئامانجیکی دیکەی نییه"[٢٨٠] ئەحمەدی پورنجاتیش له لیدوانیکدا هەر جۆره پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەمریکادا رەت کردۆتەوەو داوای بەرنامەدارشتنی کردوه له پیناوی نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا. "هەر جۆره نەرم و نیانی و زەمینه خۆش کردنیك بۆ نزیك خستنەوەی پەیوەندییەکانی ئیران و ئەمریکا، خیانەته له ئامانجەکانی شۆرشی ئیسلامی. ئیمه هەر جۆره پەیوەندییەك

---

[٢٧٩] هفتەنامه ارزشها، شماره ١٩، ٧٦/٢/٢٩، ص١١.

[٢٨٠] همان، شماره١٠، ٧٥/١٢/١٣، ص٤.

لەگەڵ حکومەتی ئەمریکادا بەوە دەزانین کە قابیلی پەسەندکردن نییەو دژی دەوەستینەوە وەکو ئاراستەیەکی ستراتیجی، باوەرمان وایە کە بەرنامەریژی وڵات دەبێ لەسەر بنەمای نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ئەنجام بدرێ"[٢٨١].کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی لە پرۆگرامی خۆشیدا تەئکیدی لە سیاسەتی رووبەرووبوونەوەی ئەمریکا کردۆتەوە "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئیران دەبێ بەردەوام رووبەرووی سیاسەتی فراوانخوازی و زیادەخوازی دەسەڵاتە ئیستکبارییەکان بیتەوە، بەتایبەتی ئەمریکا"[٢٨٢].

## کورتەی بۆچوونە سیاسییەکانی کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی

١-وەلی فەقیه لەلایەن خوداوە دانراوە. پەسەندکردنی جەماوەری بۆ جێبەجێکردنی حوکمی وەلی فەقیه پێویستە.

٢-دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه لە سەروو دەستوورەوەیە.

٣-باوەریان بەوە هەیە کە شمولی سیاسی نیزام تەواوی ئەو هێزو رەوتانە بگرێتەوە کە باوەریان بە نیزام هەیە.

٤-باوەریان بەوە هەیە کە پێویستە چالاکی ریکخراوەی سیاسی لە چوارچێوەی ویلایەتی فەقیهو دەستووردا بێ.

٥-حزبەکان نابێ لە پرانسیپەکانی ئیسلام پاشگەز ببنەوە.

٦-باوەریان بەوە هەیە کە دانوستاندن و مامەڵەی ئەندیشەیی لە مەیدانی سیاسی کۆمەڵدا لە چوارچێوەی نیزام و ویلایەتی فەقیهو بەهاکانی شۆرشدا بیت.

٧-هەمەرەنگی و فرە مینبەری لەناو نیزامدا قبوڵ دەکرێ.

٨-حزب و تاکەکەس لە چوارچێوەی ویلایەتی فەقیهو نیزامدا لە خستنەرووی بۆچوونەکانی خۆیاندا ئازادن.

٩-ئەم گروپە پشتگیری لە ناردنە دەرەوەی شۆرش دەکات.

١٠-ئەم گروپە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا رەت دەکاتەوە.

١١-ئەم گروپە کاری ئیستا رەت دەکاتەوەو تەئکید لە ئامانجداری دەکاتەوە.

---

[٢٨١] همان، ویژه انتخابات، ٧٦/٢/٢٤، ص٢.

[٢٨٢] مرامنامه جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی، فصل چهارم.

## ٢-٢-بۆچوونە ئابوورییەكانی كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی

### ١-تایبەتی كردن:

ئەم گروپە دژی پاوانكردنی ئابوورییە لە دەستی دەولەتدا، بەلاّم پشتیوانی لە تایبەتی كردن ناكات و بەو شیوەیەی كە یەكە ئابوورییەكان بەگروپیك بسپیردرین كە دەولەمەندن و خوازیاری چەند ریوشوینیكە بۆ سپاردنیان بە خەلك بە گشتی. ئەحمەدی پورنجاتی دەلیت "تایبەتی كردن دەبیت بە مەبەستی فراوانكردنی كۆمپانیا هەرەوەزیەكان و ریكخستنی سامان بیت بە قازانجی چینە چەوساوەكان. لەبەرئەوە ناكرێ بواری ئەوە بدرێ كە تایبەتی كردن لە پیناوی فۆرمەلەبوونی پاوانكاریدا بۆ ژمارەیەكی كەم بەكاربێ یان دروست بوونی چەند كۆمپانیایەكی لێ بكەویتەوە، كەلە ناوەرۆكدا بە كانگای ئابووری گەندەڵ لە قەلەم دەدرین"[٢٨٣] محەممەدی ری شەهری یش لەم بارەیەوە دەلیت "وەرگرتنی كۆمپانیا لە دەولەت و سپاردنی بەچەند كەسیك، كیشەی ئابووری ولاّت چارەسەر ناكات و ئەم مەسەلەیە نابیتە هۆی یەكسانی ئابووری لە كۆمەڵدا.. كەرتی دەولەتی و هەرەوەزی و تایبەتی تەواوكەری یەكترین.. پاوانكاری لە مەسەلە ئابوورییەكاندا دەبێ لە دەولەتەوە بگۆیزریتەوە بۆ خەلك و بۆ ئەم مەبەستە، دەولەت دەبێ زەمینەی پیویست بۆ ریكخستنی تویژە چەوساوەكان خۆش بكات لە كۆمپانیا هەرەوەزیەكانی بەرهەم هینان و دابەشكردندا[٢٨٤]

كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی لە بەیاننامەیەكدا نووسیوویەتی:

"ئابووری نیشتمانی كاتیك دیتە بەر كە لە سەر بنەمای گەشەكردنی بەرهەمی نیشتمانی بنیات نرابێ و لەگەڵ بەشداری واقیعی خەلكدا جلەوگیری لە سەرهەلدانی پاوانكاری لە كەرتی تایبەتیدا بكات"[٢٨٥]

---

[٢٨٣] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٠/١٢، ص٣.

[٢٨٤] همان، ٧٥/١٢/٨، ص٢.

[٢٨٥] بیانیه شماره ١ جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

لەم بارەیەوە محەممەدی ری شهری دەلیت: "ئەگەر ئینحسار لە دەستی دەولەت دەربینین و بیگویزینەوە بۆ تویژیکی تایبەتی، لە راستیدا کاریکمان بۆ خەلك ئەنجام نەداوە. چونکە خەلك بەگشتی دەبێ بتوانن لە ئابووری ئازادی دەولەت بەهرەمەندبن"[286] محەممەدی شەریعەتمەداری ئەندامی دەستەی دامەزرینەری کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانیش بۆ بەشداری خەلك بەگشتی لە ئابووریدا پیشنیازی (میکانیزمی هەرەوەزی) دەکات"[287].

هەروەها ئەم گروپە دژی سیاسەتی (تەعدیلە)، لەم بارەیەوە محەممەدی ری شهری دەلیت: "سیاسەتی (تەعدیل) تەنها لە ١٧ ولاتدا پەیرەو کراوە کە ئەوەش جۆریك دیکتاتۆری لەگەلدا بووە"[288] سپاردنی پیشەسازی قورسیش بە کەرتی تایبەتی لە روانگەی ئەم گروپەوە رەت کراوەتەوە. پورنجاتی لەم بارەیەوە دەلیت: "ئیمە بە توندی دژی هەراج کردن و سپاردنی بێ بەرنامەی پیشەسازی قورسین بە کەرتی تایبەتی و زیاتر گۆرینی کەرتی دەولەتی بە کەرتی هەرەوەزی بە باش دەزانین و باوەرمان وایە کە دەبێ بە شیوەیەکی جدی مامەلە لەگەل سەرمایەداری کەرتی تایبەتیدا بکرێ"[289].

**٢- پەرەپیدان:**

ئەم گروپە تەئکید لەسەر پەرەپیدان دەکاتەوە بە مەرجێ لەسەر بەهاکان بنیات نرابێ، بەپێی بۆچوونی ئەمانە، بەهاکان لە پیش پەرەپیدانەوەیە. دەربارەی ئەم بابەتە محەممەدی ری شهری بەم شیوەیە رای خۆی دەردەبرێ: "ئەگەر داکۆکی لە بەهاکان بکەین.. دەگەینە پەرەپیدانیش بەلام بە بەدواداچوونی پەرەپیدان ناگەینە بەهاکان"[290] بەپێی ئەم بۆچوونە کۆمەلەی بەرگری لە بەیاننامەیەکدا مۆدیلی ئابووری بازاری ئازادو مەرکەزی کۆن رەت کردۆتەوەو دەلیت:

---

[286] هفتەنامە ارزشها، ویژە انتخابات، ٧٦/٢/٢٤، ص٤.
[287] همان، شمارە ١٥، ٧٦/٢/١، ص٩.
[288] دو هفتەنامە عصرما، شمارە ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص٧.
[289] هفتەنامە ارزشها، شمارە ١١، ٧٤/١٢/٢٠، ص٢.
[290] ماهنامە صبح، شمارە ٤٧، ٧٤/١٢/١٥، ص٨.

"بە هەمان شێوە کە مۆدیلی پەرەپێدانی کۆمەڵگا بەناو گەشەکردووەکان، چ خۆرئاوایی و خۆرئاواخواز، ناتوانێ نموونەی پێویست بێ، ڕێگەچارەی شێوە دروشمی تایبەت بە نموونەی پەرەپێدانی ئابووری مەرکەزی دەولەتیش لە بابەتی ئەوەی لە بلۆکی خۆرهەڵاتی پێشوودا هەبوو، هەروەها ڕێگە چارەو پێشنیازە ئابوورییەکانی تایبەت بە سەردەمی قاجار گرێی کێشە ئابوورییەکانی ئێمە ناکاتەوە"[291].

ئەم گروپە بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری وڵات پێشنیازی مۆدیلێکی ئابووری تایبەتی ناکات "بەرای ئێمە نە سەقامگیرکردنی ڕەهاو نە هاوسەنگ کردنی ڕەها هیچیان ڕاست نین و دەبێ بەپێی دەستوور لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی مەقامی ڕەهبەریدا کار بکرێ بۆ ئەوەی بگەینە بەرنامەیەکی دیاری کراو بۆ پەرەپێدان"[292].

**٣- نموونەی ئابووری:**

ئەم گروپە پشتگیری لە نموونەی (پشت بەخۆبەستنی ئابووری) و (ئیکتفای زاتی) دەکات و بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی ئەم دوانە بە پێویست دەزانێت. بڵاوکراوەی ارزشها لەم بارەیەوە دەنووسێت "ئەگەرچی مەفهومی سەربەخۆیی ئابووری بچڕانی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ دنیای دەرەوە و گۆشەگیری نییە لەسەر گۆڕەپانی ئابووری نێودەوڵەتی، بەڵام بەگشتی دەبێ پشت بەخۆبەستنی ئابووری وەکو یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی سەربەخۆیی لێك بدرێتەوە"[293] ارزشها درێژەی دەداتێ و دوپاتی دەکاتەوە "ئێستا ئەگەر کەمێك فشارمان بخرێتە سەر، لەم بارەیەوە دەتوانێت ببێتە پێشەکیەك بێ بۆ سەربەخۆیی زانستی و پیشەسازی و پشت بەخۆبەستنمان و ئەمەش بۆ خۆی بەهایەکی خودایە کە ئێمە بتوانین بە پشت بەخۆبەستن، نەك تەنها بەهەموو ئەوانە بگەین کە خۆرئاواییەکان بەدەستیان هێناوە، بەڵکو لەو قۆناغەش زیاتر پێ هەڵگرین"[294]

[291] بیانیه شماره ١ ، جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

[292] هفتەنامه ارزشها، شماره ٢، ابان ٧٥، ص٩.

[293] هفتەنامه ارزشها، شماره ٨، ٧٥/١١/١٥ ص٥.

[294] همان، شماره ١، مهر ٧٥، ص١٣.

هەروەها كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی لە بەیاننامەیەكدا تەئكیدی لە سیاسەتی "پشت بەخۆبەستنی ئابووری" كردۆتەوەو دەلیت "ئەگەر سیستمی پیرۆزی كۆماری ئیسلامی ئیران دەستی لە تایبەتمەندییە هەرە رەسەنەكانی خۆی واتە، ئاین پەروەری، میحوەری خودا، ئسولیەت، دژایەتی ئیستكبار، سروشت ئازاد، دادپەروەری خوازی، رەت كردنەوەی دەسەلاتی سەرمایە، پشت بەخۆبەستنی ئابووری لە بەرهەمی نیشتمانیدا هەلدەگرت؛ بیگومان زۆر لە كیشەو كەم و كورییە ئابورییەكانی لە ریگەدا نەبوو"[٢٩٥] روحوللای حسینیانیش تەئكید لە گەیشتن بە خۆبژیوی ئابووری كردۆتەوەو دەلیت "ئەگەر ئیمە.. سیاسەتی خۆبژیوی و سەربەخۆیی ئابووری پەیرەو بكەین و سەرمایە گوزاری بۆ بەرهەمی زیاتر بكەین، چونكە شۆرشەكەی ئیمە پەیامیكی شۆرشگیرانەی هەیە، رەنگە هەر رۆژە رووبەرووی كیشەیەكی دەرەكی ببینەوە، بۆیە حكومەتی دوایی دەبی بەرنامە بۆ خۆبژیوی دابنیت و كاربكات"[٢٩٦] هەروەها محەممەدی ری شەهری‌ش بە تەئكید كردنەوە لە سیاسەتی (پشت بە خۆ بەستن) دەلیت "ئەوە بەها نییە كە ئیمە موچەخۆری پیشەسازی خۆرئاوا بین، كۆمەلگای ئیسلامی دەبی پشت بەخۆی ببەستی"[٢٩٧]

### ٤-سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی دەرەكی:

ئەم گروپە بەتەواوەتی كەلك وەرگرتن لەسەرچاوەی دەرەكی رەت ناكاتەوەو لە حالەتیكدا كە ئەم سەرچاوانە لە پیناوی پتەوكردنی ژیرخانی ئابووری ولاتدا خەرج بكرین، بە شتیكی جایزی دەزانیت، ئەحمەدی پورنجاتی لەم بارەیەوە دەلیت "قەرزكردن، كاتیك پیویستە كە لە پیناوی پتەوكردنی ژیرخانی ئابووری ولاتدا بەكاربی. بەم پییە ئەگەر قەرز بۆ پەرەپیدانی بازاری بەكاربردن و پەرەپیدانی پیشەسازی مونتاژ، بەسەرەتایی ترین شیوەی بەكاربی، ئەم مەسەلەیە بە زیانی ولات تەواو دەبی"[٢٩٨].

---

[٢٩٥] بیانیه شماره ١ جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

[٢٩٦] ماهنامه صبح، شماره ٦٦، بهمن ٧٥، ص٢٠.

[٢٩٧] هفتەنامه ارزشها شماره١، مهر ٧٥، ص١٣.

[٢٩٨] همان، شماره ٦، ٧٥/١٠/١٥، ص٣.

٥-داد پەروەری کۆمەڵایەتی:

ئەم گروپە باوەری وایە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی "گویزانەوەی دەسەڵات و توانا" نییە لە چینیکەوە بۆ چینیکی دیکە، بەلکو مەبەست لە گەیاندنی "مافە بە خاوەن ماف". بڵاوکراوەی ارزشها ئاماژەی بۆ فۆرمەلە بوونی چینیکی تازە کردووە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیداو دوپاتی دەکاتەوە کە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم ئافاتە گەورەیە دەبێ تا (زۆر درەنگ) نەبووە "چارەیەکی کارساز" بدۆزریتەوە.. "..رەوەندی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نیزامی ئیمەدا.. گیرۆدەی ئافاتیکی ترسناك بووە. ئەم ئافاتە ترسناکە لەژیر ناونیشانی سەرهەلدانی چینیکی نوێدا خۆی دەنوینێ کە نەك تەنیا بە نیشانەی دەسەڵاتی ئابووری بەلکو بە نیشانەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریش قابیلی ناسینەوەیە. دەبێ نیزام بۆ بەربەرەکانیی لەگەڵ ئەم ئافاتە گەورەیەدا ئەندیشەی شۆرشی ئیسلامی وەکو چارەیەکی کارساز ببینێ و ئەگەر نا رەنگە لە ئایندەدا زۆر درەنگ بێ"[299] محەممەدی ری شهریش لەم بارەیەوە دەلیت "یەکیك لە ئەولەویەتە ئابوورییەکانی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان، رووبەرووبوونەوەیە لەگەڵ چینی دەولەمەندی نوێدا کە لە ریگەی نامەشروعەوە، دەولەمەند بوون مامەلەی بێ چەندو چون و یاسایی و شەرعی لەگەڵ سامانی بەتاڵان براو لە (بیت االمال) و ئەو سامانانەی کە بە شیوەی ناشەرعی بەدەست هاتوون. لە ئەولەویەتەکانی دیکەی ئەم کۆمەلەیەن"[300].

## کورتەی بۆچوونە ئابوورییەکانی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی

١-رازی نەبوون بە پاوانکردنی ئابووری لە دەستی دەولەت و کەرتی تایبەتیدا، تەئکید کردنەوە لەسەر بەشداری خەلك بە گشتی لە چالاکی ئابووریدا لە ریگەی کۆمپانیا هەرەوەزییەکانەوە.

٢-نارازی بوون بە سیاسەتی تەعدیلی ئابووری.

٣-تەئکیدکردنەوە لەسەر پەرەپیدان بەمەرجێ لەسەر بەهاکان بنیات نرابێ.

٤-پشتیوانی لە نموونەی پشت بەخۆبەستن و خۆبژیوی ئابووری.

---

[299] ماهنامه صبح، شماره ٦٩، اردبهشت ٧٦، ص١٣.

[300] ماهنامه صبح، شماره ٦٩، اردبهشت ٧٦، ص١٣.

٥-كەلك وەرگرتنی مەرجدار لەسەرچاوەی دەرەكی.

٦-دادپەروەری كۆمەڵایەتی بە گەیاندنی ماف بە خاوەن ماف دەزانیت نەك بە جیگۆڕكێی تواناو دەسەڵات.

## ٣-٢-بۆچوونە فەرهەنگیەكانی كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكانی شۆڕشی ئیسلامی.

### ١-سانسۆر لەسەر چالاكیە فەرهەنگیەكان:

ئەم گروپە پشتیوانی لە سانسۆر دەكات بەر لە بڵاوكردنەوەی بەرهەمە فەرهەنگیەكان. بڵاوكراوەی ارزشها پشتیوانی لە سانسۆری چاپی كتیب كردووەو چەند پیشنیازیكی لە پیناوی باشتر ئەنجام دانی ئەم كارەدا خستۆتە روو: "لیكۆڵینەوەی كتیب بە حسابكردن بۆ جۆری بابەت، ئاستی فەرهەنگی بەرهەمەكە، پیشینەو توانای نووسەر یان وەرگیر، پیویستیەكانی خوینەری بەرهەمەكەو لە هەمووشی گرنگ تر لە چوارچیوەیەكی پراكتیكیدا لەگەڵ دیسپلیندا، تەنها لەدەست تیمیكی لیكۆڵەرەوە دیت و مەفهومی ئەم بۆچوونە جگە لە پسپۆری لە لیكۆڵینەوەی كتیبدا شتیكی دیكە نییە"[٣٠١].

### ٢-ئەولەویەت بۆ فەرهەنگ:

ئەم گروپە بە بەراورد لەگەڵ مەسەلە سیاسی و ئابوورییەكان ئەولەویەت بە مەسەلە فەرهەنگیەكان دەدات "مەسەلە فەرهەنگیەكان گرنگترین مەیدانی مەسەلەكانی نیزامەو دەبێ لە پیشەوەی ئەولەویەتەكانیەوە دابنرێ"[٣٠٢].

ئەحمەدی پورنجاتیش لە لیداونیكدا تەئكیدی لەم بۆچوونە كردۆتەوەو دەڵیت: "گۆڕانی بنەرەتی لە فەرهەنگدا، ئامانجی بنچینەیی شۆڕشی ئیسلامی بوو.. ئەنجامدانی هەر جۆرە گۆڕانكارییەك لە بنەمای سیاسیدا، هەروەها ریفۆرمی ئابووری لە دوای گۆڕانیكی بنەرەتی فەرهەنگی لە توانادایەو ئەم گۆڕانە دەبێ لەهەر سێ بواری گۆڕانی بەهاكان، گۆڕانی بۆچوونەكان، چاكردنی رەفتارو شیوازەكاندا روویدات"[٣٠٣].

---

[٣٠١] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٢، ابان ١٣٧٥.

[٣٠٢] همان، شمارە ٦، ٧٥/١٠/١٥، ص٢.

[٣٠٣] همان، شمارە ٧، ١/١١/ ٧٥/ ص٣.

**٣-ئالوگۆری فەرهەنگی:**

کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان باوەری بە ئالوگۆری فەرهەنگی نییە لەگەڵ خۆرئاواداو سەبارەت بە هیرشی فەرهەنگی نیگەرانیەکی زۆر دەردەبرێ. محەممەد ری شەهری لەم بارەیەوە دەڵیت "سەرەنیزەی هیرشی دوژمن ئەمرۆ ئاراستەی فەرهەنگێ کراوە کە شۆرشی ئیسلامی هینایە ئاراوە.. پیلانی نەخشە داریژراوی دوژمن ئەوەیە کە فەرهەنگی بەهاداری ئەم شۆرشە بداتە بەر هیرش. لەم هیرشەدا، ئەمریکا وەکو شەیتانی گەورە بەتەنیا نییە بەلکو هیزە وەسوەسەگەرەکانی ناوخۆش هاورێیەتی دەکەن"[٣٠٤].

ئەحمەد پورنجاتیش لەم بارەیەوە دەڵیت "هیرشی فەرهەنگی لە دژی ئیرانی ئیسلامی مەسەلەیەکی جدی و راستەقینەیەو سەرنجدان لە ماهیەتی فەرهەنگی شۆرشی ئیسلامی، گۆتەی هیرشی فەرهەنگی بە تەگبیریکی تایبەتی دوژمنانی ئیسلام دەزانین لە دژی گەلی شۆرشگیری مسولمانی ئیران"[٣٠٥]. کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان لە بەیاننامەیەکدا دەنووسیت "گوێ نەدان بە هیرشی فەرهەنگی و بایەخ دان بە گروپی بێ ناسنامە لە بواری فەرهەنگ و ئەندیشەدا چەند جیگایەکی هەلخلیسکانن کە پەرلەمانی خولی پینجەم دەبێ بە شیوەیەکی جدی لێیان دووربکەویتەوە"[٣٠٦].

ئەم کۆمەلەیە لە بەیاننامەیەکی دیکەدا تەئکیدی لە رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی دوژمن کردۆتەوەو دەڵیت: "باوەری عەمەلی بە رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی دوژمن و بەیەك قسە پاریزگاری ئازایانە لە سنوورەکانی باوەری شۆرشی لە بەرامبەر شەپۆلە ژەهراویە فکری و نیمچە فەرهەنگیەکاندا لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی نوینەری پیویستی ئیمەیە"[٣٠٧]

بڵاوکراوەی ارزشهاش دەنووسیت "هیرشی فەرهەنگی، جوڵانەوەیەکی ریکخراوی ئیستکباری دنیای خۆرئاواو بەتایبەتی ئەمریکایە بۆ سرینەوەی ناسنامەی

---

[٣٠٤] همان، شماره ٨، ٧٥/١١/١٥، ص٦.

[٣٠٥] همان، ویژه انتخابات ٧٦/٢/٣١، ص٣.

[٣٠٦] بیانیه شماره ١، جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

[٣٠٧] بیانیه شماره ٢، جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی

فەرهەنگی کۆمەلگا سەربەخۆو خاوەن فەرهەنگە خۆمالیەکان، بەتایبەتی بە ئاراستەی بەربەرەکانیی شەپۆلەکانی فەرهەنگی شۆرشی ئیسلامی. گرنگترین ریگا دیارەکانی هیرشی فەرهەنگی بریتین لە: هەولی بەردەوام و هەمەلایەنە بۆ رەت کردنەوەی سەرەتای ئەندیشەی شۆرش و کارامەیی و توانای سیستمی کۆمەلایەتی بنیات نراو لەسەر باوەری ئاینی (پاکژی ئیسلام) بۆ بەریوەبردنی کاروباری کۆمەلگای ئەمرۆ. مەیدانی سەرەکی هیرشی فەرهەنگی بریتییە لە بواری بەرهەم هینان و بلاوکردنەوەی ئەندیشە "تیورو تیورکاری" بە تایبەتی لە بواری روناکبیری و راگەیاندندا"[٣٠٨] لە پرۆگرامی کۆمەلەشدا بە تەئکیدکردنەوە لەسەر هیرشی فەرهەنگی خۆرئاوا هاتووە "هیرشی فەرهەنگی لە دژی بەها فەرهەنگیە پاکژەکانی ئیسلام، راستیەکە و نکولی لی ناکری. ئەنگیزەو ئامانجی سەرەکی فەرهەنگی (دژی دین) لە بواری پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکاندا، بریتییە لە دروست کردنی قەیرانی ناسنامە لە پیناوی یەکسان کردنی فەرهەنگی، رووبەرووبوونەوەی تایبەتمەندی شۆرشی خاوینی ئیسلامی، رەواج دان بە بیری جیایی دین لە سیاسەت و بلاوکردنەوەی گەندەلی ئەخلاقی و فەرهەنگی نزمی خۆرئاوایی و دزیوییەکانی لەناو لاوانی کۆمەلگاکاندا بەتایبەتی لە کۆمەلگا ئیسلامیەکاندا"[٣٠٩].

**٤-رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی:**

بە باوەری ئەم گروپە یەکگرتنی فەرهەنگی باشترین شیوەی رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگییە.

بەپیی بلاوکراوەی ارزشها "گرنگترین و کاریگەرترین شیوەی رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی بریتییە لە ئاشکراکردنی ئامانج و شیوازەکانی و وەلامدانەوەی فەرهەنگیی هەموو ئەو مەسەلە بنەرەتیانەی کۆمەل کە دەشی دوچاری هیرش بن"[٣١٠]

روحوللای حسینیان بە تەئکیدکردنەوە لە پاریزگاری "جۆش و خرۆش و چالاکی سەرەتایی شۆرش" لەنیو خەلکدا دەلیت:

---

[٣٠٨] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٦، ٧٥/١٠/١٥.

[٣٠٩] مرامنانە جمعیت دفاع- فصل دوم.

[٣١٠] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٦، ٧٥/١٠/١٥، ص٤.

"هەتا ئامۆژگاری رادیو و تەلەفزیۆن کە دەکرێ سود لەو بەرنامانە وەربگرن کە لە میشکی خەلکدا جۆریك لەخۆ فەرامۆش کردن یان شۆرشی فەرامۆش کردن دروست دەکەن بۆ ئەوەی روو لە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەن. حکومەتی ئایندە دەبێ سەرمایەگوزاری بۆ ئەوە بکات تا هەمان جۆش و خرۆش و چالاکی سەرەتای شۆرش دروست بیتەوە"[٣١١].

**٥-سانسۆری روحانیەکان بەسەر چالاکیە فەرهەنگیەکانەوە:**

ئەم گروپە پشتیوانی لە سانسۆری روحانیەکان دەکەن بەسەر چالاکیە فەرهەنگیەکانەوە. روحولڵای حسینیان لەم بارەیەوە دەلیت "چ کیشەیەکی تیایە کە ئیمە لەجیاتی ئەو سەرمایە گوزارییە گەورانەی لە مەلبەندە فەرهەنگیەکاندا دەیکەین ئەم سەرمایەگوزارییانە بەرەو مزگەوتەکان ئاراستە بکەین، بۆ ئەوەی مەرکەزیەتی مزگەوت بۆ کۆبوونەوەی لاوان لەناو نەچیت"[٣١٢].

کورتەی بۆچوونە فەرهەنگیەکانی کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی

١-پشتیوانی لە سانسۆر دەکەن بەر لە بلاوکردنەوەی بەرهەمە فەرهەنگیەکان.

٢-ئەولەویەت دان بە مەسەلە فەرهەنگیەکان بە بەراورد لەگەڵ مەسەلە سیاسی و ئابوورییەکاندا.

٣-هیرشی فەرهەنگی وەکو مەترسیەك بۆ شۆرشی ئیسلامی لیك دەدەنەوە.

٤-یەکگرتنی فەرهەنگی وەکو باشترین شیوەی رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی.

٥-پشتیوانی لە سانسۆری روحانیەکان دەکەن بەسەر چالاکیە فەرهەنگیەکانەوە.

---

[٣١١] ماهنامە صبح، شمارە ٦٦، بهمن ٧٥.

[٣١٢] همان، ص٢٠.

## هەلویستە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەكانی گروپی پەیامی خویندكار

### ١-٢-هەلویستە سیاسیەكانی یەكیتی ئه نجومەنە ئیسلامیه خویندكاریەكان و خویندكارانی زانكۆو مەلبەندەكانی خویندنی بالا.

### "پەیامی خویندكاران"

### ئەلف: تێروانینیان سەبارەت بە حكومەت:

بە دریژایی كات چەند گۆرانكاریەك لە تێروانینی ئەم گروپەدا سەبارەت بە رابەری و ویلایەتی فەقیە بەدی دەكرێ. بە جۆریك كە ئەم گروپە لە سەرەتای كاركردنیدا، رۆلیكی گەورەی بۆ رابەری دادەنا لە نیزامی سیاسیدا و بە (سیاسەت داریژەری واقیعی) نیزامی دەزانی. بلاوكراوەی (پیام دانشجو)ی ئۆرگانی یەكیتی لەم بارەیەوە نووسیوویەتی: "چ لە رووی شەرعی و چ لەرووی یاساییەوە، مەسئولی سەرەكی كۆمەلگای ئیسلامی و سیاسەت داریژەری واقیعی هەمان مەقامی شكۆداری ویلایەتە"[٣١٣] بەلام ماوەیەك دوای ئەوە حیشمەتوللای طبرزدی سەرۆكی یەكیتی، بە پیرۆز زانینی كەسیك یان گروپیكی تایبەتی رەت كردۆتەوەو دەلیت: "بەشیك لە كۆمەل فەرمان رەوایی و دەسەلات بە پیرۆز دەزانن بەو مەعنایەی كە فەرمان رەوایی، مەسەلەیەكی خوداییەو خواوەند بە كەسیك یان گروپیكی تایبەتی بەخشیووە و كەسانی دیش شەرعیەتی خۆیان لەوانەوە وەردەگرن ئەم دەربرینە كاتیك بە كردەوە جێبەجێ كرا؟ پاوانكاری لیكەوتەوەو هەموو مەسەلەكانی دەسەلات و فەرمان رەوایی كەوتە دەست كۆمەلیكی تایبەتی[٣١٤] هەروەها بلاوكراوەی (پیام دانشجو) لە بارەی هەمان بابەتەوە دەنووسیت "هیچ كەسیك یان گروپ و چین و بال و رەوتیك.. ناتوانیت ئیدیعای هەلبژیردراوی یان نوینەرایەتی خودا بەسەر خەلكدا بكات. بەتایبەتی ئەگەر بیەویت ئەم نوینەرایەتیە وەكو مافیكی پاوانكراوی تایبەتی بۆ حكومەت كردن بەسەر خەلكدا بەكاربینێ[٣١٥]

طبرزدی پیشان گوتبووی "ئیمە باوەرمان بە ئیمامەت هەیە، واتە هەمان ئەو ئیمامەتەی كە ئیمامی عەلی (د.خ) پیكی ینا. وەلی فەقیهیش دەتوانیت هەمان ئەو

---

[٣١٣] هفتەنامه دانشجو، شماره ٧، ٧٣/٧/١٨، ص١١.

[٣١٤] اظهارات طبرزدی در ٧٦/٢/١٦.

[٣١٥] هفتەنامه پیام دانشجو شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص١٤.

دەسەڵاتانەی هەبێت"[٣١٤] بەڵام کەمێك دوای ئەوە "دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهی لە چوارچێوەی دەستووردا" بینی، طبرزدی دەلێت "رای ئیمام ئەوەبوو کە سنووری دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیسلامی رەهایە نەك ئەوەی کە دەسەڵاتەکانی تاکە کەس بێ سنوور بێ. دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه لە سنووری مادەکانی دەستووردایە"[٣١٥] هەروەها درێژەی دەداتێ: "نیزامی کۆماری ئیسلامی لە رای خەلکەوە شەرعیەتی بەدەست دینێ و مەقامی رابەریش بە دەنگی خەلك هەلدەبژێردری و شەرعیەت پەیدا دەکات"[٣١٦].

ئەم گروپە لە رابردوودا، باوەری بە جۆرێك لە پیرۆزی هەبوو بۆ رابەریی بەشێوەیەك هەتا رەخنەی رۆژنامەی (سلام)یشی قبوڵ نەبوو سەبارەت بەوەی کە دەشێ رەخنە لە رابەریش بیگرێ و ئەویش بێگوناهو بێ هەلە نیيە"، باسکردنی ئەم مەسەلانەشی بەوە دەزانی کە دەبنە مایەی (خۆشحالی ئەمریکا)[٣١٧]، بەڵام پاشان (پیام دانشجو) دەنووسێت ".. ئیمام (د.خ) فیری کردین و فەرمووی هەتا ئەگەر منیش پیم خوار دانا، دەبێ میللەت چاودێربێ"[٣١٨].

بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە دەوری خەلکیش لە حکومەتدا تێروانینی جیاواز لەم گروپە بەدی دەکرێ. تا ئەو شوێنەی کە رۆژگارێ (پیام دانشجو) نووسیوویەتی "خواست و ئیرادەی خەلك بە قالبی شەرعی هەلدەسەنگێنرێ"[٣١٩] کە بە پێی ئەم بۆچوونە رای خەلك هەتا ئەو شوینە قابیلی قبولە کە لەگەڵ شەرعدا بگونجێ. بەڵام پاش ماوەیەك، لە جیگایەکی دیکەدا (رای میللەتی بە مەسەلەیەکی ئاینی" هەلسەنگاندووەو دەنووسێت "بنچینەی خواست و رای میللەت مەسەلەیەکی رەسەنی ئایینی و یاسایییە کە لە دەسکەوتە بنچینەییەکانی شۆرشی ئیسلامی دەژمێردرێ"[٣٢٠] ئەم بڵاوکراوەیە بۆچوونەکانی خەلك بەمافی خۆیان و بە بنچینەی

---

[٣١٤] همان شماره ٥٠، ٧٥/١/١٤، ص١٢.

[٣١٥] اظهارات طبرزدی در ٧٦/٢/١٦.

[٣١٦] دوهفته نامه شلمچه، پیش شماره دوم، نیمه اول دی ٧٥، ص٢.

[٣١٧] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ١٨، ٧٣/١٠/٦، ص١٦.

[٣١٨] همان شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص٦.

[٣١٩] همان شماره ٤، ٧٣/٦/٢٨، ص٣.

[٣٢٠] همان شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص١٦.

کۆمەڵایەتی ئیسلام دەزانیت"[٣٢١] بە پیچەوانەی بۆچوونی یەکەمەوە ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات کە حەزرەتی عەلیش (ر.خ) خواستی خەلکی بە بنەمای حکومەتەکەی خۆی زانیووە. بۆ تەئیدکردنی ئەم بابەتە دەنووسیت: "لە سەرەتای ئیسلامدا کەسیکی کامڵ تر لە عەلی (ر.خ) نەبووە. بەلام هەمان ئەم مرۆڤە کاملە هیچ کاتێ بە تەواوی کاملیەکەی خۆی، بە مۆلەتیك نازانێ بۆ حکومەت کردن بەسەر کەسانی دیدا، بەلکو رازی بوون و خواستی خەلکی بە بنەمای حکومەتی مەدەنی خۆی زانیوە"[٣٢٢].

## ٢-حزبایەتی:

ئەم گروپە پشتیوانی لە یاسایی کردنی چالاکی سیاسی دەکات لە چوارچیوەی حزبەکاندا. سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی پیام دانشجو لە نامەیەکدا بۆ سەرکۆمار ئاماژە بۆ ئەو خالە دەکەن کە "لەبەر نەبوونی حزب و ریکخراو، خەلك بیرورای خۆیان سەبارەت بە مەسەلەکانی ولات لە ریزی وەرگرتنی خواردەمەنی و لە پاس و تەکسی و دانیشتنی ناومالدا.. دەردەبرن"[٣٢٣] بلاوکراوەی (پیام دانشجو)ش تەئکیدی لەوە کردۆتەوە کە (خەلك دەبێ لە قالبی ئەو حزب و گروپانەی کە لەناو خۆیانەوە هەلقولاوەو (هیچ پەیوەندییەکیان بە دەولەتەوە نییە) بیروراکانی خۆیان دەربرن"[٣٢٤].

بە قسەی طبرزدی "ئەگەر گروپە و حزبی چالاك لە کۆمەلدا نەبن.. رەوتیکی زیان بەخش لە ئارادایە کە لە ناسیاسی بوونەوە سەرچاوە دەگرێ"[٣٢٥] هەروەها بلاوکراوەی (پیام دانشجو) دەنووسیت "سەرپەرشتیارانی هەلبژاردن دەبێ زەمینە خۆش بکەن. بۆ بەشداری کردنی تەواوی ئەو گروپ و بالانەی کە باوەریان بە شۆرشی ئیسلامی و دەستوور هەیە، دەبێ کورت بینی و روانینی یەکلایەنە بخرینە لاوە"[٣٢٦].

---

[٣٢١] همان شماره ٥٦، ٧٥/٢/٢٥، ص١٢.

[٣٢٢] همان شماره ٤٧، ٧٦/١٢/١٠، ص١٤.

[٣٢٣] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص٢.

[٣٢٤] همان، شماره ٤٨، ٧٤/١٢/١٥، ص٣.

[٣٢٥] همان، ص١٢.

[٣٢٦] همان، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص٣.

**٣-بەشداریی سیاسی:**

بڵاوكراوەی (پیام دانشجو) به ئاماژه بۆ پیویستی بەشداریی سیاسی خەڵك، یەكیك لەو كەم و كورتیه سەرەكیەكانی بەرنامەی پەرەپیدانی" به دیارنەبوونی شوینی خەڵك "واته بەشداری خەڵك له گۆرەپانه سیاسیەكان" له قەلەم داوه"[٣٢٧] ئەم بڵاوكراوەیه بۆ هاندانی بەشداری سیاسی خەڵك، داوای "بەكارهینانی دام و دەزگای كاراو كاریگەرتری كرد وەكو چاپەمەنیەكان"[٣٢٨] هەروەها پیام دانشجو بەشداری سیاسی خەلكی وەكو (مافی خەڵك) له ئیسلامدا باس كردووەو دەنووسیت "بەپێی بنەماكانی ئیسلام بەشداری خەڵك له چارەنووسی وڵاتدا مافیكی گشتی. (واته حق الناس)ه كه دەبێ لەسەر بنەمای پرانسیپی بەش و عەدل و بەمەبەستی گەیشتن به كەماڵی مەعنەوی و مادی ئەم مافه جێبەجێ بكرێ"[٣٢٩] ئەم گروپه ئامادەبوون و بەشداری سیاسی خەڵك تەنها له (بەشداری له ریپیوان یان له هەلبژاردندا" نابینیتەوه و "رەنگدانەوەی ئامادەبوونی واقیعی خەڵك له گۆرەپاندا، بەرادەربرین دەربارەی سیاسەتی ئیستا" دەزانیت و له قەلەم دەدات[٣٣٠].

**٤-ئازادی:**

ئەم گروپه تەئكید له بوونی ئازادی له كۆمەلدا دەكاتەوەو چوارچیوەكەی له كۆمەلدا به "ئەمنی قەومی و بەها ئیسلامیەكان" دەست نیشان دەكات كه دەبێ "به وردی گرنگی و بایەخی پێ بدرێ"[٣٣١] و له نامەیەكی كراوەدا بۆ سەركۆمار تەئكید لەوه دەكاتەوه كه "دەبێ خەلك بتوانن ئازادانه بۆچوونی راشكاوانەی خۆیان دەربارەی سیاسەته جۆراوجۆرەكان دەربرن"[٣٣٢] طبرزدیش له پیناسەی ئازادیدا دەلیت: "ئازادی بریتیه له دەربرینی راست و رەوان و بێترسی بۆچوونه

[٣٢٧] همان، شماره ٤١، ٧٤/٣/٣٠، ص٣.
[٣٢٨] همان، شماره ٤٨، ٧٤/١٢/١٥، ص٣.
[٣٢٩] همان، شماره ٥٢، ٧٥/١/٢٨، ص١٢.
[٣٣٠] همان، شماره ٣٧، ٧٤/٣/٢، ص٣.
[٣٣١] هفته‌نامه پیام دانشجو، شماره ٢٧، ٧٣/١٢/٩، ص٦.
[٣٣٢] همان، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠/ ص٢.

لۆجیکی‌یەکان"[٣٣٣] ئەم گرووپە تەئیدی بەرپەرچدانەوەی فیزیایی نەیاران ناکات. بەرپرس و ئەنجومەنی نووسەرانی هەفتەنامەی (پیام دانشجو) لە نامەیەکدا بۆ سەرکۆمار رەخنەیان له قسه بەیەك گوتن لە زانکۆی تاران و ئاگر تێبەردانی کتێب فرۆشی گرت"[٣٣٤]. هەروەها تەئکیدیان له بنەرەتی "یاسا کردەوە نەك ئارەزوو و سەلیقەی) تاکه کەس له کۆماری ئیسلامیدا"[٣٣٥] جەختیشیان له رۆلی رەخنەگرانەی رۆژنامه له دام و دەزگاکانی جێبەجیکردنی دەولەت کردەوە.[٣٣٦].

هەروەها پیام دانشجو دەنووسێت "سەرپەرشتیارانی هەلبژاردن دەبێ زەمینە خۆش بکەن. بۆ بەشداری کردنی تەواوی ئەو گروپ و بالانەی کە باوەریان بە شۆرشی ئیسلامی و دەستوور هەیە، دەبێ کورت بینی و روانینی یەك لایەنه بخرێنه لاوە"[٣٣٧]

### ٥-ناردنه دەرەوەی شۆرش:

هەلویستی ئەم گروپە سەبارەت به ناردنه دەرەوەی شۆرش بەپێی رۆژگار گۆراوە تا ئەو شوێنەی كه ماوەیەك پشتیوانی له ناردنه دەرەوەی شۆرش دەکردو رەخنەی لە سیاسەتی حکومەتەکەی رەفسنجانی دەگرت لەوەدا کە بایەخی بەناوخۆ دەدا "خەتی مەیل بەلای خۆرئاوادا دروشمی ئیرانی ئاوەدانی لە شوێنی ناردنه دەرەوەی شۆرش داناوە"[٣٣٨] بەلام ئەمرۆ طبرزدی دەربارەی ناردنه دەرەوەی شۆرش راشکاوانه دەلێت "ئیستا دەبێ بایەخ به مەسەلەکانی ناوخۆ بدەین" لەگەل ئەوەشدا کە بە شیوەیەکی گشتی پشتیوانی لە بێ بەشانی جیهان بە پیویست دەزانێت[٣٣٩]. ئەم هەلویستە لە کاتیکدایە کە بلاوکراوەی ئەم گروپە تەئکیدی لە ناردنە دەرەوەی شۆرش کردبۆوەو نووسیبووی: "بەرنامەکانی پەرەپیدان و بیناکردن دەبێ بەشیوەیەك ریك بخرێن کە شۆرش بتوانێ چەند دروشمیکی وەکو بەربەرەکانی

[٣٣٣] اظهارات طبرزدی، ٧٦/٢/١٦.
[٣٣٤] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص٢.
[٣٣٥] همان، شماره ٤٢، ٧٤/٤/٦، ص١.
[٣٣٦] همان.
[٣٣٧] همان، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٠، ص١٣.
[٣٣٨] همان، شماره ٤٩، ٧٤/١٢/٢٢، ص١٣.
[٣٣٩] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

دەسەلاتی جیهانی، پشتیوانی لە چەوساوەكان، پشتیوانی لە ئازادكردنی قودس، بەربەرەكانی سەرمایەداری، یارمەتی بێ بەشان و.. پیادە بكات نەك ئەوەی كە بارودۆخەكە بەشێوەیەك بێ كە هەموو شتەكان بكەونە ژێر رەحمەتی پەرەپێدان و دروست كردنەوە"[٣٤٠].

## ب-بۆچوونەكانیان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە:

### ١- پرانسیپەكانی سیاسەتی دەرەوە:

ئەم گروپە لە ماوەیەكدا لە سیاسەتی دەرەوەدا توندرەو بوو. یەكپارچە خۆرئاوای لە حالی پیلانگێریدا لە دژی كۆماری ئیسلامی دەبینی و رێكخراوە نێودەوڵەتیەكانیشی بەوابەستەی خۆرئاوا دەزانی. بەپێی نووسینی پیام دانشجو: "ئەوروپاو نەتەوە یەكگرتووەكان و نموونەكانیان بەدوای بەرژەوەندییەكانی خۆیاندا دەگەرین و لە هیچ كاتێكدا ئامادە نین ئەمریكا بە ئێران بگۆرنەوە"[٣٤١] ئەم بلاوكراوەیە "رێكخراوو كۆمەلە نێودەوڵەتیەكانی بە دەسكردی وڵاتە ئیستكبارییەكان دەزانی و پێی وابوو كە لە جیهاندا پارێزگاری لەبەرژەوەندی نارەوای ئەوان دەكات" و "چاوەروانی ئەوەی كە ئەم دەزگایانە بیانەوێ لە پێناوی بەدیهێنانی مافی وڵاتە ستەم دیدەكاندا لەوانەش ئێران هەنگاوێكی گونجاو هەڵ بگرن، بەبێهودەو ساویلكانە" لە قەڵەم دەدا[٣٤٢]. ئەم گروپە هەتا سەبارەت بە هەنگاوە كۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانیش رەش بین بوو. لەم بارەیەوە بلاوكراوەی (پیام دانشجو) نووسیوویەتی: "مەعلوم نی‌یە رێكخراوێكی نێودەوڵەتی كە لەبەر نەدانی حەقی ئەندامەتی، خاوەن كار، واتە ئەمریكا، لەبەردەم تێكشكاندایە، چۆن دەتوانێ كە بۆ بەربەرەكانێی هەژاری، یارمەتی وڵاتانی دی بدات"[٣٤٣].

ئەو گروپە باوەری بە قبولكردنی نەزمی حاكم نەبوو بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكاندا. حیشمەتوڵلای طبرزدی لەم بارەیەوە گوتی: "كاتێ ئێمە هەوڵ بدەین پەیوەندی جیهانیمان بەشێوەیەك رێك بخەین كە لەگەڵ بیركردنەوەی نوێی جیهانی‌دا بگونجێ، بۆ ئەوەی جیهان ئێمە قبوڵ بكات، ئاسایی‌یە ناچارین

---

[٣٤٠] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٤، ٧٣/٨/٢٦، ص١.

[٣٤١] همان، شمارە ٤٩، ٧٤/١٢/٢٢، ص١٣.

[٣٤٢] همان، شمارە ٤٣، ٧٤/٤/١٣، ص٨.

[٣٤٣] همان، شمارە ٥٦، ٧٥/٢/٢٥، ص١٢.

مەرجەکانی ئەوان قبوڵ بکەین.. نەزمی نوێ و نەتەوە یەکگرتووەکان سەربەخۆ نین لە ئەمریکا. ئەگەر ئیمە لەم پەیوەندییەدا ورد نەبین، مەسەلەی سەربەخۆییمان دەکەویتە ژێر پرسیارەوە"[٣٤٤] هەروەها گوتی "سیاسەتی دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو نەبوو، رەوەندی جولەی زیاتر لەسەر بنەمای پشت بەستنی لە رادەبەدەر بووە بە کۆمەڵگای جیهانی و خۆرئاواییەکان"[٣٤٥] بەڵام طبرزدی لە هەلویست گۆرینیکی ئاشکرادا بە نیسبەت هەلویستەکانی رابردوویەوە لە چاوپیکەوتنیکدا دەلیت "لە حالی حازردا باوەری بەشتی عەمەلی هەیە لە سیاسەتی دەرەوەداو دەبێ واقیع بینانە لەگەڵ گۆرانکارییە نیودەولەتیەکاندا مامەلە بکرێ" لەم ماوەیەدا طبرزدی بەشیوەیەکی راشکاوانە هەلویستی خۆی گۆری"[٣٤٦].

## پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا:

سەبارەت بە پەیوەندیش لەگەڵ ئەمریکادا گۆرانکاری لە بۆچوونەکانی ئەم گروپەدا بەدی دەکرێ. لە سەرەتادا هەر جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەمریکادا بە توندی رەت دەکردەوە و خوازیاری (مامەلەی شۆرشگیرانە) بوو لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئەم بابەتە باس دەکەن. بەڵام لیدوانەکانی طبرزدی لە سالی (١٣٧٦-١٩٩٧)دا باس لە گۆرانی بۆچوونەکانی ئەم باڵە دەکات کە پاشان ئاماژەیان بۆ دەکرێ.

(پیام دانشجو) نووسیوویەتی "دەبێ ئەمریکا لەگەڵ نابووتی، زەبوونی، گەندەلی، تاوان، غەش، ستەم، زۆربلییدا بەیەکسان بزانین و بەیەك وشە بە دیمەنی راستەقینەی شەیتانی بزانین. کەواتە ئەی چۆن هیشتا هەندیك لە تۆقیوانی ناوخۆ چاوەرێی هەلیکن بۆ پەیوەندییان وتوویژ لەگەڵ ئەمریکادا؟..

میللەتی ئیران هەرگیز کارەسات و تاوانە بێ شومارەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر خۆیدا فەرامۆش ناکات و مامەلەی شۆرشگیرانە لەگەڵ ئەوانەدا دەکات کە بیانەوێ لەگەڵ دوژمنانی شۆرشدا پەیوەندی یان وتویژ بکەن"[٣٤٧] هەروەها ئەم گروپە تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە "ئیمە هیچ پیویستیەکمان بە شەیتانی گەورە نییەو

---

[٣٤٤] همان.

[٣٤٥] سغندانی طبرزدی در ٧٦/١/٢٨.

[٣٤٦] مصاحبە نگارندە باطبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

[٣٤٧] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٤٣، ٧٤/٤/١٣، ص٨.

دەبێ پشت بە توانا ناوخۆییەکانیخۆمان ببەستین و تەئکیدی لێبکەینەوە"[٣٤٨] پیام دانشجو بۆ مامەلە لەگەڵ ئەمریکادا سیاسەتی "باشترین بەرگری هێرشەی" پێشنیاز دەکرد[٣٤٩]، ئامادەیی خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم (دێوی پیلان و دەست درێژییە"دا ڕادەگەیاند[٣٥٠].

بەڵام لە ساڵی (١٣٧٦-١٩٩٧)ەوە گۆڕانیکی بەرچاو لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئەم گروپەدا سەبارەت بە خۆرئاواو ئەمریکا بەدی دەکرێ. طبرزدی لەم بارەیەوە دەلیت "سەبارەت بە وڵاتە خۆرئاواییەکان پێم وانییە کیشەیەکی تایبەتی هەبێ و دەبێ پەیوەندییەکان بە باش لە قەلەم بدرین و لە هەمان کاتدا بەر لەو مەسەلانە بیگرێ کە دەبنە هۆی گرژی. سەبارەت بە ئەمریکا.. (حکومەتەکەی) ئیمە بە ئاستیکی دەسەڵات گەیشتووە، کە کیشەیەکی نەبێ و بتوانێ لەگەڵ حکومەت و خەلکی ئەمریکادا لە چوارچیوەی گفتوگۆ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەردولا وتوویژ بکات"[٣٥١].

طبرزدی لە لیدوانیکی دیکەدا پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا ڕەت نەکردۆتەوەو دەلیت "ئەرکی سەرشانی سەرکۆمارە کە بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەولەتانی دیکەدا چەند مەرجیك دیاری بکات لە حالەتی بەدیهاتنی ئەم مەسەلەیەدا دەتوانین پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکاشدا هەبێ"[٣٥٢] هەروەها لە لیدوانیکی دیکەدا "پەیوەندی سیاسی لەگەڵ تەواوی وڵاتانی جیهاندا ڕەت نەکردۆتەوە جگە لە ئیسرائیل" لە درێژەی قسەکانیدا دەلێ "پێویستە سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەمای ئاشتی و دۆستایەتی و پتەوی بیت و بەهانەیەك نەدات بەدەست وڵاتە خۆرئاواییەکانەوە کە لە ڕیگەیەوە بتوانن وڵات بخەنە ژێر فشارەوە"[٣٥٣] ئەم یەکیتییە لە شیکردنەوەی بەیاننامەیەکدا لە بواری پەیوەندییەکانی ئیران لەگەڵ عیراق و عەرەبستاندا، بە ڕەخنەگرتن سەبارەت بە هەندێ لە سیاسەتەکانی پەیوەندی دەرەکی

---

[٣٤٨] همان، شماره ٤٤، ٧٤/٤/٢٠، ص٨.
[٣٤٩] همان، شماره ٤، ٧٣/٦/٢٨.
[٣٥٠] همان، شماره ٧، ٧٣/٧/١٨، ص١١.
[٣٥١] گفتوگۆی طبرزدی بابخش فارسی رادیو بی بی سی، بخش شامگاهی، ٧٦/٣/١٧.
[٣٥٢] سخندانی طبرزدی در ٧٦/٢/١٦.
[٣٥٣] سخندانی طبرزدی در ٧٦/١/٢٨.

حكومەتی خاتەمی دەنووسیت "مەیلی له راده بەدەری ئیران بەلای عەرەبستاندا كه دەوری دەست نیشانكراوی حكومەتی ئەمریكاشی بینیووه. هەمان ئەو زیانانەی دەبیت كه دوژمنایەتی (٢٠) سالی رابردوو له نیوان هەردوولا هەیبووه"[٣٥٤].

**كورتەی هەلویسته سیاسیەكانی گروپی "پیام دانشجو"**

١-سنووردارپی دەسەلأتەكانی وەلی فەقیه بەپێی مادەكانی دەستوور.

٢-خواستی خەلك بنەمای پیكهینانی حكومەتی ئیسلامییەو رای ئەوان مەسەلەیەكی دینییه.

٣-پشتیوانی له یاسایی كردنی چالاكیه سیاسییەكان له چوارچیوەی حزبدا.

٤-بەشداری خەلك له چالاكی سیاسیدا مافیكی رەوایه.

٥-تەئكید كردنەوه له بوونی ئازادی له كۆمەڵداو لەوەی كه خەلك بتوانن ئازادانه بۆچوونی خۆیان سەبارەت به سیاسەته جۆراوجۆرەكان دەربرن.

٦-پشتیوانی له رۆلی رەخنەگرتن له دەزگاكانی جیبەجیكردن و دەولەت.

٧-پشتیوانی نەكردن له ناردنه دەرەوەی شۆرش.

٨-رەت نەكردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریكادا.

## هەلویسته ئابوورییەكانی گروپی پەیامی خویندكار

**١-تایبەتی كردن:**

ئەم گروپه دژی تایبەتی كردنی یەكەكانی بەرهەم هینانه. بلأوكراوەی پیام دانشجو لەم بارەیەوه دەنووسیت "بەداخەوه ژمارەیەكی زۆر له نوینەران، له جیاتی ئەوەی بیر له بیبەشان بكەنەوه، پشتیوانیان له كەرتی تایبەتی كردووه به دروشمی سەرەكی خۆیان"[٣٥٥] هەروەها ئەم گروپه باوەری وایه كه بەشداری خەلك له چالاكی ئابووریدا نابی بۆ تویژه دەولەمەندەكان قۆرغ بكری و دەبی خەلك به گشتی لەم بوارەدا چالاكی بنوینن. بلأوكراوەی پیام دانشجو رەخنەی له شیوەی تایبەتی كردنی

---

[٣٥٤] بیانیه اتحادیه انجمن های اسلامی دانشجویی و دانش آموختگان دانشگا هما و مراكز آموزشی عالی، ٧٧/١/١٧.

[٣٥٥] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٥، ٧٣/٧/٤، ص١.

دەولەت گرتووە وەكو "تایبەتی كردنی پشت بەستوو بە پاوانكاری" باسی دەكات و لە جیگای ئەوە پیشنیازی "راكیشانی بەشداری خەلك و سەرمایە سەرگەردانەكانیان دەكات"[٣٥٦] بەشیوەیەكی گشتی ئەم گروپە تـەئكید لـە دەسـتیوەردانی دەولـەت لـە ئابووری دەكاتـەوەو بلاوكـراوەی پیـام دانشـجو لـەم بارەیـەوە دەنووسـیت: "ولاتـی ئیمە.. كە خاوەنی ئابوورییەكی داهینراوی سەردەمی رابردوو جەنگی داسەپاوە.. دەبێ بە دەستیوەردانی دەولەت بەرەبەرە كیشەكانی سەرمایەگوزاری بەرهەم هینان و مەسـەلەی نـرخ و پـارە چارەسـەر بكات"[٣٥٧] ئـەم بلاوكراوەیـە لـە جیگایـەكی دیكـەدا دەستیوەردانی دەولەتی لە ئابووری بە "مەسـەلەیەكی پیویست و عـەقلانی" وەسـف كردووەو دەنووسیت "دەستیوەردانی دەولەت لە هـەل و مـەرجیكدا كە بـەهای دراوی نیشتمانی ولات گەیشتۆتە نزمترین ئاست و باری هەلئاوسان و زیادبوونی جلەو بۆ شل كراوی بەهاكانی بەسەر ولات زال كردووە. بە مەسـەلەیەكی پیویسـتی و عـەقلانی دەزانیت"[٣٥٨]

هەروەها ئەم بلاوكراوەیە تەئكیدی لە "چاودیری دەولەت كردۆتـەوە بەسـەر بەشـە جیاوازەكانی ئابووریداو دەنووسیت "ئـەوەی كـە لـە ئارادایـە چاودیری دەولەتـە لـە بەشە جیاوازەكانی ئابووری خزمەت گوزاریدا"[٣٥٩].

ئەم گروپە بۆ زال بوونی بەسەر كیشە ئابوورییەكاندا تەئكید لە كەلك وەرگرتـن لـە (سـزادان) دەكاتـەوە. بلاوكـراوەی پیـام دانشـجو دەنووسـیت "دەولـەت لـە هـەر جیگایـەكدا بـە دەسـەلاتەوە چووبیتـە نـاوەوەو بـێ چـەندو چـون مامەلـەی لەگـەل تیكدەرانی ئابووری و قاچاچیانی پارەو كالادا كردبێ، هەمیشە كاریگـەری ئیجابی خۆی بەجێهیشتووە.. دەبیت بە بەدواداچوونی بەردەوام و جێبەجێكردنی سزای پیشبینی كراو هەتا رادەی ئیعدامیش بۆ ئـەو كەسـانەی هـەول دەدەن ئـابووری ولات تیك بـدەن و بـەرەو شكسـتی بـەرن (مامەلـەیان لەگـەلدا بكرێ)"[٣٦٠] ئـەم بلاوكراوەیـە لـە

[٣٥٦] همان، شماره ٤٨، ٧٤/١٢/١٥، ص٥.
[٣٥٧] همان، شماره ٣٦، ٧٤/٢/٢٦، ص٦.
[٣٥٨] همان، شماره ٣٧، ٧٤/٣/٢، ص٤.
[٣٥٩] همان، شماره ٥١، ٧٥/١/٢١، ص٧.
[٣٦٠] همان، شماره ٣٦، ٧٤/٢/٢٦، ص٦.

جێگایـەكی دیكـەدا بـۆ رووبەرووبوونـەوەی گـران فرۆشـان داوای سـزای ئیعدامـی كرد"[٣٦١] ئەم گروپە لە شەرح كردنی فاكتەرەكانی گرانیدا وای لیك دایەوە كە لە چەند فاكتەریكەوە دروست دەبیت كە "نەبوونی كۆنترۆلی دەولەت و چاودیری‌یەتی بەسەر بازارو جلەو شل كردن بۆ سەرمایەداران و بازرگانان و تۆری دابەشكردن" لەو فاكتەرانەی دەست نیشان كرد[٣٦٢]. طبرزدیش لە دژایەتی بەرنامەی تەعدیلدا دەلیت "دەبێ بەرنامەی تەعدیلی (ئابووری) رابگیرێ"[٣٦٣]. ئەم گروپە پشتیوانی لە تەرخان كردنی یارمەتی (زیان بژاردنی) دەولەت دەكات بۆ كالاكان. پیام دانشجو دەربارەی كۆمەكەكانی دەولەت بۆ نان و وزەو لەو بابەتە دەنووسیت. ئەو كۆمەكانە وەكو دەرزی لیدانیك وایە كە پەیكەری لاوازی بەشیكی فراوانی لەكۆمەل بەسەر پیوە راگرتووەو لابردنی بەمەعنای برینی خۆراكی پیویستە بۆ دریژەدان بە نیوە ژیانی ئەم تویژە.. كۆمەك بۆ بەردەوام بوونی ژیانی بێبەشانە"[٣٦٤].

**٢-خۆبژیوی نموونەی ئابووری‌یانە:**

ئەم گروپە پشتیوانی لە نموونەی ئابووری خۆبژیوی دەكات و باوەری بە تەئكیدكردنەوە لە پەیرەوی كردنی "قەناعەت" هەیە: "فەرهەنگی پەرەپیدان لەم ولاتەدا، فەرهەنگی.. قەناعەت دەبێ"[٣٦٥] ئەم بلاوكراوەیە لە جیگایەكی دیكەدا تەئكیدی لە وازهینان لە پیادەكردنی پرۆژەی گەورە كردۆتەوە كە تیچوونیان زۆرەو دەنووسیت "لە بەرنامەیەكی پەرەپیدانی هەمەلایەنەدا، پشت بەستن بە سەرچاوەی ناوخۆ ئەولەویەتی جدی هەیە.. دووركەوتنەوە لە پرۆژەی گەورەو ماوەدریژ كە تیچوونی زۆر لە خاسیەتەكانی ئەم پرۆژە گەورانەیەو حسابكردنی بۆ سەرچاوەی نیشتمانی دەبیتە هۆی ئەوەی كە بەشیكی گەورە لە سەرمایەكانی ولات بە هەدەر نەچیت"[٣٦٦] هەروەها ئەم بلاوكراوەیە پیشنیاز بۆ كەنالەكانی راگەیاندن دەكات كە

---

[٣٦١] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ١٥، ٧٣/٩/١٥، ص٧.

[٣٦٢] همان، شمارە ٧، ٧٣/٧/١٨، ص٢.

[٣٦٣] اظهارات طبرزدی در ٧٦/٢/١٧.

[٣٦٤] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٥٠، ٧٥/١/١٤، ص٤.

[٣٦٥] همان، شمارە ٣٦، ٧٤/٥/٣، ص٦.

[٣٦٦] همان، شمارە ٤٩، ٧٤/١٢/٢٢، ص١٤.

"پاشەكەوت كردن هان بدەن لە خەرجیدا و لەم بارەیەوە دەنووسیت "پەیامی مەزنی دەزگاكانی ڕاگەیاندنی وڵاتی ئێمە بریتییە لە هاندانی ڕۆشنبیری پاشەكەوت و دووركەوتنەوە لە خەرجی بێ بەرنامە و هاندانی خێزانەكان بۆ پاشەكەوت كردن لە خەرجیدا"[٣٦٧].

ئەم گروپە خوازیاری داخستنی بازارە لەرووی هاوردەكاندا. بڵاوكراوەی پیام دانشجو دەنووسیت: "كاربەدەستانی كاروباری ئابووری. بەپێی كام بەرنامە یان نموونە، بازاری وڵاتێكی شۆڕشگێریان لەبەردەم كاڵای دەرەكیدا كردەوە؟.. بەم هەنگاوە هەم گورزیان لە ڕێكخستنی بەهایی وڵات وەشاندو هەم لە ڕێكخستنی بەرهەمی ناوخۆو هەم وڵاتیشیان بەرەو كەمالیات و زیادە مەسرەفی برد"[٣٦٨].

**٣- پەرەپێدان:**

بەرای ئەم گروپە پەرەپێدان پێویست بوو بە بایەخ دان بە (بەهاكان) بایەخی پێبدرایە. پیام دانشجو لەم بارەیەوە دەنووسیت "پەرەپێدان و بیناكردن كاریكی باشن بەڵام نەك بە بەهای روخاندنی بەهاكان"[٣٦٩] هەر لەم پیناوەدا لەگەڵ رەت كردنەوەی پەرەپێدان بەبێ مەعنەویەت دەنووسیت: "پەرەپێدان بەبێ مەعنەویەت و فەرهەنگ و شۆڕشگێریی، پەرەپێدان نابێ.. فەرهەنگی پەرەپێدان لەم وڵاتەدا فەرهەنگی شەهیدبوون و قوربانیدان و جیهادو بەتوانایی و تەقواو قەناعەت دەبێ"[٣٧٠] لەم رووەوە باوەری بەوە نییە كە سیستمە ئابوورییەكانی ئیستای جیهان بكات بە نموونە و باوەری وایە لەم بوارەدا دەبێ دەربارەی مەسەلە ئابوورییەكان پەیرەوی لە فەرمانەكانی ئیسلام بكرێ.. بەم پێیە چ پێویست بەوە دەكات كە جارێ.. دەست بە كۆپی كردنی سیستمە ئابوورییەكانی بیگانە بكەین"[٣٧١]

**٤-كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەكی:**

بە سەرنجدان لە ستراتیجی خۆبژێوی كە بەلای ئەم گروپەوە پەسەندە و بەحسابكردن بۆ ئەو نموونەی پەرەسەندنەی كە قبولیان كردووە، گروپی پەیامی

---

[٣٦٧] همان، شماره ٥٤، ٧٥/٢/١١، ص٥.

[٣٦٨] هفتەنامە پیام دانشجو، شماره ٢٠، ٧٣/١٠/٢٠، ص١٠.

[٣٦٩] همان.

[٣٧٠] همان، شماره ٣٦، ٧٤/٥/٣، ص٦.

[٣٧١] همان، شماره ٥٣، ٧٥/٢/٤، ص٨.

خويندكار دژی كه‌لك وه‌رگرتنه له سه‌رچاوه‌ی ده‌ره‌كی. بلاوكراوه‌ی پيام دانشجو له‌م باره‌يه‌وه ده‌نووسيت "وه‌رگرتنی قه‌رز له بانكی جيهانی و سندوقی دراوی نيوده‌وله‌تی.. به قازانجی ولات و شۆرش نه‌بووه‌و نابێ. كه‌واته باشتر وايه كه به‌رپرسان به سه‌رچاوه‌كانی ناوخۆ قه‌ناعه‌ت بكه‌ن"[٣٧٢].

**٥-دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لايه‌تی:**

ئه‌م گروپه بۆ به‌رقه‌راری دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لايه‌تی باوه‌ری به ده‌ستيوه‌ردانی ده‌وله‌ت و وه‌رگرتنه‌وه‌ی سامانی گشتی له ده‌وله‌مه‌نده‌كان هه‌يه. بلاوكراوه‌ی پيام دانشجو روو له ده‌وله‌ت ده‌كات و ده‌نووسيت: "به‌جۆريك كاربكه‌ن كه سامانی گشتی له قورگی ده‌وله‌مه‌ندان ده‌ربينن"[٣٧٣]

**كورته‌ی بۆچوونه ئابوورييه‌كانی گروپی په‌يامی خويندكار**

١-دژايه‌تی تايبه‌تی كردنی يه‌كه‌كانی به‌رهه‌م هينان.

٢-دژايه‌تی سياسه‌تی ته‌عديلی ئابووری.

٣-گروپی په‌يامی خويندكار خوازياری به‌شداری خه‌لكه به‌گشتی له چالاكيه ئابوورييه‌كاندا.

٤-پشتيوانی له ده‌ستيوه‌ردانی ده‌وله‌ت له كاروباری ئابووری‌دا ده‌كات.

٥-پشتيوانی له سياسه‌تی ئاگاداركردنه‌وه ده‌كات بۆ رووبه‌رووبوونه‌وه‌ی بێ سه‌رو به‌رييه ئابووری‌يه‌كان.

٦-نموونه‌ی ئابووری ئه‌م گروپه خۆبژيوی‌يه‌و پيشنيازی سياسه‌تی پاشه‌كه‌وت كردن ده‌كات.

٧-ئه‌م گروپه خوازياری سنووردواركردنی هاورده‌كانه.

٨-له په‌ره‌پيداندا به‌هاكان به بنچينه‌يی ده‌زانيت.

٩-پشتيوانی له به‌خشينی كۆمه‌ك (قه‌ره‌بوو)ی كالاكان ده‌كات.

---

[٣٧٢] همان، شماره ٣٢، ٧٤/١/٢٩، ص٨.

[٣٧٣] همان، شماره ٥٠، ٧٥/١/١٤، ص٤.

١٠-نارازی بوون بە کەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی.

١١-باوەڕیان بە دەستیوەردانی دەولەت هەیە بۆ بەرقەراری دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا.

## ٣-٢-هەلویستە فەرهەنگیەکانی گروپی پەیامی خویندکار

### ١-هێرشی فەرهەنگی:

ئەم گروپە باوەری وایە کە دەبێ بەرپەرچی (فەرهەنگی بێبەهای خۆرئاوا) بدریتەوە و بەر لەهاتنە ناوەوەی بۆ ناو ولات بگیرێ. بلاوکراوەی پەیامی خویندکار لەم بارەیەوە دەنووسیت "فەرهەنگی بێ بەهای خۆرئاوا دزەی کردۆتە ناو ولاتەکەمانەوە. لەسەر نوینەران پێویستە کە بەربەرەکانی لەگەل فەرهەنگی خۆرئاوادا بە جدی بگرن. دەبێ بەربەرەکانی لەگەل ئەو فەرهەنگەدا بە جدی بگیرێ. نوینەرانی پەرلەمان (ئەندام پەرلەمانەکان) دەبێ هێزە سەربازییەکان و (انتظامی) و بەتایبەتی هێزەکانی (بەسیجی) خەلك هان بدەن و پشتیوانیان لێ بکەن لە پیناوی خیراتر هەلکەندنی رەگ و ریشەی فەرهەنگی خۆرئاوادا"[٣٧٤] لەم بارەیەوە (پیام دانشجو) بە تەئکیدکردنەوە لە سەر بەرپەرچ دانەوەی "نیشانەی دیاری هێرشی فەرهەنگی" دەنووسیت: "لەبەر چی نابێ ئیمە هەرچی زووتر هەنگاوی گونجاو و پێویست بۆ بەرپەرچدانەوەی نیشانە دیارەکانی هێرشی فەرهەنگی هەلبگرین؟ بەهانە هینانەوە هەتا کەی؟"[٣٧٥]

لەگەل ئەمەشدا دەربارەی هێرشی فەرهەنگی چەند گۆرانکاریەك لە روانگەی ئەم گروپەدا بەدی دەکرێ. هەروەکو ئەوەی ماوەیەك پشتیوانی لە قەدەغەکردنی بەکارهینانی سەتەلایت دەکات و لە ماوەیەکی دیکەدا دژی ئەو قەدەغەکردنەیە. بلاوکراوەی پیام دانشجو نووسیوویەتی "پلانی قەدەغەکردنی سەتەلایت داوایەکی زۆر راستە و لە سنووری چاوەروانیەکانی حزبوللا دایە" بەلام باوەری وایە کە نابێ

---

[٣٧٤] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٤٩، ٧٤/١٢/٢٢، ص٥.

[٣٧٥] همان، شمارە ٤، ٧٣/٦/٢٨، ص٣.

به تەنها به قەدەغەكردنی سەتەلایت وازبهێنێ بەلكو دەبێ (بە جلەوگیری هونەری و بەرنامەكانی رینمایی، بەرهەمی فراوانی فەرهەنگی و هونەری، زیاتر لە جاران خەلك لە زیانەكانی سەتەلایت هوشیار بكریتەوە"[٣٧٦] طبرزدیش ماوەیەك دوای ئەوە لە لیدوانیكدا دەربارەی بەكارهینانی سەتەلایت كە باس له گۆرانی بۆچوونی ئەم گروپە دەكات، دەلیت: "ئەگەر كەسیك بیەویت سەتەلایتی هەبیت یان نەیبیت پەیوەندی بەخۆیەوە هەیەو دەولەت نابێ تا ئەو رادەیە دەست لە بواری ژیانی تایبەتی خەلك وەربدات"[٣٧٧]

**٢-حساب كردن بۆ رووكەش:**

ئەم گروپە ماوەیەك حسابیكی زۆری بۆ ئەو فۆرمانە دەكرد كە لای خۆی پەسەند بوو، بە جۆریك كە هەفتەنامەی پیام دانشجو بە نارەزایی لەوەی كە پەیامنیری تەلەفزیۆنی CNN كە چاوپیكەوتنی لەگەڵ ئەكبەر هاشمی رەفسنجانی سەركۆماری ئەوكاتە ئەنجام داوە "بێ حیجاب" بووە، رەخنەی لە ئەنجامدانی چاوپیكەوتنەكە گرتووە لەگەڵ ئەو پەیامنیرەدا[٣٧٨]. بەلام وا دیارە هەلویستی ئەم گروپە تارادەیەك تەعدیل بووە. چونكە طبرزدی له چاوپیكەوتنیكدا دەلیت، "مامەلەی توندوتیژ لەگەڵ ژناندا سەبارەت بە مەسەلەی حیجاب راست نییە.. دەولەت لەم بارەیەوە دەبێ رۆلی رینمایی ببینێ"[٣٧٩]

**٣-سانسۆر لەسەر بلاوكردنەوەی بەرهەمە فەرهەنگیەكان:**

ئەم گروپە دژی كۆنترۆلی دەولەتە بەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەكاندا بەر لە بلاوكردنەوەیان. طبرزدی له چاوپیكەوتنیكدا رایدەگەیەنێ كە دوای بلاوكردنەوەیان باوەری بە سانسۆری دەولەت هەیە بەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەكانەوەو بە كۆنترۆلی دەولەت بەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەكانەوە رازی نییە. بەپێی قسەی طبرزدی. "زیانی كرانەوەی كەش و هەوای فەرهەنگی لەو زیانانە كەمترە كە لە داخستنی كەش و هەوای فەرهەنگییەوە دروست دەبیت"[٣٨٠]

---

[٣٧٦] همان، شماره ٥، ٧٣/٧/٤، ص١.

[٣٧٧] گفتوگۆی طبرزدی بابخش فارسی، رادیو فرانسه، ٧٦/٣/١٧.

[٣٧٨] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٤٤، ٧٤/٤/٢٠، ص٨.

[٣٧٩] گفتوگۆی طبرزدی بابخش فاریسی رادیو فرانسه، ٧٦/٣/١٧.

[٣٨٠] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

## کورتەی بۆچوونە فەرهەنگیەکانی گروپی پەیامی خویندکار

١-پشتیوانی لە سیاسەتی سانسۆر بەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەکان لەدوای بڵاوکردنەوە.

٢-دژایەتی کردنی کۆنترۆلی بەرهەمە فەرهەنگیەکان بەر لە بڵاوکردنەوە.

٣-دژایەتی کردنی مامەڵەی توندوتیژ بۆ پۆشینی حیجاب.

٤-ئەم گروپە ڕینمایی کۆمەڵ لە پیناوی فەرهەنگی پیویستدا، سیاسەتی ڕینمایی دەولەت پیشنیاز دەکات.

٥-بە ڕای ئەم گروپە نابێ دەولەت لە مەسەلەی فەرهەنگی دەست لە بواری ژیانی تایبەتی وەربدات.

٦-باوەریان بە بوونی هیرشی فەرهەنگی هەیە.

٧-ریگەی ڕووبەڕووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی سیاسەتی سزادان نییە بەلکو دەبێ هۆشیاری خەلك بەرزبکریتەوە.

## هەلویستە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی

### بالی پشتیوانانی حزبوللا

تایبەتمەندی بۆچوونە سیاسیەکانی بالی پشتیوانی حزبوللا دەتوانرێ لە ئامانجداری و تێڕوانینی بەهایی و ئایدیۆلۆژیدا کورت بکریتەوە بۆچوونەکانی ئەم بالە دەربارەی مەسەلە جیاوازەکان لەژیر کاریگەری ئەم چوارچیوە گشتییەدایە.

ئەلف: تێڕوانینیان سەبارەت بە حکومەت:

### ١-ویلایەتی فەقیهو ڕابەری و خەلك:

پشتیوانانی حزبوللا باوەریان وایە کە خەلك لە هەلبژاردنی وەلی فەقیه دەوریان نییە، وەلی فەقیە "لەلایەن خوداوەندەوە دانراوە" و "هەموو دەسەلاتەکانی لەلایەن خوداوە پێ دراوە" بۆیە ئەم بالە دەنگ دانی خەلك لە "ڕاگەیاندنی ئامادەییو قبولّ کردن و هاودەنگی و مل کەچی" بۆ وەلی فەقیە دەردەبرێ[٣٨١]. بەرای پشتیوانانی حزبوللا "خبرگان وەلی فەقیە دانانین بەلکو بەهۆی شارەزاییو ئاگادارییانەوە لە

[٣٨١] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٧٤/١٢/٢٥، ص٣ همچنین نگاه کنید به شماره ٢١، ص٣.

مەسەلەکان، وەلی فەقیهیان کەشف کردووەو بە خەلکی دەناسینن"[٣٨٢] بەرای پشتیوانانی حزبولـلا لەبەرئەوەی وەلی فەقیه لەلایەن خوداوە دانراوە، خەلك لە (هەلبژاردن و دەسەلاتەکانی) وەلیدا دەوریان نییەو وەلی تەنها لە بەرامبەر خوداوەندا بەرپرسیارە.

ئەم بالە بە حساب کردن بۆ بەهانەی ناوبراو "ئامادەبوونی وەلی فەقیه لە تەواوی کاروبارەکانی ولاتی ئیسلامیدا بە پێویست دەزانیت و دەستیوەردانی بەشیوەی (راستەخۆو ناراستەوخۆ) بە مەرجی شەرعیەتی کاروبارەکان" دەزانیت"[٣٨٣] حسین ئەللاکەرەم کە یەکیکە لە سەرانی پشتیوانانی حزبولـلا بە رەخنەگرتن لەو کەسانەی کە ویلایەتی فەقیهیان لە چوارچیوەی دەستووردا قبولە، دەلیت "هەندیك لە چوارچیوەی دەستووردا وەلی فەقیه قبولّ دەکەن، ئەمەش لە کاتیکدایە کە وە لی فەقیه بۆ پاراستنی ئیسلام دەتوانیت هەندێ بنچینەی ئیسلام دوابخات"[٣٨٤] ئەم بالە لە سیاسەت دارشتنی نیزامدا دەوری سەرەکی لە ئەستۆی وەلی فەقیهدا دەبینیت. یەکیك لە ئەندامەکانی پشتیوانانی حزبولـلا لەم بارەیەوە دەلیت: "بریاردان لەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی و ستراتیجی ولات پێویستە تەنهاو تەنها لەلایەن مەقامی شکۆداری رابەرییەوە بێ"[٣٨٥] لەم رووەوەوە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) بە شتیکی کارتۆنی دەزانیت کە تەنها ئەوەی لەسەرە (فەرمان و رینماییەکانی) رابەری شۆرش پەسەند بکات. پشتیوانانی حزبولـلا لە بەیاننامەیەکدا بە بۆنەی هەلبژاردنی خولی پینجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیەوە دەنووسیت: "ئایدیال لای ئیمە بوون بە ئەندام پەرلەمانی کەسانیکە کە.. نەك تەنها فەرمانەکانی مەقامی شکۆداری رابەری بەلکو رینماییەکانیشی عاشقانە جێبەجێ بکەن"[٣٨٦] هەروەها لە بەیاننامەیەکی دیکەدا چالاکی بالەکان بەکاریکی رێ پێدراوو بەکەلك

---

[٣٨٢] روزنامه کیهان، ٧٥/٨/٢١، ص٢.
[٣٨٣] ماهنامه یالثارات الحسین شماره ٢٠، ٧٤/٨/١٥، ص٢٠.
[٣٨٤] اظهارات الله کرم در ٧٦/١/٣١.
[٣٨٥] ماهنامه یالثارات الحسین شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧.
[٣٨٦] همان شماره ٧٤/١٢/١٠، ص٥،٦.

دەزانیت "بەمەرجیك لەسەدا سەد ملكەچی رینماییەكانی مەقامی شكۆداری رابەری بیت"[٣٨٧].

ئەم باله (مۆلەتی) چالاكی دەزگاكان لەوەدا دەبینیتەوه كه قسەكانی ئیمام و جینشینەكەی به (شەرعی و راست)[٣٨٨] لەقەلەم بدات. حسین ئەللا كەرەمیش "كۆمەلگای هەلبژێر" له بەرامبەر كۆمەلگایەدا دادەنیت كه خودا دەكەن به میحوەری خۆیان[٣٨٩].

**٢-حزبی سیاسی:**

بالی پشتیوانانی حزبوللا دژی چالاكی حزبی سیاسییەو سەرنجدان له تێروانینی ئەم باله بۆ ویلایەتی فەقیه -بەو شیوەیەی كه باسكرا- ئەم باله زەمینەیەك بۆ چالاكی حزبی سیاسی نابینێ به دیدگای جیاواز و هەتا دژ به یەكیشەوه. حسین ئەللا كەرەم لەم بارەیەوه دەلیت: "ئەگەر ئیمه فره مینبەری قبولّ بكەین و بلیین كه فەرمانرەوایی له ریگەی مرۆڤەكانەوەیه دەبێ ویلایەتی فەقیه بخەینه دوای رای خەلكەوه"[٣٩٠] مەهدی نەصیری بەریوەبەری بلاوكراوەی (صبح)یش دەنووسیت: "پیكادانی راكان.. نەك تەنها بایەخی نییه، بەلكو دژی بەهایەو دەبیتە هۆی توندبوونی ئالۆزیو گومرایی"[٣٩١] پشتیوانانی حزبوللا لەبەر تێروانینی سلبی خۆی بۆ دیمەنەكانی شارستانیەتی خۆرئاوا، ئەو حزبانەش رەت دەكاتەوه كه زادەی دیموكراسی خۆرئاوان. بلاوكراوەی صبح له نووسیندا ئەو كەسانەی بەبێ ئاگایی له (ناپاكی و خیانەتی حزبه سیاسیەكانی خۆرئاوادا له بەرامبەر میللەتەكانی خۆیاندا" تاوانبار كردووه "كه هەلبژاردنی نموونەیی تەنها له چوارچیوەی حزبه سیاسیەكانی نموونەی ولاته خۆرئاواییەكاندا دەبینن"[٣٩٢]

**٣-بەشداریی سیاسی:**

---

[٣٨٧] همان، شماره ٢٩، ٧٥/٤/٧، ص٦.

[٣٨٨] همان، شماره ٣٦، ٧٥/١٢/٢٢، ص١٣.

[٣٨٩] اظهارات الله كرم در ٧٦/١/٣١.

[٣٩٠] همان.

[٣٩١] هفتەنامه صبح، شماره ٣٨، ٧٤/١٠/١٢، ص١.

[٣٩٢] هفتەنامه صبح، شماره ٤٢، ٧٤/١١/١٠، ص١٤.

پشتیوانانی حزبولڵا لەبەرئەوەی باوەڕیـان بـە چـالاکی حـزب نیـیە. بایـەخیکی ئـەوتۆش بـە بەشـداری خـەلك نـادەن لـە چوارچێـوەی حـزب و ریکخراوەکـاندا بەشێوەیەکی ریك و پیك. بەلام ئەم گروپە بایـەخ بـە ئامـادەبوونی خـەلك دەدات لـە هـەلبژاردن و ڕێپیوانـەکاندا بەشـێوەیەکی یەکپارچـەو بـە (کـاریکی پیویسـتی)[٣٩٣] دەزانیت.

٤-ئازادی:

بە حساب کردن بۆ (تیڕوانینی ڕەها)ی پشتیوانانی حزبولـلاو ئەوەی کە خۆیـان بە (ڕاست) و کەسانی دی بە (هەلە) دەزانن، ئەوە بە ئەرکیکی شـەرعی خۆیـان دەزانن کە بـەکردەوە ڕووبـەڕووی (هەلـە) ببنـەوە. بـەم پێیـە ئـەم بالـە، ئازادیـە سیاسـی و یاسایی‌یەکان قبولٚ ناکەن و لایەنگرانی ئەم باله بۆ جلەوگیری لە چالاکی کەسانی تر دەست بەکار دەبن. پشتیوانانی حزبولڵا لە بەیاننامەیەکدا بە ڕاشکاوی نووسیوویانە "ئەمر بە چاکەو نەهی لـە خراپە بە شـەرتی ڕێ پیدانـەوە نەبەسـتراوەتەوە، چونکـە دەستور ئەم ئەرکە شەرعیەی بە ئـەرکیکی میللی و جەماوەری لـە قەلـەم داوە نـەك بـە ئەرکیکی (حکومەتی و دەولـەتی)"[٣٩٤] بلاوکراوەی (یالثارات الحسین)یش بە ڕاشکاوانە دەنووسیت "بـە هوشـیاری و ئامـادەبوونی کـوت و پـری ئومـەتی حزبولـلای زنجـان جلەوگیری لە بەڕیوەچوونی مەراسیمی یەکەمین سالرۆژی مردنی موهەندیس مـەهدی بازرکـان کـرا"[٣٩٥] بۆ مەسـەلەی دیکـەی لـەم بابەتـە دەتوانـرێ ئامـاژە بـۆ ڕیگـەگرتن لـە لیدوانی کۆمەلێ کەس بکرێ، لەوانەش عەتا ئـەللای موهاجیرانی جیگـری سـەرکۆمار لە سەردەمی هاشمی ڕەفسنجانی‌دا لە مەشـهەد دەربـارەی سـەید جەمالـەدینی ئەسـەد ئابـادی[٣٩٦]. هـەروەها پشـتیوانانی حزبولـلا لـە بەیاننامەیـەکدا بـە بۆنـەی دەسـت بـەکاربوونی خـولی پینجـەمی پەرلەمانـەوە دەنووسـیت "حزبولـلا لـە دوای ناسـینی

[٣٩٣] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٣٣، ٧٥/٩/١٥، ص١٠.

[٣٩٤] دومین بیانیه انصار حزب الله.

[٣٩٥] ماهنامه یالثارات الحسین شماره ٢٧، ٧٥/٢/١٣، ص٤.

[٣٩٦] همان، شماره ٣٦، ٧٥/١٢/٢٢/ ص١٠.

کەسانی لیبرالّ له پەرلەماندا، ئەو کەسانه دەردەکات"[397] ئەم گروپە له بەیاننامەیەکی دیکەدا تەئکیدی کردەوه که "بەنیازه پەیمان شکینان و دەست دریژکاران بۆ سەر ماف و هیواکانی مەزهەب و باوەری میللەت ئاگادار بکاتەوەو تەمێیان بکات"[398] به سەرنجدان له تێروانینی رەهای ئەم باله، دژی پەرەپیدانی چەندایەتی بلاوکراوەکانن و ئەنجامەکانی له سالانی ١٩٨٩-١٩٩٢دا (به گورز وەشاندن.. له فەرهەنگی ئاینی و شۆرشگیرانه"ی ولات وەسف دەکەن[399].

**٥- پسپۆری:**

ئەم باله له بەریوەبردنی کاروباری ولاتدا بایەخیکی ئەوتۆ به پسپۆری نادات. پشتیوانانی حزبوللا له بەیاننامەیەکدا به بۆنەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی شورای ئیسلامییەوه له بەشی تایبەت به سیفەتەکانی ئەندام پەرلەماندا ئامازەی بۆ بوونی پسپۆری نەکردو ئەم سیفەتانەی له "پەیرەوی کردن له رابەری، ژیان و تیکەلی لەگەلّ هەژاران و بێ بەشانی کۆمەلّ، به سادەیی ژیان، پشتیوانی له دەولەتی ئیسلامی و شۆرشگیر له خەتی ویلایەت"[400]دا کورت کردەوه. جگه لەمەش تێروانینیکی رەش بینانەی هەیه بۆ بیانیەکان و باوەری به "تیوری پیلانگیری" هەیه، هەروەها تێروانینیکی سلبیان هەیه بۆ پسپۆران که زۆربەیان له خۆرئاوا خویندنیان تەواو کردووەو ئەم پسپۆرانه به وابەستەی بیگانه دەزانن که له پیناوی ئامانجەکانی ئەوان دەبزوین.

**٦-ئامانج گەرایی، ئامانجداری:**

بالی پشتیوانانی حزبوللا له بەرامبەر "کاری ئیستادا" باوەری به ئامانجداری هەیەو تەئکید له پاراستنی بەهاکان دەکاتەوه، هەفتەنامەی "صبح" لەم بارەیەوه دەنووسیت: "ئەوانەی که بانگەشەی ئەوه دەکەن که به ئامانجداری ناتوانرێ

---

[397] همان، شماره ٢٩، ٧٥/٤/٧، ص٦.

[398] همان، شماره ٣٣، ٧٥/٩/١٦/ ص٩.

[399] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٣٧، ٧٦/٢/١١، ص١٠.

[400] بیانیه شماره١ ، انصار حزب الله به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس شورای اسلامی.

کیشەکانی وڵات چارەسەر بکرێ لەبەرئەوە باس لەوە دەکەن کە کاری ئیستاو تەسلیم بـوون بـە واقیعـی بێبـەها کارسـازەو گـرێی کیشـەکان دەکاتـەوە، هـەم بـاوەری شۆرشگێرانە لـەناو دەبەن، هەم دوژمنـان زاڵ و جەسوور دەکـەن و هـەم لـە کۆتـاییدا کیشەکانی وڵات زیاتر دەکەن"[٤٠١].

**٧-ناردنە دەرەوەی شۆڕش:**

بالی پشتیوانانی حزبوللا پاریزەری "ناردنــە دەرەوەی شۆڕشـە" و لـە بەرامبـەر "بەرژەوەندی نیشتمانیدا" باوەری بە (بەرژەوەندی ئیسلامی) هەیەو پیی وایـە کـە پیویستە تواناکانی وڵات لەم پیناوە خـەرج بکرین و یارمـەتی دارایـی بـە "شانەکانی بەربەرەکانی جیهانی حزبوللا" بدرێ[٤٠٢]. یەکێ لـە پشتیوانانی حزبوللا لـەم بارەیەوە دەلیت "بنەمای دژایەتی و رووبەرووبوونەوەی ئیمـە لەگەل نیشتمانیەکاندا لەوەدایە کە ئەوان دەیانەوێ تواناکان لە پیناوی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکاندا خەرج بکریت و ئیمـەش دەمانـەوێ لـە پینـاوی بەرژەوەندییـە ئیسـلامیەکاندا بـێ، نیشـتمانیەکان لـە چوارچیـوەی سـنوورەکان و نیشـمانیانە بیردەکەنـەوە، بـەلام ئیمـە لـە چوارچیـوەی سنوورەکانی جیهانی ئیسلام بیردەکەینەوە.. ئیمە کاتیك لە لوبنان و بۆ سنیا ئامادە دەبین دەلیین بەرژەوەندییەکانی ئیمە لەوێیە. ئەم بەرژەوەندیانە ناشێ نیشتمانی بن بـەلکو لـە روانگـەی ئیمـەوە ئیسـلامیە. سـنوورو درزەکـانی ئـەم بەرژەوەندیانـە لـە سنووری تواناو سەرچاوەکاندایە.. ئامانجی نیشتمانی ناتوانیت ژیانی دریژخایـەنی شۆرش دابین بکات"[٤٠٣].

ئەگەرچی ئەم بالـە پشـتی بـە ناردنـە دەرەوەی شـۆرش بەسـتووە، بـەلام "لـەکاتی هیرش و هەرەشەدا بۆ سەر وڵات باوەری بە پیادەکردنی شیوازی پاراستنی میحوەر هەیە" بەلام لەم حالەتەش لە ناردنە دەرەوەی شۆرش خافل نییە"[٤٠٤].

---

[٤٠١] هفتەنامە صبح، شمارە ٤٢، ٧٤/١١/١٠، ص٢.
[٤٠٢] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧.
[٤٠٣] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٢٥، ٧٤/١٢/٢٧، ص٧.
[٤٠٤] همان.

## ب-بۆچوونەکانیان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە:

### ١- پرانسیپەکانی سیاسەتی دەرەوە:

دژایەتی کردنی خۆرئاوا (ئەمریکاو ئەوروپا)، لە سیاسەتی دەرەوەدا باوەریان بە سوودوەرگرتن لە ئامرازە دیپلۆماسی‌یەکان نی‌یە، پشتیوانی کردن لە مسولمانەکان لە بەرامبەر غەیری مسولمانەکاندا، ئەمانەی سەرەوە پرانسیپە گشتیەکانی ئەم بالەیە لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئەم گروپە باوەری بە کەلك وەرگرتن لە ئامرازەکانی دیپلۆماتیك نی‌یە لە سیاسەتی دەرەوەداو سەبارەت بە چالاکی لە چوارچیوەی دام و دەزگا نیودەولەتیەکاندا بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی ولات نائومیدە.

رۆژنامەی (کیهان) روو لە عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی سەردەمی سەرکۆماریی هاشمی رەفسنجانی دەکات و دەنووسیت:

ئەگەر تۆ.. بتەوێ سەر لە هاوکیشە جیهانیەکان دەربکەیت و سەرت لەناو سەراندا بێ نەك تەنها سەرکەوتوو نابیت بەلکو لەناو بازنەی شارەزایی ئەواندا گیرۆدە دەبیت کە لە پر خۆت دەبینی بە تەواوی چەك کراویت و بەرەبەرە دەکەوی. ئیمە لەو فشارانە ئاگادارین کە چنگ لە شانەکانت دەدەن، بەلام ریگەچارەی رووبەرووبوونەوەی ئەو فشارانە ئەوە نی‌یە کە وەکو خویندکارێ پەنجە هەلبرین و بلیین گەورەم ئیجازە هەیە؟[٤٠٥].

### ٢- پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا:

ئەم بالە بە توندی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا رەت دەکاتەوەو هەتا "داوای پەسەندکردنی چەند یاسایەکی کردووە بۆ ئەوەی ئەوانەی کە باس لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا دەکەن، بە (قورسترین سزا) سزا بدرین. هەتا هەرەشەیان کردووە کە ئەگەر وا نەکرێ "حزبوللا ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکات"[٤٠٦].

---

[٤٠٥] روزنامه کیهان، ٧٥/١١/٦، ص٢.

[٤٠٦] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، اظهارات یکی از انصار حزب الله.

## کورتەی بۆچوونە سیاسیەکانی باڵی لایەنگرانی حزبوڵڵا

١-باوەریان بە چڕکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستی تاکە کەسدا (وەلی فەقیە).

٢-لە هەڵبژاردنی وەلی فەقیەدا خەڵك دەوریان نیەو وەلی لەلایەن خوداوە دانراوە.

٣-ئەرکی خەڵك بە پەیرەوی کردن لە وەلی فەقیەو قبولکردنی دەزانێ.

٤-باوەریان بە چالاکی سیاسی نیە لە چوارچێوەی دام و دەزگا یاساییەکاندا.

٥-لە کاروباری سیاسیدا خەڵك (ئەرك)یان لە سەرشانە و (ماف)یان نیە.

٦-بەشداری سیاسی خەڵك تەنها لە سنووری بەشداری لە ڕێپێوانەکان و هەڵبژاردن و بەرنامە ڕەسمیەکانی دیکەدا دەبینن.

٧-ئەم گروپە بە یاساوە پابەند نیەو بە ئەرکی شەرعی خۆی دەزانێت کە ڕووبەڕووی هەر شتێ ببێتەوە کە بەهەڵەی دەزانێت.

٨-لە بۆچوونە سیاسیەکانی ئەم باڵەدا ئامانجداری ئاشکرایە و بایەخی پێ دەدرێ.

٩-ئاراستەی سیاسی ئەم گروپە بەهایی و ئایدیۆلۆجیەتە.

١٠-بەو پێیەی کە باوەری بەناردنە دەرەوەی شۆڕش هەیی پێی وایە کە دەبێ دریغی لە یارمەتی دانی دارایی گروپە مسولمانە خەباتگێرەکان نەکرێ.

١١-باوەری بە ئامرازەکانی دیپلۆماسی نیەو لە پەیوەندی نێو دەوڵەتیدا.

١٢-تەئکید لە بەڵین و پێشینەی شۆڕشگێری کەسەکان دەکاتەوەو بایەخیکی ئەوتۆ بە پسپۆری نادات.

١٣-بە توندی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ڕەت دەکاتەوەو داوای سزادانی ئەو کەسانە دەکات کە باسی ئەو مەسەلەیە دەکەن.

## ٢-٢ -بۆچوونە ئابووریەکانی باڵی لایەنگرانی حزبوڵڵا

## ١-تایبەتی کردن:

پشتیوانانی حزبوڵڵا دژی تایبەتی کردنی یەکەکانی ئابووریە. ئەم گروپە خوازیاری (دەستێوەردانی دەوڵەتە) لە ئابووریدا لە پێناوی "پشتیوانی لە توێژە چەوساوەکان)ی کۆمەڵدا. یەکێك لە ئەندامانی پشتیوانانی حزبوڵڵا دەڵێت: "پێویستە دەوڵەت لەگەڵ چاوپێداخشانەوەی وەرگرتنی داراییەکان و چاکردنی

(نـرخ)ی بەرهەمـە نەوتیـەكان و لابردنـی یارمەتیـەكاندا.. پشـتیوانی لـە تویـژە چەوساوەكان بكات بە شتیكی عەمەلی"[٤٠٧] یەكیكی دیكە لە ئەندامانی ئـەم گروپـە دەلیت: "لە زەمانی شەڕدا حكومەت داوای لـە ئیمام (ر.خ) كرد كە یارمـەتی لابـبرێ، ئیمام لە وەلامدا فەرمووی: "با دەولەمەندەكانیش لەسەر سفرە وەكو چەوساوەكان بن و دریژەی دایە بۆچی پارەدارو دەولەمەندەكان لە ریزی خۆراك دەوەستن؟ ئەگەر ئیمە بمانەوێ وەزعی ئیستا بگۆڕین"[٤٠٨]. بەم شیوەیە ئەم باله باوەری بە ئابووری ركابەری نییەو دوژمنی سەرسەختی چاكردنی ئابوورییە[٤٠٩].

## ٢-خۆبژیوی نموونەی ئابووری ئەم گروپەیە:

بە حسابكردن بۆ تێڕوانینی سلبی ئەم بالە بۆ بیانیەكان بەتایبەتی تێڕوانینیان بۆ خۆرئاواو لەبەرئەوەی باوەریان وایە بیانیەكان هەمیشە لە دژی كۆماری ئیسلامی ئیران پیلان دەگیرن، ئەم بالە یەكیك لە ریگاكانی بە دەست هینـانی ئامادەیی بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی بیانیەكان بـە وەدیهینـانی خۆبژیـوی دەزانیـت و لـەم پینـاوەدا پیشنیازی پیادەكردنی سیاسەتی خۆراهینـانی ئابووری دەكات و بە (سەرەكیترین سیفەتی رووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ دەسـەلاتی دوژمنـدا لـە قەلـەمی دەدات)[٤١٠] لـەم بارەیەوە یەكیك لە ئەندامانی پشتیوانانی حزبوللا دەلیت: "پیویستە خۆ راهینانی ئابووری لەسەری سەرەوەی مەسەلەكانەوە دابنرێ" ئەم ئەندامە بۆ جێبەجێكردنی ئـەم خۆراهینـانی ئابوورییـە ریگـەچارەی "نموونـەی خـەرجی راسـت و كۆنـترۆلی خـەرجی، سنوور داركردنی هاوردەكان بە دانانی تەعریفە و پشـتیوانی لەبەرهـەمی ناوخۆ" دەخاتەروو[٤١١].

## ٣-كەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەكی:

بالی پشتیوانانی حزبوللا بە حسابكردن بۆ ئەوەی كە باوەری بەتیوری پیلانگیری و نموونـەی ئـابووری خۆبژیـوی هەیـە، كـەلك وەرگرتـن لـە سـەرچاوەی دەرەكـی بـە

---

[٤٠٧] همان.

[٤٠٨] همان شماره، ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٦.

[٤٠٩] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٢، ٧٤/١٠/٣، ص٧.

[٤١٠] همان، ص٥.

[٤١١] همان، ص٧.

پێویست نازانیت و تیوری ستراتیجی ئابووریشی "کەم کردنەوەی خەرجی و برینی هاوردەیە"[٤١٢]، باوەری وایە کە پێویستی بە سەرچاوەی دەرەکی نابێ. سەرەرای ئەوەی کە ئەم بالە لە چالاکیە ئابوورییەکاندا (پاراستنی بەهاکان) بە پێویست دەزانیت[٤١٣] و کەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی بەو سەرچاوانە دەزانیت کە بەهاکان پێشیل دەکات"

## ٤- پەرەپێدانی ئابووری:

دادپەروەری کۆمەلآیەتی بەلای بالی پشتیوانانی حزبوللاوە ئەولەویەتی یەکەمی هەیەو "پەرەپێدانی ئابووری بەبێ دادپەروەری کۆمەلآیەتی و باسکردنی بیناکردن بەبێ پاراستنی بەهاکان مەحکومە"[٤١٤] لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بالە رەخنە لە سیاسەتی ئابووری دوای جەنگ دەگریت و دەلیت "لە دوای جەنگ دەبوایە بەشوین دادپەروەری کۆمەلآیەتیدا بچووینایە نەك خۆشگوزەرانی"[٤١٥] پشتیوانانی حزبوللا لە بەیاننامەی ژمارە (١)ی خۆیدا رەخنەی لەو بۆچوونە گرتووە کە پێی وایە پەرەپێدانی ئابووری خۆی لە خۆیدا دەبیتە هۆی دادپەروەری کۆمەلآیەتی و دەنووسیت: "ئەم بۆچوونە لەگەڵ بنچینەکانی بیری ئیسلامیدا ناکۆکە"[٤١٦].

## ٥-حسابکردن بۆ کیشە ئابوورییە هەست پیکراوەکان:

پشتیوانانی حزبوللا بە حسابکردن بۆ ئەوەی کە تەئکید لە چارەسەرکردنی کیشە ئابوورییەکانی تویژە چەوساوەکان دەکاتەوە، بۆ رووبەرووبوونەوەی کیشە ئابوورییەکان لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا کە ئەولەویەت بە گۆرانی بنەما ئابوورییەکان دەدات، تەئکید لە چارەسەری کیشە ئابوورییە هەست پێکراوەکان دەکاتەوە. بەم پێیە "کۆنترۆلی هەلئاوسان، کۆنترۆل و ریکخستنی ئاستی

---

[٤١٢] همان شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٦

[٤١٣] همان.

[٤١٤] همان.

[٤١٥] همان.

[٤١٦] همان، شماره ٢٤، ٧٤/١٢/١٠، ص٥.

دەرامەتەکان بە پارە، پشتیوانی لە بەرهەمی ناوخۆ" لەو ڕێگایانەن کە بەلای ئەم گروپەوە پەسەندن"[٤١٧]

**کورتەی بۆچوونە ئابوورییەکانی باڵی پشتیوانانی حزبوڵڵا**

١-پشتیوانی لە سیاسەتی دەوڵەت دەکات لە کاروباری ئابووریدا.

٢-نموونەی ئابووری پەسەندی ئەم باڵە، ئابووری داخراوو خۆبژێوییەو بۆ گەیشتن بەمەش سیاسەتی خۆراهێنانی ئابووری پێشنیاز دەکات.

٣-ئەم باڵە بەبێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووری قبوڵ نییە.

٤-کەم کردنەوەی خەرجی و بڕینی هاوردەکان، ستراتیجی ئابووری پشتیوانانی حزبوڵڵایە.

٥-ئەم باڵە بەتوندی دژی کەلك وەرگرتنە لە سەرچاوەی دەرەکی.

٦-لە ڕوانگەی پشتیوانانی حزبوڵڵاوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کیشە ئابوورییانەی کە لە ماوەیەکی کورتدا لە توانادایە، لەجیاتی ڕووکردنە ئەو کیشانەی کە بنچینەیین لە پێشترە.

## ٣-٢-بۆچوونە فەرهەنگییەکانی باڵی پشتیوانانی حزبوڵڵا

دەتوانین بۆچوونە فەرهەنگییەکانی پشتیوانانی حزبوڵڵا لە حسابکردن بۆ ڕووکەش، پشتیوانی لە سیاسەتی قەدەغەکردن و ئاگادارکردنەوەو ڕازی بوون بە سنووردارییدا کورت بکەینەوە، کە دەتوانرێ لەم میحوەرانەی خوارەوەدا ڕیزبەندی بکرێن.

**١-سانسۆر دانان لەسەر بەرهەمە فەرهەنگییەکان بەر لە بڵاوکردنەوە:**

پشتیوانانی حزبوڵڵا خوازیاری سانسۆری توندە لەسەر بەرهەمە فەرهەنگییەکان بەر لە بڵاوبوونەوەیان. یەکێك لە ئەندامانی ئەم گروپە ڕوو لە وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی دەکات و دەڵێت: "لە پاسەوانیی سنوورەکانی ئایدیۆلۆجی ئیسلام و شۆڕشدا.. تۆ نوێنەری یاساییت، بە وردی کۆنترۆلی سیناریۆکان بکە..

[٤١٧] هەمان، شمارە ٢٢، ٧٤/١٠/٣، ص٧.

بوار بەوانە مەدە كە بەشیوەیەكی دیكە بیردەكەنەوە، سانسۆری وردو پسپۆرانە دەبێ تایبەت بێ بە ناواخن و ناوەرۆكی كتیبەكان. متمانە بە ناشر بەس نییە" هەروەها دریژەی دەداتێ: "چاپەمەنی نابێ ئەم خاڵانەی تیدابیت.. سەرلەبەری رەخنە بیت، هیزە چەكدارەكان بخاتە ژیر پرسیارەوە، نووسین بە پیچەوانەی ئیسلام و پاكژیی گشتی‌یەوە، نووسین بە پیچەوانەی ریرەوی میللەت و وڵاتە ئیسلامیەكان و كەرامەتی كۆماری ئیسلامیەوە. بڵاوكردنەوەی نووسینی گومراكەرو ئەو نووسینانەی كە خەریكی بڵاوكردنەوەی گەندەلی ئەخلاقین، هەروەها ناونیشانی لاوازكردن و یان مایەی فیتنە كە هەموو ئەمانە رەت كراونەتەوە"[٤١٨].

## ٢-دژایەتی كردنی هەمەجۆری و زیادكردنی بەرهەمی فەرهەنگی:

پشتیوانانی حزبوڵلا دژی زیادكردنی بەرهەمی فەرهەنگی و هەمەجۆری فەرهەنگی‌یە. تا ئەو شوینەی كە بڵاوكراوەی یالثارات الحسین "یەكیك لە زەمینە دیارەكانی هیرشی فەرهەنگی بەسەرهەلدانی چەند سەد بڵاوكراوەیەك لەم ساڵانەی دواییدا" لە قەلەم دەدات"[٤١٩].

## ٣-هیرشی فەرهەنگی:

بە حسابكردن بۆ باوەری ئەم بالە بە (تیوری پیلانگیری) ئەم بالە دژی هەر جۆرە ئالوگۆریكی فەرهەنگین تا ئەو رادەیەی كە بڵاوكراوەی یالثارات الحسین بە رەخنەگرتن لەو كەسانەی كە باوەریان وایە "بۆ گەشەپیدان و پەرەپیدانی فەرهەنگی وەكو پیویست دەبێ دانوستاندنی فەرهەنگیمان لەگەڵ خۆرئاوادا هەبێ" بە مەعنای ئەوە لیك دەدەنەوە كە "تا رادەیەك بەشیوەیەكی یەكلایەنە سنوورەكانی بیروباوەری خۆمان لابەرین"[٤٢٠] تێروانینی سلبی ئەم گروپە تارادەیەكە كە هەتا دژی وەرگیرانی وتارو نووسینەكانی بڵاوكراوەكانی خۆرئاواشەو بە (یەكیك لە زەمینە دیارەكانی هیرشی فەرهەنگی) وەسفی دەكات. بڵاوكراوەی یالثارات الحسین دەنووسیت "یەكیك لە بوارە دیارەكانی هیرشی فەرهەنگی.. وەرگیران و دەنگدانەوەی بابەتی بڵاوكراوەو

---

[٤١٨] هەمان، شمارە ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧.

[٤١٩] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٣٠، ٧٥/٥/٧، ص٦.

[٤٢٠] هەمان، شمارە ٢٧، ٧٤/١٢/٢٧، ص٨.

نەنگین نامەکانی خۆرئاوایە کە بێئەوەی بمانەوێ لە خزمەتی ڕەواج پێدانی بانگەشەی دژی دینی و دژی فەرهەنگی دوژمنانی جیهانیدان"[٤٢١]

**٤-حسابکردن بۆ رووکەشی فەرهەنگی:**

پاراستنی شکڵ لە ڕوانگەی بالی پشتیوانانی حزبولڵاوە گرنگییەکی زۆری هەیە کە جۆری بەرگ پۆشین، جۆری حیجابی ژنان، جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لە شوینە گشتیەکاندا لەوانەن. یەکێك لە پشتیوانانی حزبولڵا ئەو کەسانە ئاگادار دەکاتەوە کە جل و بەرگی ناپەسەندی خۆرئاوایی دەپۆشن و بوینباخ و یەخە دەبەستن ئەو جل و بەرگانە لەبەر نەکەن. هەروەها هەڕەشە دەکات کە حزبولڵا رووبەڕوویان دەبیتەوەو ناودەمی ئەو کەسانە دەکوتیتەوە کە ڕەواج بە ناپەسەندی دەدەن"[٤٢٢] لە لایەکی دیکەوە بڵاوکراوەی یالثارات الحسین ڕوو لە ژنان دەکات و دەنووسیت "جگە لە چارشیوەی ڕەش هیچ جۆرە چارشیویك شایستەی ژنی ئیرانی نییە"[٤٢٣] ئەم گروپە ئاگاداری (صداو سیما) (تەلەفزیۆن) دەکاتەوە کە واز لە (پەخشی ئەو پیشبرکێ وەرزشیانە بینن کە یاریکەرانیان بەرگی تەواو ئیسلامیان لەبەردا نییە بەتایبەتی سەبارەت بە پیشبرکێی کە تەماشاکردنی بۆ نیوەی کۆمەڵ حەرامە"[٤٢٤] بڵاوکراوەی ئەم بالە ڕەخنە لەوە دەگرێ کە (پەیکەری ژنانی پاڵ کەوتوو.. لە کەناری مۆزەخانە هونەرییە هاوچەرخەکانی تاران"ەوە هیشتا بەدی دەکرێ"[٤٢٥].

بەشیوەیەکی گشتی پیشنیازەکانی پشتیوانانی حزبولڵا بۆ ریفۆرمی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی گرنگی پاراستنی شکڵ لە ڕوانگەی ئەم بالەوە نیشان دەدات کە بەپێی بڵاوکراوەی یالثارات الحسین بەم شیوەیەی خوارەوەیە:

١-دەبێ حەفتەیەك وەکو حەفتەی بەربەرەکانی فەرهەنگی ناپەسەندی خۆرئاوا ناوبەرین و هەلمەتیکی فراوانی بۆ بکەین.

---

[٤٢١] همان، شماره ٣٠، ٧٥/٧، ص٦.

[٤٢٢] همان، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٥.

[٤٢٣] همان، شاره ٢٧، ٧٤/١٢/١٢، ص١١.

[٤٢٤] همان، ص١٨.

[٤٢٥] همان، شماره ٢٥، ٧٤/١٢/٢٧، ص١٧.

٢-لەهەر حەفتەیەكداو له سەعاتیكی دیاری كراودا، له تەلەفزیۆندا له هیرش بكۆلریتەوە.

٣-بەربەرەكانی هیرشی فەرهەنگی خۆرئاوا بەهەموو شیوەكانیەوە بكریّ بە شتیك لەوانەی رەسمی خویندكاران.

٤-بەربەرەكانی لەگەلّ فەرهەنگی خۆرئاوادا شیوەیەكی یاسایی لەخۆ بگریّ، پەرلەمان بەیەك دەنگی، مادەی پیویست پەسەند بكات بیّ چەندو چون كاری پیّ بكریّ.

٥-حیجابی ئیسلامی له هەموو رەهەندە فیقهی و كۆمەلاّیەتی و ئەخلاقی و سیاسی و هتد. بكریّ بە بەشیك له دەرسی خویندكارە كچەكان له هەموو قۆناغەكانی خویندندا.

٦-حەفتەیەك بەناوی حیجابی ئیسلامیەوە دیاری بكریّ و رابگەیەنریّ.

٧-جیاكردنەوەی ژن و پیاو بەتایبەتی خویندكارانی زانكۆ.. جگە له حالەتە ناچارییەكاندا بە پشتیوانی یاسا ئەنجام بدریّ[٤٢٦].

٨-لیدانی كاسیتی گۆرانی ناپەسەند له ماشینەكاندا دەبیّ وەكو سەرپیچی یاسا قابیلی لیپیچینەوە بیّ.

٩-شۆفیرانی تاسكی و قەمەرەو پاس دەبیّ بەپیّی یاسا ژنانی بەد حیجاب سوار نەكەن لەكاتی سەرپیچیدا سزا بدرین[٤٢٧].

**٥-ئەولەویەت دان بە مەسەلە فەرهەنگیەكان:**

بالی پشتیوانانی حزبولّلا ئەولەویەتی یەكەمی كۆماری ئیسلامی بە مەسەلە فەرهەنگیەكان دەزانیت و بەشیوەیەكی گشتی شۆرشی ئیسلامی بە شۆرشیكی فەرهەنگی له قەلەم دەدات. بەم پیّیە باوەری وایە دەبیّ له سیاسەت دارشتنیشدا بایەخ بەم ئەولەویەتە بدریّ. بلاّوكراوەی ئە م بالە دەنووسیت "دەبیّ پرۆژە فەرهەنگیەكانی ولاّت.. دوو ئەوەندەی پرۆژە ئابوورییەكان بن"[٤٢٨].

---

[٤٢٦] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٠، ٧٤/٨/١٥، ص٨.

[٤٢٧] همان، شماره ٣٣/ ٧٥/٩/١٥، ص١٨.

[٤٢٨] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٠، ٧٤/٨/١٥، ص٨.

**٦-چالاکیيە فەرهەنگیەکان لەژێر چاودێری روحانیەکاندا بێ:**

بەشیوەیەکی گشتی ئەم باڵە لەبەر ئەو حەساسیەتەی کە سەبارەت بە مەسەلە فەرهەنگیەکان هەیەتی باوەری وایە کە دەبێ ئەم جۆرە چالاکیانە "هەتا لە توانا بێ لەژێر چاودێری ویلایەتی کاروباری مسولمانەکان"دا بێو (سەرۆکایەتی دام و دەزگا فەرهەنگیەکان بە زانا ئاینیەکان بسپێردرێ" بۆ ئەوەی ریگە لە سەرهەلدانی لادان بگیرێ[٤٢٩].

**٧-دژایەتی کردنی چالاکی کۆمەڵایەتی ژنان:**

پشتیوانانی حزبوللا دژی جیانەکردنەوەی مەیدانەکانی چالاکی ژنان و پیاوانەو بەشیوەیەکی گشتی هیندە باوەری بەچالاکی کۆمەڵایەتی ژنان نیيەو ئەرکی ژنان تەنها بە "خزمەتی میردو منداڵ بەخیوکردن" دەزانیت. مەهدی نەسیری بەریوەبەری بڵاوکراوەی (صبح) دەنووسیت "ئیسلام.. بۆ هەریەکە لە ژن و پیاو باوەری بە مەیدانی چالاکی جیاواز هەیەو کەمال و نیزامی کۆبوونەوە لەم کۆبوونە نیسبیەدا بە ئەرك دەزانیت.. ئەوەی کە دەشێ مایەی شانازی ژن بێ ئەوەیە کە بەشیوەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشت و هەل و مەرجی سروشتی و بوونی خۆیدا -کە بەلای خوداشەوە پەسەندە رەفتار بکات. نصیری بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی ئاماژە بۆ دوو بەسەرهات دەکات کە یەکیکیان (جیهادی ژن و باش ژنیتی کردنە)و ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە فاتمە لە وەڵامی پیغەمبەردا (د.خ) دەربارەی ئەوەی کە باشترین حالەت و مەوقیعی ژن کامەیە وەڵامی دایەوە (ئەو کاتەیە کە لە ماڵەوە سەرقاڵی ژن و میردایەتی و بەخیوکردنی منداڵە"[٤٣٠] شیوەی رەنگدانەوەی هەواڵی تایبەت بە بەشداری کچان لە پیشبرکێی بازدانی ئەسپ بەسەر بەربەستەکاندا لە بڵاوکراوەی (صبح)دا نموونەیەکی دیکەی دژایەتی ئەم باڵەیە بۆ ئەم چالاکیانە. "بەدەست پیشخەری یاریدەدەری کۆمەڵایەتی بەریوەبەری شارەوانی تاران لە پیناوی بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کچانی وڵات و بەشداری زیاتریان لە پەرەپیداندا، یەکەمین خولی پیشبرکێی بازدانی ئەسپ بەریوەچوو"[٤٣١]

---

[٤٢٩] هفتەنامە صبح، شمارە ٤٢، ١-/١١/٧٤، ص١.

[٤٣٠] هفتەنامە صبح، شمارە ٤٢، ١٠/١١/٧٤، ص١.

[٤٣١] همان، شمارە ٣٨، ١٢/١٠/٧٤، ص٩.

**٨-خەلوەكیشی:**

پشتیوانانی حزبوڵلا باوەریان وایە بۆ دوورنەكەوتنەوە لە مەعنەویات و خودا تا رادەی پێویست دەبێ لە "ئیمكانیاتی خۆشگوزەرانی" دنیا دورەپەریز بێ. بەم پێیە دەتوانری بگوترێ كە حەزیان لە جۆریك خەلوەكیشی هەیە. ئەم گروپە بە تەئكیدكردنەوە لەسەر دەركردنی ئەو كەسانەی كە خەلك بەرەو وەزعیكی لەو جۆرە دەبەن دەنووسیت "كەسانیك كە ئامانجە سەرەكیەكانیان مەسەلەی مادی" هاندان بۆ خەرج كردن، خۆشگوزەرانیو..)یەو بە خستنەرووی دروشمی سەرگەرم كەر لە ئاستی پیویستی رۆژانەدا، بەندەكانی خودایان گیرۆدەی غەفلەت كردووە لە خوداو مەعنەویەت و دوارۆژو لە ژیانیاندا بەرەو لیدانی فیكری -عەمەلی دەیانبەن، ئەو كەسانە سەبەبكاری دروست كردنی مەترسین ئەگەر لەلایەن خەلك و بەرپرسانە ترۆ نەكرین، میللەت ولات و شۆرشەكەمان بەرەو ئاوات و ئامانجی خۆرئاوا دەبەن"[٤٣٢]

## كورتەی بۆچوونە فەرهەنگیەكانی بالی پشتیوانانی حزبوڵلا

١-ئەم بالە باوەری بە سانسۆری بەرهەمە فەرهەنگیەكان هەیە بەر لە بلاوكردنەوەیان.

٢-بالی پشتیوانانی حزبوڵلا دژی زیادكردنی و هەمەرەنگی بەرهەمی فەرهەنگین.

٣-ئەم بالە دژی ئالوگۆری فەرهەنگیەو خوازیاری رووبەرووبوونەوەی توندە لەگەڵ هیرشی فەرهەنگیدا لە دژی كۆماری ئیسلامی.

٤-ئەم بالە بۆ رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی خۆرئاوا باوەری بە سیاسەتی قەدەغەكردن و سزادانە.

٥-پشتیوانانی حزبوڵلا بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەوەی كە بە لادانی دەزانێ خۆی بەشیوەی راستەو دەست لە مەسەلەكە وەردەدات و هەندێ جار توندوتیژیش بەكاردینێ.

٦-ئەم بالە بایەخیكی زۆر بە پاراستنی رووكەشی فەرهەنگی دەدات.

---

[٤٣٢] همان، شماره ٤٢، ٧٤/١١/١٠، ص١٤.

٧-بەرای پشتیوانانی حزبوڵلا چالاکیە فەرهەنگیەکان پێویستە لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی روحانیەکاندا ئەنجام بدرێ.

٨-بەرای ئەم بالە مەسەلە فەرهەنگیەکان لە شۆرشی ئیسلامیدا ئەولەویەتی یەکەمیان هەیەو لە سیاسەت دارشتندا دەبێ بایەخ بەم خالە بدرێ.

٩-پشتیوانانی حزبوڵلا لە کاروباری فەرهەنگیدا بە توندی کۆن خوازن و لە گۆرینی دەزگاکان و پەیوەندییەکانی لەم بەشەدا دەترسن.

١٠-ئەم بالە دژی چالاکی کۆمەڵایەتی ژنانە.

١١-پشتیوانانی حزبوڵلا بۆ جلەوگیری لە ئارەزووی مادی باوەریان بەجۆریك خەلوەکیشی هەیە.

## هەلویستە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی گروپی کارگوزارانی سازندەگی ئیران

### ٢-١-بۆچوونە سیاسیەکانی گروپی کارگوزاران:

یەکیك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گروپە کە دەتوانرێ لە هەلویستە سیاسیەکانیاندا بەدی بکرێ "تێروانینی پراگماتی"یە. تایبەتمەندی دیکەی ئەم گروپە کە دەتوانرێ بە ئەنجامی هەمان تێروانینی سەرەوە لیك بدریتە بریتییە "بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی" و "میانەرەوی" لە مامەلە لەگەڵ گۆرانکارییە سیاسیەکاندا.

دەتوانین بۆچوونە سیاسیەکانی ئەم بالە لە کاروباری ناوخۆدا، لەم میحوەرانەی خوارەوەدا ریزبەندی بکەین.

ئەلف- تێروانینیان سەبارەت بە حکومەت:

**١-ویلایەتی فەقیهو رابەری و خەلك:**

ئەم گروپە باوەری وایە کە "لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئیراندا، شەرعیەتی هەموو دەزگاکان لە ویلایەتی رەهای رابەرییەوە سەرچاوە دەگرێ و بەم پێیە ویلایەتی رەهای فەقیە، بەردی بناغەو میحوەری هەرجۆرە جولەیەکی نیزامە"[٤٣٣]

---

[٤٣٣] روزنامە همشهری، ٧٦/٢/٢٦، ص١.

لەگەڵ ئەوەشدا تەئكید لە ڕۆڵی خەڵك لە كۆماری ئیسلامیدا دەكاتەوەو باوەڕی وایە نیزامی بنیات نراو لەسەر ویلایەتی فەقیه، ڕۆڵی خەڵك لەو ویلایەتەدا ڕەت ناكاتەوە. لەم پێناوەدا ئەم باڵە (هەڵبژاردنی كەسێكی باشتر) بۆ سەركۆمار لە ئەستۆی خەڵكدا دەبینێ و بەوە قایلە كە تەنها لە ڕووی زانستیەوە "بنەماكان" شیبكەنەوە، بەڵام دەبێ خەڵك "بەپێی بۆچوون و شیكردنەوەی خۆیان سەركۆمار هەڵبژێرن"[٤٣٤].

### ٢-حزبایەتی:

ئەم گروپە باوەڕی بە چالاكی سیاسی هەیەو باوەڕیشی بەوە هەیە كە چالاكیە سیاسیەكان لەناو وڵاتدا دەبێ لە چوارچێوەی حزبدا ڕێك بخرێن. عەتا ئەڵڵای مهاجرانی كە یەكێكە لە ئەندامە سەرەكیەكانی گروپی كارگوزاران لە چاوپێكەوتنێكدا دەڵێت: "بەداخەوە ئێمە لە ئێراندا ڕێكخراوی سیاسیمان نیە.. ئەو ڕێكخراوە سیاسیەمان نیە كە هەڵویستی خۆی ئاشكرا بكات.. بە پشتیوانی خوا دەبێ هەوڵ بدەین ڕێكخراوی سیاسی دیاریكراو لە ناونیشان و گەشەی تایبەتی خۆیانەوە، لەكۆمەڵدا فۆرمەلە ببێ"[٤٣٥] هەفتەنامەی (بهمن) لەم بارەیەوە دەنووسێت: "پێویستە هەڵبژاردن لە حاڵەتی ڕكابەریی نێوان كەسەكانەوە بگۆڕدرێ بۆ ڕكابەریی نێوان پلان و بەرنامەكان.. ئەم كارەش لە زاڵبوونی ڕێكخراوێكی ڕەسمی و دیاری كراودا لە تواناداڕیە"[٤٣٦].

ئەم گروپە لە چوارچێوەی یاسادا باوەڕی بە چالاكی سیاسی هەیە و "بەكارهێنانی شێوازی نایاسایی و توندوتیژی بۆ لە مەیدان دەركردنی ڕكابەران" ڕەت دەكاتەوە[٤٣٧]. مهاجرانی لە چاوپێكەوتنێكی دیكەدا تەئكید لە پێویستی دروست كردنی حزبی سیاسی كردۆتەوەو دەڵێت: "لە حاڵی حازردا مەیدانی چالاكی سیاسی گروپەكان هێندە ڕۆشن نیەو بۆ چارەسەركردنی ئەم مەسەلەیە پێویستە ئەو گروپانەی كە لە گۆڕەپانەكەدان بەشێوەیەكی ڕەسمی، بەرنامەو چۆنیەتی ڕێكخستن و ئامانجەكانیان لە قالبی حزبی سیاسیدا ڕابگەیەنن" مهاجرانی ئەو مەسەلەیەی ڕەت كردۆتەوە كە سەرهەڵدانی حزبی سیاسی ڕەنگە وڵات توشی

---

[٤٣٤] همان.

[٤٣٥] روزنامه ابرار، ٧٥/٩/١٣، ص٢.

[٤٣٦] هفتەنامه بهمن، شماره ١٠، ٧٤/١٢/١٤، ص٢.

[٤٣٧] همان، شماره ١٤، ٧٥/١/٢٥، ص١٤.

كردۆتـەوە كـە سـەرهەلدانی حزبـی سیاسـی رەنگـە ولات توشـی ململانـێ و كیشـەی سیاسی بكات[٤٣٨] و لە گفتوگۆیەكدا بە تەئكیدكردنەوە لە دەزگاكان و حزبی سیاسی دەلیت "پیویستە باوەرمان بە خەلك هەبێ و ئەوە بزانین كە خەلكی ئیران هـەرگیز تووشی هەلە نابن، پیویستە بە ریكخسـتنی دەزگاكـان و حزبـی سیاسـی زەمینـەی ئامادەبوونی خەلك لە مەیدانی كردەوە سیاسیەكاندا ئامادە بكەین، بۆ ئەوەی كۆمەلْ لە هەورازو نشیوەكانی خۆیدا بینەری گۆرانكاری سەرسورهینەر نەبیت"[٤٣٩].

*بەشداری سیاسی:

گروپی كارگوزاران تەئكید لە گرنگی بەشداری خەلك لە چالاكیە سیاسـیەكاندا دەكاتەوەو باوەری وایە "دابین كردنی مافە بنەرەتیەكانی هاوولاتیان لە كاركردندا" یارمەتی (ئامادەبوون و بەشداریی كاریگەری خەلك دەدات لە گۆرەپانی سیاسـەتدا) لەم بارەیەوە كارگوزاران ئاماژە بۆ كۆمەلێ مافی بنچینـەیی هاوولاتیان دەكات وەكو (نەبوونی ترس لە بەندكردن و گرتنی بێ حساب، ئازادی قسەكردن و بلاوكردنەوەو كۆبوونـەوە (مافی كۆبوونـەوەو گفتوگۆكـردن لەسـەر مەسـەلە سیاسـیەكان)، ئازادی داواكردنی گروپ بەندی (مافی دروست كردنی حزب و یەكیتیەكان و كۆمەلـەكانی دیكە) بوونی دەزگای داوەری و دادگای سەربەخۆ كە هەركەسێ بۆ داخوازی دەستی پێیان بگات"[٤٤٠] ئەم گروپە تەئكید لەوە دەكاتەوە كە بۆ بەشداریی سیاسی خەلك پیویستە كۆسپەكانی بەردەم پەرەپیدانی سیاسی لابرین. ئەو كۆسـپانەی كـە لـەم بارەیەوە ئاماژەیان بۆ دەكات بریتین لە "ئەو ریوشوینانەی كـە دەبنـە هـۆی زیـاتر چربوونـەوەی سـەرچاوەكانی دەسـەلات، ئـەو تێروانینانـەی كـە بـە ریگایـەك لەسـەر ریگەی ململانـێی ئاشـتیخوازانەی سیاسـی‌دا كۆسـپ دروسـت دەكـەن، هـەموو ئـەو ئارەزووانـەی كە هـەولْ دەدەن بۆشـاییە كۆمەلایەتیـەكانی ئیمـە بـە شـیوەی نـاكۆكی ئاشتی قبولْ نەكەر لیك بدەنـەوە"[٤٤١] ئەم گروپە باوەری بە بەشداری سیاسی خەلك هەیە لە چوارچیوەی دەستووورداو دژی ئەو بۆچوونانەیە كە هیزە سیاسیە چالاكەكان

---

[٤٣٨] روزنامەهای ٧٤/٩/٢٢.

[٤٣٩] روزنامە ایران، ٧٦/٥/١٧، ص٣.

[٤٤٠] هفتەنامە بهمن، شمارە ٨، ٧٤/١٢/٥، ص٢.

[٤٤١] هفتەنامە بهمن، شمارە ٢، ٧٤/١٠/٢٣، ص١٣.

له چوارچێوەی نیزامدا بۆ شۆرشگێرو دژی شۆرش جیادەكەنەوە، بەو بەهانەیەی كە دەبێتە هۆی كەم بوونەوەی بەشداری سیاسی خەلك، هەروەها تەئكید لەوە دەكاتەوە كە "هیچ كێشەیەك بۆ نیزامیكی سیاسی و جەماوەری له دەركردنی بەشێك له خەلك له گۆرەپانی سیاسەت مەترسی‌دار تر نی‌یە"[٤٤٢]. كارگوزاران هێندە گرنگی بە بەشداری سیاسی خەلك دەدات بۆیە رەخنە لە (ئەنجومەنی نگهبان) دەگرێ لەبەرئەوەی سەلاحیەتی هەندێ له داواكارانی رەت كردۆتەوە بۆ خۆ هەلبژاردن بۆ نوینەرایەتی لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی‌دا. بەپێی هەفتەنامەی بهمن: "زۆری ژمارەی ئەو كەسانەی كە سەلاحیەتیان تەئید نەكراوە، سنووردار تر كردنی بازنەی هەلبژاردنی خەلكە. لە هەل و مەرجیكی لەو جۆرەدا دەنگدەران هەلیكی سنووردارتریان لەبەردەستدایە بۆ هەلبژاردنی مەیل و بەرنامە جیاوازەكانی ئابووری و كۆمەلایەتی. هەر بۆیە ئەو كەسانەی كە سەلیقەو هەستی خۆیان لەناو فەهرەستە تەئیدكراوەكاندا نابیننەوە، ئارەزوویەكی كەمتریان دەبێت بۆ بەشداری لە (هەلبژاردندا) ئەم بلاوكراوەیە لە درێژەی نووسینەكەیدا ئەم هەنگاوەی بە "كەم و كورتی لە رەوتی پەرەپێدانی سیاسی و كۆسپێك لەسەر رێگەی پەرەپێدانی هەمەلایەنەی ئێران" وەسف كردووەو درێژەی دەداتێ ئەوەی كە (٤٠٪)ی داواكارانی خۆ هەلبژاردن بۆ پەرلەمان لەلایەن (شورای نگهبان)ەوە پەسەند نەكران "مایەی نیگەرانی و ئاراستەكردنی پرسیاری جدی‌یە لەم بارەیەوە"[٤٤٣] عەتا ئەللای مهاجرانی بە ئاماژە بۆ ئەوەی كە بەشداریی خەلك لە پێكهاتەی سیاسی ولاتدا نابێ بەشێوەی رووكەش بێ، بۆ بەشداری خەلك بەسێ خال قایلە، كە بەم شێوەیەی خوارەوە ریزبەندیان دەكات:

ئەلف: هوشیاری خەلك دەربارەی مەسەلەی بەشداریی، بۆ نموونە رۆلی پەرلەمان، ئەرك و دەسەلاتەكانی پەرلەمان بە باشی بزانێت و لە دەرفەتیكی لۆجیكی و گونجاودا ئەوە دەست نیشان بكەن كە چ كەسانێ سەلاحیەتی نوینەرایەتیان هەیە.

ب-دەسەلات و توانای هەلبژاردنی كەسانی باشتر، بەشێوەیەك كە خەلك گومان لەوە نەكەن كە داواكارانی شایستە ناتوانن خۆیان هەلبژێرن، یان ئەگەر خۆیان

---

[٤٤٢] همان، شماره ١، ٧٤/١٠/١٦، ص٦.

[٤٤٣] همان، شماره ٩، ٧٤/١٢/١٢، ص٣.

هەڵبژارد بیرۆكراسی لیكۆڵینەوەی سەلاحیەتی كاندیدا، بواری دەنگدانی خەڵك تەسك دەكاتەوە.

ج-دلسۆزی و چاودیری كردن بۆ مەسەلەی بەشداریی[٤٤٤].

٤-ئازادی:

عەتا ئەللای مهاجرانی باوەری بە مامەلە هەیە شان بە شانی ئاسانكاری لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەكان و بە دروست بوونی كەش و هەوایەك قایلە كە "حورمەت و متمانەی خاوەن بۆچوون و ئەندیشە بپاریزرێ" و بواری خستنە رووی بۆچوون و ئەندیشەكان هەبێ "لە هەمان كاتدا رەنگە رای بەرامبەر رەت بكریتەوە" مهاجرانی دژی ئەوەیە كە "جیاوازی بۆچوون و سەلیقە بكریت بە بنەمای داوەری و هەر رۆژەی كەسیك یان گروپیك بخریتە كەنارەوە" و تەئكید لە كەلك وەرگرتن لە توانای "هەموو كەس و گروپەكان لە پەرەپیدانی بیناكردنەوە"دا دەكاتەوە[٤٤٥]. هەفتەنامەی بهمن یش لەم بوارەدا تەئكیدی لە پاراستنی (حەرەمی خاوەن بۆچوون و بیرمەندانی كۆمەڵ" كردۆتەوەو (شكاندنی ئەم حەرەمەی هەر رۆژە بە بیانویەكەوە" بە فاكتەریك زانیووە كە (بەدی هینانی) پەرەپیدان و دادپەروەری كۆمەلایەتی و جیگایەكی پیویست لە جیهاندا بۆ ئیران دەكات بە خەیالیكی مەحال"[٤٤٦]. ئەم گروپە باوەری بە ئازادی خستنەرووی بۆچوونە جیاوازەكان هەیە لە كۆمەڵدا. هەفتەنامەی (بهمن) "هەولدان بۆ تاك بیری و.. گەرانەوە بۆ كۆمەلگای سەرەتایی بەبیری قالبی ستانداردكراو" رەت دەكاتەوە"[٤٤٧].

گروپی كارگوزاران تەئكید لە ئازادی چاپەمەنی دەكاتەوەو دژی بەكارهینانی فشارو سنووردارکردنی چاپەمەنیەو رەخنە لە پوچەڵ كردنەوەی مۆڵەتی بلاوكردنەوەی چاپەمەنی دەگریت. هەفتەنامەی بهمن دەنووسیت: "یاسای چاپەمەنی رای لەسەر مانەوەی بلاوكردنەوەی بلاوكراوەكان داوەو جگە لە دوو حالەتی تایبەتی ئەگەری پوچەڵ كردنەوەی دوسێی بلاوكردنەوەی بلاوكراوەكانی نەهیشتۆتەوە. فراوانكردنی پوچەڵ كردنەوەی ئیمتیازی بلاوكراوەكان، نەریتیكی باش نیيەو لەگەڵ

---

[٤٤٤] همان، شماره ٨، ٧٤/١٢/٥، ص٢.

[٤٤٥] هفتەنامە بهمن، شماره ١، ٧٤/١٠/١٦، ص٢.

[٤٤٦] همان، شماره ١٧، ٧٥/٢/٨، ص٢.

[٤٤٧] همان.

بنچینەو ڕێگاکانی مافی چاپەمەنی و مافی پاداشت وەرگرتن نەك تەنها ناگونجی بەلکو دژیشی دەوەستیتەوە"[٤٤٨].

هەروەها ئەم گروپە خوازیاری ئامادەبوونی بەهێزی چاپەمەنییە لە مەیدانی سیاسی ولآتدا و باوەری بەوە هەیە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەوری چاودێر ببینن نەك هەرشتەکان عەکس بکەنەوە.

هەفتەنامەی بهمن دەنووسیت "لە کۆمەلدا، هێشتا دەزگاکانی ڕاگەیاندن توانای پێویست یان بەدەست نەهیناوە.. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆچوونیان سەبارەت بە خۆیان ئەوەیە کە دەبێ دەوری عەکس کردنەوە ببینن بەلام کەمتر خۆیان بە بەرپرس لە لیکۆلینەوە دەزانن کە دەتوانن سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلّ لیکۆلینەوە بکەن و کەم و کورتیەکان ئاشکرا بکەن. بۆچوونی دەزگاکانی جێبەجێکردن سەبارەت بەم جۆرە ڕاگەیاندنە، ئەوەیە کە چالاکیەکانی ئەوان عەکس بکاتەوە. دەزگاکانی جێبەجێکردن کۆسپێکی زۆر لە ڕێگەی گەیشتنی هەوالّ بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دروست دەکەن"[٤٤٩].

**٥-ناردنە دەرەوەی شۆڕش:**

گروپی کارگوزاران لە جیاتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بایەخ بە ناوخۆ دەدات و باوەری بە بیناکردنی ولآت و نیشاندانی ئەو نموونەیەیە بە جیهان، هەفتەنامەی بهمن لەم بارەیەوە دەنووسیت: "کاریگەرترین ڕیگە بۆ کاریگەری لەسەر هەموو ولآتەکان لە جیهانی ئیستادا نموونەکارییە. تەنها ولآتیك لە هەل و مەرجی فیعلیدا دەتوانیت ئامانج و بەهاکانی خۆی بەجیهاندا بلآوبکاتەوە کە بتوانێ ئەوە نیشان بدات لەبەر ڕۆشنایی بەدیهاتنی بەهاکانیدا، گەل بە ئاستیکی باش لە خۆشگوزەرانی گەیشتووە و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەلآیەتی، بەشداری سیاسی و ئازادییەکانی تاکەکەس بەدی هاتوون"[٤٥٠]

## ب-بۆچوونەکانی سەبارەت سیاسەتی دەرەوە:

١-پرانسیپەکانی سیاسەتی دەرەوە:

---

[٤٤٨] همان، شماره ٧، ٧٤/١١/٢٨، ص٩.

[٤٤٩] همان، شماره ٨، ٧٤/١٢/٥، ص٣.

[٤٥٠] هفتەنامه بهمن، شماره ٩، ٧٤/١٢/١٢، ص٢.

بە حسابکردن بۆ ئەوەی کە گەشەکردن و پەرەپیدانی ئابووری لە ئامانجە سەرەکیەکانی گروپی کارگوزارانی سازندەگییە. ئەم باڵە وەکو وەسیلەیەك بۆ بەدەست هینانی ئامانجەکان لە سیاسەتی دەرەکی دەروانێ. لەم پیناوەدا "نەهیشتنی گرژی لە پەیوەندی دەرەکیدا، باشکردنی رەفتاری سیاسی بۆ راکیشانی سەرمایە، هەوڵدان بۆ گۆرینی مامەڵەی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی لە بەرامبەر رەفتارە سیاسیەکانی ئیرانداو گۆرینی روخساری نیودەوڵەتی ئیران" ئەمانە بە سەرەتاکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم باڵە دەژمیردرین"[٤٥١]

**٢- پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا:**

ئەم گروپە خراپیەك لە دروست کردنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا نابینێ. مەرعەشی کە یەکیکە لە ئەندامانی ئەو گروپە دەڵیت "پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا بە قازانجی ئیمەیە چونکە ناتوانین بە ئاسانی نەوتەکەمان بە وڵاتانی دەرەوە بفرۆشین.. پەیوەندی بازرگانی و ئابووری هیچ جۆرە ناکۆکیەك لەگەڵ بەربەرەکانی ئەمریکادا دروست ناکات"[٤٥٢].

سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکادا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی هەردولا، وا دیارە ئەم گروپە دژی ئەوە نییە، بەڵام لە حالی حازردا لەبەر ئەوەی رابەری شۆرش دژی ئەوەیە، ئەم گروپەش دژی دەوەستیتەوە. عەتا ئەڵلای مهاجرانی لەم بارەیەوە دەڵیت "من باوەرم وابوو وەکو وڵاتی ڤیتنام کە هاوزەمان لەگەڵ شەردا لەگەڵ ئەمریکا، لە جنیف گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد، یان گفتوگۆی ئیمام حسین (س) لەگەڵ فەرماندەی سوپای یەزید، یان گفتوگۆی حەزرەتی عەلی (س) لەگەڵ معاویە، دەتوانین داخوازییەکانمان بلیین. بەشیوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەگەڵ دوژمندا دژی بەهانەیە بەڵام کاتیك کە مەقامی موعەزەمی رابەری خەتی سووریان فەرموو، من ئیتر رای خۆم دەرنەبری"[٤٥٣].

---

[٤٥١] روزنامه اخبار، ٧٤/٩/١٤، ص٢، گفتوگۆ با کاظم پور اردبیلی.

[٤٥٢] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٤١، ٧٤/٣/٣٠، ص٣.

[٤٥٣] هفتەنامه صبح، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٥، ص٤.

موحسینی نور بەخشیش کە یەکێکە لە ئەندامە سەرەکیەکانی ئەم گروپە تەئکیدی لە "دروست کردنی پەیوەندی سالم و دۆستانەو بەرفراوان کردۆتەوە لەگەڵ هەموو وڵاتەکاندا بیجگە لە ئەمریکاو ئیسرائیل"[٤٥٤].

[٤٥٤] روزنامه اطلاعات، ٧٤/١١/٣٠، ص٢.

## كورتەی بۆچوونە سیاسیەكانی گروپی كارگوزارانی سازندەگی ئێران

١-پسپۆری جیاكردنەوەی ئەرك و دامەزراوە سیاسیەكان و دروست كردنی بەشیك بۆ ئەم ئەرك و دامەزراوانە.

٢-زیادكردنی بەشداری گشتی لە رەوتی هەلبژاردنی كاربەدەستان و هەلبژاردنی هیلی سیاسی.

٣-سەراپاگیری ململانێی مەعنادارو ئاشتیخوازانە لەنیوان كەس و گروپە ریكخراوەكاندا بۆ سەقامگیركردنی مەقامی دەولەتی لەناو پیكهاتەی سیاسیدا.

٤-بەرگری لە مافی چاپەمەنیو فراوانكردنی بازنەی ئازادییان.

٥-هەولدان بۆ خولقاندنی كەش و هەوایەكی پر چالاكی، پر ئەندیشەو یارمەتیدەر بۆ بەشداری هەموو خاوەن بیروراكانی وەفادار بە دەستووری كۆماری ئیسلامی ئیران بەرەو ئاراستەكردن و شیكردنەوەی مەسەلەكان دۆزینەوەی ریگە بۆیان.

٦-"هەولدان بۆ سەقامگیركردنی كۆمەلگایەك كە ئاین تیایدا داوەر بیت و بەشیوەیەك مامەلە كردن لەگەل ئایندا كە رەسەنیتی و دلسۆزی و بەتوانایی و حسابكردن بۆ پیویستیەكانی رۆژگاری لەگەل خۆیدا هەلگرتبێ"[٤٥٥].

٧-دووركەوتنەوە لە گرژی لە پەیوەندی دەرەكیدا.

بۆچوونە ئابوورییەكانیگروپی كارگوزاران

تایبەتمەندی سەرەكی هەلویستە ئابوورییەكانی گروپی كارگوزاران دەتوانری بە گەشەكردن و پەرەپیدانی ئابووری خیرا لە قەلەم بدرێ، هەلویستە ئابوورییەكانی ئەم گروپە لە پیناوی هەمان ئامانجدایە، كە لەم میحوەرانەی خوارەوەدا ریزبەندی دەكریت:

### ١-تایبەتی كردنی یەكە ئابوورییەكان:

گروپی كارگوزاران پشتیوانی "لە تایبەتی كردنی یەكەكانی ئابووری" دەكات و باوەری وایە بەم هەنگاوە "كاراییەكان بەرز بۆتەوەو داهینان و نویخوازی تیایاندا زیاد دەكات" كارگوزاران ئەم وەزعە بە بالادەستی (كەش و هەوای ركابەری بنیات نەر

---

[٤٥٥] هفتەنامه بهمن، شماره ١٦، ٧٥/٢/١، ص٧.

بەسەر ئابووری ولاتدا" وەسف دەكەن كە دەتوانیت "بەرژەوەندی بەكاربەران دابین بكات"[٤٥٦].

**٢-بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای پیشكەوتوو:**

بە حسابكردن بۆ ئەوەی ئەم گروپە گەشەكردن و پەرەپیدانی خیرای ئابووری كردووە بە ئامانجی خۆی، لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا كە لە پیشەسازیدا تەئكید لە بەكارهێنانی بەرفراوانی هیزی كاردەكاتەوە، بایەخ بە بەكارهێنانی تەكنەلۆجیای پیشكەوتوو دەدات. چونكە باوەری وایە لە جیهانیكدا كە بەخیرایی بەرەو پیشەوە دەروات، بۆ دوانەكەوتن لە كاروانی پیشكەوتن، جگە لە بەكارهێنانی تەكنەلۆجیای مۆدیرن چارەیەكی دیكە نییە. بەم پییە لەو شوینەدا كە قسە لەسەر هیزی مرۆیی دەكری "چۆنیەتی هیزی مرۆیی" باس دەكات.

بلاوكراوەی بهمن لە نووسینیكدا دەربارەی "زیادكردنی ماوە دریژی هەل و مەرجی بەرهەم هینانی كۆمەل" تەئكید لە زیادكردنی هەلومەرجی بنیات نراو لەسەر بەكارهینانی تەكنەلۆژیای پیشكەوتوو" دەكاتەوە[٤٥٧]. هەروەها مرتەزای ئەلویری كە یەكیك بوو لە كاندیدەكانی كارگوزارانی سازندەگی ئیران لە هەلبژاردنی خولی پینجەمی پەرلەماندا تەئكیدی لەو خالە كردەوە كە "ئیران بۆ پەرەپیدان پیویستی بە تەكنەلۆجیای پیشكەوتوو هەیە"[٤٥٨].

**٣-گۆرینی بنەما ئابوورییەكان:**

بەپیی هەفتەنامەی بهمن، كارگوزاران بایەخ بە "گۆرینی بنەما ئابوورییەكان" دەدات لە بەرامبەر حسابكردن بۆ چارەسەركردنی كیشە ئابوورییە هەست پیكراوەكان و دەرمان كردنی بە پەلەی" كیشەكاندا.

ئەم بلاوكراوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لە بواری رووبەرووبوونەوەی كیشە ئابوورییەكانی ئیراندا دوو تیور لە ئارادایە:

---

[٤٥٦] هفتەنامە بهمن، شمارە ٥، ٧٤/١١/١٤، ص١-٧.

[٤٥٧] همان، ص٧.

[٤٥٨] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٣٩، ٧٥/٥/٧، ص١٢ بە نقل از روزنامە اطلاعات بین المللی.

"گروپیك زیاتر حساب بۆ كیشە هەست پێكراوەكان دەكەن و داوای چارەسەری بەپەلەی كیشەكان دەكەن وەكو هەلئاوسان، لە كاركەوتنی هەندێك لە هۆیەكانی بەرهەم هینان، لاسەنگی تەرازووی پیدانی دەرەكی" گروپی دووەم بایەخ بە كیشە هەست پێنەكراوەكان و كیشە بنچینەییەكانی وەكو نزمی پاشەكەوت و سەرمایەگوزاری تاكەكەس و دوچەندانەیی پاشكەوتنی تەكنەلۆجیایی" دەدەن و بەدوای گۆرینی ژێرخان و چالاك كردنی بنەما ئابوورییەكانی ئیراندا دەگەرین" بەپێی هەفتەنامەی بهمن، گروپی كارگوزارانی سازندەگی ئیران هەلگری بۆچوونی دووەمەو (بەشوین چاكردنی بنەما ئابوورییەكان دەگەرێ"[٤٥٩].

### ٤- پەرەپیدان:

گروپی كارگوزاران پەرەپیدان بە ئامانجی سەرەكی بەرنامەی ئابووری خۆی دەزانێ. غولام حسینی كەرباسچی كە یەكێكە لە ئەندامانی دامەزرینەری ئەم گروپە دەلیت: "ئامانجی سەرەكیمان، پەرەپیدانەو بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش رەنگە لە هەر قۆناغیكدا تاكتیكیكی تایبەتی بەكاربێ" كەرباسچی دریژەی دەداتێ: "لۆجیكی كارگوزاران ئەوەبوو كە دریژەدان بە بیناكردنەوەی ولات وەكو سەرەكی ترین ریگە بۆ دریژە دان بە بەربەرەكانی ولات لە بەرامبەر دوژمنانی ناوخۆو دەرەوەدا ئاراستە دەكرێ"[٤٦٠] هەروەها كەرباسچی لە چاوپێكەوتنیكی دیكەدا دەلیت: "..بەرنامەی ئیمە ئەوەیە كە رەوتی پەرەپیدان خیرا بكرێ چونكە ئیمە هەرچەندە لە پیوەرەكانی نیودەولەتی نزیكتر ببینەوە دەتوانین سەربەخۆیی ولات تەئمین بكەین"[٤٦١] كارگوزاران لە بەیاننامەی خۆشیدا "پەرەنەسەندن" بە "مەترسیەك" وەسف دەكات كە هەرەشە لە شۆرش و نیزام دەكات[٤٦٢]. لەم رووەوە بلاوكراوەی بهمن لە نووسراویكیدا بە بەراوردكردنی "ركابەرانی كۆن خوازو موحافیزەكار" لەگەل كارگوزاراندا، كارگوزاران سەر بە "بەرەی پەرەپیدان خوازان" دەزانیت[٤٦٣].

[٤٥٩] هفتەنامە بهمن، شمارە ٤، ٧٤/١١/٧، ص٧.
[٤٦٠] روزنامە اطلاعات، ٧٤/١٢/١٦، ص١٢.
[٤٦١] همان، ٧٥/١/٢٩، ص٧.
[٤٦٢] اولین بیانیە كارگزاران سازندگی ایران.
[٤٦٣] هفتەنامە بهمن، شمارە ٤، ٧٤/١١/٧، ص٧.

**٥-ئابووری منافەسە:**

گرووپی کارگوزاران لە بەرامبەر ئابووری دەوڵەتیدا باوەری بە ئابووری منافەسە هەیە. بڵاوکراوەی بهمن لەم بارەیەوە دەنووسێت "ئەگەر بەراستی خوازیاری ئابووری رکابەرین بەکارایی و چالاکیەکی بالاوە پیویستە رووبەرووی هەر جۆرە پاوانکارییەکی ئابووری ببینەوە"[٤٦٤].

**٦-کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی:**

بە حسابکردن بۆ ئەوەی کە ئامانجی گرووپی کارگوزاران گەشەپیدان و پەرەپیدانی خێرای ئابوورییە، کەڵك وەگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی بۆ ئێران بەوە دەزانێت کە قابیلی دەست بەردار بوون نییە. بەپێی بڵاوکراوەی بهمن "کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دارایی، ئاسانکاری و سەرمایەگوزارییە دەرەکییەکان لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا، هەم لەو وڵاتانەدا کە لە گەشەکردندان و هەم لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، مەسەلەیەکی ئاساییەو کاری پێ دەکرێ. بەتایبەتی لەو ئابوورییانەدا کە لە دروست کردنەوەو پەرەپیدان ئەم کارە نەك تەنها بە لوجیکی ئابووری قابیلی ئاراستەکردنە، بەڵکو لە هەندێ لایەنەوە بە کردەوە قابیلی خۆ لێ لادان نییە" لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گرووپە "کەڵك وەرگرتن (بەکارهینان)ی بێ قەیدو شەرت و بێ دیسپلینی دارایی لە قەرزو ئیعتباراتی دەرەکیدا مەحکوم بە شکست دەزانێت" و بە گشتی "سەرمایەگوزاری هاوبەشی دەرەکی بە بەراورد لەگەڵ وەرگرتنی متمانە (اعتبار)ی دەرەکی.. بە پەسەندتر" دەزانێت[٤٦٥]. کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی بەلای کارگوزارانەوە هێندە بایەخی هەیە کە مرتەزا ئەلویری کە یەکێك بوو لە کاندیدەکانی ئەم گرووپە لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا، هێنانی سەرمایەی ئەو ئێرانیانەی کە باوەریان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە بۆ سەرمایەگوزاری لە وڵاتدا بەبێ سەرئێشە دەزانێت و باوەری وایە کە بە نیسبەت سەرمایەگوزاری دەرەکیەوە باشترە[٤٦٦].

---

[٤٦٤] همان، شماره ٥، ٧٤/١١/١٤، ص٧.

[٤٦٥] همان، شماره ١، ٧٤/١٠/١٦، ص٥.

[٤٦٦] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٣٠، ٧٥/٥/٧، به نقل از روزنامه اطلاعات بین المللی.

**کورتەی بۆچوونە ئابوورییەکانی کارگوزارانی سازندەگی ئێران:**

١-گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابووری، میحوەرو ئامانجی سەرەکی‌یە لە ئابووری‌داو لە سایەی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابووری‌دا توانای سەربەخۆیی و دادپەروەری هەیە.

٢-بۆ ئەوەی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بگەین، سەرەتا دەبێ گەشەکردنی ئابووری زیاد بکات. بەبێ گەشەکردنی ئابووری، داراییەك لە ئارادا نی‌یە بۆ دابەشکردن. بەرای ئەم گروپە "پێویستە ئابووری ئێران لە ماوەیەکی کورتدا لەنێوان رەونەقی زیاتر "گەشەپێدانی ئابووری" و جێگیری بەهاکاندا یەکێکیان هەلبژێری"[٤٦٧].

٣-ئەم گروپە باوەری بە تایبەتی کردنی یەکەکانی بەرهەم هێنان، ئازادی ئابووری، ریگەگرتن لە دەستێوەردانی دەولەت لە کاروباری ئابووری، ئابووری منافەسە هەیە و باوەری بە ئابووری دەولەت کەمترە.

٤-بایەخ بە کیشە هەست پێنەکراوو ژێرخانیەکانی ئابووری ئێران دەدات و هەولی گۆرینی ژێرخانی ئابووری ئێران دەدات.

٥-گروپی کارگوزاران لە بەرامبەر پیشەسازی بنیات نراو لەسەر هێزی کاردا داکۆکی لەبەرپاکردنی پیشەسازی بنیات نراو لەسەر تەکنەلۆجیای مۆدێرن دەکات.

٦-ئەم گروپە کەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی بۆ ئابووری ئێران کە لە ماوەی بیناکردنەوەدایە، بەوە دەزانێت کە ناکرێ خۆی لی لابدرێ و لەم پێناوەدا دورکەوتنەوە لە گرژی لە پەیوەندی دەرەکی‌دا گرنگی‌یەکی زۆری هەیە.

٧-بۆ بەدی‌هێنانی ئەو گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابوورییە مەبەستی گروپی کارگوزارانە، پەیوەستی بە بازاری جیهانی و هاوکاری نزیك لەگەڵ دەزگا ئابوورییە نێودەولەتیەکاندا، مەسەلەیەکە کە خۆی لی لا نادرێ. لە راستی‌دا ئەم نیزامی ئابوورییەی بەلای ئەم گروپەوە پەسەندە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری جیهانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەیە.

٨-ئەو ستراتیژی پیشەسازی‌یەی بەلای ئەم گروپەوە پەسەندە (پەرەپێدانی هەناردەیە) و ولاتانی باشووری خۆرهەلاتی ئاسیا وەکو کوریای باشوور، مالیزیا،

---

[٤٦٧] هفته‌نامه بهمن، شماره ٥، ٧٤/١١/١٤، ص١.

ئەندەنوسیاو ولاتانی ئەمریکای ناوەراست و باشوور وەکو مەکسیك، بەرازیل و ئەرجەنتین نموونەی ئابووری پەسەندە بەلای ئەم گروپەوە.

٩-له نیوان بەشەکانی ئابووریدا بەشی پیشەسازی ئەولەویەتی هەیەو بەشی سەرەکی سەرمایەگوزارییەکان پیویستە لەم بەشەدا ئەنجام بدریّ.

## ٣-٢-بۆچوونە فەرهەنگیەکانی گروپی کارگوزاران

باوەری ئەم گروپە بە کرانەوەی مەیدانی فەرهەنگی و پیویستی ئالوگۆری فەرهەنگی تایبەتمەندی سەرەکی بۆچوونە فەرهەنگیەکانی کارگوزارانە. دەتوانین ئەو سیاسەتە فەرهەنگیانەی بەلایانەوە پەسەندە لەم میحوەرانەی خوارەوەدا ریزبەندی بکەین:

١-بەکارهینانی سیاسەتی سانسۆر لەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەکان لەدوای بلاوبوونەوەیان، ئەم گروپە دژی سانسۆری دەولەتە لەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەکان (بەرهەم هینانی فیلم، نووسینی کتیب، رۆژنامە، بلاوکراوە) بەر له بلاوبوونەوەیان و ئەو سانسۆرە بە کۆسپیك دەزانیت لەبەردەم چالاکیە فەرهەنگیەکانداو پشتیوانی له سیاسەتی سانسۆر لەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەکان دەکات دوای بلاوکردنەوەیان. کارگوزاران له مەسەلەی فەرهەنگیدا باوەری بە (رۆلی رینمایی و بەرنامەریژی) دەولەت هەیە له جیاتی "دەرهینانی مۆلەت نامە" و (بیروکراسی دەرهینانی مۆلەت نامە) بە کۆسپیك دەزانیت کە "توانای هەر جۆرە بەرنامەریژی و بیرکردنەوەیەکی دریژخایەن لەناو دەبات کە بۆ چالاکی فەرهەنگی پیویستن"[٤٦٨] ئەم گروپە سەبارەت بە چالاکی فەرهەنگی باوەریان وایە کە سیاسەتی "هیچ پەیامیکی شایستە نابیّ له گویزانەوە بیّبەش بکریّ" پیویستە بکریتە بنەمای سیاسەت دارشتنی فەرهەنگی. ئەم سیاسەتە له بەرامبەر سیاسەتیکی دیکەدا کە دەلیّ: "هیچ پەیامیکی ناشایستە نابیّ بگویزریتەوە" دەخریتەروو.

بە باوەری بالی کارگوزاران پیادەکردنی سیاسەتی "هیچ پەیامیکی ناشایستە نابیّ بگویزریتەوە" چەند ئەنجامیکی وەکو ئەمانەی لی دەکەویتەوە "پەرەسەندنی لیپیچینەوە و کۆنترۆلی توند لەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەکان بەر له بلاوبوونەوە"، کەم بوونەوەی بەرهەمی فەرهەنگی لە ئەنجامی دریژەکیشانی رەوتە جیاوازەکانی

---

[٤٦٨] همان، شمارە١، ٧٤/١٠/١٦، ص٣.

لێپێچینەوە، زیادکردنی دەسەڵاتەکانی کاربەدەستانی رەسمی، دروست بوون و فراوانبوونی رەوتی فەرهەنگی رەسمی، فۆرم خوازی و بەرووکەش تەماشاکردن" لە کاتیکدا کە پیادەکردنی سیاسەتی "هیچ پەیامیکی شایستە نابێ لە گویزانەوە مەحروم بکرێ" "کەش و هەوای کراوەتری فەرهەنگی، زۆربوونی بەرهەم، کەم بوونەوەی رۆڵی لێپێچینەوەی دەولەت لە بواری فەرهەنگ، پەرەسەندن هەمەرەنگی و هەندێ جار چەند هیندەی فەرهەنگی" لێدەکەویتەوە[٤٦٩]. دامەزرینەرانی گروپی کارگوزاران لە تەکنوکراتەکان و ئەوانەن کە لە خۆرئاوا خویندنیان تەواوکردووە، هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی لە مامەلە کردن لەگەڵ گۆرانە فەرهەنگیەکاندا تێروانینیکی واقیعیان هەبێ.

هەفتەنامەی بهمن لە شەرح کردنی ئەو سیاسەتەدا کە بەلایەوە پەسەندە واتە "هیچ پەیامیکی شایستە نابێ لە گویزانەوە بێبەش بکرێ" دەنووسیت: "یەکەم هەموو ولاتان بە ناچاری بەرەو کۆمەلگای زانیاری فراوان مل دەنین کە دانوستانی ئازاد و زانیاری فراوان بەکەلك وەرگرتن لە تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن لە سیفەتەکانی ئەو ولاتانەیە. لە کاتیکدا کە درەنگ یان زوو کۆمەلگاکەی ئیمەش چەند پەیامیك رووی تێدەکات کە رەنگە لەرووی ناوەرۆکەوە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کۆك و تەبا نەبیت کە بەلای ئیمەوە پەسەندەو لە راستیدا لێپێچینەوەی ئیمە بۆ پیشگیری لە ناردنی پەیامە ناشایستەکان کارایی خۆی لەدەست دەدات. دووەم/ کۆمەلگای ئەمرۆی ئیمە کۆمەلگایەکە کە پیویستیەکانی جۆراوجۆر فراوانن، ئەو پیویستیانەی کەزۆربەیان لەبەر دواییە کۆمەلایەتی‌یەکان بەیەك شیوەی لەیەك چوو تیرنابن.. بە حسابکردن بۆ طەیفە فراوانەکانی پیویستیە فەرهەنگیەکان، هەر دیدگایەك کە بەرهەمی فەرهەنگی یان هەمەجۆری بەرهەمە فەرهەنگی‌یەکان لە ولاتدا کەم بکاتەوە لە کۆتایی‌دا دەبیتە هۆی ئەوەی کە تویژە جیاوازەکان بۆ دابین کردنی پیویستیەکانی خۆیان روو لە دەرەوەی سنوورە نیشتمانیەکان بکەن و ئەمەش خەرجیەکی زۆر قورسە. سێیەم/ ئەم مافە بنچینەییانەی کە لە دەستووری ئیمەدا هاتوون پرانسیپ لەسەر خاوینی دادەمەزرینێ و ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی هیچ پەیامیکی شایستە نابێ لە گویزانەوە بێبەش بێ گونجاو ترە"[٤٧٠].

---

[٤٦٩] همان، شمارە ٣، ٧٤/١٠/٣٠، ص٢.

[٤٧٠] هفتەنامە بهمن، شمارە ٣، ٧٤/١٠/٣٠، ص٢.

ئەم بڵاوکراوەیە بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی سانسۆر لەدوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمە فەرهەنگیەکان چەند پێشنیازێك بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتەروو:

١-ڕێکخستنی یاسایەکی بڵاوکردنەوەی کتێب پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە لە یاسای چاپەمەنیدا هاتوون.

٢-دروست کردنی دەست ەیەکی چاودێری و دەستەیەکی داوەری ڕاگەیاندن کە چاپەمەنی، سینەما، کتێب و کەناڵە تایبەتیەکانی ڕادیو تەلەفزیۆن کۆنترۆڵ بکات (کە دەرکەوتنیان بەم نزیکانە هێندە دوور نیيە)

٣-ڕوون کردنەوەی شوێنگەی یاسای بڵاوکردنەوەو نزیکی ناشران لەگەڵ دەولەتدا[2002]

**٢-زیادکردنی بەرهەم و هەمەڕەنگی فەرهەنگی**

گروپی کارگوزاران پشتیوانی لە زیادکردنی بەرهەم و هەمەڕەنگی فەرهەنگی دەکات، هەفتەنامەی بهمن لە نووسینیکیدا بە بۆنەی ئامادەبوونی کارگوزارانەوە لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا تەئکیدی لە پشتیوانی کەسە دیارەکانی کارگوزاران بۆ زیادکردنی بەرهەم و هەمەڕەنگی فەرهەنگی کردەوە لەگەڵ اراستنی ناسنامەی ئیرانی و ئیسلامیدا.[٤٧٢]

**٣-باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی هەیە :**

ئەم گروپە تەئکید لە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کەلك وەرگرتن لە لایەنە باشەکانی فەرهەنگەکانی دیکە دەکاتەوە. عەتا ئەڵلای مهاجرانی کە لە دامەزرێنەرانی گروپی کارگوزارانە باوەری وایە کە (فەرهەنگ بە پشت بەستن بە رسواکردن و دەرکردن دروست نابێت.. ئەگەر لە مەیدانی فەرهەنگدا ڕوانینی ئێمە بە تەواوی لەسەر ڕوخسارەکانی جیاوازی بێ و پێوەرەکانی ئێمە بە تەنها ئەوانە قبوڵ بکات کە لە سەداسەد بەلای ئێمەوە پەسەندن، لەو کەسە دەچین کە لە ئۆقیانووسدا بە ماسیە زیندەکان ڕازی بێت" مهاجرانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی فەرهەنگی لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا کە باوەری بە (سیاسەتی قەدەغەکردن) هەیە (سیاسەتی بێ خەمی) دەخاتە ڕوو. بەرای مهاجرانی لە هەل و مەرجی ئەمرۆی جیهاندا "لە بەرامبەر شەپۆلی بیرو دەنگ و وینەدا توانای دیوار دروست کردن نیيە" لەبەر ئەوە مهاجرانی بۆ

---

[٤٧١] همان، شماره ٤، ٧٤/١١/١٧، ص٣.

[٤٧٢] همان، ص٧.

رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی پیشنیازی "سەقامگیرکردنی بنەماکانی شۆرش بە سەقامگیرکردنی بنەما ئاینی- فەرهەنگیەکانی" خەلك دەکات[٤٧٣].

**٤-فراوانکردنی دام و دەزگا فەرهەنگیە تازەکان:**

ئەم گروپە لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا کە باوەری وایە دەبێ چالاکیە فەرهەنگیەکان لە چوارچیوەی مزگەوت و لەژیر کۆنترۆلی زانا ئاینییەکاندا بێ. بایەخ بە فراوانکردنی چالاکیە فەرهەنگیەکان لە مەیدانە جیاوازەکان لە قالبی دام و دەزگا تازەکاندا دەدات. دروست مەلبەندە فەرهەنگیەکان لەلایەن شارەوانی‌ی تارانەوە لە پیناوی فراوانکردنی چالاکیە فەرهەنگیەکاندایە کە (شارەوانی تاران لەژیر دەسەڵاتی کارگوزاراندایە).

## کورتەی بۆچوونە فەرهەنگیەکانی گروپی کارگوزاران

١-پشتیوانی کردن لە زیادکردنی بەرهەم و هەمەرەنگی فەرهەنگ لەگەڵ پاراستنی ناسنامەی ئیرانی -ئیسلامیدا.

٢-باوەریان بە ئالوگۆری فەرهەنگی هەیە.

٣-بوار رەخساندن بۆ گویزانەوەی پەیامە شایستەکان.

٤-زیادکردنی زەخیرەی زانیاری، و زیادکردنی گویزانەوەی و خیرایی رەوتی زانیاری.

٥-زیادکردنی توانای بەشداریی لە ژیانی فەرهەنگیداو دەست گەیشتن بە فەرهەنگ و شادبوون بە بەرهەمەکانی.

٦-زیادکردنی رادەی داهینان و نویخوزای فەرهەنگی.

٧-بە عەقڵ مامەلەکردن لەگەڵ مەسەلە فەرهەنگیەکاندا.

٨-پیادەکردنی سیاسەتی (سانسۆر لە دوای بلاوبوونەوە) لەسەر بەرهەمە فەرهەنگیەکان.

٩-دژایەتی کردنی دروست بوونی فەرهەنگی رەسمی و رەواج پیدانی.

١٠-بۆ رووبەرووبوونەوەی هیرشی فەرهەنگی لە جیاتی سیاسەتی قەدەغەکردن و تەمێ کردن تەئکید لە خاترجەمی خەلك دەکاتەوە.

١١-فراوانکردنی چالاکی فەرهەنگی لە چوارچیوەی دام و دەزگا تازەکانداو دژایەتی پاوانکردنی لە دەزگا کۆنەکانی کۆمەڵدا.

---

[٤٧٣] همان، شماره ١٣، ٧٥/٢/٨، ص٢.

# بەشی سێیەم

## بەراوردکردنی هەلویستی باله سیاسیەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئیراندا

### ١-٣-بەراوردکردنی بۆچوونە سیاسیەکان:

لە بەشی پیشوودا بە جیا هەلویستی هەریەکە لە باڵەکان سەبارەت مەسەلە سیاسیو ئابووری و فەرهەنگیەکان روون کرایەوە. لەم بەشەدا ئەم هەلویستانە لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکەین.

ئەلف: بۆچوونە سیاسیەکان

### ١-هەلبژاردنی وەلی فەقیە:

سەبارەت بەوەی کە خەلك لە دانانی وەلی فەقیهدا چ دەوریکیان هەیە باڵەکان دیدگای جۆراوجۆریان هەیە، هەندیکیان رۆلیك بۆ خەلك دانانین و هەندیکیان دانانی بە مەرجی هەلبژاردنی خەلکەوە دەبەستنەوە.

نەخشەی ژمارە ١ جیاوازی دیدگای باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات:

خشتەی ژمارە (١)

| باڵەکان | دەوری خەلك لە هەلبژاردنی وەلی فەقیهدا |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | خەلك دەوریان نی‌یە[٤٧٤] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | خەلك هەلی دەبژیرن[٤٧٥] |
| کارگوزاران | خەلك هەلی دەبژیرن[٤٧٦] |
| کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان | خەلك دەوریان نی‌یە. وەلی فەقیە لەلایەن خوداوە دانراوە دەوری خەلك چالاکی بەخشینە بەوە[٤٧٧] |
| پشتیوانانی حزبوللا | خەلك دەوریان نی‌یە[٤٧٨] |
| پـــــەیامی خویندکــــــار | خەلك هەلی دەبژیرن[٤٧٩] |

[٤٧٤] دو هفتە نامە عصرما، شمارە ٣٠، ٧٤/٩/٢٢، ص٨ سخنان محمد رضا مهدوی کنی.

[٤٧٥] همان، شمارە ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.

[٤٧٦] روزنامە همشهری، ٧٦/٢/١٦، ص١.

[٤٧٧] هفتەنامە ارزشها، شمارە ١٢، ٧٦/١/٢٥، ص٥.

[٤٧٨] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٢٥، ١٢/٢٧/ ٧٦، ص٣.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە دەوری خەڵك لە هەڵبژاردنی وەلی فەقیهدا، دەتوانین لە هیلکاریەکدا بەم شیوەیەی خوارەوە دایان بنیین[٤٨٠]:




## ٢-دەسەڵاتی وەلی فەقیه:

هەندێ لە باڵەکان دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه لە سنووری ئەوەدا دەبینین کە لە دەستووری کۆماری ئیران داهاتووە، بەڵام هەندیکی تر باوەریان وایە کە دەسەڵاتەکانی لە سەروو دەستوورەوەیە.

خشتەی ژمارە (٢) دیدگای هەریەکە لە باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٢)

| باڵەکان | دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه |
|---|---|
| –رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | لە سەروو دەستوورەوەیە[٤٨١] |
| –ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | لە سنووری دەستووردایە[٤٨٢] |
| –کارگوزاران | لەسنووری دەستووردایە[٤٨٣] |
| –کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | لە سەروو دەستوورەوەیە[٤٨٤] |
| پشتیوانانی حزبولڵا | لە سەروو دەستوورەوەیە[٤٨٥] |
| پەیامی خویندکار | لە سنووری دەستووردایە[٤٨٦] |

[٤٧٩] روزنامەهای ٧٥/٩/٦.

[٤٨٠] ئەم هیلکاریەو هیلکارییەکانی لاپەرەکانی داهاتوو لەسەر بنەما هەلویستی لەیەك چووی باڵەکان، دابەشکراوە لەم هیلکاریانەدا دووری یان نزیکی باڵەکان لەگەڵ یەکتریدا، گرنگ نییە.

[٤٨١] ویژەنامە جامعە روحانیت مبارز تهران بە مناسبت مرحلە دوم انتخابات دورە پنجم مجلس شورای اسلامی، ص٣٣.

به‌ سه‌رنجدان له‌ دیدگای باله‌كان سه‌باره‌ت به‌ ده‌سه‌ڵاته‌كانی وه‌لی فه‌قیه‌، ده‌توانین له‌ هیلكاریه‌كدا به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ دایان بنێین:




## ٣- به‌رپرسیاریی وه‌لی فه‌قیه‌ له‌ به‌رامبه‌ر خه‌ڵك دا :

هه‌ندێ له‌ باله‌كان باوه‌ریان وایه‌ كه‌ وه‌لی فه‌قیه‌ له‌ به‌رامبه‌ر خه‌لكدا به‌رپرسیاره‌، له‌ به‌رامبه‌ردا هه‌ندیكی تر له‌ باله‌كان باوه‌ریان وایه‌ كه‌ وه‌لی فه‌قیه‌ ته‌نها له‌ به‌رامبه‌ر خودادا به‌رپرسیاره‌.

خشته‌ی ژماره‌ (٣) دیدگای باله‌كان له‌م باره‌یه‌وه‌ نیشان ده‌دات

خشته‌ی ژماره‌ (٣)

| باله‌كان | به‌رپرسیاری وه‌لی فه‌قیه‌ له‌ به‌رامبه‌ر خه‌لكدا |
|---|---|
| رۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | به‌رپرسیار نی‌یه‌[٤٨٧] |
| ئه‌نجومه‌نی رۆحانیه‌ خه‌باتگیره‌كان و.. | به‌رپرسیاره‌[٤٨٨] |
| كارگوزاران | به‌رپرسیاره‌[٤٨٩] |
| كۆمه‌له‌ی به‌رگری له‌ به‌هاكان | به‌رپرسیار نی‌یه‌[٤٩٠] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | به‌رپرسیار نی‌یه‌[٤٩١] |
| په‌یامی خویندكار | به‌رپرسیاره‌[٤٩٢] |

[٤٨٢] دو هفته‌نامه عصرما شماره ٦٢، ٧٤/١١/٣، ص٤ و ٧. همچنین همشهری، ٧٥/١٠/٩، سخنان اسد الله بیات.

[٤٨٣] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این گروه است.

[٤٨٤] هفته‌نامه ارزشها، ویژه انتخابات، ٧٦/٢/٣١، ص٣.

[٤٨٥] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٠، ٧٤/٨/١٥، ص٢٠.

[٤٨٦] اظهارات طبرزدی ٧٦/٢/١٦.

[٤٨٧] روزنامه رسالت ٧٤/٤/١١/ ص١.

[٤٨٨] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ١، ص٧، همچنین روزنامه همشهری ٧٥/١٠/٩، سخنان اسد الله بیات.

به سه‌رنجدان له دیدگای باله‌كان سه‌باره‌ت به مه‌سئولیه‌تی وه‌لی فه‌قیه له به‌رامبه‌ر خه‌لكدا، ده‌توانین له هیلكارییه‌كدا به‌م شیوه‌یه‌ی خواره‌وه دایان بنیین.




## ٤-ته‌قدیس كردنی وه‌لی فه‌قیه:

هه‌ندێ له باله‌كان به جۆریك له ته‌قدیس قایلن بۆ وه‌لی فه‌قیهو له هه‌له به‌دووری ده‌زانن و ره‌خنه لی گرتنی به باش نازانن.، له به‌رامبه‌ردا هه‌ندێ بالی دیكه دژی ته‌قدیس كردنی وه‌لی فه‌قیهن و وه‌كو به‌رپرسه‌كانی دیكه‌ی كۆماری ئیسلامی ته‌ماشای ده‌كه‌ن.

خشته‌ی ژماه (٤) جیاوازی بۆچوونه‌كان له‌م باره‌یه‌وه نیشان ده‌دات

خشته‌ی ژماره (٤)

| باله‌كان | ته‌قدیس كردنی وه‌لی فه‌قیه |
|---|---|
| -رۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | رازی‌یه[٤٩٣] |
| -ئه‌نجومه‌نی رۆحانیه خه‌باتگیره‌كان و | رازی نی‌یه[٤٩٤] |
| -كارگوزاران | رازی نی‌یه[٤٩٥] |
| -كۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاكان | رازی‌یه[٤٩٦] |
| پشتیوانانی حزبوللا | رازی‌یه[٤٩٧] |
| په‌یامی خویندكار | رازی نی‌یه[٤٩٨] |

[٤٨٩] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری‌های این گروه است.

[٤٩٠] برداشت نگانده از مجموعه موضع گیری‌های این گروه است.

[٤٩١] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٥، ٧٤/١٢/٢٧، ص٣.

[٤٩٢] مصاحبه حشمت الله طبرزدی بابخش فارسی رادیو بی بی سی ٧٥/١٢/٢٢، برنامه شامگاهی.

[٤٩٣] روزنامه رسالت، ویژه‌نامه، ٧٤/١١/١٩.

[٤٩٤] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٧.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت (بە تەقدیس کردنی وەلی فەقیە*) دەتوانین لە هیلکارییەکدا بەم شیوەیەی خوارەوە دایان بنیین.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانانی حزبوڵا | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی | پەیامی خویندکار | کارگوزاران | ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و... |

**٥-مافی فەرمانرەوایی لە کۆماری ئیسلامیدا:**

هەموو باڵەکان مافی فەرمانرەوایی بە مافی خودا دەزانن، بەڵام هەندێ لە باڵەکان باوەریان وایە کە ئەم مافە بە خەلك سپیردراوە، لە روانگەی ئەم گروپانەوە، رای خەلك لە بریارەکاندا دەوری سەرەکی هەیە. لە بەرامبەر ئەمەدا گروپەکانی دیکە هیندە باوەریان بەرای خەلك نییە. خشتەی ژمارە (٥) جیاوازی بۆچوونەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات.

خشتەی ژمارە (٥)

| باڵەکان | مافی فەرمانرەوایی لە کۆماری ئیسلامیدا |
|---|---|
| -رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | لە خوداوە سەرچاوە دەگرێ[٤٩٩] |
| -رۆحانیە خەباتگیرەکان و | لە خەلکەوە سەرچاوە دەگرێ[٥٠٠] |
| -کارگوزاران | لە خەلکەوە سەرچاوە دەگرێ[٥٠١] |
| -کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | لە خوداوە سەرچاوە دەگرێ[٥٠٢] |
| پشتیوانانی حزبوڵلا | لە خوداوە سەرچاوە دەگرێ[٥٠٣] |
| پەیامی خویندکار | لە خەلکەوە سەرچاوە دەگرێ[٥٠٤] |

[٤٩٥] برداشت نگارنده از مجموع موضع گیری های این گروه است.

[٤٩٦] هفتەنامه ارزشها، شماره ١٤، ٧٦/١/٢٥، ص٦.

[٤٩٧] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ١٤، ٧٦/١/٢٥، ص٦.

[٤٩٨] اظهارات طبرزدی ٧٦/٢/١٦.

* لە دەقەکەدا نووسراوە "بەرپرسیاریی وەلی فەقیە لە بەرامبەر خەلکدا" دیارە هەلەیە -و-

به سه‌رنجدان له دیدگای باڵه‌کان سه‌باره‌ت به مافی فه‌رمانره‌وایی کۆماری ئیسلامی‌دا، ده‌توانین له هیلکارییه‌کدا به‌م شیوه‌یه‌ی لای خواره‌وه دایان بنیین:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | پشتیوانانی حزبوللا | کۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاکانی شۆرشی ئیسلامی | په‌یامی خویندکار | کارگوزاران | ئه‌نجومه‌نی رۆحانیه خه‌باتگیره‌کان و... |

## ٦-به‌رپرسیاریی کاربه‌ده‌ستان له کۆماری ئیسلامی‌دا:

هه‌ندیّ له باڵه‌کان کاربه‌ده‌ستانی کۆماری ئیسلامی ته‌نها له به‌رامبه‌ر خودادا به به‌رپرسیار ده‌زانن و هه‌ندیکی تر سه‌ره‌رای ئه‌وه له به‌رامبه‌ر خه‌لکیشدا به به‌رپرسیارییان ده‌زانن.

خشته‌ی ژماره (٦) جیاوازی بۆچوونه‌کان له‌م باره‌یه‌وه نیشان ده‌دات

خشته‌ی ژماره (٦)

| باڵه‌کان | به‌رپرسیاریی کاربه‌ده‌ستان |
|---|---|
| -رۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | له‌به‌رامبه‌ر خودادایه[٥٠٥] |
| -رۆحانیه خه‌باتگیره‌کان و | له به‌رامبه‌ر خه‌لکدایه[٥٠٦] |
| -کارگوزاران | له به‌رامبه‌ر خه‌لکدایه[٥٠٧] |
| -کۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاکان | له‌به‌رامبه‌ر خودادایه[٥٠٨] |
| پشتیوانانی حزبوللا | له‌به‌رامبه‌ر خودادایه[٥٠٩] |
| په‌یامی خویندکار | له‌به‌رامبه‌ر خه‌لکدایه[٥١٠] |

[٤٩٩] روزنامه رسالت ، ٧٤/٤/١٠، ص١.

[٥٠٠] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ١٩،٧٤/٤/٢١، ص٤، همچنین روزنامه سلام، ٧٥/١١/٧.

[٥٠١] روزنامه همشهری، ٧٥/١٢/١٦ن ص١.

[٥٠٢] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٢/٥، ص٢ سخنان محمد محمدی ری شهری.

[٥٠٣] اظهارات حسین الله کرم در ٧٦/١/٣١.

[٥٠٤] دوهفته نامه شلمچه، نیمه اول دی ٧٥، ص٣، مصاحبه طبرزدی با بی‌بی‌سی.

[٥٠٥] هفته‌نامه شما، شماره ٧، ٧٦/١/٢١، ص٧ همچنین روزنامه رسالت، ٧٤/٤/١٠، ص١ و روزنامه رسالت ٧٤/٤/١١، ص١.

بە سەرنجدان لە بۆچوونی باڵەکان سەبارەت بە بەرپرسیاریی کاربەدەستان لە کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین لە هیلکارییەکدا بەم شیوەیەی خوارەوە دایان بنیین.

رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانانی حزبوڵلا | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی | پەیامی خویندکار | کارگوزاران | ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و...

## ٧-چالاکی حزب:

هەندیَ لە باڵەکان تەئکید لە پیویستی چالاکی حزب دەکەنەوە لە نیزامی سیاسیدا و هەندیکی دیکە باوەریان بە دەوری حزب نییە.

خشتەی ژمارە (٧) جیاوازی بۆچوونەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٧)

| باڵەکان | چالاکی حزب |
|---|---|
| -رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | رازی لە چوارچیوەی وەلی فەقیهدا[511] |
| -رۆحانیە خەباتگیرەکان و | رازییە[512] |
| -کارگوزاران | رازییە[513] |
| -کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | رازی لە چوارچیوەی حزبوڵلادا[514] |
| پشتیوانانی حزبوللا | رازی نییە[515] |
| پەیامی خویندکار | رازییە[516] |

---

[506] دو هفته نامه عصرما، شماره ١٩، ٧٤/٤/٢١، ص٤.

[507] روزنامه همشهری، ٧٦/٢/١٦، ص١.

[508] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٢/٥، ص٢، اظهارات ری شهری.

[509] اظهارات حسین الله کرم در ٧٦/١/٣٠.

[510] اظهارات طبرزدی در ٧٥/٩/٦.

[511] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارز تهران ٧٥/١/٢٤، ص٢٨.

[512] دو هفتەنامه عصرما، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧ ص٣، همچنین هفتەنامه صبح، شماره ٣٦، ٧٤/٩/٢٨، ص٢ سخنان کرویی.

به سەرنجدان له دیدگای باڵەكان سەبارەت به چالاكی حزب له  نیزامی سیاسیدا، دەتوانین له هیلكارییەكدا بەم شیوەیەی لای خوارەوە دایان بنیین:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانانی حزبولڵا | كۆمەڵەی بەرگری له بەهاكانی شۆرشی ئیسلامی | پەیامی خویندكار | كارگوزاران | ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەكان و... |

## ٨-حكومەتی ئیسلامی و دیموكراسی:

هەندیٚ له باڵەكان له نیوان حكومەتی ئیسلامی و دیموكراسیدا  ناتەبایی نابینن. هەندیكی دیكه له باڵەكان باوەریان به سیفەتی تایبەتی و تایبەتمەندی حكومەتی ئیسلامی هەیەو حكومەتی ئیسلامی و دیموكراسی به ناتەبا دەزانن.

خشتەی ژمارە (٨) جیاوازی بۆچوونەكان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٨)

| باڵەكان | حكومەتی ئیسلامی دیموكراسی |
|---|---|
| -رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | ناتەبایە[٥١٧] |
| -رۆحانیه خەباتگیرەكان و | تەبایە[٥١٨] |
| -كارگوزاران | تەبایە[٥١٩] |
| -كۆمەڵەی بەرگری له بەهاكان | ناتەبایە[٥٢٠] |
| پشتیوانانی حزبولڵا | ناتەبایە[٥٢١] |
| پەیامی خویندكار | تەبایە[٥٢٢] |

[٥١٣] روزنامه ابرار، ٧٥/٩/١٣، ص٢، سخنان عطاء الله مهاجرانی.
[٥١٤] روزنامه اطلاعات، ٧٤/١٢/٣، ص١٢، سخنان ری شهری.
[٥١٥] هفتەنامه صبح، شماره ٤٢، ٧٤/١١/١٠، ص١٤.
[٥١٦] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٤٨، ٧٤/١٢/١٥، ص٣.
[٥١٧] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.
[٥١٨] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٢٣، ٧٤/٦/١٥، ص٣.
[٥١٩] برداشت نگارنده از مجهموعه موضع گیریهای این جناح است.

بە سەرنجدان لە دیدگای بالەکان سەبارەت بە حکومەتی ئیسلامی و دیموکراسی، دەتوانین لە هیلکارییەکدا بەم شیوەیەی لای خوارەوە دایان بنیین:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانانی حزبوللا | کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی | پەیامی خویندکار | کارگوزاران | ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و... |

**٩-تیروانین سەبارەت بە بالەکانی دیکە:**

هەندی لە بالەکان تیروانینیکی رەهایان هەیەو بالەکان بۆ ئسولی و نائسولی دابەش دەکەن، هەندی لە بالەکانیش تەواوی بالەکانیان لەناو نیزامدا قبولە.

خشتەی ژمارە (٩) جیاوازی دیدگاکان لەم بارەیەوە نیشان دەدا

خشتەی ژمارە (٩)

| بالەکان | تیروانین سەبارەت بە بالەکانی دیکە |
|---|---|
| -رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | بالەکانی دیکەیان قبوڵ نییە[٥٢٣] |
| -ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | بالەکانی دیکەیان قبولە[٥٢٤] |
| -کارگوزاران | بالەکانی دیکەیان قبولە[٥٢٥] |
| -کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان | بالەکانی دیکەیان قبوڵ نییە[٥٢٦] |
| پشتیوانانی حزبوللا | بالەکانی دیکەیان قبوڵ نییە[٥٢٧] |
| پەیامی خویندکار | بالەکانی دیکەیان قبولە[٥٢٨] |

[٥٢٠] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٢/٥، ص٢ سغنان ری شهری.
[٥٢١] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری‌های این جناح است.
[٥٢٢] مصاحبه نگارنده باحشمت الله طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.
[٥٢٣] بولتن جامعه روحانیت مبارز، شماره ٢١.
[٥٢٤] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٧٤/٦/١٥/٢٣، ص٤.
[٥٢٥] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.
[٥٢٦] روزنامه اطلاعات، ٧٤/١٢/٣، ص١٣.
[٥٢٧] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٩، ٧٥/٤/٧، ص٦، سخنان الله کرم.

بە سەرنجدان لە دیدگای بالەکان سەبارەت بە بەتەواوی بالەکان، دەتوانین لە هیلکارییەکدا بەم شیوەیەی لای خوارەوە دایان بنیین:

- رۆحانیەتی خەباتگیرو..
- پشتیوانانی حزبوللا
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی
- پەیامی خویندکار
- کارگوزاران
- ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و...

**١٠-جۆری حکومەت:**

هەندێ لە بالەکان باوەریان بە کۆماری ئیسلامی هەیە، لە بەرامبەردا هەندیکی دیکەیان چەند جۆریکی تایبەتی دیکەیان لە حکومەت قبولە.

خشتەی (١٠) جیاوازی دیدگاکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (١٠)

| بالەکان | جۆری حکومەت |
|---|---|
| -رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | حکومەتی عەدلی ئیسلامی بنیات نراو لەسەر حکومەتی سالحان (رۆحانیەکان)[٥٢٩] |
| -رۆحانیە خەباتگیرەکان و | کۆماری ئیسلامی[٥٣٠] |
| -کارگوزاران | کۆماری ئیسلامی[٥٣١] |
| -کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قایل بوونیکی سنووردار بەرای خەلك[٥٣٢] |
| پشتیوانانی حزبوللا | تاکەکەسی (وەلی فەقیە رۆلی سەرەکی هەیە)[٥٣٣] |
| پەیامی خویندکار | کۆماری ئیسلامی[٥٣٤] |

[٥٢٨] مصاحبه نگارنده باحشمت الله طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

[٥٢٩] هفتەنامه شما، شماره ٧، ٧٦/١/٢١، ص٧.

[٥٣٠] دو هفتەنامه عصرما، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص١ همچنین روزنامه سلام ٧٥/١١/٧.

[٥٣١] روزنامه همشهری ٧٦/٢/١٦، ص١.

[٥٣٢] روزنامه اطلاعات ٧٥/١٢/٥، ص٢، سخنان ری شهری.

[٥٣٣] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧ و شماره ٢٤، ٧٤/١٢/١٠، ص٥.

بــە ســەرنجدان لــە دیدگــای هەریــەك لــە بالــەكان ســەبارەت بــە جــۆری حكومــەت، دەتوانین لە هیلكارییەكدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە دایان بنێین:




## ١١-ئامانج گەرایی:

هەندێ لە باڵەكان ئامانج گەران و لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندیكی دیكە باوەڕیان بە شتی عەمەلی هەیە. (واتە حساب بۆ ئیستا دەكەن).

خشتەی ژمارە (١١) دیدگای هەریەكە لە باڵەكان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (١١)

| باڵەكان | ئامانج گەرا یان عەمەلی |
|---|---|
| -ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. | ئامانج گەرا[٥٣٥] |
| -ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگێرەكان و.. | ئامانج گەرا[٥٣٦] |
| -كارگوزاران | عەمەلی[٥٣٧] |
| -كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان | ئامانج گەرا[٥٣٨] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | ئامانج گەرا[٥٣٩] |
| پەیامی خوێندكار | عەمەلی[٥٤٠] |

[٥٣٤] اظهارات طبرزدی در ٧٥/٩/٦.

[٥٣٥] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.

[٥٣٦] دو هفتەنامه عصرما، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، ص١٣، سخنان كروبی، همچنین هفتەنامه مبین، شماره ٢٣١، ٧٥/٣/١٣، ص١.

[٥٣٧] براشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.

[٥٣٨] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٠/١٦، ص١٢، سخنان روح الله حسینیان، همچنین هفته نامه ارزشها، شماره ١٩، ٧٦/٢/٢٩، سخنان احمد پورنجاتی.

[٥٣٩] هفتەنامه صبح، شماره ٤٢، ٧٤/١١/١٠، ص٢.

[٥٤٠] مصاحبه نگارنده باحشمت الله طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

به سەرنجدان له ديدگاى باڵەكان سەبارەت به ئامانج گەرايى- عەمەلى، دەتوانين له هيلكارييەكدا بەم شيوەيەى لاى خوارەوە دايان بنيين:

| كارگوزاران | پەيامى خويندكاران | پشتيوانانى حزبوڵڵا | كۆمەڵەى بەرگرى لە بەهاكان | رۆحانيەتى خەباتگيرو.. | ئەنجومەنى رۆحانيە خەباتگيرەكان و... |
|---|---|---|---|---|---|

### ١٢-ئازادى:

سەبارەت به ئازادى دو ديدگا هەيه هەنديك وەكو (مافيكى خودايى و سروشتى) خەلك تەماشاى دەكەن. گروپيكى ديكه ئازادى به (ئيمتيازيك دەزانن كه حكومەت به خەلكى دەدات.

خشتەى ژمارە (١٢) جۆرى تيّروانينى باڵەكان سەبارەت بەم بابەته نيشان دەدات

خشتەى ژمارە (١٢)

| باڵەكان | روانين بۆ ئازادى |
|---|---|
| رۆحانيەتى خەباتگيرو.. | ئيمتيازه[٥٤١] |
| ئەنجومەنىرۆحانيه خەباتگيرەكان و.. | مافه[٥٤٢] |
| كارگوزاران | مافه[٥٤٣] |
| كۆمەڵەى بەرگرى له بەهاكان | مافه[٥٤٤] |
| پشتيوانانى حزبوڵڵا | ئيمتيازه[٥٤٥] |
| پەيامى خويندكار | مافه[٥٤٦] |

[٥٤١] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گيرى هاى اين جناح است.
[٥٤٢] دوهفتەنامه عصرما، شماره ١٨، ٧٤/٤/٧، ص٦.
[٥٤٣] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گيرى هاى اين جناح است.
[٥٤٤] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گيرى هاى اين جناح است.
[٥٤٥] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گيرى هاى اين جناح است.
[٥٤٦] هفتەنامه پيام دانشجو، شماره ٥٢، ٧٥/١/٢٨، ص١٢.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە ئازادی، دەتوانین لە هیلکارییەکدا بەم شیوەیەی لای خوارەوە دایان بنیین:

رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانانی حزبوللا | پەیامی خویندکار | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | کارگوزاران | رۆحانیە خەباتگیرەکان و..

**١٣-بەشداری سیاسی:**

هەندیك لە باڵەکان بەشیوەیەکی بنچینەیی و لە چوارچیوەی حزب و ریکخراوەکاندا لە بەشداری سیاسی خەڵك دەروانن، هەندیکی تر بەشیوەیەکی سەرەکی بەشداری سیاسی خەڵك لە بەشداریی لە ریپیوانەکان، نویژی هەینی و پشتیوانی لەبەرپرسان و ئەو جۆرە شتانەدا دەبیننەوە.

خشتەی ژمارە (١٣) جۆری تیڕوانینی باڵەکان سەبارەت بە بەشداریی سیاسی نیشان دەدات:

**خشتەی ژمارە (١٣)**

| باڵەکان | جۆری بەشداریی سیاسی |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | بنچینەییی نی یە[٥٤٧] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | بنچینەنی یە[٥٤٨] |
| کارگوزاران | بنچینەیی یە[٥٤٩] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | بنچینەیی یە[٥٥٠] |
| پشتیوانانی حزبوللا | بنچینەییی نی یە[٥٥١] |
| پەیامی خویندکار | بنچینەیی یە[٥٥٢] |

[٥٤٧] روزنامه رسالت، ٧٤/١١/١٩، ویژەنامە، سخنان محمد رضا مهدوی کنی.

[٥٤٨] دو هفتەنامه عصرما، شماره ٨، ٧٣/١١/٥، ص٢.

[٥٤٩] هفتەنامه بهمن، شماره ٨، ٧٤/١٢/٥، ص٢.

[٥٥٠] هفتەنامه ارزشها، شماره ١٤، ٧٦/١/٢٥، ص١١.

[٥٥١] ماهنامه يالثارات الحسين، شماره ٣٢، ٧٥/٩/١٥، ص١٠.

به سەرنجدان له دیدگای باڵەکان سەبارەت به شێوەیی بەشداری سیاسی دەتوانین له هیلکارییەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دایان بنێین.




## ١٤-ناردنه دەرەوەی شۆرش:

هەندێك لە باڵەكان پشتیوانی لە ناردنە دەرەوەی شۆرش دەكەن و لە بەرامبەر ئەمانەدا، ئەو باوەرە لە ئارادایە کە دەبێ ئێران بایەخ به ناوخۆ بدات و خۆی بکات به نموونەیەك و ئەم نموونەیە دەتوانێ به ناردنه دەرەوەی شۆرش تەواوبێ.

خشتەی ژمارە (١٤) جۆری تێروانینی باڵەکان سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی شۆرش نیشان دەدات.

خشتەی ژمارە (١٤)

| باڵەکان | ناردنه دەرەوەی شۆرش |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگێرو.. | پشتیوانی ئیدەکات[553] |
| رۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | پشتیوانی ئی دەکات[554] |
| کارگوزاران | دژیتی[555] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | پشتیوانی ئیدەکات[556] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | پشتیوانی ئیدەکات[557] |
| پەیامی خوێندکار | دژیتی[558] |

---

[552] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٣٧، ٧٤/٣/٢، ص٣.

[553] ماهنامە صبح، ژمارە ٦٤، آذر ٧٥، ص٢٦،

[554] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٢٦/ ٧٤/٧/٢٦.

[555] هفتەنامە بهمن، شمارە ٩، ٧٤/١٢/١٢، ص٢.

[556] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٣/ ٧٥/٩/١٣، ص١.

[557] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٢٥، ٧٤/١٢/٢٧، ص١.

به سەرنجدان له دیدگای باڵەكان سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی شۆڕش، دەتوانین له هیلكارییەكدا بەم شیوەی خوارەوە دایان بنێین.




## ١٥-سیاسەتی دەرەوە:

دەتوانین سیاسەتی دەرەوەی باڵەكان بۆ دوو دەستەی لیبراڵ و رادیكاڵ دابەش بكەین.

خشتەی ژمارە (١٥) جۆری تێڕوانینی باڵـەكان سـەبارەت بـە سیاسـەتی دەرەوە نیشان دەدات.

خشتەی ژمارە (١٥)

| باڵەكان | سیاسەتی دەرەوە |
|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگیرو.. | لیبراڵ بەڵام بە تێڕوانینیكی كۆنەوە[٥٥٩] |
| ڕۆحانیه خەباتگیرەكان و.. | رادیكاڵ[٥٦٠] |
| كارگوزاران | لیبراڵ[٥٦١] |
| كۆمەڵەی بەرگری له بەهاكان | رادیكاڵ[٥٦٢] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | رادیكاڵ[٥٦٣] |
| پەیامی خویندكار | لیبراڵ[٥٦٤] |

---

[٥٥٨] مصاحبە نگارندە باحشمت الله طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

[*] ئەم نیشانە لە ناوەراستدا دانرابوو دیارە هەڵەیە چونكە ئەگەر لە ناوەراستدا بێ ت باڵەكان دەبن بە ٣ بەرامبەر ٣ بەڵام وەك لە خشتەكەدا دەبینین ٢ بەرامبەر (٤)ن و-.

[٥٥٩] روزنامە اخبار، ٧٤/١٠/٣، محمد جواد لاریجانی.

[٥٦٠] برداشت نگارندە از موضع گیری های این جناح است.

[٥٦١] روزنامە اخبار، ٧٤/٩/١٤ سخنان كاظم پور اردبیلی.

[٥٦٢] هفتەنامە ارزشها، شمارە ١٠، ٧٥/١٢/١٣، ص٤.

به سەرنجدان له دیدگای بالەکان سەبارەت به سیاسەتی دەرەکی، دەتوانین له هیلکارییەکدا بەم شیوەیه دایان بنیین.




## پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا:

هەندێ له بالەکان هەر جۆره پەیوەندییەك لەگەڵ ئەمریکادا ڕەت دەکەنەوە، له بەرامبەردا دیدگای وا هەن که باس له دروست تەماس و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا دەکەن.

خشتەی ژماره (١٦) جوری تێڕوانیی بالەکان سەبارەت به تەماس و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا نیشان دەدات.

خشتەی ژماره (١٦)

| بالەکان | گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا |
|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگیرو.. | نارازیيه[٥٦٥] |
| ڕۆحانیه خەباتگیرەکان و.. | نارازیيه[٥٦٦] |
| کارگوزاران | رازیيه[٥٦٧] |
| کۆمەڵەی بەرگری له بەهاکان | نارازیيه[٥٦٨] |
| پشتیوانانی حزبوللا | نارازیيه[٥٦٩] |
| پەیامی خویندکار | رازیيه[٥٧٠] |

[٥٦٣] روزنامه کیهان، ٧٥/١١/٦، ص٢.
[٥٦٤] مصاحبه نگارنده با حشمت الله طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.
[٥٦٥] بولتن جامعه روحانیت مبارز، ویژه انتخابات، ٧٥/١/٢٤، ص٣٦.
[٥٦٦] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٣٠ /٧٤/٩/٢٢، ص٦.
[٥٦٧] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری هات این گروه است.
[٥٦٨] هفتەنامه ارزشها شماره ١٠ ٧٥/١٢/١٢، ص٤.
[٥٦٩] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، دەتوانین لە هێلکارییەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دایان بنێین.




**خشتەی خاڵە هاوبەشەکانی باڵەکان لە ١٦ میحوەری سیاسیدا**

**خشتەی ژمارە (١٧)**

| ناوینیشانەکان / باڵەکان | هەڵبژاردنی وەلی فەقیه | دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیه | مافی فەرمانڕەوایی لە کۆماری ئیسلامیدا | بەرپرسیاری کاربەدەستان لە کۆماری | بەرپرسیاری وەلی فەقیه لە بەرامبەر خەڵکدا | تەقدیس کردنی وەلی فەقیه | چالاکی حزب | حکومەتی ئیسلامی و دیموکراسی | ڕوانین سەبارەت بە باڵەکانی دیکە | جۆری حکومەت | ئامانج گەرایی | ئازادی | بەشداری سیاسی | ناردنە دەرەوەی شۆڕش | سیاسەتی خارجی | وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەبانگیرو.. | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − | + | − | − | + | − | + |
| کارگوزاران | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − | + | − |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | + | + | + | + | + | + | + + | − | − | − | + | − | − | + | − | + |
| پشتیوانانی حزبوڵلا | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + + | + | + | + | + | − | + |

---

٥٧٠ گفتوگۆی طبرزدی بابخش فارسی رادیو بی‌بی سی، ٧٦/٣/١٧، بخش شامگاهی.

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیامی خویندکار | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | + | – |

**نیشانه لەیەك چووەکان له هەر ستوونیکدا نیشاندەری لەیەك چوونی دیدگای بالەکانه لەو بوارەدا که ناونیشانەکەی له سەرەوەی ستونەکه نووسراوە.**

**خشتەی خاله جیاوازەکان له رووی هەلویسته سیاسیەکانەوه**

**خشتەی ژماره (١٨)**

| بالەکان | خالە جیاوازەکان | کۆی میحوەرەکان | خالی هاوبەش |
|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ رۆحانیه خەباتگیرەکان و.. | ١٣ | ١٦ | ٣ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ کارگوزاران | ١٦ | ١٦ | ٠ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ کۆمەلەی بەرگری له بەهاکان | ٥ | ١٦ | ١١ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ٣ | ١٦ | ١٣ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ پەیامی خویندکار | ١٦ | ١٦ | ٠ |
| رۆحانیه خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ کارگوزاران | ٤ | ١٦ | ١٢ |
| رۆحانیه خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ کۆمەلەی بەرگری له بەهاکان | ٨ | ١٦ | ٨ |
| رۆحانیه خەباتگیرەکان و .. لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ١٣ | ١٦ | ٣ |
| رۆحانیه خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ پەیامی خویندکار | ٤ | ١٦ | ١٢ |
| کارگوزاران لەگەڵ کۆمەلەی بەرگری له بەهاکان | ١٢ | ١٦ | ٤ |
| کارگوزاران لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ٦ | ١٦ | ٠ |
| کارگوزاران لەگەڵ پەیامی خویندکار | ٠ | ١٦ | ١٦ |
| کۆمەلەی بەرگری له بەهاکان لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ٥ | ١٦ | ١١ |
| کۆمەلەی بەرگری له بەهاکان لەگەڵ پەیامی خویندکار | ١٢ | ١٦ | ٤ |
| پشتیوانانی حزبوللا لەگەڵ پەیامی خویندکار | ١٦ | ١٦ | ٠ |

هەرچەندە ژمارەی ستوونە هاوبەشەكان لە ژمارە (١٦) نزیك تر بێ نیشانەدەری زیادبوونی خالە هاوبەشەكانی دیدگاكانەو هەرچەندە لە ژمارە (١٦) دوورتر بێ نیشانەدەری كەم بوونەوەی خالە هاوبەشەكانی دیدگا سیاسیەكانی بالەكانە.

بەراوردكردنی هەلویستی سیاسی بالەكان

-هەروەكو خشتەی (١٨) نیشانی دەدات گروپی كارگوزاران و پەیامی خویندكار لە رووی سیاسیەوە زۆرترین خالی هاوبەشیان هەیە.

-لە بەرامبەردا دوو بالی رۆحانیەتی خەباتگیرو پشتیوانانی حزبولـلا لەگەڵ گروپی كارگوزاران و پەیامی خویندكاردا لە رووی هەلویستی سیاسیەوە خالی هاوبەشیان نی‌یە.

-هەروەها بالی رۆحانیەتی خەباتگیر لەگەڵ پشتیوانانی حزبولـلا بە بوونی ١٣ خالی هاوبەش لە كۆی ١٦ میحوەری لیكۆلـراوە، لەرووی سیاسی‌یەوە دیدگایان لە یەكەوە نزیكە.

-دو بالی رۆحانیەتی خەباتگیرو رۆحانیە خەباتگیرەكان بەبوونی ٣ خالی هاوبەش لە كۆی ١٦ میحوەری لیكۆلـراوە لەرووی سیاسیەوە كەمیك لایەنی هاوبەشیان هەیە.

-بالی رۆحانیە خەباتگیرەكان لەگەڵ دوو گروپی كارگوزاران و پەیامی خویندكار لەرووی سیاسیەوە خالی هاوبەشی زۆریان هەیە (١٢ خالی هاوبەش لە كۆی ١٦ میحوەر لیكۆلراوە).

-گروپی كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان لەرووی سیاسیەوە لە بالی كۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیر نزیك ترە (١١ خالی هاوبەش لەكۆی ١٦ میحوەری لیكۆلـراوە) تا لە بالی رۆحانیە خەباتگیرەكانەوە (٨ خالی هاوبەش لەكۆی ١٦ میحوەری لیكۆلراوە).

-بالی رۆحانیە خەباتگیرەكان لەگەڵ پشتیوانانی حزبولـلادا لەرووی سیاسیەوە خالی هاوبەشی كەمیان هەیە (٣ خالی هاوبەش لە ١٦ میحوەری لیكۆلراوە).

-گروپی كارگوزاران لەگەڵ كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكاندا لەرووی سیاسیەوە خالی هاوبەشی كەمیان هەیە (٤ خالی هاوبەش لە كۆی ١٦ میحوەری لیكۆلراوە)

-گروپی کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ باڵی پشتیوانانی حزبولڵادا لەڕووی هەڵویستی سیاسیەوە خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە (١١ خاڵی هاوبەش لەکۆی ١٦ میحوەری لیکۆڵراوە)

-گروپی کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ گروپی پەیامی خویندکاردا لە رووی سیاسی خاڵی هاوبەشی کەمیان هەیە (٤ خاڵی هاوبەش لەکۆی ١٦ میحوەری لیکۆڵراوە).

دووری یان نزیکی هەڵویستی سیاسی باڵەکان لەم هیلکاریانەی خوارەوە نیشان دراوە:

**دووری و نزیکی هەڵویستی سیاسی باڵەکان لە هیلکارییەکاندا:**

**١-رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- رۆحانیەتی خەباتگیرو..
- پشتیوانانی حزبولڵا
- کۆمەڵەی بەرگری لەبەهاکان
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و..
- کارگوزاران پەیامی خویندکار

**٢-رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- رۆحانیە خەباتگیرەکان و
- پەیامی خویندکار کارگوزاران
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- رۆحانیەتی خەباتگیرو.. پشتیوانانی حزبولڵا

**٣-کارگوزاران لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- پەیامی خویندکار کارگوزاران
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و..
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- رۆحانیەتی خەباتگیرو.. پشتیوانانی حزبولڵا

**٤-کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان — ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. پشتیوانانی حزبوڵڵا — ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. — کارگوزاران پەیامی خویندکار

٥-لایەنگرانی حزبوللا لەگەڵ هەموو بالەکان

پشتیوانانی حزبوللا — ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. — کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان — کارگوزاران پەیامی خویندکار

٦-پەیامی خویندکار لەگەڵ هەموو بالەکاندا

پەیامی خویندکار کارگوزاران — ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. — کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان — ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. پشتیوانانی حزبوڵڵا

## ٢-٣-بەراوردکردنی دیدگا ئابوورییەکان

### ١-بەتایبەتی کردن:

هەندێ لە باڵەکان پشتیوانی لە بەتایبەتی کردنی ئابووری دەکەن، لە بەرامبەردا گروپیکی دیکە دژی ئەوەن. خشتەی ژمارە (١٩) جیاوازی بۆ چوونەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات.

خشتەی ژمارە (١٩)

| باڵەکان | بەتایبەتی کردن |
|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. | ڕازییە[٥٧١] |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | ناڕازییە[٥٧٢] |
| کارگوزاران | ڕازییە[٥٧٣] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | ڕازییە بەڵام بە بەشداری خەڵك بە گشتی[٥٧٤] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | ناڕازییە[٥٧٥] |
| پەیامی خویندکار | ناڕازییە[٥٧٦] |

[٥٧١] روزنامە کاروکارگر، ٧٥/٨/٢٣، محمد جواد لاریجانی.

[٥٧٢] دوهفتە نامە عصرما، شمارە ٩٥، ٧٥/١٢/١٦، ص٨.

بـه سـەرنجدان لـه دیدگـای بالـەکان سـەبارەت بـه تایبـەتی کـردن، دەتوانـین لـه هیلکارییەکدا بەم شیوەیەی خوارەوه دایان بنیین.




**٢-گەشه پیدانی ئابووری:**

هـەندێ لـه بالـەکان باوەریـان وایـه کـه گەشـەپیدانی ئـابووری ئەولەویـەتی یەکـەم نییه. له بەرامبەردا دیدگایەك هەیه که گەشەپیدانی ئابووری به ئەولەویەت دەزانیت.

خشتەی ژماره (٢٠) جیاوازی بۆچوونی بالەکان لەم بارەیەوه نیشان دەدا.

خشتەی ژماره (٢٠)

| بالەکان | گەشەپیدانی ئابووری ئەولەویەتی یەکەمه |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | نارازییه[٥٧٧] |
| رۆحانیه خەباتگیرەکان و.. | نارازییه[٥٧٨] |
| کارگوزاران | رازییه[٥٧٩] |
| کۆمەلەی بەرگری له بەهاکان | نارازییه[٥٨٠] |
| پشتیوانانی حزبوللا | نارازاییه[٥٨١] |
| پەیامی خویندکار | نارازییه[٥٨٢] |

---

[٥٧٣] هفتەنامه بهمن، شماره ٥، ٧٤/١١/١٤، ص١.

[٥٧٤] روزنامه اطلاعات، ٧٥/١٠/١٢، ص٣، سخنان احمد پورنجاتی.

[٥٧٥] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٢، ص٣.

[٥٧٦] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٥، ٧٣/٧/٤، ص٣.

[٥٧٧] روزنامه رسالت، ویژەنامه، ٧٤/١١/١٩، ص٥.

[٥٧٨] دوهفتەنامه عصرما، شماره ١٢، ٧٤/١/١٦، ص٢.

[٥٧٩] روزنامه اطلاعات، ٧٤/١٢/١٦، ص١٢، سخنان غلا محسین کرباسچی.

بەحسابکردن بۆ دیدگای باڵەکان سەبارەت بە پەرەپێدانی ئابووری، دەتوانین لە هێلکاریەکدا بەم شێوەی لای خوارەوە دایان بنێین.




**٣-دەست وەردانی دەوڵەت لە ئابووری:**

هەندێ لە باڵەکان پشتیوانی لە دەست وەردانی دەوڵەت دەکەن لە بواری ئابووریداو بە دەوری زاڵی دەوڵەت قایلن. لە بەرامبەردا گرووپێکی دیکە باوەڕیان بە دەستێوەردانی دەوڵەت نییە لە بواری ئابووریدا.

خشتەی ژمارە (٢١) جیاوازی بۆچوونی باڵەکان لەم بوارەدا نیشان دەدات

**خشتەی ژمارە (٢١)**

| باڵەکان | ڕۆڵی زاڵی دەوڵەت لە ئابووریدا |
|---|---|
| **ئەنجومەنی ڕۆحانیەتی خەباتگێرو..** | نارازییە[٥٨٣] |
| ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | ڕازییە[٥٨٤] |
| کارگوزاران | نارازییە[٥٨٥] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | نارازییە[٥٨٦] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | ڕازاییە[٥٨٧] |
| پەیامی خوێندکار | ڕازییە[٥٨٨] |

[٥٨٠] ماهنامه صبح، شماره ٤٧، ٧٤/١٢/١٥، ص٨، سخنان ری شهری.
[٥٨١] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧.
[٥٨٢] هفتەنامه پیام دانشجو، شماره ٢٠، ٧٤/١٠/٢٠، ص١٠.
[٥٨٣] ویژەنامه انتخابات جامعه روحانیت مبارز، ٧٥/١/٢٤.
[٥٨٤] دوهفتەنامه عصرما، شماره ٥٦، ٧٥/٨/٩، ص٥.
[٥٨٥] هفتەنامه بهمن، شماره ٥، ٧٦/١/١٤، ص١.
[٥٨٦] روزنامه اطلاعات ٧٥/١٢/٨، ص٢ سخنان ری شهری.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە دەستیوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا، دەتوانین لە هیلکاریەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دایان بنێین.




**٤-کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی:**

هەندێ لە باڵەکان وەرگرتنی قەرز لە سەرچاوە دەرەکیەکانەوە ڕەت دەکەنەوە، لە بەرامبەردا، دیدگای دیکە هەن کە باوەڕیان بە کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی هەیە.

خشتەی ژمارە (٢٢) جیاوازی دیدگای باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٢٢)

| باڵەکان | وەرگرتنی قەرز لە سەرچاوە دەرەکییەکان |
|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. | ڕازیە[٥٨٩] |
| ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | ڕازیەو مەرجی هەیە[٥٩٠] |
| کارگوزاران | ڕازیە[٥٩١] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | ڕازیەو مەرجی هەیە[٥٩٢] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | نارازایە[٥٩٣] |
| پەیامی خوێندکار | نارازیە[٥٩٤] |

[٥٨٧] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٣،٢٢/٧٤/١٠/٢٢، ص٥.

[٥٨٨] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٢٦، ٧٤/٢/٢٦، ص٦.

[٥٨٩] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ١، ٧٣/٧/٢٧، سخنان ناطق نوری.

[٥٩٠] همان، شمارە ٤٢، ٧٥/١/٢٩، ص٢.

[٥٩١] هفتەنامە بهمن، شمارە ١، ٧٤/١٠/١٦، ص٥.

[٥٩٢] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٦، ٧٥/١٠/١٥، ص٣.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە کەلك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی، دەتوانین لە هیلکاریەکدا بەم شیوەیە دایان بنیین.




**٥-ئابووری بازاری ئازاد:**

**هەندێ لە باڵەکان پشتیوانی لە ئابووری بازاری ئازاد دەکەن، لە بەرامبەردا، چەند باڵیك دژی دەوەستنەوە.**

**خشتەی ژمارە (٢٣) جیاوازی دیدگای باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات.**

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

| باڵەکان | ئابووری بازاری ئازاد |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | لەگەڵیتی[٥٩٥] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | دژیتی[٥٩٦] |
| کارگوزاران | لەگەڵیتی[٥٩٧] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | دژیتی[٥٩٨] |
| پشتیوانانی حزبوڵلا | دژیتی[٥٩٩] |
| پەیامی خویندکار | دژیتی[٦٠٠] |

---

[٥٩٣] براشت نگارندە از مجموعە موضع گیری های این جناح است.

[٥٩٤] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٣٢، ٧٤/١/٢٩، ص٨.

[٥٩٥] خبرگزاری رویتر، ٧٥/١١/٢٤، سخنان محمد جواد لاریجانی.

[٥٩٦] روزنامە کاروکارگر، ٧٥/٩/٢٨، سخنان منتخب نیا، همچنین دوهفتە نامە عصرما شمارە ١، ٧٣/٢/٢٧.

[٥٩٧] هفتەنامە بهمن، شمارە ٥، ٧٤/١١/١٤، ص٧..

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە ئابووری بازاری ئازاد، دەتوانین لە هێلکارییەکدا بەم شێوەی خوارەوە دایان بنێین.

رۆحانیەتی خەباتگیر.. | کارگوزاران | پەیامی خوێندکار | پشتیوانانی حزبوڵڵا | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | رۆحانیە خەباتگیرەکان و..

### ٦-داد پەروەری کۆمەڵایەتی:

هەندێ لە باڵەکان باوەڕیان وایە کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەولەویەتی یەکەمە. لە بەرامبەر دیدگای دیکە هەیە کە باوەڕی وایە هەتا گەشەپێدانی ئابووری نەبێ، سەرمایەیەك نیيە بۆ ئەوەی دابەش بکرێت.

خشتە ژمارە (٢٤) جیاوازی دیدگای باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٢٤)

| باڵەکان | دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەولەویەتی یەکەمە |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | لەگەڵیتی[٦٠١] |
| رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | لەگەڵیتی[٦٠٢] |
| کارگوزاران | دژیتی[٦٠٣] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | لەگەڵیتی[٦٠٤] |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | لەگەڵیتی[٦٠٥] |
| پەیامی خوێندکار | لەگەڵیتی[٦٠٦] |

[٥٩٨] بیانیه شماره ١، جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی.

[٥٩٩] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٢، ٧٤/١٠/٣، ص ٧..

[٦٠٠] اظهارات طبرزدی در ٧٦/٢/١٧.

[٦٠١] ویژنامه روزنامه رسالت، ٧٤/١١/١٩، ص٥، سخنان مهدومی کنی.

[٦٠٢] دوهفتەنامە عصرما، شماره ٦٥، ٧٥/١٢/١٦، ص٩، همچنین، شماره ٦٦، ٧٦/١/٢٣، سخنان کروبی.

[٦٠٣] روزنامه اطلاعات، ٧٤/٢/١٦، ص١٢، سخنان کرباسچی.

[٦٠٤] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری‌های این جناح است.

[٦٠٥] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٦.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەكان سەبارەت بە دادپەروەری كۆمەڵایەتی، دەتوانین لە هیلكاریەكدا بەم شیوەی خوارەوە دایان بنیین.

كارگوزاران | پەیامی خویندكار | پشتیوانانی حزبولڵا | كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان | ڕۆحانیەتی خەباتگیرو | ڕۆحانیە خەباتگیرەكان و..

## ٧- نموونەی ئابووری:

هەندێ لە باڵەكان لەو نموونەی ئابوورییەی بەلایانەوە پەسەندە، تەئكید لە خۆبژیوی (اكتفاء الذاتی) دەكەنەوە، لە بەرامبەردا، باڵەكانی دیكە، پەرەپیدانی هەناردەو پەرەپیدانی لەگەڵ بە سەرەكی دانانی بازرگانی، ئەو نموونانەیە كە بە لایانەوە پەسەندە.

خشتەی ژمارە (٢٥) جیاوازی دیدگای باڵەكان لەم بارەیەوە نیشان دەدات.

خشتەی ژمارە (٢٥)

| باڵەكان | نموونەی ئابووری |
|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پەرەپیدان لەگەڵ بە میحوەر دانانی بازرگانی[٦٠٧] |
| ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگیرەكان و.. | خۆبژیوی[٦٠٨] |
| كارگوزاران | پەرەپیدانی هەناردە[٦٠٩] |
| كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان | خۆبژیوی[٦١٠] |
| پشتیوانانی حزبولڵا | خۆبژیوی[٦١١] |
| پەیامی خویندكار | خۆبژیوی[٦١٢] |

[٦٠٦] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٥٠، ٧٤/١/١٢، ص٤.

[٦٠٧] ماهنامە صبح، شمارە ٦٦، بهمن ٧٥، ص٥، سخنان باهز.

[٦٠٨] دوهفتەنامە عصرما، شمارە ٦٥، ٧٥/١٢/١٦، ص٨.

[٦٠٩] برداشت نگارندە از مجموعە موضع گیری های این جناح است.

[٦١٠] هفتەنامە ارزشها، شمارە ٨، ٧٥/١١/١٥، ص٥.

[٦١١] ماهنامە یالثارات الحسین، شمارە ٢٢، ٧٤/١٠/٣، ص٧.

[٦١٢] هفتەنامە پیام دانشجو، شمارە ٤٩، ٧٤/١٢/٢٢، ص١٤.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە نموونەی ئابووری، دەتوانین لە هێلکاریەکدا بەم شێوەی لای خوارەوە دایان بنێین.

- ڕۆحانیەتی خەباتگێر
- کارگوزاران
- پەیامی خوێندکار
- پشتیوانی حزبوڵڵا
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و..

خشتەی خاڵە هاوبەشەکانی هەڵویستی ئابووری باڵەکان لەگەڵ یەکتری‌دا

خشتەی ژمارە (٢٦)

| ناونیشان / باڵەکان | تایبەتی کردن | گەشە پێدانی ئابووری | دەست وەردانی دەوڵەت لە ئابووری | کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی دەرەکی | ئابووری بازاڕی ئازاد | دادپەروەری کۆمەڵایەتی | نموونەی ئابووری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. | + | + | + | + | + | + | ++ |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | − | + | − | ++ | − | + | − |
| کارگوزاران | + | − | + | + | + | − | + |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | ++ | + | + | ++ | − | + | − |
| پشتیوانانی حزبوڵڵا | − | + | − | − | − | + | − |
| پەیامی خوێندکار | − | + | − | − | − | + | − |

نیشانە لەیەك چووەكان لە هەر ستوونێكدا نیشاندەری لەیەك چوونی دیدگای باڵەكانە سەبارەت بەو ناونیشانەی لە سەرەوەی ستوونەكەوە نووسراوە.

خشتەی خالی جیاوازی باڵەكان لە رووی هەلویستی ئابوورییانەوە

خشتەی ژمارە (٢٧)

| باڵەكان | خاڵە جیاوازەكان | كۆی میحوەرەكان | خالی هاوبەش |
|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ رۆحانیە خەباتگێرەكان و | ٥ | ٧ | ٢ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ كارگوزاران | ٣ | ٧ | ٤ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان | ٤ | ٧ | ٣ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەل پشتیوانانی حزبوللا | ٥ | ٧ | ٢ |
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ پەیامی خوێندكار | ٥ | ٧ | ٢ |
| رۆحانیە خەباتگێرەكان و.. لەگەڵ كارگوزاران | ٧ | ٧ | ٠ |
| رۆحانیە خەباتگێرەكان و.. لەگەڵ كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان | ٣ | ٧ | ٤ |
| رۆحانیە خەباتگێرەكان و .. لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ١ | ٧ | ٦ |
| رۆحانیە خەباتگێرەكان و.. لەگەڵ پەیامی خوێندكار | ١ | ٧ | ٦ |
| كارگوزاران لەگەڵ كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان | ٦ | ٧ | ١ |
| كارگوزاران لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ٧ | ٧ | ٠ |
| كارگوزاران لەگەڵ پەیامی خوێندكار | ٧ | ٧ | ٠ |
| كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا | ٣ | ٧ | ٤ |
| كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان لەگەڵ پەیامی خوێندكار | ٣ | ٧ | ٤ |
| پشتیوانانی حزبوللا لەگەڵ پەیامی خوێندكار | ٧ | ٧ | ٧ |

هەرچەندە ژمارەی ستوونە هاوبەشەكان لە ژمارە (٧) نزیكتر بێت نیشانەری زیادبوونی خاڵی هاوبەشی بۆچوونەكانەو هەرچەندە لە ژمارە (٧) دوور بكەویتەوە نیشانەری كەم بوونی خاڵی هاوبەشی بۆچوونە ئابوورییەكانە.

**بەراوردكردنی هەڵویستی ئابووری باڵەكان:**

–هەروەكو خشتەی ژمارە (٢٧) نیشانی دەدات، گروپی كارگوزاران لەگەڵ باڵەكانی رۆحانیە خەباتگیرەكان و.. پشتیوانانی حزبوڵڵا و پەیامی خویندكار لە رووی هەڵویستی ئابوورییەوە خاڵی هاوبەشیان لە نیواندا نییە.

–هەردوو باڵی پشتیوانانی حزبوڵڵاو پەیامی خویندكار لە رووی ئابوورییەوە زۆرترین خاڵی هاوبەشیان لە نیواندایە.

–باڵی رۆحانیەتی خەباتگیر لەگەڵ سێ باڵی رۆحانیە خەباتگیرەكان و پشتیوانانی حزبوڵڵا و پەیامی خویندكار لە رووی ئابوورییەوە خاڵی هاوبەشی كەمیان هەیە. (٢ خاڵی هاوبەش لە كۆی ٧ میحوەری لیكۆڵراوە).

–هەڵویستە ئابوورییەكانی رۆحانیە خەباتگیرەكان و.. لەگەڵ كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان ٤ خاڵی هاوبەشیان هەیە لە كۆی ٧ میحوەری لیكۆڵراوە).

–باڵی رۆحانیە خەباتگیرەگان لەگەڵ باڵی پشتیوانانی حزبوڵڵاو پەیامی خویندكار لە هەڵویستە ئابوورییەكاندا خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە (٦ خاڵی هاوبەش لە كۆی ٧ میحوەری لیكۆڵراوە)

–كارگوزاران و كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان لەرووی ئابوورییەوە خاڵی كەمی هاوبەشیان هەیە.

–هەڵویستە ئابوورییەكانی كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵڵا و پەیامی خویندكار بریتییە لە (٤ خاڵی هاوبەش لەكۆی ٧ میحوەری لیكۆڵراوە)

لیرە بەدواوە دووری و نزیكی هەڵویستی ئابووری باڵەكان بە هیلكاری نیشان دراوە.

دووری و نزیكی هەڵویستی ئابووری باڵەكان لەسەر هیلكاریەكان ئەم هیلكاریانەی خوارەوە رادەی دووری و نزیكی هەڵویستی ئابووری باڵەكان لە یەكترییەوە نیشان دەدەن:

**١-ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- ڕۆحانیەتی خەباتگێرو..
- کارگوزاران
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- ڕۆحانیە خەباتگێرەکان پشتیوانانی حزبوڵڵا پەیامی خوێندکار

**٢-ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و..
- پشتیوانانی حزبوڵڵا پەیامی خوێندکار
- کۆمەڵەی بەرگری
- ڕۆحانیەتی خەباتگێرو..
- کارگوزاران

**٣-کارگوزاران لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- کارگوزاران
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- ڕۆحانیەتی خەباتگێرو..
- پشتیوانانی حزبوڵڵا پەیامی خوێندکار ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و..

**٤-کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ هەموو باڵەکاندا.**

- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- پشتیوانانی حزبوڵڵا پەیامی خوێندکار ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و..
- ڕۆحانیەتی خەباتگێرو..
- کارگوزاران

**٥-پشتیوانانی حزبوڵڵا لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- پشتیوانانی حزبوڵڵا پەیامی خوێندکار
- ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و..
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- ڕۆحانیـــەتی خەباتگێرو..
- کارگوزاران

٦- په‌یامی خوێندكار له‌گه‌ڵ هه‌موو باله‌كاندا.




## ٣-٣-به‌راوردكردنی بۆچوونه فه‌رهه‌نگیه‌كان.

### ١-سانسۆر له‌سه‌ر چالاكیه فه‌رهه‌نگیه‌كان:

سه‌باره‌ت به سانسۆر له‌سه‌ر به‌رهه‌مه فه‌رهه‌نگیه‌كان دوو بۆچون هه‌یه. ئه‌و بالآنه‌ی باوه‌ریان وایه كه ده‌بێ سانسۆر له دوای بڵاوبوونه‌وه‌ی به‌رهه‌مه فه‌رهه‌نگیه‌كان بیت. له به‌رامبه‌ر ئه‌مه‌دا گروپیكی تر ته‌ئكید له سانسۆر ده‌كه‌نه‌وه به‌ر له بڵاوكردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌كان.

خشته‌ی ژماره ٢٨ له‌م باره‌یه‌وه دیدگای باله‌كان نیشان ده‌دات.

خشته‌ی ژماره (٢٨)

| باله‌كان | سانسۆر له‌سه‌ر چالاكیه فه‌رهه‌نگیه‌كان |
|---|---|
| ڕۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | سانسۆر به‌ر له بڵاوكردنه‌وه[٦١٣] |
| ئه‌نجومه‌نی ڕۆحانیه خه‌باتگیره‌كان و.. | سانسۆر دوای بڵاوكردنه‌وه[٦١٤] |
| كارگوزاران | سانسۆر دوای بڵاوكردنه‌وه[٦١٥] |
| كۆمه‌له‌ی به‌رگری له به‌هاكان | سانسۆر به‌ر له بڵاوكردنه‌وه[٦١٦] |
| لایه‌نگرانی حزبوڵلا | سانسۆر به‌ر له بڵاوكردنه‌وه[٦١٧] |
| په‌یامی خوێندكار | سانسۆر به‌ر له بڵاوكردنه‌وه[٦١٨] |

---

[٦١٣] ویژه‌نامه جامعه روحانیت مبارز به مناسبت انتخابات دوره پنجم مجلس، ص٣٣..

[٦١٤] دوهفته‌نامه عصرما، شماره ٤٧، ٧٥/٤/٦، ص٢.

[٦١٥] هفته‌نامه بهمن، شماره ١، ٧٤/١٠/١٦، ص٣..

[٦١٦] هفته‌نامه ارزشها، شماره ٢، آبان ١٣٧٥، ص٩.

[٦١٧] ماهنامه یالثارات الحسین، شمارة ٢٣/ ٧٤/١١/١١، ص٧.

[٦١٨] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥..

بـه سـەرنجدان لـه دیدگـای بالـەكان سـەبارەت بـه سانسـۆر لەسـەر بەرهەمـه فەرهەنگیەكان، دەتوانین له هیلكاریەكدا بەم شیوەی خوارەوە دایان بنیین.

- رۆحانیەتی خەباتگیرو.
- كۆمەڵەی بەرگری لە بەهاكان
- لایەنگرانی حزبوڵڵا
- پەیامی خویندكار
- كارگوزاران
- رۆحانیە خەباتگیرەكان و..

## ٢-ئالوگۆری فەرهەنگی:

هەندێ لە بالەكان تەئكید لە كەلك وەرگرتن لە لایەنە باشەكانی فەرهەنگەكانی دیكە دەكەنەوە، لە بەرامبەردا، گروپیكی دیكە فەرهەنگی خۆمالی بە دەولەمەند دەزانن و لەلایەكی دیكەوە لەبەر ترس لە فەرهەنگی بیانی دژی ئالوگۆری فەرهەنگین.

خشتەی ژمارە ٢٩ دیدگای بالەكان لەم بارەیەوە نیشان دەدات:

خشتەی ژمارە (٢٩)

| بالەكان | ئالوگۆری فەرهەنگی |
|---|---|
| ئەنجومەنی رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | دژیتی[٦١٩] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەكان و.. | لەگەلیتی[٦٢٠] |
| كارگوزاران | لە گەلیتی[٦٢١] |
| كۆمەلەی بەرگری لە بەهاكان | دژیتی[٦٢٢] |
| لایەنگرانی حزبوللا | دژیتی[٦٢٣] |
| پەیامی خویندكار | لەگەلیتی[٦٢٤] |

[٦١٩] مجلس پنجم و مواضع ما، جامعه اسلامی كارگران، ص٢٧.

[٦٢٠] دو هفتەنامه عصرما، شماره ١٣، ٧٤/١/٣٠، ص٢.

[٦٢١] هفتەنامه بهمن، شماره ١٧/ ٧٥/٢/٨، ص٢..

[٦٢٢] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیرهای این جناح است.

[٦٢٣] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٧، ٧٤/١٢/٢٧، ص٨.

[٦٢٤] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە سانسۆری ئالوگۆڕی فەرهەنگی، دەتوانین لە هێلکاریەکدا بەم شێوەی لای خوارەوە دایان بنێین.




**٣-سیاسەتی فەرهەنگی:**

لە بەرامبەر ئەو بۆچوونانەدا کە باوەڕیان بە سیاسەتی فەرهەنگی کراوە هەیە، چەند باڵیك دژی ئەوەن، و تەئکید لە سیاسەتی کۆنترۆڵ دەکەنەوە.

خشتەی ژمارە (٣٠) دیدگای باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٣٠)

| باڵەکان | ئالوگۆڕی فەرهەنگی |
|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. | دژیتی[٦٢٥] |
| ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. | لەگەڵیتی[٦٢٦] |
| کارگوزاران | لە گەڵیتی[٦٢٧] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | دژیتی[٦٢٨] |
| لایەنگرانی حزبوڵلا | دژیتی[٦٢٩] |
| پەیامی خوێندکار | لەگەڵیتی[٦٣٠] |

[٦٢٥] دو هفتەنامە عصرما، شمارە ٣١، ٧٤/١٠/٦، ص٨ بە نقل از روزنامە اخبار، سخنان محمد جواد لاریجانی..

[٦٢٦] دو هفتەنامە عصرما، شمارە ٣٥، ٧٤/٧/١٢، ص٧.

[٦٢٧] روزنامە ایران ٧٦/٥/١٧، ص٣، سخنان عطاء الله مهاجرانی.

[٦٢٨] برداشت نگارندە از مجموعە موضع گیری های این جناح است.

[٦٢٩] ماهنامە یالثارات الحسین موضع گیری های این جناح است.

[٦٣٠] مصاحبە نگارندە با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە سیاسەتی فەرهەنگی، دەتوانین لە هیلکاریەکدا بەم شیوەی لای خوارەوە دایان بنیین.

رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانانی حزبوڵڵا | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | پەیامی خویندکار | کارگوزاران | رۆحانیە خەباتگیرەکان و..

### ٤-دەست وەردانی دەوڵەت لە چالاکیە فەرهەنگیەکان:

سەبارەت بە دەست وەردانی دەوڵەت لە چالاکیە فەرهەنگیەکان، هەندێ لە باڵەکان باوەریان بە چاودیری و رینمایی دەوڵەت هەیە لە چالاکیە فەرهەنگیەکاندا، لە بەرامبەردا، گروپیکی دیکە پشتیوانی لە کۆنترۆل کردنی چالاکیە فەرهەنگیەکان دەکەن لەلایەن دەوڵەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣١) دیدگای باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات:

خشتەی ژمارە (٣١)

| باڵەکان | دەست وەردانی دەوڵەت لە چالاکیە فەرهەنگیەکان |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | پشتیوانی لە کۆنترۆل دەکات[٦٣١] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | پشتیوانی لە چاودیری دەکات[٦٣٢] |
| کارگوزاران | پشتیوانی لە چاودیری دەکات[٦٣٣] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | پشتیوانی لە کۆنترۆل دەکات[٦٣٤] |
| لایەنگرانی حزبوڵڵا | پشتیوانی لە کۆنترۆڵ دەکات[٦٣٥] |
| پەیامی خویندکار | پشتیوانی لە چاودیری دەکات[٦٣٦] |

[٦٣١] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.
[٦٣٢] دو هفتەنامه عصرما، شماره ٤٧، ٧٥/٤/٦ ص٢..
[٦٣٣] هفتەنامه بهمن، شماره١، ٧٤/١٠/١٦، ص٣.
[٦٣٤] هفتەنامه ارزشها، شماره ٢، أبان ١٣٧٥، ص٩.
[٦٣٥] مهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧.
[٦٣٦] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

به سه‌رنجدان له دیدگای باله‌کان سه‌باره‌ت به ده‌ستیوه‌ردانی ده‌وله‌ت له چالاکیه فه‌رهه‌نگیه‌کاندا، ده‌توانین له هیلکارییه‌کدا به‌م شیوه‌یه‌ی خواره‌وه دایان بنیین.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | لایه‌نگرانی حزبوڵلا | کۆمه‌ڵه‌ی به‌رگری له به‌هاکان | په‌یامی خویندکار | کارگوزاران | رۆحانیه خه‌باتگیره‌کان و.. |

## ٥-سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی:

هه‌ندی له باله‌کان سه‌باره‌ت به سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی حه‌ساسیه‌تیان هه‌یه، له به‌رامبه‌ردا، باله‌کانی دیکه باوه‌ری به فه‌رهه‌نگی گشتی به‌شه‌ری هه‌یه‌و سه‌باره‌ت به سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی هینده حه‌ساسیه‌تیان نی‌یه.

خشته‌ی ژماره (٣٢) دیدگای باله‌کان له‌م باره‌یه‌وه نیشان ده‌دات

خشته‌ی ژماره (٣٢)

| باله‌کان | سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی |
|---|---|
| رۆحانیه‌تی خه‌باتگیرو.. | سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی به مه‌فهومی اکتفای زاتی و دژایه‌تی کردنی چاوپیداخشانه‌وه‌ی شته کۆنه‌کان[٦٣٧] |
| ئه‌نجومه‌نی رۆحانیه خه‌باتگیره‌کان و.. | باوه‌ری به‌سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی هه‌یه ئاره‌زووی له وه‌رگرتنی فه‌رهه‌نگی هه‌لبژارده‌و کۆنترۆلکراوی بیگانه هه‌یه[٦٣٨] |
| کارگوزاران | فه‌رهه‌نگ، مه‌سه‌له‌یه‌که په‌یوه‌ندی به‌سه‌راپای خه‌لکه‌وه هه‌یه. هینده حه‌ساسیه‌تی سه‌باره‌ت به سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی نی‌یه.[٦٣٩] |
| کۆمه‌ڵه‌ی به‌رگری له به‌هاکان | به سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگیه‌وه پابه‌نده به مه‌فهومی ئیکتیفای زاتی له‌گه‌ڵ حسابکردن بۆ نویکردنه‌وه‌ی کۆن[٦٤٠] |
| لایه‌نگرانی حزبوڵلا | سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی به مه‌عنای ئیکتیفای زاتی ته‌واو و تیڕوانینی سه‌لبی بۆ فه‌رهه‌نگی بیگانه[٦٤١] |
| په‌یامی خویندکار | باوه‌ری به‌سه‌ربه‌خۆیی فه‌رهه‌نگی هه‌یه، ئاره‌زووی له وه‌رگرتنی فه‌رهه‌نگی هه‌لبژارده‌و کۆنترۆلکراوی بیگانه هه‌یه[٦٤٢] |

[٦٣٧] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.

[٦٣٨] دو هفته‌نامه عصرما، شماره ١٢، ٧٤/١٢/١٣.

[٦٣٩] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.

[٦٤٠] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری‌های این جناح است.

[٦٤١] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری‌های این جناح است.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە دەستیوەردانی باڵەکان لە سەربەخۆیی فەرهەنگی، دەتوانین لە هیلکاریەکدا بەم شێوەیە دایان بنێین.

- رۆحانیەتی خەباتگیرو..
- کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان
- لایەنگرانی حزبوڵڵا
- کارگوزاران
- پەیامی خوێندکار
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و..

### ٦-هێرشی فەرهەنگی:

سەبارەت بە هێرشی فەرهەنگی هەندێ لە باڵەکان تەئکید لە سیاسەتی جلەوگیری دەکەنەوە لە بەرامبەردا، گروپێکی دیکە باوەریان بە سیاسەتی دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵ یان پێکهاتەیەکی لەو جۆرە هەیە

خشتەی ژمارە (٣٣) دیدگای هەریەکە لە باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٣٣)

| باڵەکان | شێوەی مامەڵە لەگەڵ هێرشی فەرهەنگیدا |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | سیاسەتی جلەوگیری[٦٤٣] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | تەئکید کردنەوە لەسەر سیاسەتی دڵنیاکردنەوە لەگەڵ حسابکردن بۆ سیاسەتی جلەوگیری[٦٤٤] |
| کارگوزاران | سیاسەتی دڵنیاکردنەوە[٦٤٥] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | سیاسەتی جلەگیری + دڵنیاکردنەوە[٦٤٦] |
| لایەنگرانی حزبوڵڵا | سیاسەتی جلەوگیری[٦٤٧] |
| پەیامی خوێندکار | سیاسەتی دڵنیاکردنەوە[٦٤٨] |

[٦٤٢] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

[٦٤٣] ویژەنامه جامعه روحانیت مبارز، ص٢٨.

[٦٤٤] دو هفتەنامه عصرما، شماره ١، ٧٣/٧/٢٧، ص٦.

[٦٤٥] هفتەنامه بهمن، شماره ١٧، ٧٥/٢/٨، ص٢.

[٦٤٦] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.

[٦٤٧] ماهنامه یالثارات الحسین، شماره ٢٣، ٧٤/١١/١١، ص٧.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە هیرشی فەرهەنگی، دەتوانین لە هیلکاریەکدا بەم شیوەی لای خوارەوە دایان بنیین.

رۆحانیەتی خەباتگیر | لایەنگرانی حزبوللا | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | پەیامی خویندکار | کارگوزاران

**٧-کۆن و مۆدیرنیزم:**

هەندێ لە باڵەکان باوەریان بە شتە کۆنەکان هەیە. لە بەرامبەردا دیدگای تر هەیە کە هیندە دلی بۆ شتە کۆنەکان لی نادات و پشتیوانی لە شیوەکانی مۆدیرنیزم دەکات.

خشتەی ژمارە (٣٥) دیدگای هەریەکە لە باڵەکان لەم بارەیەوە نیشان دەدات

خشتەی ژمارە (٣٥)

| باڵەکان | تێروانین بۆ کۆن و مۆدیرنیزم |
|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگیرو.. | بە پاراستنی کۆن و وەزعی ئیستاوە پابەندەو دژی مودیرنیزم و دیمەنەکانیتی[٦٤٩] |
| ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. | باوەری بە پیویستی چاوپیداخشانەوەو ژیانەوەو کاراکردنی کۆن و وەرگرتنی لایەنە هەڵبژاردنەکانی مۆدیرنیزم هەیە[٦٥٠] |
| کارگوزاران | پشتیوانی لە مۆدیرنیزم دەکات و سەبارەت بە کۆن حەساسیەتی نی‌یە[٦٥١] |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | |
| لایەنگرانی حزبوللا | بە پاراستنی کۆنەوە پابەندە لەگەڵ چاوپیدانەوەی و دژی مۆدیرنیزمە[٦٥٢] |
| | مۆدیرنیزم بە پیلانی خۆرئاوا دەزانیت و پابەندە بە کۆنەوە[٦٥٣] |
| پەیامی خویندکار | باوەری بە پیویستی چاوپیداخشانەوەو ژیانەوەو کارایی کردنی کۆن و وەرگرتنی لایەنە هەڵبژاردەکانی مۆدیرنیزم هەیە[٦٥٤] |

[٦٤٨] مصاحبە نگارندە با طبرزدی، ٧٤/٤/١٥.

[٦٤٩] برداشت نگارندە از مجموعە موضع گیری های این جناح است.

[٦٥٠] دو هفتەنامە عصرما، شمارە ١٤، ٧٤/٣/١٣، ص٦.

[٦٥١] برداشت نگارندە از مجموعە موضع گیری‌های این جناح است

[٦٥٢] برداشت نگارندە از مجموعە موضع گیری های این جناح است.

بە سەرنجدان لە دیدگای باڵەکان سەبارەت بە کۆن و مۆدێرنیزم، دەتوانین لە هێلکاریەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دایان بنێین.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. | لایەنگرانی حزبوڵڵا | کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | پەیامی خوێندکار | رۆحانیە خەباتگێڕەکان و.. | کارگوزاران |

خشتەی خاڵە هاوبەشە فەرهەنگیەکانی باڵەکان لەگەڵ یەکتریدا

خشتەی ژمارە (٣٦)

| ناونیشان / باڵەکان | سانسۆر لەسەر بەرهەمی فەرهەنگی | ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی | سیاسەتی فەرهەنگی | دەست وەردانی دەوڵەت لە چالاکیە فەرهەنگیەکان | سەربەخۆیی فەرهەنگی | هێرشی فەرهەنگی | کۆن و مۆدێرنیزم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. | + | + | + | + | ++ | + | ++ |
| رۆحانیە خەباتگێڕەکان و.. | − | − | − | − | − | − | − |
| کارگوزاران | − | − | − | − | + | ++ | − |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | + | + | + | + | * | − | * |
| لایەنگرانی حزبوڵڵا | + | + | + | + | ** | + | ** |
| پەیامی خوێندکار | − | − | − | − | − | ++ | − |

نیشانە لەیەک چووەکان لەهەر ستوونێک نیشاندەری لە یەک چوونی دیدگای باڵەکانە لە بارەی ئەو ناونیشانەوە کە لەسەرەوە نووسراوە.

[٦٥٣] برداشت نگارنده از مجموعه موضع گیری های این جناح است.

[٦٥٤] مصاحبه نگارنده با طبرزدی، ٧٦/٤/١٥.

خشتەی (٣٧)

خشتەی خاڵی جیاوازی باڵەکان لە ڕووی هەڵویستە فەرهەنگیەکانیانەوە

| باڵەکان | خاڵە جیاوازەکان | کۆی میحوەرەکان | خاڵی هاوبەش |
|---|---|---|---|
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. لەگەڵ ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و | ٧ | ٧ | ٠ |
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. لەگەڵ کارگوزاران | ٧ | ٧ | ٠ |
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | ٣ | ٧ | ٤ |
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. پشتیوانانی حزبوڵڵا | ٢ | ٧ | ٥ |
| ڕۆحانیەتی خەباتگێرو.. پەیامی خوێندکار | ٧ | ٧ | ٠ |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. لەگەڵ کارگوزاران | ٣ | ٧ | ٤ |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | ٦ | ٧ | ١ |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و .. لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵڵا | ٧ | ٧ | ٠ |
| ڕۆحانیە خەباتگێرەکان و.. لەگەڵ پەیامی خوێندکار | ١ | ٧ | ٦ |
| کارگوزاران لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان | ٧ | ٧ | ٠ |
| کارگوزاران لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵڵا | ٧ | ٧ | ٠ |
| کارگوزاران لەگەڵ پەیامی خوێندکار | ٢ | ٧ | ٥ |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵڵا | ٣ | ٧ | ٤ |
| کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ پەیامی خوێندکار | ٧ | ٧ | ٠ |
| لایەنگرانی حزبوڵڵا لەگەڵ پەیامی خوێندکار | ٧ | ٧ | ٠ |

هەرچەندە ژمارەی ناو ستوونی هاوبەش لە ژمارە (٧)ەوە نزیکتر بێ نیشاندەری زیاتربوونی خاڵی هاوبەشی دیدگا فەرهەنگیەکانە و هەرچەندە لە ژمارە (٧) دوورتر بێ نیشاندەری کەم بوونەوەی خاڵی هاوبەشە لەو بوارەدا.

## بەراوردکردنی هەڵویستی فەرهەنگی باڵەکان.

-باڵی رۆحانیەتی خەباتگیر لەگەڵ باڵی رۆحانیە خەباتگیرەکان و گروپەکانی کارگوزاران و پەیامی خویندکار لە رووی فەرهەنگیەوە خاڵی هاوبەشیان لەنیواندا نییە.

-باڵی رۆحانیەتی خەباتگیر لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامیدا لە (٧) میحوەری لیکۆڵراوە ٤ خاڵی هاوبەشیان هەیە.

-باڵەکانی رۆحانیەتی خەباتگیرو پشتیوانانی حزبولڵا لە هەلویستە فەرهەنگیەکاندا بە بەراورد لەگەڵ هەموو باڵەکاندا لە یەکتریەوە نزیك ترن ((٥) خاڵی هاوبەش لە ٧ میحوەری لیکۆڵراوە).

-باڵی رۆحانیە خەباتگیرەکان و پشتیوانانی حزبولڵا لە رووی هەلویستی فەرهەنگیەوە خاڵی هاوبەشیان لە نیواندا نییە.

-باڵی رۆحانیە خەباتگیرەکان و پەیامی خویندکار لە هەلویستی فەرهەنگیدا بە بەراورد لەگەڵ تەواوی باڵەکاندا لە یەکتریەوە نزیك ترن (٦) خاڵی هاوبەش لە ٧ میحوەری لیکۆڵراوە).

-باڵی رۆحانیە خەباتگیرەکان و کارگوزاران و لە ٧ میحوەری لیکۆڵراوە ٤ خاڵی هاوبەشیان هەیە

-هەلویستە فەرهەنگیەکانی کارگوزاران و پەیامی خویندکاران بە (٥) خاڵی هاوبەش لە ٧ میحوەری لیکۆڵراوە لە یەکتریەوە نزیکن.

-گروپەکانی کۆمەڵەی بەرگری و پەیامی خویندکار لە رووی هەلویستی فەرهەنگییەوە خاڵی هاوبەشیان نییە.

-کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان و پشتیوانانی حزبولڵا لە ٧ میحوەری لیکۆڵراوە (٤) خاڵی هاوبەشیان هەیە.

-لایەنگرانی حزبولڵاو پەیامی خویندکار لە هەلویستی فەرهەنگیدا خاڵی هاوبەشیان نییە. نزیکی و دووری هەلویستی باڵەکان لەو هیلکاریانەدا کە لاپەرەکانی دواییدا دین نیشان دراوە.

**دووری و نزیکی هەلویستی فەرهەنگی باڵەکان لە هیلکارییەکاندا:**

**ئەم هیلکاریانەی خوارەوە رادەی دووری و نزیکی هەلویستی فەرهەنگی بالەکان لە یەکتریی‌یەوە نیشان دەدات.**

**١-رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- رۆحانیەتی خەباتگیرو..
- لایەنگرانی حزبولڵا
- کۆمەڵەی بەرگری
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. پەیامی خویندکار کارگوزاران

**٢-رۆحانیە خەباتگیرەکان و .. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- رۆحانیە خەباتگیرەکان و..
- پەیامی خویندکار
- کارگوزاران
- کۆمەڵەی بەرگری
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. پەیامی خویندکار کارگوزاران

**٣-کارگوزاران لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- کارگوزاران
- پەیامی خویندکار
- رۆحانیە خەباتگیرەکان..
- رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لایەنگرانی حزبولڵا کۆمەڵەی بەرگری

**٤-کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- کۆمەڵەی بەرگری
- رۆحانیەتی خەباتگیرو.. لایەنگرانی حزبولڵا
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و..
- پەیامی خویندکار کارگوزاران

**٥-لایەنگرانی حزبوللا لەگەڵ هەموو باڵەکاندا**

- لایەنگرانی حزبولڵا
- رۆحانیەتی خەباتگیرو..
- کۆمەڵەی بەرگری
- رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. پەیامی خویندکار کارگوزاران

**٦-په‌یامی خوێندكار له‌گه‌ڵ هه‌موو باله‌كاندا**

**په‌یامی خوێندكار ـ ڕۆحانیه‌ خه‌باتگێره‌كان و..**

**كارگوزاران ـ په‌یامی خوێندكار**

**ڕۆحانیه‌ خه‌باتگێره‌كان و.. ـ په‌یامی خوێندكار كارگوزاران**

**خشته‌ی خالی هاوبه‌ش و جیاوازی باله‌كان له‌ بواره‌كانی سیاسی، ئابووری و فه‌رهه‌نگی**

**خشته‌ی ژماره‌ (٣٨)**

| باله‌كان | خالی هاوبه‌شی سیاسی | زۆرترین خالی هاوبه‌ش | خالی هاوبه‌شی ئابووری به‌ ڕێژه‌ی سه‌دی | خالی هاوبه‌شی ئابووری | زۆرترین خالی هاوبه‌ش | خالی هاوبه‌شی ئابووری به‌ ڕێژه‌ی سه‌دی | خالی هاوبه‌شی فه‌رهه‌نگی | زۆرترین خالی هاوبه‌ش | خالی هاوبه‌شی فه‌رهه‌نگی به‌ ڕێژه‌ی سه‌دی | هاوبه‌ش له‌ هه‌رسێ | كۆی خاڵه‌ هاوبه‌شه‌كان له‌ سێ به‌شدا | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆحانیه‌تی خه‌باتگێر له‌گه‌ڵ ڕۆحانیه‌ خه‌باتگێره‌گان | ٣ | ١٦ | ١٨/٧٥ | ٢ | ٧ | ٢٥/٥٧ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٥ | ٢٥ |
| ڕۆحانیه‌تی خه‌باتگێر له‌گه‌ڵ كارگوزاران | ٠ | ١٦ | ٠ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٥ | ٢٦ |
| ڕۆحانیه‌تی خه‌باتگێر له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵه‌ی به‌هاكان | ١١ | ١٦ | ٦٨/٧٥ | ٣ | ٧ | ٤٢/٨٥ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ٣٠ | ١٨ | ١٢ |
| ڕۆحانیه‌تی خه‌باتگێر له‌گه‌ڵ پشتیوانانی حزبوڵڵا | ١٣ | ١٦ | ٨١/٢٥ | ٢ | ٧ | ٢٨/٥٧ | ٥ | ٧ | ٧١/٤٢ | ٣٠ | ٢٠ | ١ |
| ڕۆحانیه‌تی خه‌باتگێر له‌گه‌ل په‌یامی خوێندكار | ٠ | ١٦ | ٠ | ٢ | ٧ | ٢٨/٥٧ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٢ | ٢٨ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆحانیـــــــه خـــەباتگیرەکان لەگـــــــەڵ کارگوزاران | ١٢ | ١٦ | ٧٥ | ٠ | ٧ | ٠ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ٣٠ | ١٦ | ١٤ |
| رۆحانیـــــــه خـــەباتگیرەکان لەگـەڵ کۆمەڵـەی بەرگری | ٨ | ١٦ | ٥٠ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ١ | ٧ | ١٤/٢٨ | ٣٠ | ١٣ | ١٧ |
| رۆحانیـــــــه خـــەباتگیرەکان لەگـــــــەڵ پشـــــتیوانانی حزبوڵلا | ٣ | ١٦ | ١٨/٧٥ | ٦ | ٧ | ٨٥/٧١ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٩ | ٢١ |
| رۆحانیـــــــه خـــەباتگیرەکان لەگـەڵ پـــەیامی خوێندکار | ١٢ | ١٦ | ٧٥ | ٦ | ٧ | ٨٥/٧١ | ٦ | ٧ | ٨٥/٧١ | ٣٠ | ٢٤ | ٦ |
| کـــــارگوزاران لەگـەڵ کۆمەڵـەی بەرگری | ٤ | ١٦ | ٢٥ | ١ | ١٠ | ١٤/٢٨ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٥ | ٢٥ |
| کـــــارگوزاران لەگـــــــەڵ پشـــــتیوانانی حزبوڵلا | ٠ | ١٦ | ٠ | ٠ | ٧ | ٠ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٠ | ٣٠ |
| کـــــارگوزاران لەگـەڵ پـــەیامی خوێندکار | ١٦ | ١٦ | ١٠٠ | ٠ | ٧ | ٠ | ٥ | ٧ | ٧١/٤٢ | ٣٠ | ٢١ | ٩ |
| کۆمەڵەی بەرگری لەگـــــــەڵ پشـــــتیوانانی حزبوڵلا | ١١ | ١٦ | ٦٨/٧٥ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ٣٠ | ١٩ | ١١ |
| کۆمەڵەی بەرگری لەگـەڵ پـــەیامی خوێندکار | ٤ | ١٦ | ٢٥ | ٤ | ٧ | ٥٧/١٤ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٨ | ٢٢ |
| لایـــــــەنگرانی حزبولـڵا لەگـەڵ پـــــــەیامی خوێندکار | ٠ | ١٦ | ٠ | ٧ | ٧ | ١٠٠ | ٠ | ٧ | ٠ | ٣٠ | ٧ | ٢٣ |

**چەند روون کردنەوەیەك:**

١-ژمارەکانی ستوونی خاڵی هاوبەشی سیاسی لە خشتەی ژمارە (١٨) دەرهێنراون

ژمارەکانی ئەم ستوونە هەتا لە ژمارە ١٦ نزیك بێتەوە، نیشاندەری خاڵی هاوبەشی زیاتری هەردوو باڵەکەیەو لە بواری دیدگای سیاسیداو بە پێچەوانەوە، زۆرترین خاڵی هاوبەشی ئەم بەشە یەعنی ژمارە ١٦ نیشاندەری ١٦ میحوەری لێکۆڵراوەیە لەم بەشەدا.

٢-ژمارەکانی ستوونی هاوبەشی ئابووری لە خشتەی ژمارە (٢٧) دەرهێنراون

ژمارەکانی ئەم ستوونە هەتا لە ژمارە ٧ نزیك بێتەوە، نیشاندەری خاڵی هاوبەشی زیاتری هەردوو باڵەکەیە لە بواری دیدگای ئابووریداو بەپێچەوانەوە، زۆرترین خاڵی هاوبەشی ئەم بەشە یەعنی ژمارە ٧ نیشاندەری ٧ میحوەری لێکۆڵراوەیە لەم بەشەدا.

٣-ژمارەکانی ستوونی خاڵی هاوبەشی فەرهەنگی لە خشتەی ژمارە ٣٧ وەرگیراون.

ژمارەکانی ئەم ستوونە هەتا لە ژمارە ٧ نزیك بێتەوە، نیشاندەری خاڵی هاوبەشی زیاتر هەردوو باڵەکەیە لە بواری دیدگای فەرهەنگیداو بە پێچەوانەوە، زۆرترین خاڵی هاوبەشی ئەم بەشە یەعنی ژمارە ٧ نیشاندەری ٧ میحوەری لێکۆڵراوەیە لەم بەشەدا.

٤-ستوونی خاڵیّ جیاواز: هەتا ژمارەی ئەم ستوونە لە ٣٠ (زۆرترین ژمارەی خاڵیّ هاوبەشی مومکن لە ٣ بەشەکەدا) نزیك تر بێتەوە نیشاندەری بەرزبوونەوەی خاڵی جیاوازی باڵەکەیە.

* * *

خشتەی ژمارە ٣٨ ئەوە نیشان دەدات کە گرووپی کارگوزاران و پشتیوانانی حزبوڵلا لە بواری مەسەلە سیاسی و ئابووریو فەرهەنگیەکاندا هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نییە. بەپێی خشتەی ژمارە ٣٨ باڵی ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگێڕەکان و.. گرووپی پەیامی خوێندکار بە بەراورد لەگەڵ باڵەکانی دیکەدا زۆرترین خاڵیّ هاوبەشیان هەیە کە لە خشتەی لاپەڕەکانی دوایی‌دا بەشێوەیی نیشاندەرو هیستوگرام وێنەیان کێشراوە.

نیشاندەرەکانی بەراوردکردنی هەڵوێستی باڵەکان لەگەڵ یەکتریدا لە هەرسێ بەشی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگیدا.

١-(نیشاندەر)ی بەراوردکردنی باڵی کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. لەگەل باڵی ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگێڕەکان لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە رێژەی سەدی.



هەروەکو نیشاندەرە کە نیشانی دەدات دوباڵی کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگێڕەکان و.. زۆرترین خاڵی هاوبەشیان لە رووی هەڵوێستی ئابوورییەوەیە. (٢٨٪) ئەم دوو باڵە لە رووی فەرهەنگییەوە خاڵی هاوبەشیان نییەو خاڵی هاوبەشیان لە رووی سیاسیشەوە لە ئاستێکی نزمدایە واتە (١٨٪)یە.

٢-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵوێستەکانی باڵی کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. لەگەل گروپی کارگوزاراندا لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە رێژەی سەدی.



هەروەکو نیشاندەرە کە نیشانی دەدات، کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگێڕو.. و کارگوزاران لە هەڵوێستی سیاسی و فەرهەنگیدا خاڵی هاوبەشیان نییەو لە ڕووی ئابوورییەوە هەڵوێستی هاوبەشیان بریتییە لە (٥٧٪).

٣-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵوێستەکانی باڵی کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگێڕ لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە ڕێژەی سەدی.




هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگێڕو کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لە ڕووی سیاسیەوە زۆرترین خاڵی هاوبەشیان هەیە (٦٨٪) و هەڵوێستی هاوبەشیان لە ڕووی فەرهەنگیەوە بریتییە لە (٥٧٪). کۆمەڵەی بەرگری و کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگێڕ لە ڕووی هەڵوێستی ئابوورییەوە بە بەراورد لەگەڵ دو محیوەرەکەی دیکەدا خاڵی هاوبەشیان کەمترە (٤٢٪).

٤-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگێڕو.. لەگەڵ باڵی پشتیوانانی حزبوڵلا لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بەڕێژەی سەدی.



هەروەکو لە نیشاندرەکەدا دەبینرێت باڵەکانی کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. و پشتیوانانی حزبوڵلا زۆرترین خاڵی هاوبەشیان لە هەڵوێستی سیاسیدا هەیە (٨١٪) و خاڵی هاوبەشیان لە بواری فەرهەنگیشدا بەرزە (٧١٪). بەڵام لە بواری ئابووریدا خاڵی هاوبەشیان کەمە (٢٨٪).

٥-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێڕو.. لەگەڵ پەیامی خوێندکار لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە رێژەی سەدی.




پەیامی

خوێندکار

هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات ئەم دوو باڵە لە رووی سیاسی و فەرهەنگیەوە خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا نیەو لە رووی هەڵوێستی ئابووریشەوە خالی هاوبەشی نیوانیان لە ئاستیکی نزمدایە (٢٨٪).

٦-نیشاندەری بەراوردکردنی هەلویستەکانی رۆحانیە خەباتگیرەکان لەگەڵ کارگوزاران لە بواری سیاسی ئابووری و فەرهەنگیدا بەریژەی سەدی.



هـەروەکو لـە نیشـاندەرکەدا دەبیـنرێ کـارگوزاران و ڕۆحانیـە خـەباتگیرەکان لـە دیدگای سیاسی و فەرهەنگیەکاندا خالی هاوبەشی زۆریان هەیە. لە ڕووی سیاسیەوە (٧٥٪) و لـە ڕووی فەرهەنگیـەوە (٥٧٪) خـالی هاوبەشـیان هەیـە. بـەڵام لـە ڕووی هەلویستی ئابوورییەوە خالی هاوبەشیان نییە.

٧–نیشاندەری بەراوردکردنی هەلویستەکانی ڕۆحانیە خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە ڕیـژەی سەدی.




بـە هـەمان شـیوە کــە نیشـاندەرەکە نیشـانی دەدات ڕۆحانیــە خــەباتگیرەکان و کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکان لە ڕووی هەلویستە ئابوورییەکانی بە (٥٧٪) زۆرترین خالی هاوبەشیان هەیەو خالی هاوبەشی سیاسی نیوانیان لە ئاستی (٥٠٪)یە. بەڵام لە ڕووی فەرهەنگییەوە خالی هاوبەشی نیوانیان کەمە (١٤٪).

٨–نیشاندەری بەراوردکردنی هەلویستەکانی ڕۆحانیە خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە ڕیژەی سەدی.



هەروەکو لە نیشاندەرەکەدا دەبینرێ هەردوو باڵەکە لە ڕووی هەڵویستی ئابوورییەوە خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە (٨٥٪) بەڵام لە ڕووی فەرهەنگیەوە خاڵی هاوبەشیان نییە. هەڵویستی هاوبەشی سیاسی دو باڵەکەش لە ئاستیکی نزمدایە (١٨٪)یە.

٩-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵویستەکانی ڕۆحانیە خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ پەیامی خویندکار لە بواری، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە ڕیژەی سەدی.




هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات، هەر دوو گروپەکە بە گشتی خالی هاوبەشیان زۆرە. کە لە ڕووی فەرهەنگیو ئابوورییەوە بریتییە لە (٨٥٪)، بەرزترین خالی هاوبەشیان هەیە. لە ڕووی هەڵویستی سیاسیشەوە خالی هاوبەشیان بریتییە لە (٧٥٪).

١٠-نیشاندەری بەراوردکردن هەڵویستەکانی کارگوزاران لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکاندا لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە ڕیژی سەدی.



هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات دوو گروپەکە بە گشتی خاڵی هاوبەشی نێوانیان نزمە. بەرزترین خاڵی هاوبەشی نێوانیان لە هەڵویستی سیاسی‌یەدایە کە ئەویش لە ئاستیکی نزمدایە (٢٥٪). هەروەکو لە رووی ئابووریشەوە لە ئاستیکی نزمدایە (١٤٪) و لە رووی فەرهەنگی‌یەوە خاڵی هاوبەشیان نی‌یە.

١١-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵویستەکانی کارگوزاران لەگەڵ پشتیوانانی حزبوللا لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی‌دا بەریژەی سەدی.




هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات گروپی کارگوزاران و بالی پشتیوانانی حزبوللا لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکاندا خاڵی هاوبەشیان نی‌یە.

١٢-نیشاندەری بەراوردکردنی هەڵویستەکانی کارگوزاران لەگەڵ پەیامی‌خویندکار لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی‌دا بەریژەی سەدی.



هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات هەردوو گروپەکە لە ڕووی سیاسی‌یەوە بە تەواوی یەك هەلویستیان هەیەو لە ڕووی فەرهەنگیشەوە خالی هاوبەشی نیوانیان لە ئاستیکی بالادایە (٧١٪) لە کاتیکدا لە ڕووی ئابوورییەوە خالی هاوبەشیان نی‌یە.

١٣-نیشاندەری بەراوردکردنی هەلویستەکانی کۆمەلەی بەرگری لەگەل پشتیوانانی حزبوللا لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی‌دا بە ڕیژەی سەدی.



هەروەکو نیشاندەرەکە نیشانی دەدات کۆمەلەی بەرگری و پشتیوانانی حزبوللا لە ڕووی سیاسیەوە بە (٦٨٪) زۆرترین خالی هاوبەشیان لە نیواندایەو خالی هاوبەشی نیوانیان لە ڕووی ئابووری‌و فەرهەنگیشەوە بریتی‌یە (٥٧٪).

١٤-نیشاندەری بەراوردکردنی هەلویستەکانی کۆمەلەی بەرگری لەگەل پەیامی خویندکار لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی‌دا بەریژەی سەدی.



هـه‌روه‌کو نیشـانده‌ره‌که نیشـانی ده‌دات هـه‌ردو گروپه‌کـه لـه بـواری هه‌لویسـتی ئابووری زۆرترین خالی هاوبه‌شیان هه‌یه (٥٧٪). به‌لاَم لـه رووی سیاسـیه‌وه خـالی هاوبه‌شـی نیوانیـان لـه ئاسـتیکی نزمدایـه (٢٥٪) و لـه‌رووی فه‌رهه‌نگیـه‌وه خـالی هاوبه‌شیان نی‌یه.

نیشانده‌ری به‌راوردکردنی پشتیوانانی حزبوللا له‌گه‌ل په‌یامی خویندکار له بواری سیاسی، ئابووری و فه‌رهه‌نگی‌دا به‌ریژه‌ی سه‌دی.



هه‌روه‌کو نیشانده‌ره‌که نیشانی ده‌دات پشـتیوانانی حزبولـلا پـه‌یامی خویندکـار دیدگای هاوبه‌شیان هه‌یه. به‌لاَم له رووی سیاسی و فه‌رهه‌نگی‌یه‌وه خالی هاوبه‌شیان نی‌یه.

### نیشاندانی گرافیکی خاله هاوبه‌شه‌کانی باله سیاسیه‌کان:

له‌م به‌شه‌دا خالی هاوبه‌شی باله سیاسیه‌کان به‌پیی دیدگا سیاسی و ئابووری و فه‌رهه‌نگیه‌کان به هیستۆگرام نیشان ده‌دری.

١-هیستوگرامی خاله هاوبه‌شـه‌کانی کۆمه‌لـه‌ی رۆحانیـه‌تی خـه‌باتگیرو.. له‌گـه‌ل هه‌موو باله‌کاندا.



هەروەکو لە هیستوگرامەکەدا بەدی دەکرێ، پشتیوانانی حزبوڵلا بە بەراورد لەگەڵ هەموو باڵەکاندا بەرزترین خالی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگیرو.. دا هەیە (٢٠ ئیمتیاز لە کۆی ٣٠ ئیمتیان) و پاش ئەویش، کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشی ئیسلامی (١٨ ئیمتیازی) هەیە. پەیامی خویندکار بە (٣) ئیمتیاز لەکۆی ٣٠ ئیمتیاز کەمترین خالی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگیر هەیە. کارگوزاران و ڕۆحانیە خەباتگیرەکانیش بە (٥،٤) ئیمتیاز خالی هاوبەشی کەمیان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگیردا هەیە.

٢-هیستوگرامی خالە هاوبەشەکانی ڕۆحانیە خەباتگیرەکان و.. لەگەڵ هەموو باڵەکاندا.



هەروەکو هیستوگرامەکە نیشانی دەدات. پەیامی خویندکار بە بەراورد لەگەڵ هەموو باڵەکاندا زۆرترین خالی هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگیرەکاندا هەیە. واتە (٢٤) ئیمتیاز. گروپی کارگوزارانیش بە (١٦) ئیمتیاز لەکۆی (٣٠) ئیمتیاز لەدوای پەیامی خویندکار بە پلەی دووەم دیت. کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان و پشتیوانانی حزبولڵاش پلەی سێیەم و چوارمیان هەیە (٩،١٣) ئیمتیان، بەڵام کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگیر بە (٥) ئیمتیاز، بە بەراورد لەگەڵ هەمو باڵەکاندا کەمترین خالی هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگیرەکاندا هەیە.

٣-هیستوگرامی خالە هاوبەشەکانی کارگوزاران لەگەڵ هەموو باڵەکاندا.



هەروەکو هیستۆگرامەکە نیشانی دەدات، پەیامی خویندکار بە بەراورد لەگەڵ هەموو بالەکاندا، بەرزترین خالی هاوبەشی لەگەڵ کارگوزاراندا هەیە (٢١ ئیمتیاز). ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکانیش بە (١٦) ئیمتیاز لەکۆی (٣٠) ئیمتیاز لە خالی هاوبەشدا بە پلەی دووەم دین. بەڵام کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگیرو.. و کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان بە (٥،٤) ئیمتیاز لەگەڵ کارگوزاراندا خالی هاوبەشی کەمیان هەیەو پشتیوانانی حزبوڵلا بەبێ ئیمتیاز لەگەڵ کارگوزاراندا هیچ خالیکی هاوبەشیان نییە.

٤-هیستوگرامی خالی هاوبەشی کۆمەڵەی بەرگری لەگەڵ هەموو بالەکاندا.



هەروەکو هیستۆگرامەکە نیشانی دەدات پشتیوانانی حزبوڵلا بە بەراورد لەگەڵ هەموو بالەکانی دیکەدا زۆرترین خالی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکاندا هەیە (١٩) ئیمتیاز. کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگیر بە ئیمتیازیك کەمتر لە دوای پشتیوانانی حزبوڵلا بە پلەی دووەم دیت.

رۆحانیە خەباتگیرەکان و پەیامی خویندکار بە (٨،١٣) ئیمتیاز لە کۆی ٣٠ ئیمتیاز بە پلەی سێیەم و چوارەم دین. کارگوزارانیش بە بەراورد لەگەڵ هەموو بالەکاندا کەمترین خالی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی بەرگری هەیەو بە (٥) ئیمتیاز بە دوا پلە دیت.

٥-هیستوگرامی خالە هاوبەشەکانی پشتیوانانی حزبوڵلا لەگەڵ هەموو بالەکاندا.



هەروەکو هستۆگرامەکە نیشانی دەدات، کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی خەباتگیر بە (٢٠) ئیمتیاز بە بەراورد لەگەڵ هەموو باڵەکاندا زۆرترین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵلادا هەیە. کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانیش بە ئیمتیازێك کەمتر، لەم ڕووەوە لە پلەی دووەمدایە (١٩) ئیمتیاز. بەڵام ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگیرکان و.. بە (٩) ئیمیتاز و پەیامی خویندکار بە (٧) ئیمتیاز لەکۆی (٣٠) ئیمتیاز خاڵی هاوبەشی کەمیان لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵلادا هەیە. گروپی کارگوزارانیش هیچ خالیکی هاوبەشی لەگەڵ پشتیوانانی حزبوڵلادا نییە.

٦-هیستوگرامی خالە هاوبەشەکانی پەیامی خویندکار لەگەڵ هەموو باڵەکاندا:



هەروەکو هیستوگرامەکە نیشانی دەدات ئەنجومەنی ڕۆحانیە خەباتگیرەکان و.. بە (٢٤) ئیمتیاز بە بەراورد لەگەڵ هەموو باڵەکاندا، زۆرترین خالی هاوبەشی لەگەڵ پەیامی خویندکاردا هەیە. لەدوای ئەو کارگوزاران بە (٣) ئمیتیاز کەمتر (٢١) ئیمتیاز بە پلەی دووەم دیت. کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان و پشتیوانانی حزبولڵا یەك لەدوای یەك بە (٧،٨) ئیمتیاز خالیٚ هاوبەشی کەمیان لەگەڵ پەیامی خویندکاردا هەیەو ڕۆحانیەتی خەباتگیر بە ٣ ئیمتیاز کەمترین خالی هاوبەشی لەگەڵ پەیامی خویندکاردا هەیە.

## ئەنجام گیری

بوارەکانی ئابووری و فەرهەنگ و سیاسەتی کۆمەڵگا گۆتەی لەیەك جیاو بە یەکتری نامۆنین. هەر نموونەیەکی ئابووری پێویستی بە نموونەی هاوچەشنی خۆی هەیە لە بواری فەرهەنگی و سیاسیدا. ناتوانین لە بواری ئابووریدا باوەرمان بە لیبرالیزم هەبێ بەڵام لە بواری فەرهەنگ و سیاسەتدا لایەنگری سیستمی داخراو بین. بەم پێیە هەروەکو لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا. پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوە کە ئەوەیە کە ئایا هەڵویستی ئابووری و فەرهەنگی باڵەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رەوتی چالاکی سیاسی و سەبارەت بە رادەی کار لێکردنی لە گۆرانکارییە سیاسیەکان لە نیزامی کۆماری ئێراندا لە رەوتی چالاکی سیاسی و سەبارەت بە رادەی کار لێکردن لەسەر گۆرانکارییە سیاسیەکان پەیرەوی یەك ڕێباز ناکەن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات کە گریمانەکە سەبارەت بە هەندێ لە باڵەکان تەئید دەکرێت و سەبارەت بە هەندیکی دیکەیان رەت دەکرێتەوە.

باڵی کۆمەڵەی رۆحانیەتی خەباتگێرو رێکخراوە هاو ئاراستەکانی لە رووی سیاسیەوە باوەری بە سیستمی داخراو هەیە، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە باوەری بە سیستمی بازاری ئازادو لە رووی فەرهەنگیەوە باوەری بە سیسمی داخراو هەیە. بەم پێیە گریمانەکە سەبارەت بەم باڵە راست دەردەچێ.

باڵی ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگێرەکان و گروپە وابەستەکانی لە رووی سیاسیەوە باوەری بە سیستمیکی تارادەیەك کراوە هەیە، لە رووی ئابوورییەوە پشتیوانی لە سیستمی داخراو و کۆنترۆڵ کراو دەکات و لە رووی فەرهەنگیەوە باوەری بە سیستمی کراوە هەیە. گریمانەکە سەبارەت بەم گروپەش راست دەردەچیت.

گروپی کارگوزان لە رووی سیاسیەوە باوەری بە سیستمی کراوە هەیەو لە رووی ئابوورییەوە پشتیوانی لە سیستمی بازاری ئازاد دەکات و لە رووی فەرهەنگیشەوە باوەری بە سیستمی کراوە هەیە. بەم پێیە گریمانەکە سەبارەت بەم گروپە راست دەرناچێ.

کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکان لە ڕووی سیاسییەوە باوەڕی بە سیستمیکی تارادەیەك داخراو هەیەو لە ڕووی ئابوورییەوە دژی سیستمی بازاری ئازادەو تارادەیەك پشتیوانی لە دەست وەردانی دەوڵەت لە ئابوری دەکات و لە ڕووی فەرهەنگیەوە باوەڕی بە سیستمی داخراو هەیە. گریمانەکە سەبارەت بەم باڵەش ڕاست دەرناچێ.

باڵی پشتیوانانی حزبوڵلا لە ڕووی سیاسەیەوە باوەڕی بە سیستمی داخراو هەیە، لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیوانی لە دەست وەردانی دەوڵەت لە ئابووری دەکات و لە ڕووی فەرهەنگیەوە باوەڕی بە سیستمی داخراو هەیە. بەم پێیە گریمانەکە سەبارەت بەم باڵەش ڕاست دەرناچێ.

گروپی پەیامی خویندکار لە ڕووی سیاسیەوە پشتیوانی لە سیستمی کراوە دەکات، لە ڕووی ئابوورییەوە باوەڕی بەدەست وەردانی دەوڵەت هەیە لە ئابووری و لەڕووی فەرهەنگیەوە پشتیوانی لە سیستمی کراوە دەکات. گریمانەکە سەبارەت بە باڵە ڕاست دەردەچیت.

هەروەکو شەرح کرا گریمانەی لیکۆڵینەوەکە سەبارەت بە سێ باڵ ڕاست دەردەچیت. ڕاست دەرچوونی گریمانەکە سەبارەت بە چەند باڵیك لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا گوزارشت لەوە دەکات کە لە ئێراندا سەبارەت بە چالاکی سیاسی هەل و مەرجیکی تایبەتی لە ئارادایە. دەشێ دو باڵ لە دوو بواردا هیچ جۆرە خالیکی هاوبەشیان لە نیواندا نەبیت، بەڵام لە بواریکدا بە تەواوی دیدگایان لەیەك بچێ، هەروەکو ئەوەی کە هەر دوو گروپی کارگوزاران و پەیامی خویندکار لە ڕووی سیاسیەوە دیدگایان بە تەواوی لە یەك دەچێ، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە هیچ جۆرە خالیکی هاوبەشیان لە نیواندا نیيە. باڵی پشتیوانانی حزبوڵلاو پەیامی خویندکار لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگیەوە هیچ جۆرە خالیکی هاوبەشیان لە نیواندا نییە بەڵام هەڵویستی ئابوورییان بە تەواوی لەیەك دەچێ. باڵی ڕۆحانیەتی خەباتگیرو کارگوزاران لە ڕووی هەڵویستی سیاسی و فەرهەنگیەوە خالی هاوبەشیان لە نیواندا نییە. بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە زیاتر (٥٧٪) خالێ هاوبەشیان لە نیواندایە.

ئەم بارە بە بەراوردکردنی تەواوی باڵەکانیش لەگەڵ یەکتری‌دا بەدی دەکرێ. (بگەڕێرەوە بۆ خشتەی ژمار ٣٨) ئەم بارە ئەوە نیشان دەدات کە زۆر لە باڵەکان لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی‌دا پەیڕەوی یەك سیاسەت ناکەن. کە تا ئەم رادەیە سنوورو خالی هاوبەش و جیاواز لە هەلویستەکانیاندا بەدی دەکرێ. ئەنجامی باریکی لەو جۆرە ئەوەیە کە لە گۆڕەپانی چالاکیە سیاسی‌یەکانی ئیراندا، ئەگەری ئیئتلاف یان هاوکاری هەمەلایەنەی باڵەکان لەگەڵ یەکتری‌دا کەمە. تەنها لەیەك حالەتدا (رۆحانیە خەباتگیرەکان و.. پەیامی خویندکار) ئەوە بەدی دەکرێ کە دوو گروپ لە ٣ بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی‌دا زیاتر (٧٥٪) خالێ هاوبەشیان لە نیواندایە. ئەمەش لە کاتیکدا کە بە بەراوردکردنی هەموو باڵەکان لەگەڵ یەکتری‌دا باریکی لەو جۆرە بەدی ناکرێ. بەم پێیە وا دیتە بەرچاو ئەگەر باڵەکان لە ماوەیەکدا هاوکاری لەگەڵ یەکتری‌دا بکەن، ئەم هاوکارییە پایەدار و دریژخایەن نابیت و لەگەڵ نەمانی پیویستی‌دا، هاوکاری باڵەکان لەگەڵ یەکتری‌دا دەوەستێ.

تایبەتمەندی‌یەك کە لە لیکۆلینەوەی باڵە سیاسیەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە زیاتر لەوەی چەند هەلویستیکی دیاری‌کراو بووبیتە هۆی فۆرمەلەبوونی باڵەکان، کەسایەتیەکان لە فۆرمەلەبوونی باڵەکان یان سیاسەتەکانیان رۆلی سەرەکیان هەیە. لە کۆمەلەی رۆحانیەتی خەباتگیردا مەهدەوی کنی، لە ئەنجومەنی رۆحانیە خەباتگیرەکان کەروبی و خوییینیەکان، لە کارگوزاراندا هاشمی رەفسنجانی لە کۆمەلەی بەرگری لە بەهاکانی شۆرشدا ری شهری، لە پشتیوانانی حزبوللا ئەللاکەرەم و لە پەیامی خویندکاردا طبرزدی، دەوری سەرەکیان لە سیاسەتی باڵ یان گروپەکەی خۆیاندا هەیە. وەزعیکی لەو جۆرە دەبیتە هۆی ئەوەی کە سیاسەتی باڵ و گروپەکان لە سەرەوە دابرژیرێ و کەمتر بواری گفتوگۆ لە ئاستەکانی خوارەوەدا برەخسێ بۆ هەلویست وەرگرتن و هەتا ئەگەر گفتوگۆیەکی لەو جۆرە دروستیش ببێ، ئەوانە لەژیر کاریگەری هەلویستی رابەرانی گروپ و باڵەکانی خۆیاندا دەبن. و هەتا وەزعیکی لەم جۆرە بەردەوام بیت ئەگەری ئەوە کەمە کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا چالاکی سیاسی لە وەزعی باڵەوە بگۆرێ بۆ حزبی. هەتا لەکاتی دامەزراندنی حزبیشدا، پیکهاتەی ئەو حزبانە لەوکاتە دەچیت کە لە ژیر ناونیشانی باڵدا چالاکیان دەنواند. لەلایەکی دیکەوە ئەم بارودۆخە ئەگەری پایەداری

هەلویستی بالەکان بە درێژایی کات کەم دەکاتەوە. هەروەکو لە بەشی دووەمدا ئاماژەی بۆ کرا، هەلویستەکانی پەیامی خویندکار لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا، بەشیوەیەکی بەرفراوان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

پێدەچێت ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دیکە لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕێکخراو و بالە سیاسیەکانی ئێراندا بتوانێت تا رادەیەك ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە بواری خوێندنەوەی کۆمەڵناسی سیاسیدا هەیە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا. لەم بارەیەوە پێشنیازی ئەم بوارانەی خوارەوە دەکەم بۆ لێکۆڵینەوە.

١-لێکۆڵینەوەی جیاوازی دیدگای کەسانی وابەستە بەیەك باڵ لەگەڵ هەلویستی گشتی ئەو بالەدا.

٢-لێکۆڵینەوەی هەلویستی بالەکان لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیدا بە درێژایی مێژووی ژیانیان.

٣-بەراوردکردنی کردەوەی بالەکان لە سەردەمانێکدا کە لە دەسەڵاتدا بوون لەگەڵ ئەو ئامانج و دیدگایانەی تەرحیان کردووە لە کاتێکدا کە لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بوون.

٤-بەراوردکردنی دیدگاکانی چەپی کۆن و چەپی نوێ.

٥-بەراوردکردنی دیدگاکانی کارگوزاران و ئەو کەسانەی کە خۆیان بە "میانە ڕەوی مودێرن" دەزانن.